# چەمکە سیاسییەکان

## لە سەردەمی گۆڕانکاریدا

# چەمکە سیاسییەکان
# لە سەردەمی گۆڕانکاریدا

نوسینی: د. مازن هاشم
وەرگێڕانی: د. دانا عەلی بەرزنجی

# چەمکە سیاسییەکان

## لە سەردەمی گۆڕانکاریدا

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٧٠ )

- وەرگێڕانی: د. دانا عەلی بەرزنجی
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٨. ناوەندی ڕێنوێن

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە ( ٨٥٣ )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەرۆك


بەر لە پێشەكی ........................................................ ٧

ئەم پەرتووكەی لە بەردەستدایە ..................................... ١٠

پێشەكی ................................................................ ١٢

**دەروازە یەكەم: ئەو چەمكانەی زۆر دووبارە دەبنەوە ........................ ١٥**

بەشی یەكەم: دەوڵەتی مەدەنی .............................................١٧

بەشی دووەم: چەمكی هاوڵاتیبوون ...........................................٣٣

بەشی سێیەم: چەمكی دەوڵەتی فرەیی ......................................... ٤٩

بەشی چوارەم: فرەیی و ڕەهەندی كولتووری ...................................٦٤

بەشی پێنجەم: كۆمەڵگە لەنێوان فرەیی و هەمەجۆریدا ........................٨٠

بەشی شەشەم: دەوڵەتی یاسا و پێكهاتەی كۆمەڵگە ............................ ٩٦

**دەروازەی دووەم: چەمكگەلێك كە ختووكەی خەیاڵ دەدەن.....................١١٣**

بەشی حەوتەم: گرفتی تێگەیشتن لە چەمكی جێبەجێكردنی شەریعەت ..........١١٥

بەشی هەشتەم: گرفتی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی.............................١٢٩

بەشی نۆیەم: خەیاڵدانی سیاسیی ئیسلامییەكان ..............................١٤٤

**دەروازەی سێیەم: چەمكە مشتومڕئامێزەكان ................................ ١٦١**

بەشی دەیەم: چەمكی عەلمانیەت و ونبوون لە واتاكانیدا ...................... ١٦٣

بەشی یانزەیەم: چەمكی جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت ....................... ١٨٣

بەشی دوانزەیەم: پێگە و پووچێتیی لیبراڵیزم................................. ١٩٩

**دەروازەی چوارەم: سیاسەت لە هەردوو میانەی مۆدێرنەیی و ئیسلامیدا ................٢١٥**
بەشی سیانزەیەم: چەمکی ئوممەت بەرانبەر چەمکی گەل ................................ ٢١٧
بەشی چواردەیەم: دەوڵەتی موسڵمانان و سروشتی فەرمانڕەوایەتی ......................... ٢٣٤
بەشی پانزەیەم: پێگەی "سیاسی" لە ئەزموونی موسڵماناندا ...............................٢٥٠
بەشی شانزەیەم: دەسەڵات و کۆمەڵگە لە دوو میانەدا ...................................٢٦٥

**دەروازەی پێنجەم: لە پێناو لەیەکترگەیشتن و تەباییدا ............................ ٢٨١**
بەشی حەڤدەهەم: میکانیزمە دیموکراسییەکان...........................................٢٨٣
بەشی هەژدەیەم: نموونەگەلێکی دیموکراسی ............................................٢٩٨
بەشی نۆزدەیەم: ڕەهەندەکانی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامی .............................٣١٥
بەشی بیستەم: لانیکەمی تەبایی.......................................................٣٣٠
کۆتایی ............................................................................ ٣٤٥

# بەر لە پێشەکی•

زۆر جار بارودۆخی واقیعی و گۆڕانکارییە کردەییەکان، دەبنە هەوێنی گەلآڵەبوونی چەندین چەمك و زاراوە و تیۆری نوێ و واتا و مەدلول و میانەی تایبەتیان پێ دەبەخشن، بەڵام مەرج نییە ئەو مەدلول و واتایانە وەکوو خۆیان بمێننەوە، بەڵکوو لە گەشە و گۆڕانکاریی بەردەوامدا دەبن. واتە زاراوەکانیش لە هەندێك تایبەتمەندیدا لە بوونەوەری زیندوو دەچن، لەدایك دەبن و گەشە دەکەن، هەندێك جاریش پیری یەخەیان پێ دەگرێت، بەڵکوو هەندێکیان دەچنە مۆزەخانەی مێژووەوە. بە واتایەکی دی: واقیعی کرداری و پێویستییەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان، مەدلول و واتای زاراوەکان و ئاستی پێویستێتیی پراکتیزەکردن و پەرەپێدانیشیان دیاری دەکەن.

کۆمەڵگە مرۆییەکان بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و پەرەدان بە شێوازی کار و کارگێڕی و بنیاتنانی ژیاریی خۆیان و... تاد، دەتوانن سوود لە ئەزموونی کەڵەکەبووی یەکتری وەربگرن، وەلێ هەر ئەزموونێکی مێژوویی تایبەت، کۆمەڵێك قۆناغ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و مەرج نییە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەك دەست بدات، یان گونجاو بێت بۆ ئەوەی کتومت هاوردە بکرێت، واتا ناتوانرێت بەبێ میانەی ئامادە بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی هەر ئەزموونێکی دەرەکی، یاخود بەبێ دەستکاریکردنی بەپێی دۆخی خوازراو و پێداویستییە قۆناغبەندییەکان، ئەو ئەزموونە ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگەیەکی تردا بخرێتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە، چونکە جێی خۆی ناگرێت، بەڵکوو ڕەنگە چەندین قەیرانی تر بەدوای خۆیدا بهێنێت.

چارەسەر، تێگەیشتن و خوێندنەوەی قووڵ بۆ بارودۆخە جیاوازەکان، پاشان دیاریکردنی کێشە و گرفتەکان، و دۆزینەوەی دەرمانی پێویست بۆیان.

---

• وەرگێڕ

گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی، لەم چەند ساڵەی دوای (٢٠١٠)، وێستگەیەکی گرنگ بوون بۆ پێداچوونەوە و دووبارە خوێندنەوەی چەمکگەلێکی سیاسی–فەلسەفی، کە مشتومڕێکی زۆریان لەسەرە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە قۆناغە هەستیارە وەرچەرخانئامێزەکەی ئەم ناوچەیەوە هەیە و پێویستە زانایان ئامادەیی تەواویان هەبێت بۆ ڕامانێکی نوێ و بەراوردکارییەکی ورد لەو چەمکانە و شێواز و ئاستی گونجانیان لەگەڵ دۆخی ئێستا و ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی وڵاتان و گەلانی ناوچەکە.

پێویستییەکە لەوەدا قووڵ دەبێتەوە کە زۆرێك لە خەڵکی، بە خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیر و سیاسی و بڕیاربەدەست و تەنانەت ئەکادیمییەکانیشەوە، ئەو چەمکانەیان بە جۆرێك لە زەیندا چەسپاوە کە ڕەنگدانەوەی وێنە دروستەکە نییە، یاخود تەمومژێکی زۆر بەرچاویانی گرتووە، یان چەمکەکانیان لە میانەی مشتومڕی ئایدۆلۆجییانەدا لەلا شێواوە، یان شێوێنراوە.

لەم نێوەندەدا، ئەم بابەتەی نووسەری ئەم پەرتووکە دەستی بۆ بردووە، دووبارە خوێندنەوەیەکی ورد و بابەتییانە و پوختە بۆ کۆمەڵە چەمکێك، کە بەڕاستی لەم قۆناغە هەستیارەی ناوچەکە و جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت، پێویستیان بەوەیە جارێکی تر ورد بکرێنەوە و دیوی دووەمی شاراوەیان لای زۆرێك لە خەڵکی ئاشکرا بکرێت و ڕووناکیی پێویستیان بخرێتە سەر.

گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدا دەردەکەوێت، کە نووسەر هەوڵی داوە بە دیدێکی هاوسەنگ و واقیعبینانەوە و بە شێوازێکی ورد و لە هەمان کاتدا ڕەخنەگرانە، گفتوگۆی تێز و چەمك و پرسە جیاوازەکان بکات و لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا، پوختە و دەرئەنجام بخاتە بەر دیدی خوێنەر. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکوو هەوڵی داوە بە شێوەیەکی تیۆری، تێزێکی جێگرەوە بۆ ئایندەی جیهانی ئیسلامی

پێشکەش بکات، کە دەکرێت ببێتە ماددەیەکی خاو بۆ چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تێروتەسەل لە ئایندەدا.

لێرەدا، بەندە -وەکوو وەرگێڕ- هەوڵم داوە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا لە هەندێك بابەتدا کە بە پێویستم زانیبێت، لە شێوەی پەراوێز، یان لەنێو دوو کەوانەدا [ . . . ] ڕوونکردنەوەی پێویستم خستووەتە ڕوو. هیوادارم توانیبێتم پەیامی نووسەر بەڕوونی بە تۆی خوێنەری ئازیز بگەیەنم...

دوا وتەم، پاش سوپاس و ستایشی بێپایانم بۆ خوای باڵادەست، بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) کە ئەم بابەتە گرنگ و پێویستەی کردە جێبایەخی خۆی و بەردەوام لە هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەدایە، بەتایبەتیش دەستی ماندووبوونی برای بەڕێزم (دکتۆر حسێن موحەمەد) دەگوشم، کە لێنەبڕاوانە بۆ بەپایانگەیشتنی ئەم کارە هاوکار و هەماهەنگ بووە. هەروەها سوپاسی بێپایانم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارم بوون، بەتایبەت برایانی بەڕێزم (دکتۆر مەریوان حەمە دەروێش، دکتۆر ئیسماعیل إبراهیم، دکتۆر نەوشیروان حسێن سەعید)، کە بۆ یەکلاکردنەوەی هەندێك وشە کە کۆدەنگییان لەسەر نییە، راوێژم پێکردن و هاوکارم بوون، دواجار ئەم کارە پێشکەشی هاوژینی خۆشەویستم دەکەم، کە هەمیشە هاوکار هاودەم و دڵسۆزم بووە، خوای گەورە پشت و پەنای هەموو لایەك بێت.

دانا بەرزنجی

سلێمانی

٢٠١٨/١١/٧

# ئەم پەرتووكەی لە بەردەستدایە..

ئەم پەرتووكە تاووتوێی چەمكگەلێك دەكات، كە لەدوای گۆڕانكارییەكانی وڵاتانی عەرەبی لەدوای ساڵی (٢٠١٠)ـەوە، باسوخواس و مشتومڕی زۆریان لەبارەوە كرا، منیش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانەی لەنێو گەنجان و فەزای گشتیدا دەگوزەرا، لە هەژماری ئەلیكترۆنیی تایبەتیی خۆم، چەند وتارێكم لەبارەیانەوە نووسی. پاش ئەوەی چەند گەنجێك داوایان لێ كردم، بڕیارم دا بابەتەكان لە پەرتووكێكدا كۆ بكەمەوە، كە هەندێك لەو بابەتانە زیاتر لە دەیەیەكە نووسراون و لە گۆڤاری (الرشاد)دا[١] بڵاو كراونەتەوە.

سەرەتا گومانم وا بوو كە ئەم كارە زۆر ئاسانە، بەڵام كە دەستم كرد بە كۆكردنەوەی بابەتەكان، بۆم دەركەوت كە پێویستیان بە نووسینەوە و دووبارە داڕشتنەوە هەیە، بۆیە قۆڵم لێ هەڵماڵی و دەستم كرد بە تاووتوێكردنی چەند خاڵێكی تیۆری كە لە میانەی ئەو ململانێ هزرییەی كە هەیە، لەلایەن كەسانی خاوەن زانست و ڕۆشنبیر و كەسانی نێو بزاڤەكان بە پاشخانی جیاوازەوە مشتومڕیان لەسەر دەكرێت. لە ڕاستیدا ئەو ئاڵینگارییەی كە هەوڵم دا ڕووبەڕووی ببمەوە، بریتی بوو لە: ئاڵینگاریی قووڵبوونەوە و سادەكردنەوە و پوختكردنەوە لە یەك كاتدا.

سادەكردنەوەكە وای خواست، ڕای هەموو قوتابخانە و ئاڕاستەكان باس نەكەم و لەم پەرتووكەدا سەرچاوە و پەراوێزەكان (حواشی) نەخەمە ڕوو، بۆیە ڕاستەوخۆ

---

(١) (الرشاد): گۆڤارێكە، لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە گرنگی بە پرسە هزرییە هەنووكەییەكان دەدات، هەروەها گرنگی بە پرسەكانی شووناس و گەشەسەندن و تێگەیشتنی نوێگەرانە بۆ ئایین دەدات. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ماڵپەڕی گۆڤارەكە: (وەرگێڕ)

https://www.alrashad.org/

به پشتبەستن بەوەی کە لە زەینمدا کەڵەکە بووە، دەستم کرد بە نووسین. پوختکردنەوەکەش وای خواست لە بابەتەکاندا جەخت لەسەر خاڵە جیاکەرەوە و یەکلاکەرەوەکان بکەم و باسی وردەکارییەکانیان نەکەم. هەر بۆ سادەکردنەوە و پوختکردنەوەش لە یەك کاتدا، خۆم پابەند کرد بەوەی کە درێژیی هەر بابەتێك لە چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو تێنەپەڕێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاڵینگارییەکی تر بوو. جگە لەوە، لە هەر بەشێکدا هێڵکارییەکم بەبێ شیکردنەوە و سەرنجدان خستووەتە ڕوو، تا لە لایەکەوە هاریکار بێت بۆ تێگەیشتن، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەگەلێکی جێهێڵراو بۆ هەڵێنجانی خوێنەر لەخۆ بگرێت. هەوڵیشم داوە تا ئەو ئەندازەیەی مانا و قووڵیی خوازراو بۆ بابەتەکان تێك نەدات، زاراوە هونەرییەکان کەم بەکار بهێنم.

ئەو بیرۆکانەی لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا هاتوون، خراونەتە بەر باس و گەنگەشە، ئەرکی سەرەکیی من بریتی بووە لە ڕوونکردنەوە و داڕشتنەوە و ڕێکخستن و ئاماژەدان بە جێگرەوەکان، بە داڕشتەگەلێك کە بە پەسەندم زانیون.

چەند گەنجێکی بەڕێزیش ئەرکیان کێشا بە چاوخشاندنەوە بە ڕەشنووسی هەندێك لە بەشەکان لە کاتی ئامادەکردنیاندا، منیش بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتن لە کۆڕان و خەمەکانی واقیع و گوتار ئاڕاستەکردنیان، بەوردی گوێبیستی ڕاوبۆچوونیان بووم.

ئومێدەوارم ئەم کتێبە ئامانجی خۆی بپێکێت، خوێنەریش خۆی داوەرە.

خوای گەورەش ئاگای لە نیازەکانە...

مازن موەفەق هاشم

کالیفۆڕنیا، وڵاتە یەکگرتووەگانی ئەمەریکا

١٤٣٩/٠٣/٠٣ ك / ٢٠١٧/١١/٢١ ز

# پێشەکی

بەرپابوونی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی، لە ناوەرۆکدا وەڵامێك بوون بۆ پەرەسەندنگەلێکی مێژوویی، ئەوەش بە ڕامان لە سروشتی ژیان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان، تێگەیشتنی ئاسانە. سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشانەش بە هۆی داخرانی ئاسۆکانی چارەسەر لەسەر هەموو ئاستەکان، بە شێوازێکی خۆڕسك ڕوویان دا. هەر ئەو خۆڕسکبوونە لە ڕووی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنەوە، سەلمێنەری جەماوەریبوونیان بوو، هەر ئەمەش لە کاتی گەڕان بەشوێن سەرکردەکانی بۆ بنبڕکردنیان، سەری لە سیستمە فەرمانڕەواکان شێواندبوو.

لە لایەکی ترەوە جەماوەریبوون و خۆڕسکیی ئەم شۆڕشانە، وایان کرد کە ئەو بزاڤە شۆڕشگێڕانەیە ڕووبەڕووی چەند پرسیارێك ببێتەوە، کە پێشتر دوچاریان نەبووە، یاخود وەڵامی پێویستیان بۆیان نەبووە، یان تێکەڵی و دۆشدامانێك هەبووە لە تێگەیشتنیاندا، هەر ئەمەش پاڵنەرم بوو بۆ نووسین بەکورتی لەسەر چەمکە ڕامیارییەکان و داڕشتە کارگێڕییەکان بە شێوەیەك کە پێم وا بووە سوودبەخشە و وەڵامگەلێك بۆ ئەو بابەتانەی بە زەیندا دێن، پێشکەش دەکات.

**دەروازەی یەکەم:** تاووتوێی چەمگەلێك دەکات کە بەبێ وردبوونەوە لە ڕوانگە تیۆرییەکانیان، زۆر لەسەر زار دووبارە دەکرێنەوە، بەو پێیەی کە گوایا ئەو چەمکانە لەبەرانبەر ستەمی ملهوڕانەدا، ئەلتەرناتیڤی بەڵگەنەویستی خوازراون. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو چەمکانە، چەمکی دەوڵەتی مەدەنی و هاوڵاتیبوون و دەوڵەتی

فرەیی و دەوڵەتی یاسا دێن. زۆر دووبارەکردنەوەی هەر یەکێکیشان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە زەینی شۆڕشدایە.

خەڵکانی شۆڕشگێڕ ژیانێکی ئاشتییانەیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسایشی ڕێژەیی دەوێت، کە وڵاتەکانمانی پێ جیا دەکرێتەوە، هەروەها دەوڵەتێکیان دەوێت کە نە سوپا و نە سەرباز و نە هیچکەسێکی دی تێیدا نەبنە خوێنمژی میللەت، هەروەها دەیانەوێت ئەو فرەڕەنگی و گونجاندنەی لە وڵاتەکانماندا هەیە، بە شێوەیەك جێگای بکرێتەوە کە ڕێگر بێت لەوەی دەوڵەت بتوانێت یاریی پێ بکات. هەروەها کۆمەڵگەیەکیان دەوێت، کە هەموو گرووپە جیاوازەکان تێیدا لەپێناو پاراستنی ژیاندا چالاك بن.

ئەمانە کۆمەڵە چارەسەرێك بوون کە وەك بەڵگەنەویست بۆ شۆڕشەکان دەرکەوتن، بۆیە بەتاسەوە زۆر لەسەر زار دووبارە دەکرانەوە. کاری ئەم دەروازەیەمان بریتی دەبێت لە لابردنی بەرائەت و سادەیی لەسەر ئەو چەمکانە و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە پێویستە پەیی پێ ببرێت لەپێناو ڕاستکردنەوەیان و نەگۆڕانیان بۆ درووشمگەلێکی ئایدیۆلۆژیی ناوبۆش.

**دەروازی دووەم:** تاووتوێی چەمکگەلێك دەکات کە ختوکەی خەیاڵ دەدەن، بەو واتایەی کە ئەو چەمکانە لە دڵی خەڵکانێکی زۆردا جێی خۆیان کردووەتەوە و ڕەهەندە ئەقڵییەکەیان لەگەڵ لایەنە ڕۆحییەکەیان یەکتر دەبڕن. ویژدان و ژیریی زۆرێك لە خەڵکی دەڵێت، مادام سەربەرزی و شکۆی مێژووییمان لە سەربەرزی و شکۆی ژیاری ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوا پێویستە دەستی پێوە بگرین و پێڕەوی بکەین. هەر ئەمەش لەپشت بەرزکردنەوەی درووشمەکانی جێبەجێکردنی شەریعەت و دەوڵەتی ئیسلامییەوە بوون.

هەرچی **دەروازەی سێیەمیشە،** بۆ ئەوە هاتووە کە گفتوگۆی ناکۆکیی نێوان ئەو ئەقڵ و دڵانە لە میانەی کاریگەریی تێزە جیهانییەکانەوە بکات، هەر بۆیە

ناونیشانی دەروازەکە بریتییە لە چەمکەکانی مشتومڕکردن و ڕێونکردن و لەڕێلادان. بەشەکانی ئەم دەروازەیە، گفتوگۆ لەمەڕ چەند چەمکێکی تێکەڵ و شێوێنراو دەکەن: چەمکی عەلمانیەت، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، چەمکی لیبراڵیزم.

**دەروازەی چوارەم:** لە جیهانی پراکتیزەکردن نزیك دەبێتەوە و بەراوردی بزاوتی "سیاسی" لە هەردوو میانەی مۆدێرنە و ئیسلامیدا دەکات. بەشەکانی ئەم دەروازەیەش، گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێك دەکەن، لەوانە: هەردوو چەمکی ئوممەت و گەل، سروشتی فەرمانڕەوایەتی لە دەوڵەتی موسڵماناندا لە ڕووی مێژووییەوە، پێگەی دەسەڵات تێیاندا لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. ئەمە وێڕای تاووتوێکردنێکی ڕەخنەگرانە بۆ مۆدێلی مۆدێرنەیی (النموذج الحداثي)، تێیدا ئاگایی دراوە لە نازانستیبوونی بڕیاردان لەسەر ئێستا بە پێوەری مێژوو و پێویستبوونی دووبارە خوێندنەوەی مێژووی سیاسیمان، بە چاویلکەی کولتووری خۆمان و ڕیزبەندیی کارە جێبایەخەکانی ڕشتەبەندی (المنظومة)ی ئیسلامی.

**دەروازەی پێنجەم** و کۆتایی، دەچێتە نێو جیهانی واقیعەوە و بەشوێن بنچینەکانی لەیەکترگەیشتن و پێکەوەگونجان، تەبایی (التوافق) لەنێوان ئاڕاستە هزرییە جیاوازەکاندا دەگەڕێت. لەو چوارچێوەیەشدا، گفتوگۆی میکانیزمەکانی دیموکراسی و مۆدێلە جیاوازەکانی دەکات. کۆتاییش بە بەشێك دەهێنێت، کە گفتوگۆی لانی کەمی ئەو ئاستە دەکات، کە دیاریکراوە بۆ ئەوەی لەم نێوەندەدا تەباییەکی گشتییان لەسەر هەبێت.

# دەروازە یەکەم

# ئەو چەمکانەی زۆر دووبارە دەبنەوە

# بەشی یەکەم: دەوڵەتی مەدەنی

چەمکی دەوڵەتی مەدەنی، چەمکێکی نویێ و کتوپڕە کە چێژبەخشین و فریودان ئاوێزان دەکات، چێژبەخشە چونکە وەڵامی خەون و خەیاڵەکان لەخۆ دەگرێت، بەڕاستی ئەمڕۆ هاوڵاتی لەدەست دەوڵەت و قورساییەکانی و دامەزراوە زبر و کەڕەکانی و دەزگا ترسێنەرە دەستدرێژیکەرەکانی و حوکمی سەربازی و داپلۆسینەکانی، ماندوو بووە.

لەبەرانبەر هەموو ئەمانەدا، زاراوەی دەوڵەتی مەدەنی وا دەردەکەوێت، کە فریادڕەس و بەهەشتێکە کە خەڵکی تێیدا هەست بە ناز و نیعمەتی مەدەنیبوون دەکەن، بۆیە سەیر نییە کە دوای شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەم زاراوەیە دەرکەوت و زیاتر بەکار دەهێنرا. هەروەها ئەم زاراوەیە فریودەرە، چونکە دەوڵەتی نویێ لە ڕووی پێناسەوە فەزایەکی نامەدەنییە، ئەمەش وا لە زاراوەکە دەکات کە لە ڕووی تیۆرییەوە نابوت (متهافت) بێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە گۆڕەپانی خەون و هیواکان نزیکترە، نەک لە واقیع.

## ١. داهێنانێکی نوێ

زاراوەی دەوڵەتی مەدەنی، لە زانستی سیاسیی ڕۆژئاواییدا نەخراوەتە بەر باس. ڕەنگە بەو واتایە بەکار بێت، کە فەرمانڕەوایەتی بەدەست دەستەیەکی سەربازییەوە نییە، ڕەنگە پێناسەیەکی یاسایی وەك ئەوەی بۆ بدۆزینەوە کە پەیوەستە بە تۆمارکردنی هاوسەرگیرییەوە. لە ڕووی زانستییەوە، ئەم چەمکە داهێنراوێکی عەرەبیی نوێیە، کە لە بەرئەنجامی مشتومڕی عەلمانی/ئیسلامی، لەمەڕ پرسی سروشتی دەوڵەت، لە میانەی بەهاری عەرەبیدا هاتە پێشەوە. بەکارهێنانی ئەم چەمکە وەك چارەسەرێکی ناوەند سەیر کرا، کە لە باسوخواسی دەوڵەتدا، پرسی ئایین یان شەریعەت فەرامۆش بکرێت، هەروەها پرسی عەلمانییەتیش فەرامۆش بکرێت. بەو پێیەی کە چەمکێکی نوێیە، لە ڕووی زانستی ڕامیارییەوە خەرمانی توێژینەوەی لەمەڕ بنچینەکانی ئەو دەوڵەتە خەونگەرایە و تایبەتمەندییەکانی و شێوازی بەڕێوەچوونی و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان تێیدا، کەمە. بۆیە بە هۆی ناڕوونیی ناوەڕۆکەکەیەوە، زاراوەیەکی گرفتئامێزە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، کە چاوێکی خێرا بە واتای دەوڵەت لە سەردەمەکانی پێشوودا بخشێنین و بە دەوڵەتی نوێ بەراوردی بکەین. خەڵکی لە کۆندا لە شوێنێکدا نەژیاون کە سەروەریی کۆمەڵگە تێیدا بگوێزرێتەوە بۆ دەوڵەت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، مرۆڤایەتی زۆربەی مێژووی خۆی لەژێر سایەی سیستمگەلێکی بچووکدا بەسەر بردووە، بە شێوەیەك کە زۆرینەی چالاکییەکان لە گەڕەك و گوند و شارۆچکەی تایبەتی خەڵکیدا و لەنزیك شوێنی نیشتەجێبوونیان بەڕێوە براوە، واقیعی شارە گەورەکانیش زۆر لەو شێوازە جیاواز نەبووە، هەروەك چۆن پەیوەندیی عەشیرەت و هۆزگەرایەتی لە گرنگترین شێوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بوون.

لێرەدا لەوە ئاگایی دەدەین کە مەبەست لە پەیوەندیی هۆزگەرایەتی، شێوازە باوەکەی دەمارگیریی هۆزگەرایەتی نییە، بەڵکوو بە واتای پەیوەستیی لۆکاڵی و خزمەتگوزارییە ئالوگۆڕکراوەکانە. ئەم وەسفەش بۆ دەوڵەتە دێرینەکانی پێش چاخی مۆدێرنە، تەنها بۆ دەوڵەتە بچووکەکان نەبوو، بەڵکوو ئیمپڕاتۆریەت و دەوڵەتە گرنگەکانی مێژووشی دەگرتەوە. لەگەڵ گەورەیی ئەو دەوڵەتانە و بوونی جۆرێك لە دامودەزگا تێیاندا، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی لە ژیانی خەڵك و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا نەدەکرد، وەك ئەوەی لە دەوڵەتی نوێدا هەیە. نموونەی مێژووی موسڵمانیش، لە دیارترین ئەو نموونانەیە کە دەوڵەت تێیدا بنچینە و ئامرازی زۆری بۆ خۆسەپاندن بەسەر کۆمەڵگە و داڕشتنی بەو شێوازەی کە خۆی ئارەزووی دەکات، نەبووە.

دەوڵەتی نوێ، ئەو دەوڵەتەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی تێیدا لە کۆمەڵگە جیا کراوەتەوە و کەسایەتییەکی ئیعتیباریی سەربەخۆی دروست کردووە، کە ئەمڕۆ بە دەوڵەت ناوی دەبەین. هاوکات لەگەڵ ئەو جیابوونەوەیەدا، مافی کۆنترۆڵکردنی تەواوی کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و تاکەکانی بە دەوڵەت بەخشرا. ئەوەی دەوڵەتی نوێی پێ جیا دەکرێتەوە، بریتییە لە چڕیی دامەزراوەکانی و گشتگیرییان و قووڵیی دەستێوەردانیان لە کاروباری ژیان، ئەوانیش دامەزراوەگەلێکی بیرۆکراسین و ڕوو لە فراوانبوونن، بە شێوەیەك وای لێ هاتووە کە پانتاییەکی زیاتری گرتووە و زاڵدەستیی خۆی لە چەندین ئاست و چالاکیی مەدەنیدا نواندووە، کە پێشتر بەشێك بوون لە سنووری تاکەکەسی یان خێزان یان هۆز یاخود شار. هەر بۆیە دەبینین لە کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا، لەنێوان گەل و دەوڵەتدا هەست بە نامۆیی دەکرێت، بە دەوڵەتە دیموکراسییەکانیشەوە.

**دەوڵەتی نوێ لە ڕووی پێناسەوە دەوڵەتێکی مەدەنی نییە، ئەو جگە لە دامەزراوەیەکی فەرمانڕەوایەتی، کە دەسەڵاتێکی نیمچەڕەهای هەیە و بانگەشەی**

**بوونی مافی زاڵدەستی بەسەر مەدەنییەوە دەکات، شتێکی تر نییە.** لە سەرهەڵدانی زانستی ڕامیاریی ڕۆژئاواییشدا، دەسەڵاتگەلێکی نیمچەغەیبی بە دەوڵەت بەخشراوە، ئەمەش شتێکی ڕاچڵەکێنەرە بۆ شتە بەڵگەنەویستەکان، چونکە بڕوای باو ئەوەیە کە دەوڵەتی نوێ لە دەستی ئەو کڵێسایە ڕزگاری بووە، کە لەگەڵ دامەزراوەی فەرمانڕەوایەتی یەکی گرتبوو و چەمکێکی تیۆکراسیی[١] بۆ مافی فەرمانڕەوایەتی داڕشتبوو. ئەمە ڕاستە، بەڵام چەمکە ئەلتەرناتیڤەکان (عەلمانیەت) بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت، هەر لە بیرمەندەکانی پێشینەوە (لە هۆبزەوە تا هیگڵ)، وێنەگەلێکی دەسەڵاتیان تێ خزاوە، کە سیفەتەکانی خوایەکی تۆڵەکەرەوەیان هەڵگرتووە و پێویستە خەڵکی ملکەچی ببن، وە گەرنا دۆزەخ چاوەڕێی هەمووانە.

## ٢. کەواتە دیموکراسی لەکوێدایە؟

ڕەنگە ئێستا خوێنەر لەم دیاریکردن و پێناسەکردنە بۆ دەوڵەتی نوێ، تووشی سەرسوڕمان بووبێت و پرسیار لە دیموکراسی بکات، بەو پێیەی بە پاڵپشتی خەڵکی دادەنرێت. بەڵێ، سیستمی دیموکراسی هەندێك پاڵپشتی و بەهێزکردنی خەڵکی تێدایە، بەڵام پاڵپشتی دوای خۆڕادەستکردنە بە دەسەڵاتی گشتگیری دەوڵەت، ئەمە ئەو گرێیەیە کە پێویستە لەیادمان نەچێت.

---

(١) تیۆکراسی (الثيوقراطية–Theocracy): لە زمانی یۆنانیدا وشەی (Theo) واتە (ئایینی) و وشەی (Cracy) واتە (فەرمانڕەوایەتی). تیۆکراسی جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرمانڕەوایەتی، کە دەسەڵاتی ئایینی و مەدەنی تێیدا لە یەك دەستدایە. واتە جۆرێکی فەرمانڕەوایەتییە، دەسەڵات تێیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕەوایەتی لە خوداوە وەردەگرێت، بۆیە دەڵێت پێویستە خەڵکی کوێرانە گوێڕایەڵیم بکەن، بەمەش خۆیان لە گرفتی ڕەوایەتیی سیاسی دەدزنەوە. ئەم جۆرە فەرمانڕەوایەتییە، چەند جۆر و ئاستێکی هەیە، ئەوەی لە چاخەکانی ئەورووپا بە سپاردنی خودایی بۆ پادشا و میرەکان ناو براوە و بەو ناوەوە فەرمانڕەوایەتییەکی ڕەها پیادە کراوە، جۆرێك بووە لە فەرمانڕەوایەتیی تیۆکراسی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پادشا،یان فەرمانڕەوا، دەسەڵاتەکەی لە خوداوە وەرگرتووە. (وەرگێڕ)

زاراوەی بەربڵاوی (بەدێوبوونی دەوڵەت – تغوّل الدولة)یش ئاماژە نییە بە ستەمگەری، بەڵکوو بەدیاریکراوی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت بەقووڵی هاتووەتە نێو کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکانیشەوە، بە شێوەیەك خەریکە وتەی کۆتایی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا قۆرخ دەکات. لێرەدا ڕۆڵی ئەو دامودەزگا دیموکراسییانە دێت، کە هەوڵ دەدەن سنوورێك بۆ بەدێوبوونی دەوڵەت دابنێن. بەڕاستی کەسانی خاوەن هزر و سیاسییە داناکان لە ڕۆژئاوا، پەییان بەوە بردووە کە دەوڵەتی نوێ مەترسیدارە، بۆیە ویستیان لە ڕێگەی میکانیزمە دیموکراسییەکانەوە، سنوورێك بۆ دەسەڵاتەکانی دابنێن، بۆیە بانگەشەیان بۆ کرد و بیردۆزەیان دانا.

شکستهێنان لە دانانی ئەو کۆتوبەندانە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا، سەر دەکێشێت بۆ دکتاتۆریەت.

بەسانایی دەتوانین ئەو بوار و پانتاییانە بێنینەوە یادی خۆمان، کە پێشتر مەدەنی بوون و دەوڵەتی نوێ داگیری کردوون. لە ڕیزی پێشەوەیاندا: فێرکردن، چونکە سیستمی قوتابخانەی نوێ، جۆرێکە لە سیستمی (زۆرەملێ). لەگەڵ ئەوەی کە گومان لەوەدا نییە کە کاری ئەو سیستمە، وانەوتنەوە و فێرکردنە، بەڵام بە دیوێکی تریدا، دوو ئەرکی لاوەکیی هەیە کە لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی باڵاترن: دەرچوواندنی کادرگەلێکی بەرهەمهێنی ملکەچ بۆ خزمەتی ئابووری (سەرمایەداری) و شۆردنەوەی مێشکی منداڵە خوێندکارەکان بە چەمکگەلێکی نەتەوەیی، کە سیستمی فەرمانڕەوایەتیی بەرپای لا پیرۆز دەکات. هەر بۆیە فێرکردن لە زۆربەی دەوڵەتاندا، بوو بە کارێکی سەروەری. خۆ ئەگەر فێرکردن مەترسیدارترین پانتایی بێت کە دەوڵەت داگیری کردووە، ئەوا **کاریگەرترین پانتایی کە دەوڵەت زاڵدەستیی خۆی بەسەردا سەپاندووە، بریتییە لە یاسا، چونکە یاسا بەکردەیی بووە بە چەکی دەوڵەت.** ڕەنگە بوترێت: بەڵام یاسا خەڵکی دەپارێزێت، ئەوە ڕاستە، بەڵام ڕووبەرگەلێکی وەرگرتووە کە ئەو تێیدا زۆر کاریگەر نییە، ئەوەتا زۆرێك لە

ناکۆکییەکان دەکرێت لە شێوەی کۆمەڵایەتی و لە ڕێگەی کەسایەتییە ئیعتیبارییەکان و پیاوماقووڵانەوە، یان لە ڕێگەی میکانیزمی ڕەزامەندبوونی لایەنەکان و تەحکیمی نیمچەفەرمییەوە چارەسەر بکرێن (ئەم جۆرەی کۆتاییان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕوو لە زیادبوونە).

دەتوانین یاسای نوێ و ڕێکارەکانی بەوە وەسف بکەین، کە توێنەرەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەر بۆیە خەڵکی ڕقی لە بیرۆکراسییە. ئەوەتا دەوڵەت دەستێوەردانی لە خێزانیشدا کردووە، تا کار لە وڵاتێکی وەکوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، گەیشتووەتە بوارێکی زۆر تایبەت کە بریتییە لە پرسی منداڵخستنەوە، ئەوەتا پرسی لەباربردن بووە بە سەکۆیەك بۆ حیزبحیزبێنەی سیاسی. واتە لەبریی ئەوەی کۆمەڵگە لەم بابەتەدا بڕیاردەر بێت، دەوڵەت دەستێوەردانی تێدا کردووە.

(دەسەڵات) لە دەوڵەتی نوێدا، بە سێ شێواز زاڵدەستیی بەسەر (مەدەنی)دا دەنوێنێت: ڕێکی دەخات، یان تەحەککومی پێوە دەکات، یان سەرکوتی دەکات.

هەرچی وەسفی یەکەمە –ڕێکخستنی ژیانی مەدەنی لەلایەن دەسەڵاتەوە–، زیاتر بەسەر حاڵەتگەلێکی تایبەتدا دەچەسپێت، وەك حاڵەتی ئەو دەوڵەتە بچووکانەی کە پێکهاتە ناوخۆییەکانی ئاوێتە بوون و دەوڵەمەندن و دوورن لە چەقی ململانێ جیۆسیاسییەکانەوە. وەسفی دووەمیش –تەحەککومکردن– زیاتر بەسەر دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکاندا دەچەسپێت، ئەو دەوڵەتە گەورانەی کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەتوانان و دەوڵەت تێیاندا بووە بە دێو، هەرچەندە ئەو بەدێوبوونە لە ڕێگەی دامەزراوە بیرۆکراسییەکان و ڕێوشوێنە یاساییەکانەوە بەڕێوە دەچێت. وەسفی سێهەمیش – سەرکوتکردن– بەسەر سیستمە ستەمگەرەکاندا دەچەسپێت. بە شێوەیەکی گشتی، بە ڕێژەی جیاواز و بەپێی حاڵەت، ئەم سێ

سیفەتە لە دەوڵەتی نوێدا (بە دەوڵەتە دیموکراسییەکانیشەوە)، بە جۆرێك لە جۆرەکان تێکەڵ دەبن.

ئەوەی باس کرا، گرفتی زاراوەی (دەوڵەتی مەدەنی) دەردەخات، چونکە دەوڵەتی نوێ مەدەنی نییە، بەڵکوو پڕاوپڕ دەوڵەتێکی حکومیی دەسەڵاتگەرایە، جا با دەسەڵاتگەراییەکەشی بە بەرگی فەرمانڕەوایەتیی باش و بیرۆکراسی پەردەپۆش کرابێت. خۆدزینەوە نییە، دەوڵەت هەر دەوڵەتە، هەر ئەویش پشتبەست بە ڕێگەپێدانی گەل، دەسەڵات قۆرخ دەکات، چونکە وا گریمانە کراوە، گەل —بەپێی دەستوور— سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵاتە، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە، هێزە سیاسییە/ئابوورییەکان بەردەوام هەوڵی سەروەربوون و تەحەککومکردن و ئاڕاستەکردنی ئیجتیهادە یاساییەکان دەدەن، بە ئاڕاستەی قۆرخکردنی دەسەڵات و گرتنەدەستی گەورەترین پانتایی لە سەروەری و دەستپێوەگرتنی و مانەوە لەسەری.

دواجار ئەوەمان بیرنەچێت، کە **باوترین پێناسەی زانستی بۆ دەوڵەتی نوێ، ئەوەیە کە بریتییە لەو دەسەڵاتەی کە مافی بەکارهێنانی توندوتیژی قۆرخ دەکات.** پاساوی لۆجیکیی ئەو قۆرخکردنەش ئەوەیە، کە لە کوشتار و براکوژیی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ڕێگر دەبێت، بەڵام کاتێك ئەم پرنسیپە لە بازنەی کردەیی پیادەکراوەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ چەمکی پەتی و ئەبستراکت، دەبینین دەوڵەتی نوێ بە شێوەیەکی ڕوون مافی بەکارهێنانی توندوتیژی بەدەست دەهێنێت، تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێك، وەك ئەوەی توندوتژیی ناوخۆیی گۆڕاوە بۆ توندوتیژی لەلایەن یەك لایەنەوە، کە دەوڵەت تێیدا ئامرازگەلێکی مەترسیداری بۆ سەرکوتکردن و سانسۆر و تەحەککومکردن هەیە.

دەتوانین زۆرێك لە هەوڵە جەماوەرییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات لە وڵاتانی دیموکراسی بهێنینەوە یادی خۆمان، جا لە پرسە ژینگەییەکاندا بێت، یان

پرسی سنووردانان بۆ زاڵێتیی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، یاخود پرسی ئاڵۆزی و ناجێگیریی پەیوەست بە ئیتنی نەژادی (الإثنية العرقية)، سەیر بکەین کە چۆن دەوڵەت هەموو هێزی زەبەلاحی خۆی دەخاتە ئامادەباشییەوە و لە ڕووی کردارییەوە جووڵەی ناڕەزایەتییەکان دەخنکێنێت و پەراوێزیان دەخات، لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی داخوازییەکانیان بۆ لیژنەگەلێکی لێکۆڵینەوە، لە ڕێگەی دامودەزگا بیرۆکراسییەکانی دەوڵەتەوە. بیرکردنەوە و ڕامان لە سروشتی دەوڵەتی نوێ و هەوڵەکانی بۆ زاڵدەستی بەسەر هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان، کارێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بواری سیاسی.

### ٣. ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی

باش وایە لێرەدا بەکورتی باس لە بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین، لەبەر ئەوەی لە زەیندا پەیوەستە بە کۆمەڵگەی مەدەنیی وێناکراو لە خەیاڵدا. بەم شێوەیە پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەکەم: گرووپگەلێکە لە پێکهاتەی ڕێکخراو لە هاوڵاتیان، بە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی لە دەوڵەت، هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجێك دەدەن کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە. بەمەش ئەم چەمکە بەشێکی فراوانی دامەزراوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری دەگرێتەوە، کە ئامانجیان خزمەتکردنی کۆمەڵگایە. دوو تایبەتمەندییش هەن، کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جیا دەکەنەوە، کە بریتین لە:

(١) شێوازی خۆویستیی ناپابەندکەرانە لە جموجووڵ و کارەکانیاندا، ئەمەش لە دامەزراوە فەرمییە حکومییەکان جیایان دەکاتەوە.

(٢) شێوازی خۆبەخشیی قازانجنەویست، کە لە کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازی و هاوشێوەکانیان جیایان دەکاتەوە.

له دوو ڕەهەندەوە دەتوانین باس له ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین، یەکەمیان: سروشتی جێبایەخی ئەو ڕێکخراوانەیە، کە دەکرێت گشتی بێت و خەڵکی بەگشتی بەشدارییان تێدا بکەن، یاخود بۆ ئامانجێکی پسپۆڕیی دیاریکراو ئاڕاسته کرابێت و تەنها پیشەییەکان بەشداریی تێدا بکەن. دووەمیان: بریتییه له ئاستی ڕێکخراویی کار و چالاکییەکانیان، کە زۆر جار له هەوڵی خۆڕسکەوە نزیکترن و زۆرینەی ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن خۆبەخشن، یاخود لەسەر شێوازی دامەزراوەگەلێکن کە چەند کارمەندێك بۆ کارکردن تێیاندا لێدەبڕێن و پەیکەر و بەڕێوەبردنی جێگیر و پتەویان هەیە. نموونەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: کۆمەڵگەی گرنگیدان بەو خوێندکارانەی کە خۆیان له سیستمی خوێندن دزیوەتەوە، یان کۆمەڵەی توێژینەوەی زانستی لەسەر نەخۆشییەکی بڵاو، یان سەندیکایەکی پیشەیی.

سروشتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەرچۆنێك بێت، ئەوە ڕوونه کە بوونی کۆمەڵگەی مەدەنیی کارا، کاریگەرییەکی گەورەی له بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ژیان، دوور له دەوڵەت هەیە. ئەو بانگەشه زۆرەش کە بۆ کاراکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، بەدیاریکراوی بۆ کەمکردنەوەی زیادڕۆچوونی دەوڵەتی نوێیە، کە دەستی خستووەته هەموو شتێکی تایبەتەوە و جۆرێك له پیرۆزیی وەرگرتووە، ئەگەر ئەو پیرۆزییه له کەسی پادشا یان ئیمپڕاتۆردا کورت نەکرابێتەوە. بەهەرحاڵ، ئێمه لێرەدا پێویسته ئاگاداری پێنج پرسی پەیوەست به کۆمەڵگەی مەدەنیی مۆدێرنەیی بین، کە پرسگەلێکن خەڵکی لەو باسەدا لێی بێئاگان:

**پرسی یەکەم: پلەی سەربەخۆیی**

لەگەڵ ئەوەی شێوەی باوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە بەتەواوی لە دەوڵەت سەربەخۆن، بەڵام دەکرێت لە هەندێك ڕووەوە ببن بە ئەلتەرناتیڤێکی تەواوکار. بۆ نموونە، خزمەتکردنی خوێندکاران یارمەتیدانێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەرکی دەوڵەتی نوێ، کە هەڵدەستێت بە کاری فێرکردن. هەروەها کۆمەڵەی توێژینەوەی زانستی، دەکرێت تەنها خولیای زانستیی بەشداربووەکانی تێر بکات، یان بەرهەمەکانیان بڵاو بکاتەوە -کە زۆربەی کات وایە-، بەڵام دواجار دەوڵەت بە شێوازی ناڕاستەوخۆ سوودیان لێ دەبینێت. لە هەردوو نموونەکەشدا، دەکرێت دەوڵەت ئەو ڕێکخراوانە بە کارا لەقەڵەم بدات و لە ڕێی بەخشش و پاداشت و دەرماڵەوە، پاڵپشتیی داراییان بکات.

**پرسی دووەم: سەرچاوەی دارایی (فەند)**

کاتێك دامەزراوەیەکی مەدەنی، بەخشش و یارمەتییەك لە حکومەت وەردەگرێت، تا ڕادەیەك دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. لەبەر ئەوەشی کە دارایی حکومەت دارایی گشتییە، پێویستە چاودێرییەکی بەهێزی خەرجییەکانی بکات، هەر بۆیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵ دەدەن سەرچاوەی دارایی خۆیان لە کەس و لایەنی بەخشەر (متبرع)ەوە دابین بکەن، بەڵام ئەمەش لە لێکەوتەکانی ئەو بەخشینانە قوتاریان ناکەن، چونکە لایەنی بەخشەر، پێشبینی و چاوەڕوانیی خۆی هەیە سەبارەت بە کاری بەرهەمهاتوو و دەرئەنجامەکان. خۆ ئەگەر ڕێکخراوە قازانجنەویستەکان بە پاڵپشتی بەخشینە بچووکەکانی جەماوەر کاری کرد، ئەوا بژاردەیەکە تەنها بۆ ئەو کارانە گونجاوە، کە بەشێکی زۆری خەڵك هەوڵی بۆ دەدەن و سوودی لێ دەبینن. ڕەنگە داهاتی سەرچاوە داراییەکانی ئەو دامەزراوە وەقفییانەی کە کەسانێکی پاڵپشتکەر دایانمەزراندووە کە بەشداریی بەڕێوەبردنی ناکەن، باشترین ڕێگە بێت بۆ دەستخستنی سەرچاوەی دارایی.

**پرسی سێیەم: سیفەتی یاسایی**

ڕاستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەو شێوازە مەدەنین، بەڵام خۆ یاساگەلێك لە دەوڵەتدا هەیە کە چ جۆرە چالاکییەك لەو جۆرە ڕێکخراوانە ڕێگەپێدراوە کە بەگشتی لە باج بەخشراون، واتە دواجار بە شێوەیەکی ڕەها لە دەوڵەت سەربەخۆ نین، چونکە دەوڵەت پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی چالاکییەکانیان بەسەردا دەسەپێنێت.

**پرسی چوارەم: هەماهەنگی و هاوکاری یان دژایەتی و ئۆپۆزسیۆنبوون**

خوێندنەوەی گشتی ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر لە ئۆپۆزسیۆنییەوە نزیکن، بەڵام لەو شیکردنەوەیەش کە باسمان کرد، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە مەرج نییە وا بێت، هەروەك چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کار و بایەخی بواری سیاسیدا کورت هەڵنایەن.

ئاماژەش بەوە دەکەم کە بژاردەی تیۆریی تایبەتی من ئەوەیە، کە ئاسان نییە پارتە سیاسییەکان بە دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەژمار بکرێن، بەپێچەوانەی دامەزراوەکانی هۆشیاریی سیاسی یان "کۆمەڵگەی سیاسی". لەوپەڕی حاڵەتی نزیکیش لە بواری سیاسەتەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چینێکی هاوشانی دامەزراوە حکومییەکان پێك دەهێنن. وەك ئەوەی کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چاودێریی وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکان بکەن بە ئامانجی سانسۆرکردن لەسەر ڕەفتاری حکومی و لەپێناوی ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی ڕاوبۆچوون و شکات و داواکارییەکانی گەل بن، بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە سەرنجڕاکێشە، جێبەجێکردنی ئاسان نییە، چونکە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی یان ناحکومی، حەز بەوە ناکات هیچکەسێك چاودێریی بکات و وا هەست دەکات کە سانسۆری دەرەکی جۆرێکە لە ڕەخنەلێگرتن و ناوزڕاندن، یان پەیوەندییەکان دەگۆڕێن بۆ پەیوەندیی هاوتابوون و توانج و ڕەخنەگرتن و ئامانجە

بنەڕەتییەکە زایە دەبێت. هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی ناتوانن ڕۆڵیان لە بواری فەرمانگە سیادییەکاندا هەبێت، وەك پەیوەندییە دەرەکی و داراییەکان و ئاسایش و بەرگری.

دووبارە هۆشداری لەوە دەدەین کە وێناکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەوەی کە بەردەوام لەگەڵ حکومەت لە حاڵەتی کێشمەکێش و نالەباریدایە، بەشێکە لە خەیاڵی چەپگەرایی و بەشێکیشە لە ئەزموونەکەی. دەتوانین وێنای ئەوە بکەین، کە پەیوەندیی تێگەیشتن و هەماهەنگی لەنێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە مەودای دووردا باشتر و بەسوودترە.

**هێڵکاری: ئەرکەکانی کۆمەڵگەی ئەهلی و مەدەنی و یەکتربڕینی ڕووبەرەکانیان**

بەشداریکردن ـــ گرێبەستنامە (تعهد) ـــ چاودێری



**پرسی پێنجەم: کۆمەڵگەی ئەهلی**

لێرەدا پرسیارێك لەمەڕ کۆمەڵگەی ئەهلی سەر هەڵدەدات، ئایا ئەوەی کە من بە "دامەزراوە خۆڕسکەکان – المؤسسات الفطرية" ناوزەندیان دەکەم، بە کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێن یان نا؟ نموونەیان: شوێنی پەرستگاکانی وەك مزگەوت و کڵێساکان و تۆڕی گەڕەك و دراوسێیان و تۆڕی پەیوەندیی خزمایەتی و سیستمی فێرکردنی نافەرمی و سیستمی ئەوقافە. ئەو پێناسەیەی دامڕشتووە، بەسەر ئەم دامەزراوانەدا جێبەجێ دەبێت، چونکە ئەم دامەزراوانە خودویستیی ناپابەندکەرن و قازانجنەویست و خۆبەخشین. تاکە جیاوازییەك کە هەیانبێت، ئەوەیە کە سروشتی و خۆڕسکن و تا ڕادەیەکی زۆر نافەرمین، وەلێ خۆڕسکبوونەکەیان، جیاکەرەوەیەکی تایبەت و کارایيەکی لە چەند ڕوویەکەوە پێ بەخشیون، کە کاریگەرییەکەی سەر هەموو دامەزراوە حکومی و مەدەنییەکان دەکەوێت.

زۆرینەی مرۆڤایەتییش، بەتایبەت هەژاران –و چینەکانی ناوەندیش– پشت بە کۆمەڵگەی ئەهلی دەبەستن و بەبێ ئەو، دۆخیان خراپتر دەبێت. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ئەهلی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دوو بواری یەکتربڕ دروست دەکەن –وەك هێڵکارییەکە ڕوونی دەکاتەوە– و هاریکارییان، کارێکی پۆزەتیڤە.

تێزی لیبراڵی بانگەشەی ئەوە دەکات کە کۆمەڵگەی لیبراڵی بێلایەنە، چونکە خودویستانەیە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی ئەهلی زۆربەی کات پێ دراوە، بەڵام دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەوە جیا دەکرێنەوە کە ڤێبەر بە (داخرانی کۆمەڵایەتی – Social Closure) ناوی دەبات، چونکە چەند کەسێك لە چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و لە ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو لە خۆیان کۆ دەکەنەوە و جۆرە ئەتەکێتێك بۆ مامەڵەکردن بۆ خۆیان دادەڕێژن، کە دەبێت بە خاڵی جیاکەرەوە و بەربەست بە ڕووی دەرەوەیاندا. کاتێکیش چەند کەسێك لە

دەرەوەی خۆیان وەردەگرن، دەیگۆڕن بۆ (بووکەڵەی فەخری) بۆ دەلالەتکردن لەسەر کرانەوەیان.

ئەوەی کە لە واقیعی هاوچەرخدا مەترسیدارترە، ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن، زۆربەیان وابەستەی ئەجێندای دەوڵەتانی دەرەکین، جا لە ڕێی پەیداکردنی سەرچاوەی داراییەوە بێت، یان لە ڕێگەی پاڵشتیی دبلۆماسی و کردنەوەی ڕێگە بۆیان بۆ چوونە سەر سەکۆ جیهانییەکان. واتە ئەو وێنە بێخەوشەی کە زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی پیێ وێنا دەکرێت، جگە لە ڕووکەشێکی نەرم بۆ بەرزگرتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە دەستەبژێرێکی خۆبەگەورەزان و دابڕاو لە کۆمەڵگە لە لایەك و بوونی ئەگەری ئیحتیواکردنی دەرەکی لە لایەکی ترەوە، شتێکی تر نییە.

لە بەرانبەریشدا، کۆمەڵگەی ئەهلی بەوە جیا دەکرێتەوە کە خۆڕسکە و پێدراوێکە بە شێوازێکی خۆڕسك و کۆمەڵایەتی ڕەگی داکوتیوە، ئەمەش خاڵی هێزە و لە تەحەککومکردنی دەرەکی دەیپارێزێت. سووربوون لەسەر فەرامۆشکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگەی ئەهلی و دامەزراوە سروشتییە خۆڕسکەکان و لەقاڵبدانیان یان هەڵوەشاندنەوەیان، تەنها لایەنگیرییەکی لیبراڵییە و لە ڕووی تیۆرییەوە هیچ پاساوێکی نییە. واقیعی کردارەکیش لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن، چ جای زۆرینەی وڵاتانی تری جیهان.

پێویستە لێرەدا ئەوە بهێنینەوە یاد، کە ئەزموونی ژیاریمان –هەرچەندە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەئاسانی تێیدا نەگوزەراوە– بەوە جیا دەکرێتەوە کە دامەزراوەی ئەهلیی زۆر فراوانی هەبووە، کە چەند بوارێکی گرتووەتەوە، لەوانە:

(١) كۆمەڵایەتی: وەك چالاكی و تۆڕەكانی پاڵپشتی فێرخوازی و سۆفیگەری.

(٢) ئابووری: وەك ڕێكخستنی پیشەگەری لەپاڵ ڕۆڵی بەهێز و كاریگەریی سیستمی ئەوقاف.

(٣) سیاسی: لە ڕێگەی ڕێگرییە خودییەكانی تۆڕە هۆزگەرییەكان.

(٤) یاسایی: لەمەڕ سەربەخۆیی دادوەری و پشتبەستنی بە شەریعەت.

(٥) ئایینی: كە كۆمەڵە ئایینییەكان پارێزگارییان لە ڕووبەرێكی تایبەتی خۆیان كردووە و دانیشیان پێدا نراوە.

هەروەها ئەوە بیر دەخەینەوە كە سروشتی سیستمی جیهانی و پێكهاتەی دەوڵەتان و شێوازی یاسا نێودەوڵەتییەكان، سنوورێك بۆ ڕۆڵی كۆمەڵگەی مەدەنی—ئەهلی دادەنێن، جا لە ڕووی واقیعی دابەشبوونی هێز و بەرژەوەندییەكانەوە بێت، یان لە ڕووی مەعریفەی هونەریی پێویستەوە بێت، یاخود لە ڕووی سەرچاوە و سامانی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەركە جۆراوجۆرەكان، بەڵام نابێت ئەمە وامان لێ بكات كە واز لە ڕۆڵیان بهێنین، چونكە كارەكانیان لە سروشتی كۆمەڵایەتییەوە نزیكە.

# پوختە

زاراوەی دەوڵەتی مەدەنی، لە ڕووی زانستییەوە زاراوەیەکی باو و بڵاو نییە، ئەمەش جێگرفتەکەیەتی. هەروەك چۆن بیرۆکەی مەدەنی وەك دژی دەوڵەت، لە ئەزموونی ئەورووپیی تایبەت و پێگەی کڵێسا تێیدا جیا نابێتەوە، لەبەرانبەر ئەزموونی موسڵمانان و ئامادەگیی زۆر و چڕوپڕی ئەهلی. ئایا داتاشینی زاراوەکە لە حاڵەتی عەرەبی بەو پێیەی کە تایبەت بێت بە دۆخی ئێستا، سوودی دەبێت، بەتایبەت دوای ئەو تێکەڵبوونە هزرییەی کە مۆدێلی ئێرانی لە لایەك و گرووپە توندڕەوەکان لە لایەکی ترەوە هێناویانە؟

ئایا دروستە بڵێین دەوڵەتی مەدەنی، بە مەرجێك لە تێگەیشتنیدا ئەو تێبینی و پەیبردنانەی کە ئەم بەشە ئاماژەی بۆ کرد، بەهەند وەربگرین، ببێتە سەکۆیەکی تێگەیشتنی نێوان ئایدۆلۆجییە سیاسییەکان و واز لە دەمەقاڵێ بهێنرێت و ڕێگە بۆ وێناکردنی مۆدێلە خوازراوەکەی دەوڵەت خۆش بکات. هەروەها واتای قبوڵکراوی (دەوڵەتی مەدەنی) ببێت بەوەی کە ئاڕاستەکەی لەگەڵ خواستی ئەو مەدەنییانەی کە لەژێر قەڵەمڕەویدان، بگونجێت و لە ڕێگەی دامەزراوەگەلێکەوە کە یاسا ڕەفتاریان ڕێك بخات، هەستێت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و لەلایەن کەسانێکی لێهاتووەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی باکگراوندیان، پێشەوایەتی بکرێت، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەهلی و مەدەنی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیان هاوبەش بێت.

ماوەتەوە بڵێین، بۆ ئەوەی شێوازی فەرمانداریێتی و بەڕێوەبردن لەگەڵ شووناسی کۆمەڵگەی وڵاتەکانمان بگونجێت، پێویستە ڕێگوزەریی دەوڵەت، شێوە ژیاری ئیسلامی بۆ ناوچەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی لە مۆژدەدانی مودێرنەیی دامەزراوەیی کولتووری دوور بکەوێتەوە. ئایا ئەو چەمکە بە شێوازێك پێش دەکەوێت کە قبوڵکراو بێت، یاخود دەبێتە پەردەیەك کە ئایدیۆلۆجیاکان خۆیانی لە پشتەوە بشارنەوە؟

# بەشی دووەم: چەمکی هاوڵاتیبوون

بیرۆکەی هاوڵاتیبوون، یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە کاتی شۆڕشە عەرەبییەکاندا زۆر ئاماژەی بۆ دەکرا، دیارە نەبوونی هاوڵاتیبوونیش هۆکاری گرفتەکان بوو و هەر ئەویش ڕێگوزەری چارەسەرە. بۆ گفتوگۆکردنی ئەو چەمکە، سەرەتا مەبەست لە چەمکی هاوڵاتیبوون دیاری دەکەین، پاشان ئەو گرفتەی هاوڵاتیبوون تاووتوێ دەکەین کە دەکرێت بە شووناسێك بۆ سڕینەوەی ئەو شووناسانەی کە لەو گشتگیرترن، بە ڕوونکردنەوەی پێگەی دروستی گرێبەستی هاوڵاتیبوونیش، کۆتایی بەم بەشە دەهێنین.

## ١. دیاریکردنی گرفتەکە

گریمانەیەکی پێشوەختە هەیە، ئەوەیە کە لە وڵاتەکانماندا هەستکردن بە هاوڵاتیبوون بوونی نییە، بە شێوازێك کە وای کردووە ڕقوکینە و خۆخۆری لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت. لە بەرانبەریشدا، ئەگەر خەڵکی باوەڕێکی قووڵی بە هاوڵاتیبوون هەبێت، ئەوا کۆمەڵگە و سیاسەت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چاك دەبن و هەموو پێکهاتەکانی گەلیش بە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ژیان بەسەر دەبەن. لەمەدا گوتارەکە ئاڕاستەی ئەوانە دەکرێت کە دیندارن و سۆزی ئایینییان هەیە، بەو پێیەی کە ئایین لەگەڵ خۆیدا هەڵگری چەند شتێکی ترە بۆ بیرۆکەی ئینتیما و تەنها لەسەر هاوڵاتیبوون کورت هەڵنایەت.

دەتوانین سێ ڕەهەند بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون دیاری بکەین: پابەندبوون بە یاسا و یەکسانی تێیدا، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و گرنگیدان بە کاروباری گشتی و

خزمەتکردنی وڵات، جێکردنەوە و لەخۆگرتنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بەدڵنیاییەوە ئەوە بڵێین کە ئەو ڕەگەزانەی باسمان کرد کەموکووڕییان هەیە، بەڵام لە ڕەگەزێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە. گرنگتریش لەوە، بریتییە لە تێگەیشتن لە سروشتی ئەو کەموکووڕییانە و ئەو میانانەی تێیدا ڕوو دەدەن و ئەلتەرناتیڤەکانیشیان.

### أ) پێگەی یاسا لە ژیاندا

وێنای یاسایی و دەستووریی باو لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، بریتییە لە یەکسانیی یاسایی لەنێوان هەموو هاوڵاتیاندا، لەپاڵ بوونی کۆمەڵانێکەوە کە گلەیی و گازەندە دەکەن و داوای ماف و جیاوکی تایبەت دەکەن. هەڵوێستی خەڵکی لەبەرانبەر یاساکان پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە:

(١) چۆنێتیی دروستبوونی ئەو یاسایانە هەر لە سەرەتاوە.

(٢) گونجانیان لەگەڵ شێوازی ژیانی خەڵکی.

(٣) ئاستی لۆجیکیبوونیان و ئەوەی کە ئایا سوودبەخشن.

یاسا و دەستوور لە وڵاتانی ئێمەدا، تێکەڵەیەکی سەیرە لە لاساییکردنەوە و خۆگونجاندن. ئەوەتا زۆرینەی دەستوورەکان لە ساتی سەربەخۆبوونی فەرمیدا لەدایك بوون، ڕێژەیەکی زۆریشیان لە دەرەوە و بەبێ لێتوێژینەوە و وردبوونەوەی تەواو خوازراون، بەتایبەت لە داگیرکەرەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکوو یەکێك لە مەرجەکانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی (ئەو سەربەخۆییە پێشوەختە لەباربەرەیە)، بریتی بوو لە داڕشتنی دەستوورێکی سەردەمییانە لەسەر شێوازی دەستووری هێزە خۆسەپێن و داگیرکەرەکان، وەك بەشێك لە گواستنەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە بە داگیرکاریی ناڕاستەوخۆ، یان شوێنکەوتەیی زاڵێتی و تەحەککوکردن لە دوورەوە، ناوزەند دەکرا.

لێرەدا نامانەوێت زیادەڕەوی بکەین، دواتر چەند هەنگاوێك نرا بۆ گونجاندنی دەستوورەکان لەگەڵ ناوخۆی وڵاتەکان، کە بە پلەی جیاواز سەرکەوتوو بوون. هەرچی یاسا و ڕێنماییەکانیشە، ڕەنگدانەوەی ئاستێکی باڵا لە تێکەڵکردن و تێکەڵی و خواستنی لێرە و لەوێ و هاوشێوەگیری و جیاوازبوون پیشان دەدەن، لەپاڵ ئەو هەوڵە جددییانەی کە بۆ گونجاندنی یاسا و ڕێنماییەکان لەگەڵ پێداویستییەکان دەدران.

لێرەدا ئەوەشمان لەبیر بێت کە دەستەبژێرێك ئەو هەوڵانەیان داوە، کە تاڵاوی نامۆبوونیان چەشتووە و لە خۆشەویستیی ئەوی تردا تواونەتەوە و وایان داناوە کە هاوردەکردن کارێکی بەسوودە و بە هۆی پابەندبوونیان بە ئایدیۆلۆجیایەکی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی، یان لیبراڵی سەرمایەداری، لە کولتووری گەلەکەیان دوور کەوتوونەتەوە. هەموو ئەمانەش لەبەردەم پەرەسەندنەکانی دواترەوە لە جێی خۆیاندا نەمان و خۆیان نەگرت، کە تێیدا سیستمە دکتاتۆرەکان سووکایەتییان بە یاسا و دەستووریش کرد. هەر بۆیە ناتوانین بەبێ گەڕانەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی، لە هۆکاری گرفتی باری یاسایی وڵاتەکانمان تێبگەین: نامۆبوونی یاسا بە سیستمی کولتووریی وڵات و ئەوەی کە لەلایەن سیستمە ستەمگەرە بێبەرنامەکانەوە یارییان پێ کراوە، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە گرفتی سەرەکی، زیاتر لە گەندەڵی و ستەمگەریی سیاسیدایە، وەك لەوەی لە یاسادا بێت.

هەندێك کەسیش لەم وڵاتانەی خۆمان، حاڵی خۆیان بەو ڕۆتینە بەراورد دەکەن کە لە ژیانی ڕۆژئاواییدا هەیە، بۆیە بابەتەکە بەڕەهایی دەگێڕنەوە بۆ ئەو گرفتە یاساییەی کە بە بنچینەی هاوڵاتیبوونی دادەنێن، بەڵام زۆرینەی یاساکان لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا دەنگیان لەسەر نادرێت، ئەمەش بەپێی جۆری ئەو دیموکراسیەتەی کە هەیە دەگۆڕێت.

له ڕاستیدا ڕێکار و یاساکان، سیستمە بیرۆکراسییەکان، خۆیان پشتبەست بە دیدگای شارەزایان دایدەنێن، تەنانەت ئەوانەشی کە دەنگیان لەسەر دەدرێت، بە شێوەیەك بەڕێوە دەچن کە پێشوەخت لەلایەن ئەو شارەزایانەوە نەخشەیان بۆ کێشراوە. ئەم حاڵەتەش زانای بەناوبانگ: ماکس ڤێبەر [١٨٦٤-١٩٢٠] تیۆریزەی کردووە و لە وەسفە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت، ئێمە لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا لە "قەفەسی ئاسنینی بیرۆکراسی"دا زیندانییەکی حوکمدراوین. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە کاتێك یاساکان دەخرێنە بەردەم گەل، شیکردنەوە و لێکدانەوەکانیان زۆر ئاڵۆز و دوورودرێژن، بە شێوەیەك کە زۆرینەی خەڵکی ناتوانن بەئاسانی لێی تێبگەن. لایەنگریی حیزبگەرێتییش دەگاتە ئاستی شەڕەقسە و تۆمەتبارکردنی یەکتری، کە لە گیانی هاوڵاتیبوون دوور دەکەوێتەوە. ئایا ڕاستییەکە هاوڵاتیبوونە، یان چاوبەستکردنە بە هاوڵاتیبوون؟ لە زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاواییشدا، ناکۆکی لەوەدا نییە کە یاساکان بەلای چینە بەهێز و دەوڵەمەندەکاندا دەشکێنەوە. هێزی کۆمەڵایەتیی سیاسییش لەو وڵاتانەدا، پەیوەستە بە پاشخانی کولتووری و تۆڕەکانی دامەزراوە مەدەنییەکان و کاریگەرییان، بەڵام دەوڵەمەندیی سەرمایەداری، خۆی لە خۆیدا هێزێکە و هەر ئەویش سەرچاوەی خۆراکی هێزی یەکەمە.

پێویست بوو ئەم تێبینییە تۆمار بکرێت، چونکە زۆربەی گفتوگۆ لەبارەی ئەو هاوڵاتیبوونەی کە خەونی زۆرێکە لە وڵاتەکانماندا، لەسەر خەیاڵگەلێك بنیات نراوە کە بۆ واقیعی خۆی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا گونجاون، یاخود لەسەر وێناکردنێك بۆ هاوڵاتیبوون هەڵچنراون، کە هیچ بەڵگەیەك پاڵپشتی ناکات، ئاستی نامۆبوون لەنێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەرزە، (هابرماس)یش [١٩٢٩-؟] لە تیۆریزەکردنی ئەم بوارەدا ناوبانگی هەیە.

### ب) هەستکردن بە بەرپرسیارێتی

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەبەرانبەر وڵات و گرنگیدان بە کاروباری گشتی، زادەی کارلێکی کولتووری سیاسیی باو و ئەو پەیکەربەندییە (الهیکلیة) سیاسییەیە کە هەیە. لەسەر ئاستی پەیکەربەندیی سیاسی، ناوەندیبوونی (المرکزیة) بەهێز، جیاوازیی نێوان ئەو شتانەی کە نیزامین لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە واقیعدا دەگوزەرێن، زیاد دەکات، بەتایبەت ئەگەر پاساوی دەرکردنی بڕیارەکان ڕوون نەکرێتەوە و خەڵکی یان ئەو کەناڵانەی کە نمایندەی ڕای ئەوان دەکەن، هیچ جۆرە بەشدارییەك لە دەرکردنیاندا نەکەن. کاتێکیش قبوڵکردنی خەڵکی بۆ یاساکان پاشەکشە دەکات، ڕێنماییە ڕێکارییەکان ناتوانن گەل ڕازی بکەن و قەناعەتی پێ بکەن بەوەی کە گەل بە بەرژەوەندیی خۆی دەیبینێت، ئەمەش هاندەرە بۆ دوو شت: لەف و دەورانکردن بەسەر ئەو یاسایانەدا و بەرتیلخۆری. خۆ ئەگەر دەسەڵات هەوڵی دا کە سزای زیاتر بسەپێنێت، ئەوا گرفتەکە قووڵتر دەکات لە ڕووی ڕەتکردنەوەی دەروونیی جەماوەرییەوە و لە ڕووی بەهێزکردنی پاساوەکانی گەندەڵی، چونکە وا دەکات کە بەرتیل سوودبەخش بێت، ئەمە وێڕای ئەو کۆتوبەندانەی کە سیستمەکە لە نەرمی و وەڵامدانەوەی گۆڕاوەکان دوور دەخاتەوە.

شاراوەش نییە کە بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شتێکی پۆزەتیڤە، چونکە چینێکی وا دروست دەکات کە زانیاری لەمەڕ واقیعی کرداریی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان دەدات بە حکومەت و پێشنیارگەلێکی کرداری دەکات و ڕەنگە بە چەند ئەرك و وەزیفەیەکی پاڵپشتیش هەستێت، کە سیستمی بیرۆکراسی ناتوانێت ئەنجامی بدات.

هەرچی پەیوەندیی بە کولتووری سیاسییەوە هەیە، پەیوەستە بە کەڵەکەبوونی شارەزایی و تۆمارێکی باش لە سەرکەوتن و ئارامیی درێژخایەن. ڕۆڵی کولتووری

سیاسییش، دوو دیوی هەیە: ئاستی گشتیی ڕۆشنبیریی گەل و نەمانی نەخوێندەواری و پەرەسەندنی نەریتگەلێکی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر ئەوەدا، لە ئەنجامی ئارامی و جێگیری و لە ئەنجامی ئەوەی کە دەسەڵات لە کۆمەڵگەوە نزیکە و ڕەوایەتیی هەیە. واتە **مەسەلەکە هێندەی پەیوەستە بە گونجانی یاسا لەگەڵ کۆمەڵگە و بوونی دەنگ و ڕای ئەوان لە داڕشتنیدا، هێندە بە باشی و چاکیی یاساکانەوە پەیوەست نییە.**

لەبەر ئەوەی لێپرسینەوەی یاسایی خەرجیی دەوێت و ڕقلێبوونەوەش دروست دەکات، ئەو چاودێرییە خودییەی کە نەریت دایدەنێت، بەهێزتر و بەسوودترە. بۆ نموونە: "فڕێدانی خاشاک کارێکی قێزەونە، لابردنی دڕك و بەرد لەسەر ڕێگا چاکەیە، بە زایەدان و بەفیڕۆدان حەرامە"، ئەگەر لەلای خەڵکی ڕەگیان داکوتیبێت، شوێنەواری گەورە جێ دەهێڵن.

لەو بوارەدا، ئایین گەورەترین کاریگەریی لەسەر ویژدانی خەڵکی هەیە، شاراوەش نییە کە لەم ڕۆژگارەدا، گوتاری ئایینی جەخت لە (ڕزگاریی تاکەکەس) دەکات و ئەو بابەتە کردارییانەی کە پەیوەستن بە ژیانەوە، یان فەرامۆشی کردووە، یاخود نەیتوانیوە بە شێوازێکی دروست باسی بکات و چارەسەری بکات، چونکە ئەو گوتارە لەلایەن دامەزراوەی سیاسیی گەندەڵ و ستەمکارەوە بەکار دەهێنرێت و بەڕێوە دەبرێت.

**کۆمەڵگەی ئەهلییش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە قووڵکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لەبەرانبەر نیشتمان و کۆمەڵگە و ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت ناتوانن بەباشی ئەنجامیان بدەن.** کۆمەڵگەی ئەهلییش، هاوشان و هاوتای کۆمەڵگەی مەدەنییە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەوە جیا دەکرێتەوە کە بەشێکی سروشتییە لە ژیان و دامەزراوەیەکی فەرمی نییە. بەڵگەی

زۆریش هەن کە شوێنە ئایینییەکانی پەرستش و سیستمی گەڕەك و دراوسێ، لەو بوارەدا کاریگەریی گەورەیان هەیە.

گرنگیدان بە کاروباری گشتی و بوونی پاڵنەر بۆ خزمەتکردنی وڵات، وێڕای ئەوەی کە هاوکاتە لەگەڵ بێهیواییەکی ناجۆر، بەڵام لەم وڵاتانەی خۆماندا تا ڕادەیەکی زۆر بوونیان هەیە. ئەوەتا کاری خۆبەخشی لەم وڵاتانەدا زۆر و هەمەچەشنە، کەمیش نین ئەوانەی کە سەرچاوەی ژیانیان لەسەر ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەیە کە سیمایەکی ئایینی بەسەریاندا زاڵە. پاشان، ئایا بزووتنەوە جەماوەرییەکان (کە زۆرینەیان ئیسلامین)، گوزارشت نین لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و گرنگیدان بە کاروباری گشتی؟ ئایا ئەو سەرکێشییەی کە کەسانێك لە دۆخێکی ستەمگەریدا پێی هەڵدەستن، هاوڵاتیبوونێکی تەواوەتی نییە؟ بەهاری عەرەبییش لەو ڕووەوە تۆمەتی بڕیوە، چونکە ئەو شۆڕشانە قووڵترین گوزارشتی جەماوەری بوون لە گرنگیدان بە کاروباری گشتی و هەوڵدان بۆ یاساگەلێکی قبوڵکراو و خوازراو و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، تا سنووری قوربانیدان.

**ج) لەخۆگرتنی پێکهاتە جیاوازەکان**

بوونی چینوتوێژی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە مێژوودا وێنەی زۆرە، ڕێزگرتنی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلیش پەیوەستە بە شێوازی دروستبوونی مێژوویی ئەو پێکهاتانەوە. لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، پێگەی خاوەن ڕێز و شکۆ و پلە باڵاکان بەستراوەتەوە بە بەهاکان و کاری چاکەوە، بە شێوەیەك کە هەرکەسێك پێگەی باڵاتر بێت، پێویستە بەهاکانی بەزەیی و سۆز و پێشکەشکردنی هاوکاری لە ئاکارەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە.

لە ڕووی شیکاری بەراوردکارییشەوە، پێکەوەژیان لە وڵاتی موسڵماناندا جێی شانازییە و مێژوو و توێژەرانیش گەواهیی بۆ دەدەن، بەڵام ئەم حاڵەتە لە ماوەی

دوای داگیرکاریدا و لەگەڵ هەڵکشانی بیری ناسیۆنالیستی و بەکارهێنانی لەلایەن حکومەتە بێبەرنامە و ستەمکارەکانەوە، کەوتە تەنگژەوە.

ئێستا سێ شووناسی تەنگژەئامێز لە ناوچەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوونیان هەیە: کوردی و ئەمازیغی و مەسیحی، بەتایبەت قیبتی. **جیاوازییەکە لەوەدایە، کە درووشمی هاوڵاتیبوونیان بەرز کردووەتەوە و لە هەمان کاتدا داوای ماف و ڕیزپەڕ و جیاوك دەکەن.** ئێمە لە کاتێکدا کە جەخت لە بوونی کولتووری پێکەوەژیانی هاوبەشی ڕاستەقینە دەکەینەوە، پێمان وایە کە لەخۆگرتن لە میانەی دامودەزگاگەلێکی گونجاوەوە، کارێکی دروست و پێویستە کە تێیدا ناناوەندیبوون (اللامركزية) وەڵامی پێداویستی و خواستە تایبەتەکان بداتەوە. گومانیش لەوەدا نییە کە پابەندبوون بە ئەجێندای دەرەکییەوە، کارەکە تێك دەدات.

لێرەدا ئاماژەکردن بۆ ئەزموونی ئەورووپی، سوودبەخشە. ئەوەتا ئەو دەوڵەتانەی کە لە هەستانەوەیاندا پشتیان بە کۆیلەکردن بەستبوو، لەگەڵ ئەوەی سیستمی دیموکراسییان هەیە و چەندین ساڵە ئارامی و جێگیرییان بەخۆیانەوە بینیوە، تا ئێستاش کۆمەڵگەکانیان بەدەست کێشەکانی ڕەگەزپەرستییەوە دەناڵێنن.

کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دوای شۆڕشی ڕۆشنگەری، شۆڕشیان بەسەر چینی خانەدان و پیاوماقووڵاندا کرد، کە دەستیان لەگەڵ کڵێسا تێکەڵ کردبوو و بیرۆکەی بەزەیی مەسیحییان بۆ دادگەریی تاکەکەسی بەپێی وەسفی لیبراڵی و دادگەریی چینایەتیی تۆڵەسێن بەپێی وەسفی مارکسی، گۆڕی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕاڤە دەکات، کە پەیوەندییە ئیتنییەکان لەو کۆمەڵگانەدا بەدەست قەیرانی گەورەوە دەناڵێنن، ئەو ڕێزگرتنەش تا ڕاددەیەکی زۆر ڕووکەشییە. خۆ ئەگەر دەوڵەمەندی و بوونەیی لەو وڵاتانەدا نەبووایە، ئەوا دۆخەکە زۆر خراپتر دەبوو.

## ٢. هاوڵاتیبوون وەك شووناس

ئەوەی باس کرا، گفتوگۆیەکی هاوڵاتیبوون بوو وەك هەستکردنێکی ئینتیما کە مرۆڤ کەمەندکێش دەکات بۆ ئەوەی کارا و کاریگەر بێت لەو وڵاتەی کە تێیدا دەژیت، بەڵام ئەم هەستە هەستێکی ناسکە و خۆی لەبەردەم خواست و داخوازی و حەزەکانی مرۆڤدا ناگرێت، کاتێك سنووری کاروباری ژیان و گوزەران تێدەپەڕێنن.

بەڕاستی گرفتی بەرزکردنەوەی درووشمی هاوڵاتیبوون، بریتییە لەوەی بکرێت بە تاکە کەناڵی شووناس کە جگە لەو کەناڵە، هەموو شتێکی تر ڕەت بکاتەوە. کەواتە لێرەدا کە باسەکە باسی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییە، هاوڵاتیبوون چۆن دەتوانێت ببێتە شووناس، لە کاتێکدا کە شکۆمەندیی مێژوویی لە ڕێگەیەکی ترەوە هاتووە؟ جێی مشتومڕ نییە کە ژیاری ناوچەکە ژیارێکی ئیسلامییە، چۆن دەکرێت ئەوە لەبیر بکرێت یان بازی بەسەردا بدرێت. ئەوەی ئەمەش پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو شووناسەی کە ئوممەت ئینتیمای بۆی هەیە، گەورە و فراوانترە لە هەر شووناسێکی نیشتمانی. بەهێزی و پتەویی شووناسی ئوممەتیش لەوەدایە کە ناوەرۆکێکی بەهائامێزی لەخۆ گرتووە کە بەهاگەلێکی جیهانین، چونکە بەهاگەلێکی ئایینیی ڕەگوڕیشە ئیبراهیمین، کە بنچینەی ئایینە ئاسمانییە گەورەکانیان تێدا کۆ دەبێتەوە.

لێرەدا لەوە ئاگایی دەدەین کە شووناسی ئوممەت شووناسێکی سیاسیی دەمارگیرانە نییە، بەڵکوو شووناسی ئینتیمایە بۆ کۆمەڵە بەهایەك لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە ئینتیمایە بۆ هەوڵی کۆمەڵە مرۆڤێك کە نمایندەی ئەو بەهایانەیان کردووە. چۆن داوا لە هاوڵاتیانمان دەکرێت کە ئەو شووناسە لەبیر بکەن، کە هەموو پایەکانی شووناسی تێدایە و ڕشتەی ئاکارە باڵاکان، کاڵای باڵایەتی...؟ **چۆن دەکرێت پشت لەو شووناسە بکرێت و بانگەشەی شووناسێکی نوێ بکرێت کە جێی بگرێتەوە، شووناسی هاوڵاتیبوونێك کە نە قووڵایی و نە مێژوو و نە سیستمی**

**بەهایی هەبێت**، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕەنگە بەرەو دەمارگیرییەکی نەتەوەیی (عەرەبی) هەڵبخلیسکێت، ئەمەش بەکرداری تاڵاوی زۆرمان بەدەستیەوە چەشت و قەیرانی پەیوەندیمانی لەگەڵ ئەوی تر بۆ دروست کردین!

شاراوەش نییە کە لەپشت جەختکردنەوە لە چەمکی هاوڵاتیبوون، مەترسیگەلێکی کەمینەکان بەتایبەت لە ناموسڵمانەکان خۆیان شاردووەتەوە، کە مەترسییان لە هاتنی ستەمێك هەیە کە لەلای سەنتەرییوونی شەریعەت لە زەینی ئیسلامییەکانەوە بێت، یان ڕەنگە بە هۆی ترسیانەوە بێت لە بیرۆکەی ئەو سیستمە میللییەی کە عوسمانییەکان پەیڕەویان دەکرد.

ئەرکی ئەم کارە کورت و خێرایەی ئێمەش، نە ڕوونکردنەوەی پێگەی ناموسڵمانانە لە ڕوانگەی شەریعەتەوە، نە لێکۆڵینەوەی زانستییشە لە واقیعی مێژوویی سیستمی ئایینی. ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە، بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە **تێزە باوەکەی چەمکی هاوڵاتیبوون تێزێکی کەموکووڕە، ئەو کەموکووڕییەش بەوە پڕ دەبێتەوە کە گرێبەستی سیاسی و ئەو ڕەگوڕیشەیە لە یەك جیا بکرێنەوە، کە شووناسی کۆمەڵگەی لەسەر بنیات نراوە.** واتە ئەوەی کە دەوترێت هاوڵاتیبوون شتێکی پێویستە و بەشێکە لە گرێبەستی سیاسی، قبوڵکراو و مەعقولە، بەڵام ئەوەی دەوترێت هاوڵاتیبوون تاکە شووناسە لە کۆمەڵگەدا، ئەوە چوار گرفتی لێ دەکەوێتەوە، تیۆری و کرداری و ئەخلاقی و مێژوویی.

**لە ڕووی فەلسەفییەوە**، وجودگەراییە گریمانەی ئەوە دەکات کە تاکەکان دەتوانن —بەبێ ئەوەی کەس دەستدرێژی بکاتە سەر کەس— خواستەکانیان بهێننە دی و ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی کە وەك بنچینەی کۆبوونەوەی سیاسی دابنرێت، بەڵام قووڵاییگەلێك لە دەرووندا بوونیان هەیە، کە پێکەوەژیانی ماددی پڕی ناکاتەوە، بەڵکوو **خەڵکی بەدوای شتگەلێکی مەعنەوییەوەن، کە دەتوانین لە سێ بواردا کورتیان بکەینەوە: سەربەرزینواندن و شانازیکردن بە کولتوورەوە،**

**بەرزکردنەوەی پێگەی گەل، شانازیکردن بە مێژووەوە. هەر یەکێك لەم ڕەگەزانەش، سنووری هاوڵاتیبوون و تەنها ڕێککەوتنێکی گرێبەستئاسا لەسەر ژیان و بژێوی تێدەپەڕێنن.**

**لە ڕووی کردارییەوە،** ڕایەڵەی هاوڵاتیبوون بەتەنها خۆی بەس نییە، مەگەر لەگەڵ ئەو دەستکەوتانە گرێ بدرێتەوە کە دەوڵەت بەدیی هێناون. کاتێك ژاپۆنییەکان شانازی بە هاوڵاتیبوونی خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوەی ژاپۆنی نوێ چەندین دەستکەوتی بەنرخی پێشکەش کردوون، هەروەها ئەڵمانیا و فەڕەنساش بە هەمان شێوە. ئەم ڕایەڵە نیشتمانییە لەدوای ئەو دەستکەوتانە بەهێز دەبێت، نەك لە پێشیانەوە. هیممەتی هەوڵدان بۆ دەستکەوتیش، لە شتێکدا ڕەگ دادەکوتێت کە لە دڵ و خەیاڵیش قووڵترە: بۆ نموونە سەبارەت بە ژاپۆن، ئەو وڵاتەیە کە خۆری لێ ئاوا نابێت، سەبارەت بە ئەڵمانیاش، نەژادی ئەڵمانییە و سەبارەت بە فەڕەنساش، کولتوورێکی بەرز و باڵایە.

(مالیك بن نەبی) [١٩٠٥-١٩٧٣]، ئەوەمان بەبیر دەهێنێتەوە کە هەستانەوەی گەلان سێ مەرجی هەیە: مرۆڤی کارا و مادده و کات، هێزە ویژدانییەکانیشن کە ئەمانە کارا دەکەن، پوختەی تیۆرەکەی (ئیبن خەلدون)یش [١٣٣٢-١٤٠٦] هەر ئەمە دەگەیەنێت. واتە بانگەشەکردنی ئەوەی، کە هاوڵاتیبوون بریتییە لە (ڕەگەزە ئەستوور و بەهێزەکە)، هەڵەیە، هەروەك چۆن هەڵەیە وا بزانرێت لە وڵاتە دیموکراسییەکان جگە لە ڕایەڵەی هاوڵاتیبوون، هیچ ڕایەڵەیەکی تر نییە.

**لە ڕووی ئەخلاقییەوە،** هەستی هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، دیوە جوانکراوەکەی ڕایەڵەی هاوڵاتیبوونە، داماڵینیشی لە ڕەگەزپەرستی، کارێکی گرانە.

گریمانەکردنی ئەوەی کە تایبەتمەندیی هاوڵاتیبوون لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیانی چارەسەر کردووە، وەهمێکە کە ئەگەر لێکۆڵینەوەی لێ

بكرێت، نەك ناسەلمێنرێت، بەڵكوو هەموو بەڵگەكان پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن. بۆیە لێرەدا پێویستە فاكتەری و جێگیری و ئارامی لەبەرچاو بگرین، چونكە هەر ئەوە فاكتەری كاریگەر لەپشت ئەو ڕەگداكوتینەی هاوڵاتیبوون كە لەویَ دەبینرێت، ئەمە لەپاڵ داڕشتەیەكی پەیكەربەندیی دامەزراوەیی گونجاو. ئەگەر ویستیشت قووڵیی هاوڵاتیبوون تاقی بكەیتەوە، پێویستە چاوەڕێی ئەو ڕووداوانە بكەیت كە ئەگەر جێگیری و ئارامی لەو وڵاتانەدا نەما یان پەیكەری دامەزراوەییان تێك چوو، ڕوو دەدەن. خواستی پراگماتی لای ئەو كولتوورانە لە كاتی خۆشی و جێگیریدا هاوكار و یارمەتیدەرە، بەڵام لە كاتە ناخۆش و تەمومژاوییەكاندا، پێچەوانەی ئەوە بەرهەم دەهێنێت، كەواتە پراگماتیزم لە ناوەرۆكدا بریتییە لە خۆپەرستییەك كە بەدوای سوودی نزیك و كورتمەودادا ڕادەكات.

**لە ڕووی مێژووییەوە،** هاوڵاتیبوون بە مۆدێلە نەتەوەییەكەی، تایبەتمەندییەكی كولتوورییە كە لە پرۆژەی داگیركاریدا ڕەنگدانەوەی كرداریی خۆی هەیە. كەواتە بەهای ئەو هاوڵاتیبوونە لێبوردەگەرایە –بەگریمانە– چییە، ئەگەر لە ڕووی كردارییەوە بریتی بێت لە دەستدرێژی و دزینی سامانی ئەوانی دی!

لە لایەكی ترەوە بۆمان هەیە بپرسین: ئایا خۆشگوزەرانیی هاوبەش لەو وڵاتانەدا، بەبیَ پشتبەستن بە سامان و دەستكەوتی داگیركاری، بەدەست دەهات: ماددەی خاوی هەرزان و كرێكاری زۆر هەرزان؟ ئەمە وێڕای ئەوەی كە ناكۆكیی ناوخۆیی لەو وڵاتانەدا، لەمڕۆدا ناكۆكییە لەسەر متمانە نەمان بە بەڵێنی خۆشگوزەرانی، چونكە لە ڕووی كردارییەوە پێكهاتە جیاوازەكانی ئەم كۆمەڵگانە یەكسان نین.

هاوڵاتیبوونیش بیرۆكەیەكی مۆدێرنیتەیە، زادەی ئەو بارودۆخە ئەورووپییەیە كە تێیدا كڵێسا سنوورەكانی بەزاند و بواری سیاسییشی قۆرخ كرد، ئەمە لە كاتێكدا كە كۆمەڵگەكانمان بەدەست بەدیوبوونی مزگەوتەوە نەیناڵاندووە. لەم باسەدا

ئاماژە بۆ گرفتی تێزی قوتابخانەی (غەننوشی) [١٩٤١-؟] دەکەین، کە بیرۆکەی هاوڵاتیبوونی بەرز کردەوە بۆ ئاستێك کە پێویستە هەیبێت. گرفتەکەش زیاتر لەوەدایە، کە ئەو قوتابخانەیە لەو بارەیەوە نەیوتووە زیاتر لەوەی کە وتوویەتی، ئەو بێدەنگییە ستراتیجییەش جگە لە پێویستییەکی سیاسی، شتێکی دی نییە، ئەمەش ئەگەر بە بیر و بنەمای ڕەها وەربگیرێت، ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت. **لە چەمکە ئیسلامییەکاندا، بنەماگەلێکی تێروتەسەل لەبارەی پێکەوەژیان و بەزەییگوزاری، تەنانەت لەگەڵ ناموسڵمانیشدا هەیە،** کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕەگیان داکوتیوە، بۆیە هەوڵەکانی دۆزینەوەی بنەما و ڕەگوریشەی چەمکی هاوڵاتیبوون، چوارچێوەی وێناکراو و ژیاری لە هاوشێوە ئیسلامییەکەی دادەڕنێت و دەیخاتە گۆشەیەکەوە کە ناوەرۆکەکەی تێك دەدات.

سووربوونی هەندێك دەستەبژێر و کەمینە لەسەر ئەوەی کە گرێبەستی هاوڵاتیبوونی تایبەت بە خۆیان هەبێت، زیاتر ڕەنگدانەوەی گرفتێکی تایبەتە بە خۆیان وەك لەوەی کە دەرچەیەك بێت بۆ نیشتمان، چونکە ئەوە سەپاندنی بژاردەی پێکهاتەیەکە بەسەر بژاردەی هەموو ئوممەتدا. بۆ نموونە، چی بکەین لەوەی کە بڕوای وایە کە شووناسی عەرەبیی گشتگیر لەپێشترە! لەگەڵ ئەوەی ئەم درووشمە سواو و بەکارهاتووە، بەڵام درووشمێکی ناوبۆشیش نییە، چونکە ناکۆکی لەوەدا نییە کە بەشبەشبوون یەکێکە لە بەهێزترین هۆکارەکانی نەتوانایی وڵاتە عەرەبییەکان. بۆ نموونە، ئەگەر میسر بیەوێت سەرکردایەتیی ناوچەیەك بکات، پێویستە لە شووناسی تەسکی وڵاتەکەی دەربچێت. پاشان پرسیارێك لێرەدا خۆی دەسەپێنێت: بۆچی لە سنووری شووناسە تایبەتەکاندا بوەستین، بۆچی زیاتر باوەش بۆ شووناسە کوردی و فینیقی و ئاشووری و ئەرمینی و نەوبی و ئەمازیغییە شاخاویی و بیابانییەکان... نەکەینەوە؟

### ٣. هاوڵاتیبوون گرێبەستی سوودوەرگرتنی هاوبەشە

ئەوەی بڕگەکانی پێشوو دەریانخست، وامان لێ دەکەن چەمکی هاوڵاتیبوون بۆ دەرەوەی سنووری گونجاوی خۆی درێژ نەکەینەوە. گرێبەستی هاوڵاتیبوون پێویستە، بەڵام بۆ کۆبوونەوەی نیشتمانی بەتەنها بەس نییە. هاوڵاتیبوون وەك شووناس بەتەنها بەس نییە، چونکە (لانی کەم لە حاڵەتە عەرەبییەکەیدا) پێشینەی مێژوویی نییە، بەڵام خوازراو و پێویستە، لەبەر ئەوەی بەشێکی سروشتییە لە جێنشینبوون و پێکەوەژیان، بەکورتی شرۆڤەیەکی ئەمەش دەکەین.

**هێڵکاریی ئاستە ئاوێتەبووەکانی پێکەوەژیان**



له زۆربەی چالاکییە نوێیەکانی ژیاندا، پێویستە هاوڵاتیان لە سوودوەرگرتن و لە لەئەستۆگرتنی تێچووشدا یەکسان بن. لەو چوارچێوە ئیدارییەدا، پێویستە ئینتیما بۆ نیشتمان بێت و وەك شووناسێکی پێکەوەژیانی کردارییش سەیر بکرێت.

بەدوای ئەمەشدا، پێویستیی یەکسانی لە جێبەجێکردنی یاسا دێت، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە هەندێك باردا یاسا خۆی ڕەچاوی هەندێك حاڵەتی تایبەت دەکات، بۆ نموونە هەژاران، بەڵام پرسیاری زەق لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڕایەڵەی هاوڵاتیبوون بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و یەکڕیزییەکەی بەسە؟ ناکرێت سوودبینینی هاوبەش و هەستکردن بە یەکسانی تێیدا، بە تاکە وێستگەی شووناس سەیر بکرێت. بەڵێ، سوودبینین ڕایەڵەگەلێك لەنێوان خەڵکیدا دروست دەکات و وایان لێ دەکات کە هەست بەوە بکەن کە ژیانی هەریەکێکیان وابەستەی ئەوی ترە، ئەمەش پاڵ بە پێکهاتەکانی خەڵکەوە دەنێت بۆ یەکتر قبوڵکردن. ئەمەش لە وڵاتانی خۆماندا شتێکی ستایشکراو و بەرچاوە، نموونەی ستەمگەریی سیاسییش لێڵیان نەکردووە، ئەو ستەمگەرییە سیاسییەی کە بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ ڕەهەندە تایەفەگەری، یان نەتەوەیی، یان ئایینزاییەکەی، تەواو زیادی کرد، **بەڵام ڕایەڵەکانی سوودبینینی هاوبەش نەبووە بەو پایە بەهێزەی وا لە خەڵکی بکات واز لە ئینتیما بۆ شتێك بهێنن، کە لە سوودبینین گەورەترە.**

گرێبەستی سوودوەرگرتنی هاوبەش بۆ ژیانی مرۆیی بەس نییە، چونکە لە دەرووندا قووڵاییگەلێك هەن، کە بە سوودوەرگرتن تێر نابن. لە خەیاڵ و ئەندێشەی نەتەوەکانیشدا، ئینتیماگەلێکی مەزنی ئایینی، یان مێژوویی، یان هیی تر هەیە، کە پێکهاتەی هەستییان لێوانلێو دەکات و کەسێتیی ژیارییان پێك دەهێنێت.

# پوختە

گرێبەستی هاوڵایبوون بەپێی دەستوور و یاساکان، کە تێیدا هەرکەسێك کە بە (هاوڵاتی) هەژمار بکرێت، یەکسان بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی نوێ گونجاوە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستە بەتەنها بەس نییە کە ببێتە ئیلهامبەخشی ئوممەتێك و بونیاتنەری ژیارێك، بەڵکوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەیاڵ و ویژدان و بیرەوەری و مێژوو، پێویستە کەناڵگەلێکی تر هەبن.

هاوڵاتیبوون بۆ داڕشتنی بنچینەی یاسایی ژیانی هاوبەش پێویستە، بەڵام ئەوە پاڵنەر نییە بەرەو ئارامی و دڵنیایی تەواو و هەموو بوارە فراوانەکانی ژیانی پەیوەست بە قووڵایی پێکهاتەی مرۆیی پڕ ناکاتەوە، بۆیە هاوڵاتیبوون تەنها نزمترین ئاستی پێویستی خوازراوە. ئەو کەمینانەش کە پێیان وایە کە ڕایەڵەی هاوڵاتیبوون بەسە بۆ پاراستنیان، بەهەڵەدا چوون، چونکە ئەوەی دەیانپارێزێت، بریتییە لە ڕایەڵەی ئاکاریی ڕۆحیی ڕەگەزی مرۆیی، بەڵام تەنها گرێبەستی یاسایی، زۆربەی کات، لە کاتی زاڵبوونی تەماعدا، پێشێل و زایە دەکرێت.

هاوڵاتیبوون لە وڵاتە ئەورووپییەکان زادەی نەتەوەخوازییە، ئێستاشی پێوە بێت، هەر نەتەوەخوازی سەرچاوە و چاوگە، هەروەك چۆن نەژاد و کولتووری نەژادپەرستی لە وڵاتانی ئەورووپیدا بۆ کۆچبەران گرەنتین (هەردووکیشیان لایەنداری و دەمارگیرییان تێدایە). هەرچی سەبارەت بە گەلانی خۆیشمانە، هەر کورتهەڵێنانێکی شووناس لە مێژوو و ژیاری ئیسلامیمان داماندەبڕێت، ئەمەش لە مەرج و پێویستەییەکانی پێکەوەژیان و کورتهەڵێن هاونیشتمانیبوون کەم دەکاتەوە و هیوای ئارامی و جێگیری دوور دەخاتەوە.

# بەشی سێیەم: چەمکی دەوڵەتی فرەیی

ئەگـــەر چـــەمکی دەوڵـــەتی مـــەدەنی، زادەی مشـــتومڕێکی نێوخـــۆیی نێـــوان ئایـدۆلۆجیا سیاسـییەکان بێـت، ئـەوا چـەمکی دەوڵـەتی فرەیـی لـە دەرئـەنجامی فشـــــارگەلێکی دەرەکـــــی دەرکـــــەوت، کـــــە دەســـــتەبژێرە سیاســـــییەکان و دامەزراوەکانیشیانی لـەوە ئاگـادار کـردەوە کـە هاوسـۆزیی نێودەوڵـەتی، مەرجـدار کراوە بە ڕەچاوکردنی فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لە وڵاتەکانماندا.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕەچاوکردنی هەمەجۆری خوازراوە و کارێکی باشە، بەڵام زاراوەکە لە ڕووی داڕشتن و میانەکەی و جێبەجێکردنیشیەوە گرفتئامێزە، بۆیە گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەین بە لەبەرچاوگرتنی مەترسیی بەشبەشبوون و پرسی تایەفەگەری و بە جەختکردنەوە لەسەر چەمکی میللەت (الملة)، وەك ئامرازێکی ڕێکخستنکاری.

### ١. گرفتی زاراوەکە

گوزارشتی دەوڵەتی فرەیی کە بەم دواییانە دەرکەوت، نموونەیەکە بۆ بەکارهێنانێکی سەرسامانە بۆ ئەو زاراوانەی کە لەم ڕۆژانەدا و لە ماوەی قۆناغێکی ڕاگوزەری سیاسیدا دەیانبیستین، کە تایبەتمەندییەکانیان ڕوون نین. لە ڕاستیدا دەوڵەتی فرەیی نییە، بەڵکوو (مەکینە)یەکی بەهێزە کە هەوڵی لەقاڵبدان دەدات و ئامانجی بەدیهێنانی یەکڕەنگی و یەکدەنگییە لە هەموو شتەکاندا. دەوڵەتی نوێ لە بنچینەی بیرۆکەکەیدا، گریمانەی بوونی دەستوورێك دەکات کە ڕێکخەری یەك گەل

و یەك یاسا بێت لە چوارچێوەی سنوورێکی جوگرافیی جێگیردا. دەکرێت فرەیی سیفەتی کۆمەڵگە بێت، نەك دەوڵەت.

لێرەدا بەخێرایی ئاماژەیەك بەو سێ قوتابخانەیە دەدەین، کە لە زانستی ڕامیاری و کۆمەڵناسیدا باس لە سروشتی دەوڵەتی نوێ دەکەن: تیۆری فرەیی دەوڵەت (Pruralist/Corporatist) و تیۆری دەستەبژێر (Power-Elite) و تیۆری دەوڵەتی بەدامەزراوەییکراو (Institutionalism).

**یەکەم:** تیۆری فرەیی جەخت لە بوونی گرووپگەلێکی خاوەن بەرژەوەندی لە جەستەی کۆمەڵگەدا دەکاتەوە، ئەو بەرژەوەندییانەش لە گۆڕەپانی سیاسیدا یەکتر دەبڕن و بە شێوازێکی ئەوتۆش پێکەوە هەڵدەکەن و دەگونجێن.

**دووەم:** تیۆری دەستەبژێر جەخت لەوە دەکاتەوە کە سێ گرووپی دەستەبژێر هەن، کە بەکردەیی دەوڵەتی نوێ بەڕێوە دەبەن، کە بریتین لە دەستەبژێری سیاسی و دەستەبژێری دارایی و دەستەبژێری سەربازی.

**سێیەم:** تیۆری بەدامەزراوەییکراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە دامەزراوەکانی دەوڵەتی نوێ، سەربەخۆییەکی خودی لە پێکهاتەیاندا هەیە، کە وایان لێ دەکات بتوانن نزیك لەوەی دەیانەوێت و دوور لەوەی خواستی ئەو گەلەی هەڵبژاردوون، کار بکەن، چونکە پەرە بە بەژەوەندیگەلێکی تایبەت بە خۆیان دەدەن.

مەبەست لەم کورتە خستنەڕووە، ئاگاییدان بوو لەوەی کە زۆربەی کات تیۆرە سیاسییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی نوێ ئەوەیە، کە دەسەڵات تێیدا لە دەستی چەند گرووپێکی کەمدا چڕ بووەتەوە. تەنانەت ئەو تیۆرەی کە ناوی فرەیی لێ نراوە، قسە لەسەر فرەیی ئەو گرووپانەی بەرژەوەندی دەکات، کە لەسەر دەسەڵات کێبڕکی دەکەن، نەك لەسەر ئەو فرەییە کۆمەڵگەییەی کە وێنەکەی لە دەسەڵاتدا ڕەنگ بداتەوە.

هەموو ئەو فرەیییەی لەم تیۆرەدا باس کراوە، بریتییە لە گریمانەی ئەوەی کە بە هۆی سیستمی دیموکراسییەوە هیچ یەکێك لە گرووپەکانی بەرژەوەندی ناتوانێت بەتەنها خۆی لە دەسەلات بێت. ئەم تیۆری فرەیییەش، نکوولی لە کۆبوونەوەی هێز و دەسەلات ناکات لە دەستی گرووپگەلێکی خاوەن بەرژەوەندی (سیاسی، پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکالی، کرێکاری، کۆمەلایەتی...)، بەلکوو دەلێت فرەیی ئەو دەستەبژێرانە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم قۆرخکردنی دەسەلات لەلایەن یەکێکیانەوە و سەنگی هێز بەپێی سەنگی ئەو گرووپانە دەبێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم تیۆرە باس لە فرەیی ئیتنی ناکات.

پوختەکە ئەوەیە کە **گفتوگۆی باو سەبارەت بە "دەولەتی فرەیی" لەدوای بەهاری عەرەبی، لە تیۆرە سیاسییەکاندا پالشت (سند)ی نییە.** ئایا لە واقیعی دەولەتە دیموکراسییەکاندا پالپشتی هەیە؟

لە باسکردنی واقیعی دەولەتە زلهێزە دیموکراسییەکاندا، ڕێگە بە خۆمان دەدەین کە دوو شت تێبپەڕێنین: باسی ڕابردووە داگیرکارییەکەی نەکەین، ئەویش لەپێناو دووبارەنەکردنەوەی ئەو شتانەی کە زانراون، هەروەها بۆ ئەوەی کە نەوترێت ئەمانە هەر بەهانە دەهێننەوە و باسی ڕابردوو دەکەن، هەروەها ئەوەش تێبپەڕێنین کە هێز و دەسەلات لای دەستەبژێرێکی سیاسی و ئابووری کۆ بووەتەوە. واتە جەخت لە فرەیی کۆمەلگەیی دەکەینەوە لەوەی کە ئایا لەسەر دەستپێشتوویی لە دەسەلاتدا ڕەنگ دەداتەوە، بە شێوەیەك کە بتوانین قسە لەسەر دەولەتێکی فرەیی بکەین.

**چاوخشانێکی ورد بە واقیعی دەولەتە دیموکراسییەکاندا، بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە تا ئێستاش پەیوەندییە ڕەگەزی و نەژادییەکان نائارامن و جێگیر نین، تا ئەمڕۆش ئەو پێکهاتانەی کە پێشتر چەوسێنراونەتەوە، هەر پەراوێزخراو و بەئامانجکراون و تووڕەیی و بێزاریی چینێکی فراوانی ئەو کۆمەلگانە، تا ئێستا**

**نەپەویونەتەوە. ئایا خەیاڵی ئەو فرەییە ئادیاڵییەی کە شەیدایانی ئەزموونی ڕۆژئاوایی باسی دەکەن، لەکوێوە دێت؟** بۆ شیکردنەوەی ئەو شەیدابوونە (و لێڵکردنیشی)، گفتوگۆی سێ تەوەر دەکەین: بیرۆکەی مافە گشتییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی شێوازی ژیان، میانەی فرەیی ڕۆژئاوایی و ئەو بارودۆخەی تێیدا دروست بووە.

**٢. یەکسانیی تاکەکەسی لەبەرانبەر یەکسانیی گشتی**

جێگیریی یاسایی لە سیستمە دیموکراسییەکاندا و قەدەغەبوونی جیاکاریی ڕاستەوخۆ لە ڕووی یاساوە و ئاستەنگی ڕاکردن لە لێکەوتەکانی سەرپێچیی ڕاستەوخۆی یاسا و بوونی ڕێکاریگەلێکی یاسایی، کە زۆرێك لە ڕوونی و لۆجیکیبوونیان تێدایە... هەموو ئەمانە سەر دەکێشن بۆ دەرئەنجامێکی لۆجیکی، کە لای کەسێکی سەرسام پێیان، پوختەکەی ئەوەیە کە دۆخەکە لەو سیستمانەدا لە ئایدیاڵییەوە نزیکە. با وای دابنێین کە ئەم هەڵێنجانە ڕاستە، بەڵام دۆخی گرووپە ئیتنییە نائەورووپییەکان، واقیعێکی پەراوێزخراوە و ستەم و نایەکسانییەکی زۆری تێدایە. بۆ چارەسەری ئەو دژیەکییە، پێویستە جیاکاری لەنێوان مافە تاکی و مافە گشتییەکاندا بکەین.

وەك دەروازەیەك بۆ گفتوگۆکە، بۆ خستنەڕووی ئەو وێنە ڕووکەشەی کە بۆ یەکسانیی تەواو وێنا دەکرێت، لە کاتێکدا کە دۆخەکە قووڵ و ئاڵۆزترە، بە نموونەیەك دەست پێ دەکەم. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەو مووچە مانگانەیەی بۆ ئەندازیارێکی سپیپێست دادەنرێت کە لە شوێنێکدا کار دەکات، هەمان بڕە کە دەدرێت بە ڕەشپێستێکی هاوشێوەی، بەڵام ئەگەر وەکوو گرووپ تێکڕای داهاتی ئەندازیاران وەربگرین، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان گرووپە ئیتنییەکاندا دەبینین. ئەگەر وایە، ئەو جیاوازییە لەکوێوە هاتووە؟ ئەو جیاوازییە لە پرۆسەگەلێکی کۆمەڵایەتیی سادەوە دێت، کە ناتوانرێت لە ڕێگەی یاساوە ڕێی

لێ بگیرێت. بۆ نموونە: هەر لە بنەڕەتدا هەلی پێشکەشکردن بۆ کار یەکسان نییە، هەروەها هەلی پلە بەرزکردنەوە یەکسان نییە، چونکە بۆ ئەو مەبەستە پشت بە پێوەرێکی دووانەیی خودی و بابەتی دەبەسترێت. جگە لەمانە، ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ دۆزینەوەی پیشە و وەزیفە یارمەتیدەرە، ئەمە وێڕای ئەو دەنگۆ و وێناکردنەی کە لەسەر هەر گرووپێك هەیە، کە دەبێتە هەوێنی پێشبینی و لێکدانەوەی پێشوەختەی ڕەفتاریان. بە گوزارشتێکی دی: یەکسانیی تاکەکەسی، واتای ئەوە نییە کە دۆخەکە لە کۆمەڵگەدا دادگەرانەیە.

مۆدێلی باو لەمڕۆدا، بریتییە لە مۆدێلی دیموکراسیی لیبراڵیی تاکەکەسی، کە جەخت لە پاراستنی مافە تاکەکەسییەکان نەك گشتییەکان، دەکاتەوە. لەسەر ئاستی تاکەکەسییش، بەردەوام کێشمەکێش هەیە، چونکە چیرۆکی داواکردنی مافەکان کۆتایی نایەت و خودپەسەندی و خۆپەرستییشی تێکەڵ دەبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی ستەم ڕەهەندێکی بابەتییە و ڕەهەندەکەی تریشی خودییە، ئەمە وێڕای ئەوەی بیرکردنەوەکە بە ئاڕاستەیەکدایە، کە خواستی یەکسانیی هاوشێوەیی کوتومت لەنێوان تاکەکاندا هەیە، وەك ئەوەی بڵێی فۆتۆکۆپی بن. ئا ئەمەیە گرفتی یەکسانیی لیبراڵیی لە ڕێگەی یاساوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زۆربەی بەشبەشکردنەکە لە پرسی یەکسانیی یاساییدا، لە بابەتگەلێکدان کە جێبایەخ و گرنگیی چینە خواپێداوەکانن، لەپاڵ کەمینەیەك لە پەراوێزخراوەکان کە تایبەتمەندییان دراوەتێ، هەرچی کۆمەڵە ستەملێکراو و پەراوێزخراوەکانیشە، خەمیان تەنها پرسە گەورەکانی وەك فێرکردن و تەندروستی و تاوانە.

مافە گشتییەکانیش چیرۆکێکی ترە و مشتومڕ و ناکۆکییەکی زۆریان لەسەرە، کە ئەوانیش تەنها لە هەندێك لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا و بەنیوەناچڵی ڕەچاو کراون. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە ئەو ڕەچاوکردنە ئاسایی نەبووەتەوە، واتە

لەلایەن کۆمەڵگەوە بەتەواوی قبوڵ نەکراوە و نیمچەقبوڵکردنێکش کە هەیە بەنابەدڵییە، مەگەر لەلایەن چەند تاقمێکی ئایدیاڵییەوە بێت.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافە گشتییەکانیشدا، دوو مۆدێل هەیە: مۆدێلی یەکەم (ئەمەریکی)یە، کە لێی دەگەڕێت بۆ بنەمای بازاڕ. مۆدێلی دووەمیش، بریتییە لە پاڵپشتیکردنی دەوڵەت بۆ ئەو دەستە و کۆمەڵانە. جیاوازییەکەش ئەوەیە، کە مۆدێلی یەکەم ئازادییەکی فراوان لە مامەڵەکردن دەدات، بەڵام کاریگەرییەکەی هەر بەسنووورداری دەمێنێتەوە، چونکە پێداویستیی گرووپە پەراوێزخراوەکان لە داهاتەکانیان زیاترە، بەڵام مۆدێلی دووەم کە ئەورووپییە، وەکوو پێویستی دەست لە بژاردەکانی گرووپەکان وەردەدات، کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی زایەبوونی ئەو ئامانجە بنەڕەتییەی کە ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی بۆ دامەزراوە.

**لە ڕاستیدا دەستکەوتی مافە تاکەکەسییەکان لە وڵاتانی دیموکراسیی پیشەسازیدا، تەنها دیوێکی لاوەکیی چیرۆکی جیاکارییە** و ناشکەوێتە ناوەندە کاریگەرەکەیەوە، ئەویش لانی کەم لەبەر سێ هۆکار:

(١) ئەو مافانە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە نوێنەرایەتیی بەشێکی کەم لە گرووپە پەراوێزخراوەکان دەکەن.

(٢) لە ڕووی یاساییەوە، بەدەستهێنانی ماف، پێویستی بەوە هەیە ستەمێکی دیار هەبێت کە قابیلی تەئویلکردن نەبێت و بەڵگەهێنانەوە بۆی ئاسان بێت.

(٣) هەروەها ڕێگەی بەدەستهێنانی مافەکان، پڕ لە ئاستەنگە و تێچووشی زۆرە.

ڕەنگە گرنگترین شتێك کە لەم بوارەدا یادی بخەینەوە، ئەوەیە کە بەدیهێنانی یەکسانی لەبەردەم یاسا و مافە تاکەکەسییەکان (بۆ نموونە: بزاڤی مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان)، یاخود پاراستنی مافە گشتییەکان لە هەندێك لە وڵاتە دیموکراسییەکان بە خۆویستی لەلایەن سیستمە دیموکراسییەکانەوە نەهاتوون،

بەڵکوو بەزۆر سەندراون و ئەو سیستمانەش بەرهەڵستییەکی توند و تاڵیان لە بەرانبەریاندا کردووە.

وێنەی سەگە پۆلیسییەکان و ئەو لێدانە بەهێزانەی کە لە خۆپێشاندانە ئاشتییانەکاندا دەیبینین، کە جگە لە داوای یەکسانی لەبەردەم یاسا، داوای شتێکی دی ناکەن، وێنەگەلێکن تووشی شۆکمان دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستیی ئەو واقیعەیە کە لەبەرانبەر بزاڤی مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەککگرتووەکان، پێش نزیکەی پەنجا ساڵ گوزەراوە. لە ئەورووپاش، ڕەتکردنەوەی کولتووری کۆچکردووەکان، شتێکی بەرچاو و ڕوونە.

بە شێوەیەکی گشتی، لە سیستمە دیموکراسییە جیاوازەکاندا، ئەو گرووپانەی کە لە ڕابردوودا ستەملێکراو بوون و تا ئێستاش هەژارترین و لاوازترینن و نزمترین ئاستی پێوەرەکانی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی تۆمار دەکەن، لە ڕووی کولتوورەوە گرووپگەلێکی (سپیپێست) نین. لێرەدا جەخت لەوە دەکەینەوە کە ئەو حاڵەتە، هاوشان لەگەڵ بوونی یەکسانیی تاکەکەسی لەبەردەم یاسادا دەگوزەرێت.

بە گەڕانەوە بۆ ئەو بابەتەی کە ئەم برگەیەمان پێ کردەوە، دەڵێین: ئەو یەکسانییە یاساییەی کە دڵخواز و شەیدایانی مۆدێلی ڕۆژئاوایی دەیکەن بە بەڵگە بۆ باشیی ئەو مۆدێلە، بەڵگەیەکی وێناکراوی وەرگێراوە و تەنها ڕووکەش دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر ورد بینەوە، دەبینین زۆربەی ئەو وێناکردنە باشە بۆ ئەو مۆدێلە، دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی پارە و دارایی لای کۆمەڵگە بەگشتی، بە شێوەیەك کە ڕووکەشەکە دادەپۆشێت و پەردەیەك لە بەرچاودا دروست دەکات کە ناهێڵێت واقیعەکە وەکوو خۆی ببینین، هەر ئەو زۆریی داراییەشە کە لەو دەوڵەتانەدا یارمەتیی حکومەت دەدات بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵە خزمەتگوزارییەك، تا ئازاری پەراوێزخراوەکان بشکێنێت.

### ٣. جیاکاری و شێوازی ژیان

یەکێك لە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم سەردەمەمان ئەوەیە، کە جیاکاری لکاوە بە جۆر و شێوازی ژیانەوە. ئەوەتا دەکرێت جیاکاری لەسەر بنەمای جیاوازی لە بەهاکان، یان تەنانەت جیاوازی لەو نەریتانەی کە بەهاکان دیاری دەکەن و ڕێکی دەخەن و بە ناویشیانەوە قسە دەکەن، بەوە تێبگەین کە جیاکارییەکی دەماگیرییانە نییە، بەڵکوو پشت بە چەند پرنسیپێك دەبەستێت، بەڵام جیاکاری لەسەر بنەمای جیاوازیی خووەکان (العادات)، پەیوەستە بە شتێکی لاوەکیی ژیانەوە، زۆربەی کاتیش لێکەوتە و بارێکی ئاکاریی تێدا نییە، ئەمەش وا دەکات جیاکاریکردن لەسەر ئەو بنەمایە، شتێکی ناپەسەند بێت.

ئەوەی لێرەدا شتێکی سەرسوڕهێنە، ئەوەیە کە ئەو حاڵەتە هاوکاتە لەگەڵ بەجیهانیبوون و گریمانەی ئەوەی کە خەڵکی بەگشتی ئاگای لە هەمەچەشنیی خووە مرۆییەکان هەیە. لە سەردەمێکدا کە خەڵکی لەناو هۆز و ناوچەکانی خۆیاندا دوور لە یەکتری دەژیان، لە کاتی بینینی کەسی ڕێبواردا قسەکردن بە زمان و شێوەزاری لۆکاڵی، ئاسایی بوو، بەڵام دوای هاتنی تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت، شتێکی سەرسوڕهێنە. یان ڕەنگە بڵێین بە هۆی بەجیهانیبوونەوە هەستکردن بە جیاکاری تۆخ بووەتەوە، ئەویش بە هۆی سێ هۆکارەوە:

(١) لەبەر ئەوەی ئاشنابوون بەوی دی لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانەوە، ئاشنابوونێکی خێرایە و تەنها ڕووکەش دەگرێتەوە.

(٢) لەبەر ئەوەی زۆربەی کات لە وێناکردنی وێنەی ئەوی دیدا، جەخت لە پرسگەلێکی لاوەکی دەکرێتەوە، کە ئەمەش دیدە باوەکە قووڵتر دەکاتەوە.

(٣) هەروەها لەبەر ئەوەی جیاکاری وا لە مرۆڤ دەکات متمانەی بە خووە لۆکاڵییەکانی خۆی هەبێت، لە سەردەمێکدا کە بژاردە و جۆر و شێوازەکان تا ئاستی سەرلێشێواندن زۆر بوون. حوکمدان بە پشتبەستن بە خوو و خراپ

تێگەیشتنی، تا سەردەمی میدیایی نوێ پەرەی نەسەند، چونکە میدیا تیشك دەخاتە سەر شتە شاز و نامۆکان کە حەزی بەدواداچوون دەوروژێنن، ئەمەش ڕێژەی بینەرانی زیاد دەکات، هەروەها لەبەر ئەوەی کە خواستی میدیا قازانج و سەرگەرمییە، ناتوانێت بەها کولتوورییەکانی پشت خووەکان ڕوون بکاتەوە.

**لەو جیهانی دژایەتیی ژیارییەی کە تێیدا دەژین، پشتبەستن بە خوو، شتێکی حازربەدەستە بۆ کەسێك کە هەوڵی تێگەیشتنی ئەوی تر نادات و هەموو خەمێکی شێواندنی وێنە و چاندنی ڕقوکینەیە لە هەستدا.** شاراوەش نییە کە دیارترین نموونە لەسەر ئەو حاڵەتە، بریتییە لە هەڵوێست لەبارەی باڵاپۆشی لە پۆشاکی ئافرەتدا. بۆچی ئافرەتێکی موسڵمان کە باڵاپۆشیی هەڵبژاردووە، ستەملێکراوە لە کاتێکدا کە ئافرەتێکی قەشە ئەو کارە دەکات، جێی ڕێزە، لەگەڵ ئەوەی کە دووەمیان لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرکوتکەردا مامەڵە دەکات، کە تێیدا ناچار کراوە بە وازهێنان لەو شتانەی کە لە ناخی مرۆڤدا چەسپاو و جێگیرن، هەروەها بە وازهێنان لە سروشتی وەچەخستنەوە. هەروەها بۆچی جەخت بخرێتە سەر ئەو شێوازانەی باڵاپۆشی و خۆداپۆشین، کە زۆر لۆکاڵین و بابەتەکە زۆر بەرتەسك و سنووردار دەکەن؟

هۆکاری ئەوەی کە ئێمە لە تاووتوێکردنی بابەتی دەوڵەت و فرەییدا باسی ئەم بابەتە لاوەکییە دەکەین، ئەوەیە کە بابەتەکە سنووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باسی ڕاکردن لێیان، یان وەرگرتن و قبوڵکردنی تێپەڕاندووە و بووە بە پێوەرێکی سەپێنراو بەسەر جیهانی هەژار و جیهانی موسڵمانەوە و بۆ وەسفکردن بە دواکەوتوویی، پێوەرێکی سیانەیی دانراوە:

(١) جۆری ژیانێکی بێباك و سەرگەردانانە، کە بەهاکان تێیدا لە بەرژەوەندیی بێئامانجی و هەڵاوێرکاری و بژاردەکاری (الانتقائية)دا ون دەبن.

(٢) جۆری ژیانی بەرخۆریی.

(٣) جۆری ژیانی ڕۆچوو له چێژی سێکسیدا.

ڕەنگە ئەم ماددیگەرییە پەتییە لە حوکمدان بە پشتبەستن بە جۆری ژیان، چەندین لێکەوتەی گەورەی هەبێت، وەك بڕیاردان لەوەی کە کۆمەکی نێودەوڵەتییان پێ دەشێت، یان بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوەی کە گوایا پێویستیان نییە، یان پاساوهێنانەوەی دەروونی لەسەر ئاستی نەست بۆ ئەوەی هیچ جۆرە هاوسۆزییەك لەگەڵ ئەو گەلانەدا نەبێت کە لە سەردەستی سیستمێکی دکتاتۆری، دوچاری سزا و داپڵۆسین دەبنەوە، یان تەنانەت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ جەنگ و دەستدرێژیکردنیش.

لێرەدا ئەو وتە بەناوبانگەی (ئیبن خەلدوون) بیر دەهێنینەوە، کە دەڵێت: هەمیشە دۆڕاو و دواکەوتوو، شەیدای لاساییکردنەوەی سەرکەوتووە. ئەوە شکستێکە لەسەر ئاستی دەروون، کەواتە مەرجی قوتاربوون، بریتییە لە ڕزگاربوون لە حەزی لاساییکردنەوەی ئەوی تر، تەنها لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند یان خۆبەزلزان کردوویەتی، بەتایبەت کاتێك کارەکە لەگەڵ کولتووری ئەو کەسەدا نەگونجێت، چونکە لەو حاڵەتەدا دەبێتە دەروازەیەك بۆ سووکایەتیکردن بە کولتووری خۆی. شاراوەش نییە کە دڵەڕاوکێیەك لەنێوان دوو خواستدا هەیە: **یەکەم،** بریتییە لە پێویستیی دەرچوون لە قاوغی خووە لۆکاڵییە تەسکە وشکەکان، ئەوەشی لە واقیعی ئێمە ڕابمێنێت، پاشماوەی دوو شت دەبینێت:

(١) دەستگرتن و پابەندبوون بە خوویەك، کە مەبەستەکەی کۆتایی هاتووە و ئیدی ئەو ئامانجە ناهێنێتە دی کە لەپێناویدا دروست بووە.

(٢) بەرزکردنەوە و گەورەکردنی هەندێك خوو، زیاتر لەوەی کە شایستەیەتی و تەنانەت بەرزکردنەوەی بەسەر خودی شەریعەتیشدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە خووەکان پێویستە لۆکاڵی بن و شەریعەتیش جیهانی بێت.

خواستی **دووەم**، بریتییە لەوەی کە ڕەنگە گۆڕینی خوو بەکردەیی بریتی بێت لە هەنگاونانێك لەسەر ئاستی هەست بەرەو چوونە نێو کولتووری ئەوی تر، هەر ئەوەش بوو کە (ئیبن خەلدوون) لەبارەیەوە ئاگایی دا. لەپێناو بەستنەوەی ئەوەی کە باسی دەکەین بە واقیعی کرداری، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ڕەنگە هەندێك لە خولەکانی پەرەدان بە لێهاتوویی و تواناکان، بەرەو جۆرێك لە بەمۆدەبوونی کولتوور هەڵخلیسکێن.

**٤. میانەی فرەیی لە دیموکراسییە پیشەسازییەکاندا**

بوونی کەمینەی نائەورووپی لە وڵاتە دیوکراسییە پیشەسازییەکاندا، چەند هۆکارێکی جیاوازی هەیە، چونکە دەتوانین جیاکاری لەنێوان سێ جۆر کۆچدا بکەین: خۆویستیی دەرفەتئامێز، سیاسی، زۆرەملێ. جیاکارییەکەش لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، پەیوەستە بە سەرهەڵدانی فرەییەوە، واتە پەیوەستە بەو میانەیەی کە ئەو کۆچکردنانەی تێدا کراوە، بەڵام لە وڵاتانی خۆماندا، فرەییەك هەیە کە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە.

**جۆری یەکەم:** بریتییە لە کۆچی خۆویستی لە ڕووی بڕیارەوە، وێڕای ئەوەی کە کۆچەکە لە ڕووی کردارییەوە ناچارییە. سیستمی سەرمایەداری، چەند وڵاتێکی لەسەر حسابی چەند وڵاتێکی تر هەژار کردووە، ئەمەش پاڵی ناوە بە هەندێك خەڵکەوە بۆ کۆچکردن. ئەو کار و کاردانەوەیەش، بە وەدەرنان و کەمەندکێشکردن وەسف دەکرێت. وەدەرنان بریتییە لە هەژارکردن و کەمەندکێشکردنیش بریتییە لە پێویستیی ئەو وڵاتانە بۆ دەستی کار، سەرباری ڕاکێشان و کۆکردنەوەی سامان و سوودوەرگرتن لە داهێنانەکان و وەبەرهێنانیان.

**جۆری دووەم:** بریتییە لە کۆچی سیاسی، وەك ڕاکردن لە ستەم و زۆرلێکردن، سەرچاوەکەشی دووانەییە، ناوخۆیی و دەرەکی. لە ڕاستیدا سیستمە دکتاتۆرییەکان، لەو وڵاتانەی کە بە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناو دەبران، بە

شێوازگەلێکی تر درێژەپێدەری داگیرکاری بوون، پاش ئەوەی تێچووی داگیرکاریی ڕاستەوخۆ زیادی کرد.

کۆکبوونی دەوڵەتە هەژموونکارەکان لەمڕۆدا لە دژی بەهاری عەرەبی –لەگەڵ دژیەکیی بەرژەوەندییەکانیان– و پشتیوانیکردنیان بۆ دژەشۆڕشەکان، دیارترین نموونەی پەیوەندیی پشتبەیەکتربەستنی نێوان دیکتاتۆریەتە ناوخۆییەکان و سیستمی جیهانییە. شەپۆلەکانی کۆچکردن و پەناهەندەیی دوای شۆڕشە عەرەبییەکان، نموونەیەکی هاوچەرخە لەسەر کۆچکردنی سیاسی.

**جۆری سێیەم:** بریتییە لە کۆچی زۆرەملێیی یان نیمچەزۆرەملێیی، وەك هەڵمەتەکانی بەکۆیلەکردن لە کیشوەری ئەمەریکا، یان وەك ڕۆڵی بەریتانیا و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە گواستنەوەی کرێکاران بۆ ئەمەریکای ناوەڕاست، یان بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

بە شێوەیەکی گشتی، داگیرکردنی وڵاتێك یان دەستێوەردان و دەسەڵاتی دەرەکی تێیدا، شەپۆلی کۆچکردن لەو وڵاتەوە بە ئاڕاستەی پێچەوانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، جا ئەو کۆچکردنە لەوانەوە بووبێت کە هاریکار بوون لەگەڵ هێزە داگیرکارەکان (بۆ نموونە: فلیپین و ڤێتنامی باشوور و عێراق)، یاخود کۆچکردنەکان دەرئەنجامی ئەو پەیوەندیی بازرگانی و نابازرگانییانە بووبێت، کە بە هۆی چوونە ناو دەوڵەتێکەوە یان دروستکردنی هێز و کاریگەری تێیدا دروست دەبن (بۆ نموونە: بەریتانیا و شەپۆلەکانی کۆچکردن لە هیندستانەوە، ئەڵمانیا و شەپۆلەکانی کۆچکردن لە تورکیاوە).

هێنانەوەیادی سروشتی فرەیی لە وڵاتانی دیموکراسیی پیشەسازیدا، کارێکی زۆر گرنگە، چونکە جیاوازە لە سروشتی فرەیی لەم وڵاتانەی خۆماندا. ئەوەتا پێکهاتە جیاوازەکان لە وڵاتانی خۆماندا پێکهاتەی ڕەسەنن، بەکۆیلەکراو و ژێردەستە و چەوساوەش نەبوون و هەوڵی بنەبڕکردنیشیان نەدراوە.

کەواتە چۆن بانگەشەی وەرگرتن و شوێنکەوتنی مۆدێلی لیبراڵی ڕۆژئاوایی بۆ فرەیی دەکرێت، لە کاتێکدا کە سروشتی واقیعی فرەییمان جیاوازە؟ **ئەوەشی زیاتر جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە مۆدێلی لیبراڵیزمی تاکەکەسی، لەگەڵ پەراوێزخراوەکانی وڵاتەکانیشیدا دادپەروەر نەبووە، بەڵکوو بینیومانە دوای تێپەڕبوونی کات، ئەو مۆدێلە بەتەواوی بووەتە ئامرازێکی کرداری بۆ قووتدانی ئەو مرۆڤە و بەکارهێنانی وەکوو پارچەیەکی (جوان) لەنێو ئامێرێکی بەرهەمهێناندا.**

بە بەراوردکردن، دەردەکەوێت کە فرەیی لە وڵاتانی خۆماندا قووڵە و چەندین ڕایەڵەی فراوانی بەهێز لەنێوان ڕەگەز و پێکهاتەکانیدا دەبینین، ئەمە وێڕای بوونی هەندێك خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا لە ئایین، یان زمان.

لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتییش، گرووپە کولتوورییە جیاوازەکان پارێزگارییان لە خوو و شێوازی ژیانی خۆیان کردووە، سەرباری دامەزراوە ئایینییەکانیان، لە بارێکدا کە ئایینیان جیاواز بووبێت، بەڵام ئەو سیستمە دکتاتۆرییانەی کە ڕەوایەتییشیان نەماوە، بەو ڕەفتارانەی کە پێی هەستاون، پەیوەندیی نێوان ڕۆڵەکانی نیشتمانیان قەیراناوی کردووە.

لە لایەکی ترەوە، هێزە دەرەکییەکان پاڵیان بەو کەمینە پاوانخوازەی دەسەڵاتەوە ناوە، کە بە ئاڕاستەیەك کار بکەن زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێت. هەندێك لەو گرووپانەش بەهەڵەداوان بەرەو ئەو دەستپێشخەرییانە چوون و خۆیان بەپێی ئەوە ڕێك خستەوە و پێگەی مێژوویی خۆیان جێ هێشت وەك ڕەگەزێکی دیار، کە ناتوانرێت نکوولیی بانگەشەی ئینتمایان بکرێت، هەروەها لە کۆمەڵگە دوور کەوتنەوە و وا دەرکەوتن کە ڕیزبەندێکی جیاوازیان بۆ کارەکان هەیە، بۆیە لە لایەکەوە خراپ بەکارهێنانی دەرەکی و لە لایەکی تریشەوە تووڕەیی و تەنگژەی پەنگخواردووی ناوخۆیی زیادی کرد.

**هێڵکاری: ڕێگره پەیکەرییەکانی فرەیی لە ئەزموونی دیموکراسیدا**




## پوختە

بەکارهێنانی گوزارشتی "دەوڵەتی فرەیی" بە شێوەیەکی نازانستی بڵاو بووەوە، کاتێك وشەی فرەیی لە زانستی سیاسەتدا باس دەکرێت، مەبەست لێی فرەیی ئەو دەستەبژێرانەیە کە پێگە و دەسەڵاتیان هەیە. گفتوگۆی ئەوەمان کرد کە مۆدێلی هاوچەرخی یەکسانی، جەخت لە مافە تاکەکەسییەکان دەکاتەوە و مافە

گشتی و کۆمەڵییەکان پەراوێز دەخات، ئەمەش وای لێ دەکات کە مۆدێلێکی ناتەواو بێت و نەتوانێت گرووپە ستەملێکراوەکان لەو تەنگژەیە دەربێنێت کە تێیدان.

دواتر لەوە ئاگاییمان دا کە فرەیی لە کۆمەڵگە ئەورووپییەکاندا حاڵەتێکی ڕەسەن نییە، ئەمە کاتێك کە مەبەستمان بوونی ڕێژەیەکی زۆر بێت لە پێگەیەکی ژیاریی جیاوازەوە. هەموو ئەمانەش وا دەکەن، کە مۆدێلی فرەیی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە دوو ڕووەوە تایبەتمەندیی هەبێت: تایبەتمەندییەکی مێژوویی پەیوەست بەو پەرەسەندنانەی کە لەو وڵاتانەدا دوای دەسەڵاتگرتن بەسەر ئەمەریکای باکووردا و سەپاندنی سیستمی جیهانیی دوای جەنگی دووەمی جیهان هاتن، هەروەها تایبەتمەندییەکی کولتووری، لەوەدا کە دیدگاکانی خۆی لە فەلسەفەی ئەورووپیی لیبرالییەوە وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدا کە بەڕاستی هەمەجۆریی سیفەتێکی دیارە لە سیفەتە مێژووییەکانی کۆمەڵگەکانی خۆمان، مێژوونووس و تۆژەرانی ناعەرەب و ناموسڵمانیش دان بەوەدا دەنێن.

بابەتەکەش تەنها نەبوونی جەنگی ئایینی و ئیتنی نییە لە مێژووی درێژمان لە ماوەی پێش داگیرکاری، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەکانمان بەوە جیا کراونەتەوە کە ژینگەیەکی فراوانیان بۆ هەمەجۆری ڕەخساندووە، کە تەنها لە ڕەهەندە کولتوورییەکانی وەکوو ئایین و زماندا کورت هەڵنەهاتووە، بەڵکوو چەند ڕێوشوێنێکی پەیکەری و یاساییشی گرتۆتەوە (کە دواترینیان سیستمی میللەت (نظام الملة) بوو)، هەر ئەمەشە کە هەمەجۆریی لە وڵاتەکانماندا تا ئەمڕۆش پاراستووە. کاتێکیش هەوڵ دەدەین وێنایەکی نوێ بۆ فرەیی لە وڵاتەکانماندا بکێشین، نە هاوردەکردن و نە لاساییکردنەوە سوودی هەیە، چونکە هەر ئوممەتێك باکگراوندێکی کولتووری و ڕێڕەوێکی مێژوویی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە لە کاتی بنیاتنانی نوێدا، ڕابردوو لەیاد نەکەین و چاویشمان لەسەر ئایندە بێت.

# بەشی چوارەم: فرەیی و ڕەهەندی کولتووری

سەرنجدانێکی خێرای پەیوەندییەکان لەم کۆمەڵگانەدا، مرۆڤ سەرسام دەکات. دەبێ کێ بێت ئەو جیاکارییە نەژادی و نەتەوەیی و ئیتنییە ڕەت نەکاتەوە، کە بووەتە هۆکاری ناڕەحەتی و تاڵاوێکی لەڕادەبەدەر؟ ئەی ئەوە کێیە قبوڵکردن و لەخۆگرتنی بەشێکی فراوانی خووەکان ڕەت دەکاتەوە، بەتایبەت لە سەردەمی بەجیهانیکردن و ڕەنگاوڕەنگبوونی ڕەچەڵەکە مرۆییەکاندا؟ ئەی دەبێ کێ بێت بژاردەکانی ڕەفتاری کەسی قبوڵ نەکات، ئەگەر ئازاردەر نەبن.

ئەو وێنەیەی کە لۆجیکییانە و لێبوردەییانە دەردەکەوێت، لە بەرانبەریدا وێنەیەك لە واقیعدا هەیە کە زۆر جیاوازە، وێنەیەکە داتا و لێکۆڵینەوەکان پشتڕاستی دەکەنەوە. لێرەدا مەبەستەکە ئەوە نییە کە لیبراڵیزم لەوەی دەیەوێت درۆ دەکات، بەڵکوو پرسەکە لەوە فراوانترە کە جەختی لێ دەکرێتەوە.

گرفتی میتۆدیی دیدی لیبراڵیزم بۆ یەکسانی، بریتییە لە فەرامۆشکردنی ڕەهەندی کولتووری و ئەو چوارچێوە بەرتەسکەی کە بۆ ئەو پرسە ڕەچاوی کردووە، بۆیە پرسەکە لە بابەتی بە یەك چاو سەیرکردنی تاکەکان فراوانترە، پرسەکە پەیوەندیی بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوورێکی تر هەیە، ئا ئەمەیە جێی کەموکوڕیی و دیوە ڕەجاڵەکەی دیدی لیبراڵیزم و ڕێوشوێن و سیاسەتەکانیشی، بۆیە ئەم بەشە بۆ گفتوگۆی ئەم باسە تەرخان دەکەین.

### ١. جیاکاری و بژاردەی ڕەفتاری

ناکرێت بژاردەی ڕەفتاری هەر وا بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی کولتووری وەربگیرێت. ئەو گوزارشتەش کە دەڵێت: بژاردەی ڕەفتاری ئەگەر ئازاردانی کەسانی تری بەدواوە نەبێت، قبوڵ کراوە، گوزارشتێکی تەمومژاوییە. تەمومژاوییە لەبەر ئەوەی پێویستە ئێمە شوێنەوارە دوورمەوداکان، نەك تەنها نزیك و هەنووکەییەکان بەتەنها، لەبەرچاو بگرین. پاشان ئەگەر کۆمەڵگە لەسەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش کۆ نەبێتەوە، نابێت بە کۆمەڵگە. بۆیە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان جۆرە نەریتێکیان (العرف) لەمەڕ ئەو بەهایانەی کە بەلایانەوە بەرز و پیرۆزە، پەرە پێ داوە و بە چەند خوویەکی کردەیی گوزارشت لەو نەریتانە دەکەن.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە سەرپێییکردنی خووەکان و بەزاندنی نەریتەکان، بە نێگەتیڤ بەسەر بەهاکاندا دەشکێنەوە. هەر بۆیە **هەموو کۆمەڵگەکان بە جۆرێك لە سووکایەتیکردن سزای ئەو کەسە دەدەن، کە سەرپێچیی خووەکان دەکات و بە بێڕێز سەیرکردنیش سزای ئەوانە دەدات کە نەریتەکان پێشێل دەکەن. لەپاڵ سزا کۆمەڵایەتییەکانیشدا، ئەوەی کە سەرپێچیی بەها باڵاکان بکات، ڕێگریی یاسایی و سزای بۆ دیاری دەکرێت.**

لێرەدا لاوازترین ئەڵقەی تێزی لیبراڵیزم دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی مشتومڕ و داکۆکی لە لادان و پابەندنەبوون (النشوز) لە ڕەفتاری تاکەکەسیدا دەکات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بەهاکانیشیدا بەریەك بکەوێت. هەروەها لیبراڵیزم خۆی لە پاساوهێنانەوە بۆ هەموو ڕەفتارێك ماندوو دەکات و دەکەوێتە نێو ڕێژەیی ئەخلاقی و دواتر بانگەشەی بێلایەنی دەکات، بەڵام بێلایەنی تەنها لەناو ڕشتەبەندیی بەهاکاندا بوونی هەیە، ئەو بێلایەنییە ڕووکەشەی لیبراڵیزم، دەستدرێژییەکی لەنێوبەرە بۆ سەر کۆمەڵگە و کولتوور و بەهای بەرانبەر.

لێرەدا بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئەم ئاڕاستەیە گەیشتووەتە چ ئاستێکی نزم و لاواز و لەرزۆك، ئاماژە بەوە دەکەین کە زانای سۆسیۆلۆجیی بەناوبانگ (Howard Becker)، بۆ لەشفرۆشی (البغاء)، زاراوەی "تاوانی بێ تاوانکار"ی داناوە. ڕەنگە نەتوانین لەسەر گرفتی جەخترکردنەوە لەسەر تاکگەرایی و لەبیرکردنی کولتوور و کۆمەڵگە و بەهاکان، وێنەیەکی لەوە ڕوونتر بهێنین.

بەپێی لۆجیکی لیبراڵی، لەشفرۆشی گرێبەستێکە لەنێوان دوو کەسی پێگەیشتوو و باڵغ بە ڕەزامەندیی هەردوو لا، ئیتر گرفتی چی تێدایە و تاوانەکەی لەکوێدایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم بابەتە، هێندە بەڵگەنەویست و ڕوونە، پێویستی بە هیچ پسپۆڕی و زانستێك نییە. لەبەر ئەوەی کاریگەریی لەشفروشی لەسەر ئارامیی خێزانی دیارە و ئەو کەسەی کە لەشفرۆشییەکەی ئەنجام داوە (ممارەسەی ئازادیی خۆی کردووە)، شکۆی ئافرەتێکی تری شکاندووە. هەروەها دەتوانین لە گۆشەنیگایەکی ئەخلاقییشەوە ئەو هەڵوێستە لیبراڵییە ڕەت بکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لیبراڵیزم پابەندی بەهای پارێزگاری نەکەین، ئەگەر تەنها باسی شوێنەواری کۆمەڵایەتی بکەین کە لە بازنەی تاك فراوانترە، ئەوە گرفتەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، چونکە لەشفروشی تەنانەت تاکیش دەڕووخێنێت، هەردوولا، ژن و پیاوەکەش.

**کۆمەڵگە تەنها کۆمەڵە کەسێك نییە، ڕێسای میتۆدیی بەناوبانگیش لەو بارەیەوە دەڵێت: "گشت لە کۆی بەشەکانی گەورەترە."** بەو واتایەی کاتێك هەموو بەشەکانی شتێك کۆ دەبنەوە، شتێکی جیاواز بەرهەم دێت، یاخود چەند کار و کارلێیەکی سەبار، لە ئەنجامی ئەو پێکەوەیی و کۆبوونەوەیە، دروست دەبێت کە لە هیچ یەکێك لە بەشەکاندا بوونی نییە. با نموونەی کارگە وەربگرین، کارگە تەنها لە کۆی کرێکارەکانی و کارگێڕییەکەی پێك نەهاتووە، بەڵکوو تۆڕێکی زۆر ئاڵۆزە، کە شارەزایی و باکگراوندی جیاوازیشی تێ دەڕژێت، واتە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵگەیەکی بچووکە. هەروەها باخی گشتییش تەنها لە کۆمەڵە کەسێکی سەردانکەر و

سەرپەرشتیار پێك نەهاتووە، بەڵکوو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە کە یاسای نەنووسراوەی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕەهەندی جوانیی تێدایە و ڕەهەندی کشتوکاڵیی تێدایە، جاری واش هەیە دەبێتە شوێنێکی کۆمەڵایەتی و ئەو دایکانەی کە منداڵەکانیانی لەگەڵ خۆیاندا بۆ دەبەن، شارەزایی پەروەردەیی تێیدا ئاڵوگۆڕ دەکەن. هەروەها ڕەنگە دەستە و تاقم و گرووپە جیاوازەکانیش لە شەودا پلانی تێدا دابڕێژن، تاقم و گرووپەکانی دزی و دەستدرێژییش تەنها کەسانێکی چاوچنۆکی پەروەردە خراپ نین، بەڵکوو بەشێکن لە کۆمەڵگە، بە مێژوو و ئاڵۆزی و پەیوەندییە چینایەتییەکانی و ڕێکخستن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییشەوە تێیدا.

کورتهەڵێنان و تێخزاندنی بابەتەکان تەنها لە تاکەکاندا، کێشەیەکی میتۆدیی دیدگای لیبراڵییە بۆ یەکسانی و جیاکارینەکردن. پشتبەستن بە ڕەفتار بۆ جیاکارینەکردن، گێلییەکی ڕووتە، بۆیە لە هەڵسەنگاندنی ڕەفتاردا، پێویستە پەنا بۆ بەهاکان ببەین.

## ٢. فرەیی لەسەر ئاستی ڕێکارەکان

بەگشتی بیرۆکەی پەسەندکراو لەمەڕ فرەیی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، ئەوەیە کە نابێت لەسەر بنەمای هیچ یەکێك لەم حەوت ڕەهەندە جیاکاری بکرێت: ڕەتکردنەوەی جیاکاری لەسەر بنەمای نەژاد، یان ئیتنی، یان بنەچەی نەتەوەیی، یان ئایین، یان جێندەر، یان ئارەزوو و ئاڕاستە و حەزی سێکسی، یان تەمەن. ئەو ئیعتیبارانە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە حکومەت ناتوانێت جیاکاری لەنێوان هاوڵاتیاندا بکات، دەچنە بواری ڕێکار و ڕێنماییەکانی ڕێکخستن لە دامەزراوە فەرمییەکاندا. هەروەها دامەزراوە تایبەتە قازانجویستەکانیش هەندێك جار لە ترسی بەرزکردنەوەی کەیس لە دژیان لە دادگاکان، بەپێی ئەو ئیعتیبارانە کار دەکەن، دامەزراوە قازانجنەویستەکانیش بەپێی ئایدیۆلۆجیەتی خۆیان، یان وەکوو

شانازییەك كاریان لەسەر دەكەن، جاری واش هەیە بە پاڵنەری دەستكەوتنی بەخشش و دەرماڵەی حكومی، بەناچاری پەنایان بۆ دەبەن.

ئێستا با ئەم گوزارشتە لە ڕوانگەیەكی كردەیی پەتییەوە شی بكەینەوە، چونكە چەند شتێك پێكەوە كۆ دەكاتەوە، كە لە ڕیشەوە لە سروشت و قووڵایی و لێكەوتەكانیشیاندا لە یەكتری جیاوازن.

– نەژاد بریتییە لە ڕەنگ و ڕووخسارێكی ڕووكەش، كە هیچ پەیوەندییەكی بە ناخ و ناوەڕۆكی مرۆڤەوە نییە، نە زیرەكی و نە تواناكانی و نە ئارەزووەكانی، بۆیە باسكردنی نەژاد شتێكی مەعقول بوو، بەڵام سروشتەكەی لە كۆی ڕەهەندەكانی تر جیاوازە و پەیوەندیی بە بارودۆخێكی مێژوویی دیاریكراوی ئەو وڵاتانەوە هەیە كە كاری بەكۆیلەكردن، یان جیاكاریی ڕەگەزی بە شێوەی یاسایی تێدا كراوە (بۆ نموونە: ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، دەوڵەتی باشووری ئەفەریقا)، ئەمەش بەپێی شوێنەكە تایبەتمەندی بە واتاكەی دەبەخشێت.

– بنەچەی نەتەوەییش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی ئەو بنەچەیە، كە ئایا لە حاڵەتی پێكدادان و دژیەكیدایە لەگەڵ واقیعی نەتەوەیی باو. واتە گوزارشتی "جیاكارینەكردن لەسەر بنەمای ئینتیمای نەتەوەیی" هیچ واتایەكی نییە، چونكە پێویستە تاك دان بەوەدا بنێت كە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتەی كە تێیدایە لەپێشترە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی بەرژەوەندیی وڵاتێكی تریش بێت كە ئەم هەوادارییەتی، چونكە ئەگەر وا نەكات، ئەوا ڕەنگە بە پیلانگێڕی و ناپاكی هەژمار بكرێت. ڕەنگە بوترێت، ئەوە شتێكی ئاسایی بەڵگەنەویستە، ئێمەش تەنها ڕەخنەمان لە داڕشتنی گوزارشتەكە و ئەوە هەیە كە لێرەدا جیاكارینەكردن تەنها لەو ڕووەوە وێنا دەكرێت، كە حوكمدانی خێرایە بەسەر تاكدا لەسەر بنەمای مەیلبوون بۆ ئینتیمای نەتەوەیی.

– بەڵام ئیتنیەت (الاثنية) زاراوەیەکە تەنها باس لە نەژاد و بنەچەی نەتەوەیی ناکات، بەڵکوو جەخت لە باکگراوندی کولتوورییش دەکاتەوە، ئەم زاراوەیە نەریت و زمانیش لەخۆ دەگرێت. لێرەدا چەند ئاڵینگارییەك دەردەکەون، چونکە ڕەنگە جیاوازییەکان ڕیشەیی بن و جیهانی بەهاکان و جیهانبینیش لەخۆ بگرن. بەوەش گوزارشتی "جیاکارینەکردن" تەنها دەبێتە شتێکی ڕووکەش، چونکە لێکەوتەی ئەو جیاوازییەی کە ئاستی نەریت و فۆلکلۆری میللی تێدەپەڕێنێت، لێکەوتەگەلێکی فراوان و گشتگیرە و کاریگەری لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و شێوازی بەڕێوەچوونی دەکات، واتە ناتوانرێت وەك پرسێکی لاوەکیی پەراوێزخراو سەیری ئەو لێکەوتانە بکرێت. ڕەنگە دیارترین نموونەش، نموونەی گەلانی ڕەسەن بێت لە ئەمەریکا (هیندییە سوورەکان) و ئوستراليا، چۆن دەتوانرێت جیهانبینیی ئەوان کە سروشت بە پیرۆز دادەنێت و جیهانبینیی ڕۆژئاوایی کە دژایەتیی سروشت دەکات و هێز لەبەر ژینگە دەبڕێت، کۆ بکرێنەوە.

– گوزارشتی ئایینییش گرفتی لەوان کەمتر نییە، چونکە ئایین دیدگاگەلێکی گشتی و ڕشتەی بەهاگەلێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو لایەنەکانی جیهان دەبێت. بۆیە ڕاست نییە بگوترێت نابێت بە هۆی ئایینەوە جیاکاری بکرێت، مەگەر مەبەست لێی ئەنجامدانی سرووتە پەرستشییەکان (الشعائر التعبّديّة) بێت، بەڵکوو هەندێك جار دەبینین تەنانەت بەجێگەیاندنی سرووتەکانیش، پێکهاتە و نەتەوەکانی دی توورە دەکات و دەیانوروژێنێت. بۆ نموونە، لە ڕۆژئاوای پرۆتستانتی، پرسی دینداری پرسێکی تەواو تاکەکەسییە و نوێژکردنی موسڵمانان لە شوێنە گشتییەکان وەك مومارەسە، هەستیان تووشی شۆك دەکات، جا ئینتیمای ئایینییان هەرچییەك بێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ئینتیمای ئایینی لە ئیسلامدا، هەستی ئامادەگی و شانازی دەبەخشێت. هەروەها نموونەی سەرپۆشی ئافرەت نموونەیەکی ترە، کە پێویست ناکات زۆر لەسەری بوەستین، جا وەکوو یەك

وایە ئایا یاسا بە دەق یاساغی کردبێت، یان سنورداری کردبێت –وەك ئەوەی لە فەرەنسا هەیە– یان یاسا بێدەنگیی لیٚ کردبێت –وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا–، پابەندبوون بە ڕێساکانی بالاپۆشییەوە، ڕەهەندێکی ڕەمزیی هەیە، کە یاسا ناتوانێت پەیی پیٚ ببات و ڕێی لیٚ بگرێت.

– پرسی جێندەریش پرسێکی ئالۆزە، خۆ ئەگەر واتای زاراوەکە لە ئافرەت و پیاودا کورت هەڵبێنین، چۆن دروستە داوای جیاکارینەکردن بکرێت، لە کاتێکدا کە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، لە هەموو ڕووەکانی ژیان و هەموو ئاستەکانیەوە، جیاوازیگەلێکی دیارن و ڕەهەندە هەستی و بیرکردنەوەیی و ڕەفتاری و ویژدانی و ستاتیکییەکان لەپاڵ ڕەهەندی فیسیۆلۆجی، دەگرێتەوە. بەڕاستی جیاکارینەکردن لەنێوان دوو شتی جیاوازدا دادگەری نییە، بەڵکوو ستەمە. لە ڕووی کردەییشەوە، لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ئافرەتان داوای مافگەلێکی تایبەت بە خۆیان دەکەن، جا لە ڕووی پاراستنەوە بێت یان لە پرسە تایبەتەکانی وەك مۆڵەت وەرگرتن لە کار بێت. ئەمەش لەو ڕووەوە باس ناکەین کە ڕەچاوکردنی پێویستییە تایبەتییەکانی ئافرەتان ڕەت بکەینەوە، بەڵکوو بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەوە باسی دەکەین کە جیاوازیکردن لەنێوان نێر و مێدا، لە هەندێك پرسدا شتێکی براوەیە و ناتوانین خۆمانی لیٚ لا بدەین. تاووتوێکردنی ئەو خاڵە، ڕاماندەکێشێت بۆ خستنەڕووی پرسیارگەلێکی تیۆری بۆ شیکردنەوە و هەڵوەشاندنی زاراوەی جێندەر و ئەوەی کە جیاوازیی نێوان دوو ڕەگەزەکە، جیاوازیی ڕاستەقینەن یان نا. داڕشتنی ئەم زاراوەیە لە تێزەکانی پۆستمۆدێرنەدا، ڕەنگدانەوەی ئەو فەلسەفەیە بوو کە پێی وا بوو دیاریکردنی ناوەرۆکێکی جێگیری خواکرد و سروشتی لە نێر یان مێدا، دیاریکردنێکی ڕەگەزپەرستانەی ناپەسەندە.

– یەکێکی تر لە خاڵەکان، ئارەزوو و حەزی سێکسییە، [ئایا بە چ ئاڕاستەیەکدایە، هاوڕەگەزبازی، یان دووسەرەیە، یاخود گۆڕینی ڕەگەزە، یان

هیچ] ، که تەنها بژاردە و ڕەفتارێکی تاکەکەسییە، بە ئەقڵی مرۆڤیشدا ناچێت کە بوترێت بژاردەی تاکەکەس، هیچ لێکەوتەیەکی نابێت. بانگەشەی ئەوەش کە ئارەزوو و حەزی سێکسی شتێکی ئەندامییە، هیچ بەڵگەیەکی زانستیی نییە. هەرچەندە ئەم باسە بە شێوەیەکی سەرەکی تایبەتە بە نێربازییەوە (سێکسکردن لە دواوە)، بەڵام دواتر پانیٚ بە پانیٚ (السحاقية) و ڕەگەز گۆڕاوەکانیشی (المتحولون جنسياً) بۆ زیاد کرا. لە کاتێکدا قەناعەت بەوەی کە نێربازی لە ڕووی خانەی بۆهێڵەکان (جينات) و بیۆلۆژییەوە شتێکی ئاساییە، قەناعەتێکی بڵاوە، بەڵام بۆ سێکسی میٚ لەگەڵ میٚ، ئەم قەناعەتە بڵاو نییە. قسەکردن لەسەر ئەم ڕەهەندە، پڕە لە دژیەکی و کەوتووەتە ژێر بارگرانییەکی ئایدۆلۆژییەوە، کە بەدەست خودسەنتەرییەکی توندەوە دەناڵێنیٚ.

— دواتر بڕگەیەك لەسەر جیاکارینەکردن لەسەر بنەمای تەمەن زیاد دەکەم، کە ڕەنگە لەم باسەدا ڕواڵەتیترین بڕگە بێت، کە هیچ پاسا و پشتیوانێکی لە واقیعدا نییە، ئەمە وێرای نالۆجیکیبوونەکەی، هیچ پێویستییەکیش نابینین کە لەوە زیاتر لەسەری بوەستین.

دووبارە جەخت لەوە دەکەینەوە کە لە ڕووی میتۆدی پەتییەوە، کۆکردنەوەی ئەو حەوت ڕەهەندە دروست نییە، چونکە سروشتیان جیاوازە. بۆ نموونە، نەژاد گوزارشت لە هیچ شتێکی خودی ناکات، نموونەکەی —لەگەڵ داوای لێبوردن لەو نموونە سادەیە— وەك ڕەنگی ئۆتۆمبێل وایە کە هیچ پەیوەندییەکی بە تایبەتمەندییەکانیەوە نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە نەژاد زۆر بەڕوونی دیارە و جۆرە سروشتێکی گشتگیر و گەوهەری لای ئەو کەسە جیٚ دەهێڵێت کە قووڵاییەکی ئاکاریی هەیە، بەڵام بنەچەی نەتەوەیی پەیوەستە بە مێژوو و پەیوەندیی نەتەوەیی نێوان کۆمەڵە مرۆییەکانەوە. باکگراوندی ڕەگەزی مەبەستە سەرەکییەکەیە، چونکە

ئەم زاراوەیە ڕێژەیەکی زۆری جیاوازی کۆ دەکاتەوە، کە مرۆڤ بەناچاری تێیاندا جیاواز دەبێت، مەگەر خۆیان بدەنە پاڵ شتێکی باڵاتر، کە ئایین و بەها باڵاکانە.

لێرەدا دێینە سەر بڕگەی چوارەم لەمەڕ جیاکارینەکردن بە هۆی جیاوازیی ئایینەوە، سەرەتا دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە ئایینەکان بە سروشتی خۆیان پاڵنەرن بۆ جۆرە ڕەفتارێکی دیاریکراو، کە وا بێ چار چییە؟ وەڵامی مۆدێرنەی ڕووکەشی ئەوەیە کە پێویستە ئایین پەرە بە خۆی بدات و هەموو جۆرە ڕەفتارێکی قبوڵ بێت، بەڵام ئەمە ملکەچییەکە بۆ جۆرێکی تر لە ڕەفتار و سڕینەوەی ئەو ئایینەیە کە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جیاکاریی لە بەرانبەردا ناکەن، چونکە کۆڵەکەی ئایین بریتییە لە بەها نەمرەکان.

**واتای خواستی قبوڵکردنی هەر شتێك بەبێ هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی، بریتییە لە سەپاندنی دیدگایەکی ئەخلاقیی تر لەسەر ئایین، یان بڵێ سەپاندنی ئایینێکە بەسەر ئایینێکی ترەوە، واتە سەپاندنی فەلسەفەی** لیبراڵی **بەسەر فەلسەفەی ئایینیدا.**

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئایینەکانیش، ئەوەی کە توانای جیاکارینەکردن دیاری دەکات، دیدگای ئەو ئایینە خۆیەتی. خۆ ئەگەر ئایین بووبێتە نەتەوەیی بۆ گەلێکی هەڵبژێردراو، چۆن دەتوانین پێشبینیی هەڵگەڕانەوە نەکەین؟ خۆ ئەگەر پابەندییەکی ئایینییش بێت، کە هەرکەسێك سرووتەکانی ئەوی قبوڵ نەبێت، دوور بخرێتەوە و دەربکرێت، ئیتر چۆن پێشبینیی خۆشەویستیی ڕاستگۆیانە بکەین. ئایا هیچ دەروازەیەك هەیە بۆ دەرچوون لەمە، بەبێ پەنابردن بۆ ڕیشەی ئیبراهیمی بەتایبەتی و کەلەپووری پێغەمبەران بەگشتی؟

سەبارەت بە پرسی جێندەریش، جیاوازیی نێوان دوو ڕەگەزەکە فیتڕییە و هیچکەسێکی هۆشمەند نکووڵیی ناکات، جیاکاری لەپێناو ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە ئەفرێنراوەکان، شتێکی خوازراوە. دژیەکییەکی بنەڕەتییش لەنێوان

برگـەی جێنـدەر و لادانـی سێکسـیی هەیـە. بـەکارهێنانی زاراوەی (جێنـدەر) و دیاریکردنی وەك جێگرەوەیەك بۆ ڕەگەز (الجنس)، پێشتر لەسەر ئەو بنەمایـە بـوو کە جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو جیاوازیگەلێك نـین کـە بـە شـێوازێکی سروشـتی تێیاندا چـێنرابن، بـەڵکوو دەرئـەنجامی پرۆسـەی پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتین، بـەڵام کاتێك باسی لادانی سێکسی دەکەین، قسـەکە پێچـەوانە دەبێتـەوە و هەنـدێك جـار دەوترێت شتێکی ئەندامییە و جاری واش هەیە دەگوترێت بژاردەیەکی کەسییە.

ئەوەی کە دەگوترێـت لادانـی سێکسـی (الشـذوذ) شـتێکی ئەندامییـە، لـە ڕووی زانسـتییەوە نەسـەلمێنراوە. پسـپۆڕانی بـواری بۆهێڵـەکانیش نـاڵێن بۆهێڵـەکان ناچارکەرن، بەڵکوو دەڵێن لەنێوان خەڵکیدا لە هەموو کارەکانـدا ئاسـتی جیـاواز لـە ئامادەیی هەیە و تـەنها بـوونی ئامـادەیی ئەندامییانـە بـۆ کارێـك نابێتـە پاسـاو بـۆ ئەنجامـدانی. بـۆ نموونـە، هەنـدێك کـەس ئامادەییـەکی زیاتریـان بـۆ ئـالوودەبوون تێدایـە، بـەڵام ئـەوە نابێتـە پاسـاو بـۆ چـاودێرینەکردنی خواردنـەوەی مـاددە هۆشبەرەکان، دەشزانین کەسانێك هـەن ئامادەییـەکی زیاتریـان بـۆ تـاوان تێدایـە، بەڵام ئەمە نابێتە پاساوی ڕەفتاری تاوانکاری، ئەگەر بیکەن بە بژاردە.

ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە دانی پێدا نراوە، ئەوەیە کە مرۆڤ بریتییە لە پوختەی کارلێکی ڕەگەزە ئەندامییەکان لەگەڵ گەشەکردندا، منداڵێك کە لە ڕووی جینییەوە زیرەك بێت، ئەگەر ژینگەکە هاوکاری نەبێت، سەرکەوتوو نابێت، بەڵام منداڵێك ئەگەر لە ڕووی جینییشەوە زیرەك نەبێت، ئەگەر ژینگەکەی چاودێری و هاوکاریی بکات، سەرکەوتوو دەبێت.

بەگشتی و لە ڕووی ئەخلاقی و ئایینییشەوە، بابەتـەکـە بژاردەیـەکی تاکەکەسـی بێت، ئەوا پێویستە کەسەکە خۆی لەو بژاردەیەی بەرپرس بێت، هەر ئەم هەڵوێستە پارێزگـار و ئایینییـەش لـە ڕووی عـەقڵ و سـەلیقەوە دروسـتە، هەڵوێسـتە لیبراڵییەکەش پووچ و بێمانایە.

له باسی زانستینەبوونی جیاکارینەکردن و دانانی شتە جیاوازەکان لە یەك ئاستدا، بەمەندە کۆتایی دێنین. ئەوەش دێنینەوە یاد کە ئاگاییدان لە تێکەڵکردنی میتۆدی ڕشتەبەندیی لیبراڵی، بە هیچ شێوەیەك واتای بانگەشەکردن بۆ ستەم یان بەئامانجکردنی ئەوی تر نییە، کە جیاوازە لەگەڵمان. ئەو گفتوگۆیەش کە لە سەرەوە کردمان، نەچووەتە ناو باسی بانگەشە تیۆری و ناوەرۆکە فەلسەفییەکانی گوزارشتی جیاکارینەرکردن، بەڵکوو تەنها بە باسکردنی دژیەکییە ناوخۆییەکانیان لێگەڕاوە. خۆ ئەگەر دابەزینایە بۆ ئاستی لایەنگیرییە ئایدیۆلۆژییەکانیان لە واقیعی کردارەکیدا، ئەوا شتی زۆر سەرسوڕهێنەرمان دەبینی، شتانێك کە ئەوانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەژین، بەڕوونی دەیبینن.

دواجار سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین، کە کارنامەی جیهانیی لابردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری، کە لە (١٩٦٥) بڕیاری لێ دراوە و لە (١٩٦٩) وەکوو بەشێك لە بڕگەی ژمارە (١٩) ئیعتیماد کراوە، ئەم کارنامەیە تەنها چوار ڕەهەند لەخۆ دەگرێت: نەژاد، ڕەگەز (الجنس)، زمان، ئایین. لێرەدا تێبینیی نەبوونی ڕەهەندی زمان دەکەین لە گوزارشتەکانی جیاکارینەکردن لە وڵاتانی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا (ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر تاکبەسەنتەرکردن لەو گوزارشتانەدا). لەوەش هۆشداری دەدەین کە جاڕنامەی کارنامەی جیهانی زۆر لەوە فراوانترە کە لێرەدا باسی دەکەین، چونکە ئەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار دەکات.

### ٣. جیاکاری و پاشخانی کولتووریی

جیاکاریکردن لە واقیعی مرۆییدا شتێکی بڵاوە، ئەگەر بڕیار بێت کە بەرتەسککردنەوەی چوارچێوەی شیکارییەکە و جەختکردنەوە لە یەکسانیی تاك گرفتە و پێویستە سەیری ئەو گرووپە بکەین کە ئەو تاکە تینتیمای بۆی هەیە... ئەگەر ئەمە بڕیار بێت، ئەوا پێویستە گفتوگۆی پەیوەندیی سەنگ و پاشخانی

کولتووری بە جیاکارییەوە بکەین. بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆکەش، شیکاری پرسی جیاکاری بە هۆی نەژادەوە دەکەین، چونکە –وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە– ئەو جیاکارییە تەنها ڕووکەشێکە، تەنها خەیاڵێك دروست دەکات کە گوایا جیاوازیی هەیە، لە کاتێکدا کە نەژاد –لە ڕووی کردارییەوە– پەیوەندیی بە هیچ ئاماژەیەکی دەروونی یان ئەقڵییەوە نییە. بەدرێژی باسی حاڵەتی ڕەشپێستە ئەفەریقییەکانی ئەمەریکا دەکەین، کە باووباپیرانیان بەکۆیلە کراون، چونکە ڕوونترین وێنە و گشتگیرترینیشیانە.

**حاڵەتی ڕەشپێسەتەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە گرفتی جیاکاری لە دژی کۆمەڵێکی ئەوتۆ، بە ڕێوشوێنێك کە بۆ تاك دەگیرێتە بەر، نە چارەسەر دەکرێت و نە کۆتاییشی پێ دێت.** کەواتە ئەو هۆکارە چییە کە لەوە قووڵترە، دیارە ئەو هۆکارە گرفتی کولتوورە. ڕەشپێسەکانیش خۆیان پەییان بەوە بردووە، بۆیە ئاماژەبۆکردنیان لە وشەی "نیجر"ەوە –کە وشەیەکی ڕەگەزپەرستانەی ناشرینە– گۆڕاوە بۆ وشەی "ئەفەریقییە ئەمەریکییەکان"، وەك وەسفێك بۆ کۆمەڵەکەیان، بە شێوازێك کە ئاماژەیەکی لەسەر کولتوورەکەیان لەخۆ بگرێت، وەك ئەوەی کە بۆ حاڵەتی کەسانی تری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، یان ئیسپانییەکانیش بەکار دێت، بەڵام بیرمەندە ئەفەریقییەکانی ئەمەریکا، دواتر وازیان لەو زاراوەیە هێنا (هەرچەندە تا ئێستاش بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵەن، بەکارهێنانی خۆشە)، بەوە ئەو بیرمەندانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە جیاکاری لە دژیان، بە هۆی ڕەگەزی ئەفەریقییەوە نییە، بەڵکوو بە هۆی ڕەنگەوەیە، چونکە لە ڕاستیدا جگە لە شتێکی کەم، هیچ شتێکیان لە کولتووری ئەفەریقی لەسەر ئاستی نەریت و فۆلکلۆر، نەماوە.

لەبیرمە کاتێك ئەم بابەتەم لە زانکۆ ئەمەریکییەکان دەخوێند، دەمگوت: بەراستی بەکۆیلەکراوەکانی ئەفەریقا دوچاری هەموو جۆرە سزایەك بوون، بەڵام توندترینیان (قەسابخانەی کولتووری) بوو.

بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەهەندی کولتووری، تێگەیشتن لە چیرۆکی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا، کارێکی ئاسان نییە. گرفتی ڕەشپێست ئەوەیە کە ئەمەریکییە، واتە کێشەکەی ئەوەیە کە ئەمەریکییە + ڕەشپێستە. گرفتەکەی ئەوەیە کە ئەو زۆری لەو سەنگ و پێگە و باکگراوندە کولتوورییە نەماوە، کە شانازیی پێوە کردووە. ئەمەش دەرئەنجامی پرۆسەی ڕامالّین و داخورانی کولتوورییە، کە بە هۆی چەند کارێکەوە ڕووی داوە، لەوانە: بەکۆیلەکردن و جیاکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکان و دابەشکردنیان لەنێوان کێڵگە بەرفراوانەکان و لە ویلایەتە جیاوازەکان و دابڕان لە زمان و لەدەستدانی ئایینیان، جگە لەوانەی کە ئەو کەمینە موسڵمانەی ئەویّ ڕزگاریان کردوون. هەر بۆیە موسڵمانە ڕەشپێستەکان دەبینیت، زیاتر هەست بە سەربەرزی و شانازی دەکەن.

لەناوبردنی کولتووری، دەتوانێت زمانحاڵی شیکەرەوەی دیاردەی سەرکەوتنی کەسێکی کۆچکردووی ڕەشپێست بێت، کە لە کینیا و نەیجیریاوە هاتووە —لەگەڵ ئەو ڕەگەزپەرستی و ئاڵینگارییانەی کۆچکردن و هەڵکرن و ڕاهاتن لەگەڵ وڵاتە نوێیەکەدا کە دوچاری هاتووە— جیاواز لە هاوشێوە ڕەشپێستە ئەمەریکییە پەتییەکانی تر. ئەم خاڵە، ڕەگەزپەرستە سپیپێستەکان وەك بەڵگە بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی گوایا هیچ جیاکارییەك لە دژی ڕەشپێست نییە و ئەوە هەر کێشە نییە، بەڵکوو کێشەکە لەنێو کۆمەڵگە ڕەشپێستەکان خۆیاندایە، بەڵام ئەمە دەلەسەیەکە، تەنها ڕەنگدانەوەی پێنجیەکی ڕاستییەکەیە، چونکە گومان لەوەدا نییە کە لەدوای

خاڵیکردنـــەوەی کولتووریـــان، نەخۆشـــییەکە بـــوو بـــە هـــاودەمی کۆمەڵگـــە ڕەشپێستەکان، بەڵام خـودی ئـەو خاڵیکردنەوەیـە خـۆی لـە خۆیـدا یەکێکـە لـە قـووڵترین جۆرەکـانی جیاکـاری، هـەر ئەمەشـە کـە چوارچێوەی تیـۆریی لیبراڵیـی تاکسەنتەرگەرا ناتوانێت پەیی پێ ببات.

**ناشـاردرێتەوە کـە مامەڵـەی دەوڵەتـە ئەورووپییـەکان لەگـەڵ کۆمەڵگـە موسڵمانەکانی ئەوێ و لەگەڵ پەنابەرە نوێیەکان بەدیاریکراوی، سڕینەوەی کولتوور دەکەنـە ئامـانج، چـونکە ئـەوە باشـترین ڕێگـە و ڕێـڕەوە بـۆ زەلیلکـردن و ملپێکەچکردن.**

هەنـدێك لـە شـرۆڤەکاران چـاو بـە مێـژووی ڕەشپێسـتەکانی ئەمـەریکادا دەخشێننەوە و بەراوردی نێوان (مارتن لۆسەر کینگ جۆنیر) [١٤٨٣-١٥٤٦] و (مـالکۆم ئـیکس) [١٩٢٥-١٩٦٥] دەکـەن. کـە یەکـەمیان خـاوەنی بانگەشـەی برایەتی بوو لەگەڵ کۆمەڵگـە گەورەکـە -کـە ڕۆژانێـك ملیۆنـەها کـەس گوێڕایـەڵیی کرد- بەڵام هەوڵەکانی لە ڕووی کردارییەوە سەرکەوتوو نەبوو، کەسی دووەمیشیان خـاوەنی بانگەشـەی ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆمەڵگـە و مامەڵـەکردنی هاوشـێوە بـوو لەگەڵیدا، پێش ئەوەی بزاڤەکەی پێبگات، تیرۆر کرا.

لێـرەدا تێبینیـی ئازاربەخشـی خـۆم بـەم شـێوەیە دادەڕێـژم: چـۆن کەسـێك دەتوانێت لە ڕێگەی تەبەنیکردنی بیروباوەڕی دوژمنەکەیەوە، گەلەکەی ئازاد بکات؟ واتە دەتوانین لەوە دڵنیا بـین، کـە چـوونە سـەر بیروبـاوەڕی پرۆتسـتانتی (لەگـەڵ ئەوەی ڕەشپێستەکان کڵێسای تایبـەتیان هـەبوو) و تێکـەڵکردنی لەگـەڵ خواسـتی لیبراڵیی تایبەت بە یەکسانی لە گوتاری (کینگ)، سەرکەوتوو نەبوو.

هەر بەو بۆنەیەوە، دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی جوولەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێش هەموو شتێك بۆ ڕەهەندی کولتووری دەگەڕێتەوە. لە دیارترین بەڵگەکانیش لەو بارەیەوە، ئەوەیە کە کۆچی چینییەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەپێش گەلانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە بووە، بەڵام تا ئەمڕۆش بەتەواوی کاریان ئاسایی نەبووەتەوە و تا ئێستاش وەك ئاسیایی و جیاواز ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە بەو شێوازە ئاماژە بۆ ئیتاڵی یان پۆڵەندی ناکرێت، مەگەر لە باسی جۆرەکانی فۆلکلۆردا بێت. ئیتاڵی و پۆڵەندی بە (سپیپێست) دادەنرێن بە بۆنوبەرامێکی تایبەت، بەڵام چینی (ئاسیاییە) و جۆرێك لە نامۆیی تێدایە، ئا ئەمەیە چیرۆکی ڕەگوڕیشەی ژیاری.




**هێڵکاریی گرفتی ڕشتەی فرەیی لای مۆدێرنە**

# پوختە

قسەکردن لەسەر فرەیی تەندروست نابێت، ئەگەر ڕەگوڕیشەی کولتووری، بە واتای فەلسەفەی کولتوور و شتە یەکلابووەکانی و ناوەرۆکە بەهاییەکەی بەهەند وەرنەگرین. گرفت لە تێزی باوی ئەمڕۆ بۆ فرەیی ئەوەیە، کە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەفتاری تاکەکان، جەخت لە تاکەکان دەکاتەوە و هاوسۆزە لەگەڵیاندا. لەمەشدا چەندین هەڵەی گەورە هەیە، چونکە دەگونجێت ڕەفتاری نەشازی تاکەکان دەستدرێژیی بۆ بەهاکان تێدا بێت و هاوسەنگیی کۆمەڵگە تێك بدات. بەدڵنیاییەوە زیادەڕۆییش تێیدا، سەر دەکێشێت بۆ بەرتەسککردنەوە، تا ڕادەیەکی خنکێنەر.

لە میانەی زیادبوونی ڕێژەی پەیوەندیی جیهانیی نێوان کولتوورەکاندا، ئەوەی خوازراوە ئەوەیە کە دوور بکەوینەوە لە زیادەڕۆییکردن تا دواسنوور، کێچێك نەکەین بە گایەك. ئەو ئاڵینگارییەی کە ڕووبەڕووی چەوساوان دەبێتەوە لەم ساتەوەختە مێژووییەماندا، کە ژینگە ژیارییەکان تێیدا یەکتری دەبڕن، ئەوەیە کە جڵەوی لایەنی کولتووری بگیرێت، چونکە هەر ئەوەیە سەرچاوەی هێز و خۆڕاگری و گەوهەری کاری ئایندەیی.

## بەشی پێنجەم: کۆمەڵگە لەنێوان فرەیی و هەمەجۆریدا

بوونی گرووپی جیاواز لە ڕووی ڕەگەز و نەتەوە و کولتوور و ئایینەوە، شتێکی نوێ نییە لە مێژوودا، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەدا چەندین شێوەی نوێی سەرباری وەرگرتووە. ئەوەی کە پێویستە بیری لێ بکرێتەوە، تەنها وێنەی واقیعێك نییە کە جیاوازی و هەمەڕەنگیی تێدا بێت، بەڵکوو ئەو شێوازەیە کە ئەو گرووپانە لە هەردوو ڕەهەندە بونیاتی و کولتوورییەکەیانەوە لە یەك کاتدا پێکەوە دەبەستێتەوە.

لە بەشەکانی پێشوودا، گفتوگۆی سێ گرفتی دیدی لیبراڵیمان بۆ فرەیی کرد: یەکەمیان، بریتی بوو لە سەیرکردنی کۆمەڵگا وەك ئەوەی کە تەنها کۆی تاکەکانی بێت و تەواو، نەك وەك ئەوەی کە بەگشتییەکەی کەسێتی و پێداویستی و ئەولەویەتی خۆی هەبێت. دووەمیان، بریتی بوو لەوەی کە ئارەزووی کەسیی تاکەکان دەکرێتە پێوەر، نەك ئەوەی کە کولتوورێکی کۆمەڵگە هەبێت هەموو لایەك بگرێتەوە. سێهەمیشیان، بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی پێوانەکاریی بەهاییانە.

لێرەدا هێڵە گشتییەکانی دیدێکی تیۆریی نوێ دەخەینە ڕوو، کە بە هەمەجۆریی (التنوع) ناوزەندی دەکەین، بۆ ئەوەی لە فرەیی جیای بکەینەوە. فرەیی تەنها ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی ڕووکەشیی کۆمەڵگەیە، تەنها بوونی ڕەگەزە جیاوازەکانیش گرنگ نییە، بەڵکوو چۆنێتیی کارلێك و پێکەوەژیان و پێگەی هەریەکێکیشیان گرنگە. واقیعی فرەییش لە وڵاتانی دیموکراسیی پیشەسازیدا، بەدەوری ئەم پێنج تەوەرەدا دەسووڕێتەوە:

(١) تەنها هەوڵی بەڕێوەبردنی قەیرانی پەیوەندیی نێوانیان.

(٢) ڕەتکردنەوەی فرەیی لە ڕێگەی فشارکردن بەرەو توانەوە، لەگەڵ ئەوەی قسە لەسەر تەواوکاری و پێکەوەگونجان دەکرێت، ئامانج لێی ڕاماڵینی کولتووری بێت.

(٣) خۆشی دەربڕین و ئاهەنگگێڕان بە هۆی دیاردەکانی فرەییەوە بۆ گرووپەکانی تر، بەپێی حەز و ئارەزووی کولتووری سپیپێست و بژاردەکانی.

(٤) وەبەرهێنانی فرەیی لە قازانجی بازرگانیدا.

(٥) بەکارهێنانی مەعریفەی کەس و گرووپە جیاوازە کۆچکردووەکان بۆ ڕۆژئاوا، لەپێناو هەژموونی جیهانیدا.

جیاوازیی گەوهەری لەنێوان هەمەجۆری و فرەییدا ئەوەیە، کە هەمەجۆری دان بە جیاوازیدا دەنێت، چونکە ئەوە یەکەم هەنگاوی داننانە بە بوونی ئەوی تردا و هەوڵی قبوڵکردن و لەخۆگرتنی ئەوی تر –لە ڕووی کولتوور و ژیانەوە– دەدات، لە ڕێگەی هاوکێشەیەکی ئەخلاقییەوە کە لە دەرەوەی گرووپ و پێکهاتەکانەوە دانراوە و لە کرۆکی بەها مەرجەعییە ئایینییە جیهانییەکاندا بەرجەستە بووە.

بۆ شیکردنەوەی ئەمە، سەرەتا نیگایەکی خێرا دەخەینە سەر بنچینەی فەلسەفیی فرەیی، پاشان باس لە تایبەتمەندییەکانی فرەیی دەکەین.

### ١. فرەیی لە ڕووی فەلسەفییەوە

لە بەشەکانی پێشوودا باسمان لە ناڕێکوپێکیی تیۆریی تێزی لیبراڵی بۆ فرەیی کرد، هەروەها شیکاری واقیعی فرەییمان لە ڕووی ڕێگوزەری کردارییەوە کرد، دوور لەو وێنە لە زەین چەسپاوە خەونئامێزەی کە لە لەدەرەوە بۆی کێشراوە. بۆ تەواوکردنی تێگەیشتنەکە، پێویستە ئاماژە بە ڕەگوڕیشەی وێناکراو بۆ دیدی فرەیی لیبراڵی بکەین. ئەو دیدە پشت بە سێ گریمانە لەمەڕ مرۆڤ و دانەیەکیش لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی دەبەستێت:

**یەکەم: مرۆڤ پارچەیەکە لە حەز و ئارەزوو بەپێی دیدی فرۆید** [١٨٥٦-١٩٣٩]

فەلسەفەی لیبرالّی وا بۆ مرۆڤ دەڕوانێت کە پارچەیەکە لە حەز و ئارەزوو، ئەمە لە نەستی ڕۆژئاوایی کولتووری و تاکەکەسیدا وەکوو یەك ڕەگی داکوتیوە. بۆیە گرفتەکە بریتی دەبێت لەوەی چێژ و خۆشی بۆ هەموو لایەك دەستەبەر بکرێت، هەر ئەوەش دەبێتە ئەرکی کۆمەڵگەیی و ئەولەویەتی سیاسی.

**دووەم: زیادکردن بەپێی دیدگایەکی سوودگەرایی**

بەپێی فەلسەفەی لیبرالّیزم، ئامانجی گەورەی تاکەکان بریتییە لە زیاکردنی حەز و ئارەزووەکانی و ئەوەی کە هیچ بەربەستێك لەنێوان هیچ تاکێك و بەدەستێنانی ئەوەی کە دەیەوێت یان حەزی لێیەتی، نەبێت.

**سێیەم، ئاساییپیشاندانی ململانێ بەپێی دیدی داروینیی** [داروین، ١٨٠٩-١٨٨٢]

ئەو دیدەی کە دەڵێت "مرۆڤ حەز و ئارەزووە"، ڕادەکات بەدوای خشتەیەکی فراوان لەو شتانەی کە حەزی لێ دەکات -لە ڕووی سامان و سێکس و دەسەڵاتەوە- و هەوڵ دەدات کە زۆرترین ڕێژەیان لێ بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی کە بەپێی ئەم دیدە، بوونەوەر وابەستە و ملکەچی یاسای دەگمەنی و کەمیی سامانە، ئەوا ململانێ لەنێوان خەڵکیدا شتێکی سروشتی و ئاساییە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە زاڵی و سەردەستەیی و سەروەریی ئەوەی کە خۆی دەسەپێنێت، شتێکی ئاساییە و تەنها ئەوەمان لەسەرە کە ڕێکوپێکی بکەین.

**چوارەم: تێخزاندن و کورتهەڵێنانی کۆمەڵگە لە تاکەکاندا**

تێزی لیبرالّیی باو، پێی وایە کە کۆمەڵگە جگە لە کۆی تاکەکانی، شتێکی تر نییە. بۆیە ئەو دیدانە ڕەت دەکاتەوە کە باس لە (بەرژەوەندیی کۆمەڵگە) دەکەن، چونکە بەرژەوەندی گشتی لای ئەوان شتێکی پڕوپووچە، بەرژەوەندیی دەشارێتەوە، ئەوەشی کە دەوترێت شتێك بە ناوی کۆمەڵگە هەیە، بەمادیکردنێکی

درۆزنانەیە بۆ شتێکی کە بوونی نییە، پاشان ڕەنگە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بە ڕووی خواستی تاکدا بوەستێت، بۆیە لەو کاتەدا پێویستە ڕەت بکرێتەوە.

**جیاوازییە گەورەکە ئەوەیە کە دیموکراسیی لیبراڵی، ڕەچاوی تایبەتمەندییە کولتوورییە ئیتنییەکان ناکات، بەڵکوو گرنگی بە ڕەچاوکردنی ئارەزووی کەسی دەدات و تەنانەت ئەگەر دەستدرێژییشی بۆ سەر کۆمەڵگە تێدا بێت، هەر قبوڵیەتی.** هۆکاری بوونی ئەم تایبەتمەندییە لە فرەیی لیبراڵیدا ئەوەیە، کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا بەکردەیی هاوبەشی سەرمایەدارییە —هەرچەندە بەشێکیشیان لە سەرمایەداری تووڕەن— سەمایەدارییش زۆر گرنگی بە بەبازاڕکردن بۆ زەوق و ئارەزووە جیاوازەکان دەدات.

شتێکی خۆشە لە کۆتاییدا ئەوە بیر بخەمەوە، کە فەیلەسووف (لۆك) [١٦٣٢-١٧٠٤]، یەکێك لە سونبولەکانی دیموکراسی و لیبراڵی سیاسی، گرنگی موڵك و سامانی تاکەکەسی بەرز دەکاتەوە و وەك درێژکراوەی خودی مرۆیی سەیری دەکات. بۆیە شتێکی سەیر نییە کە دەڵێت: دەوڵەت ناتوانێت هیچ شتێك ڕێك بخات، تەنها لەپێناو پاراستنی موڵك و ساماندا نەبێت. بە واتایەکی تر: فەلسەفەی لۆك لەمەڕ ئازادی، سەرمایەداری زۆر بەهێز دەکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سەرمایەداری تاك دوور دەخاتەوە. پێویست بوو باسی ئەمە بکەم، چونکە فەلسەفەی لۆك بە بنچینەی دیموکراسیی سەرمایەداری دادەنرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی کە ئەو ماف و پاراستنانەی لیبراڵیی تاکگەرا باسیان دەکات، لە ڕووی کردارییەوە لە واقیعی سەرمایەداریی ئەو کۆمەڵگانە جیا نابنەوە.

نامانەوێت لێرەدا لە بابەتەکەمان دەربچین، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین **کە ئەو ئاڕاستە لیبراڵییانەی بۆ نموونە بەرهەڵستی بەکاربردن دەکەن و گرنگی بە ژینگە دەدەن، بەدەست بۆشاییەکی پەیوەست بە چەمکەکانەوە دەناڵێنن، بۆیە**

**جگە لە خواستن لە ئایین و ئایینزا ڕۆحییەکانی تر، هیچ بژاردەیەکیان لە بەردەستدا نییە.**

لەم بارەیەوە، ئاماژە بەوە دەدەین کە هەندێك لە ڕۆژئاواییەکان بە ئایینی تر سەرسام بوون، بەتایبەتی بووزی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو بۆشاییە بەهاییەی کە ئاماژەمان پێ دا. بڵاوبوونەوەی وەرزشی یۆگاش، بەڵگەیەکی کردەیی ڕوونە لەسەر ئەمە. دەستبەسەراگرتنی وەرزشی یۆگا لەلایەن سەرمایەدارییەوە و گۆڕینی بۆ کاڵایەك کە قازانج بداتەوە، نموونەیەکی ڕوون و ئاسانە لەسەر تێوەگلانی لیبراڵیزم لەگەڵ سەرمایەداری، هەروەها گۆڕینی ئەنجامدانی یۆگا و یانەکانی بۆ کۆمەڵگەی دەستەبژێر، بەڵگەیەکی ترە لەسەر گرفتی مەیلی سوودگەرایی و ونبوونی بەها باڵاکان.

پاش ئەم خستنەڕووە کورتە بۆ سۆنگە هزرییەکانی فرەیی لیبراڵی، کە هەر ئەوانیش چوارچێوە بۆ کارەکان دەدەنێن و شێوازە تێگەیشتنێك دەسەپێنن... پاش ئەمە، قسەکردنمان لەسەر هەمەجۆری وەك جێگرەوەیەك بۆ فرەیی، گونجاو دەبێت. بەمەش تەنها بە ڕەخنەگرتن کۆتایی ناهێنین، بەڵکوو لەدوای ڕەخنەگرتن و هەڵوەشاندن، پێشنیاری نموونەیەکی جیاواز لەو دەکەین، کە پەیوەندییەکی بە مێژوو و سروشتی کولتوور و بنەما بڕاوەکانمانەوە هەیە.

### ٢. ڕەگوڕیشەی کولتووریی هەمەجۆری

کاتێك لە باسی تاکەوە دەگوازینەوە بۆ باسی کۆمەڵگە، هەروەها لە باسی لایەنی دەرەوە و ڕووخسار و ڕووکەشی کۆمەڵگە و کۆمەڵناسییەوە دەچینە نێو باسی قووڵایەکانییەوە، پێویستیی تێگەیشتن لە هەمەجۆری سەر هەڵدەدات، تێگەیشتنێك کە ڕەگوڕیشەی لە سیستمی کولتووریدا هەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەك بۆ جیاکردنەوەی لە فرەیی.

سەرەتا پێویستە بڵێین خودی زاراوەی کولتوور، تووشی کورتهەڵێنان و بچووککردنەوە بووە، بەتایبەت لە دیدگای ئەمەریکییەوە، کە تەنها لە ڕووکەش و شێوە و ڕەنگدانەوەکانیدا کورت هەڵێنراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە سێ بوارەوە گرنگیی پێ دەدرێت: گرنگیدانێکی کۆمەڵایەتی تەنها لە ڕووی خۆهەڵقورتاندن و لە ڕووی سەرگەرمی و کاتبەسەربردن و خۆشی دەربڕین، و گرنگیدانێکی ئابووریی پەیوەست بە بازاڕکردنەوە، لەپاڵ گرنگیدانێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی قەیران و ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی.

هەموو ئەم گرنگیدانانەش، جیاوازن لە گرنگیدانێك کە مەبەست لێی تێگەیشتن بێت. بە گوزارشتێکی دروستتر: مەبەست لێی (یەکترناسین – التعارف) بێت. لە خوارەوە باس لە ڕەهەندەکانی هەمەجۆریی کولتووری لەو قووڵاییە ویژدانییانەیەوە دەکەین، کە لەگەڵ گەوهەری مرۆڤدا ئاوێتە بوون، کە کولتوور و ئایین و زمان دەگرێتەوە.

مەبەستمان لە ڕەهەندی کولتووری، هەرسێ ڕووەکەی کولتوورە، کە بریتین لە بەها و نەریت و خووەکان، بەها لەگەڵ ئەوەی کە لە هەموویان شاراوەترە، بە کرۆکی کولتوور دادەنرێت. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا وا باوە جیهانی بەهاکان پشتگوێ دەخرێن، لەبەر ئەوەی کە زۆرێك لە خەڵکی شێوازی مامەڵەکردنیان لە ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا ناگاتە ئاستی بەهاکان، بەڵام لەبەر ئەوەی بەهاکان بە تەوەرێکی سەرەکیی کولتوور دادەنرێن، دواجار هەر ئەوان دەبن بەو پێوەرەی کە خەڵکی لە هەست و نەستیاندا شتەکانی پێ هەڵدەسەنگێنن.

هەروەها لە ئاڕاستەی لیبراڵیدا پاڵنەرێکی تر هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئامادەیی بەهاکان، ئەویش ئەوەیە کە ئامادەیی بەهاکان هێنانە ناوەوەی ڕەهەند و لایەنی ئایینی، وەکوو پێویستی دەهێنێتە ناو گۆڕەپانەکەوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئەوان لێی ڕادەکەن. **تێزی** لیبراڵی **بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە ڕووی هەموو ڕشتەیەکی**

**بەها و نەریت و خووەکاندا کراوەیە، بەڵام ئەوە بەتەنها کرانەوە نییە، بەڵکوو بیروباوەڕێکی نامەبەستگەرایە، واتە لە ڕاستییەکەیدا هەڵوێستێکی فەلسەفیی بەهاییە کە سیفەتی بژاردەکاریی (انتقائي) هەیە، واتە بە یەك چاو سەیری شتەکان ناکات.** تەنانەت ئەو سیستمە بژاردەکارییە کە بەکردەیی کراوەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی پێوەرێکی تاکگەرای چێژگەرای هەیە، هەروەك چۆن نەریت و ڕێسای خۆی هەیە.

ڕوونکردنەوەی بەهاکان، دەرگا بە ڕووی لێکتێگەیشتندا دەکاتەوە، چونکە بەهاکان پێوەرێکی جێگیر پێشکەش دەکەن، بە شێوەیەك کە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان. هەروەها لانی کەم، بەهاکان ڕووبەری ناکۆکی –ئەگەر هەبێت– دەردەخەن، تێگەیشتنیش لەو بابەتانەی جێی مشتومڕ و ناکۆکین، بۆ لێکتێگەیشتن گرنگە.

با نموونەیەك بهێنینەوە، چارەکێکی موسڵمانان لە وڵاتانێك دەژین کە تێیدا کەمینەن، ئەوە حاڵی نیوملیار موسڵمانە، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەشدا ئەو موسڵمانانە دانیشتووانی ڕەسەنن، نەك لە ڕێی شەپۆلی نوێی کۆچەوە لەوێ نیشتەجێ بووبن، خۆ ئەگەر ویستێکی ڕاستگۆیانە بۆ پێکەوەژیان هەبێت، هیچ شتێك لەوە گونجاوتر نییە کە جیهانی بەهاکان بهێنرێتە کایەوە، بۆ ئەوەی پێوەر ببێت بە بەڵگە و ڕێسا و بەسەر هەموو گرووپەکاندا جێبەجێ ببێت. خۆ ئەگەر باسی وڵاتی موسڵمانان بکەین، ئەوە ڕوونیی پێوەری بەهاکان سوودمان پێ دەگەیەنن، پێش ئەوەی لەسەر میکانیزمەکان ناکۆك بین، هەرچەندە پێویستە زۆر لە پێوەری بەهاکانیشدا ڕۆنەچین، چونکە هەر خۆی بەتەنها بەس نییە، بەتایبەت کاتێك کە باسەکە پەیوەندیدار بێت بە لایەنی سیاسی و دروستکردنی ڕێوشوێن و ڕێکاری کردارییەوە.

ئەگەر باسەکە بگوێزینەوە بۆ بواری نەریتەکان، وێنەکە ڕوونتر دەبێت، چونکە نەریتەکان بە دروست و نادروستیانەوە، ڕێسای ڕەفتارن. نەریتەکان وەکوو

نەخشەیەکی کۆمەڵایەتی وان، کە هەندێك جار لە ڕێگەی مومارەسەوە و لەسەر ئاستی نەست، لێکتێگەیشتنیان لەسەر کراوە. دەکرێت لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە ڕشتەیەك بۆ نەریتەکان هەبێت. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە دێرینەکاندا، ئایین کارگەی داڕشتنی نەریتەکان بووە، لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا ئەو کارگەیە گواستراوەتەوە بۆ کار و کاردانەوەی بازاڕ و بەکاربردن. مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئامادەیی جیاوازیی نێوان نەریتەکان، یارمەتیدەرە بۆ پێکەوەژیانی هاوبەش، بە شێوازێك کە لێکتێگەیشتن، نەك تەنها ئارامگرتن لەسەر یەکتری، باڵی بەسەردا کێشابێت.

هەرچی خووەکانیشە، لەگەڵ ئەوەی کە لە ناوەڕۆکە بەهایی و ئەخلاقییەکانەوە دوورن، هەستی گشتی لەبارەیانەوە وا جێگیر بووە کە لەبارەیانەوە جیاوازی هەبێت، لەو بارەیەوە ئاستی ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کەمترە، زیاتر پەیوەستە بە ڕووکەشی خووەکانەوە، بە شێوەیەك کە زیان بە ناوەڕۆك بگەیەنێت.

**دیدگای هەمەجۆری –لەبەر ئەوەی کە شەریعەتی کردووە بە مەرجەع بۆ بڕیاردان لەوەی کە چی ئەخلاقییە و چی نائەخلاقییە– پاڵنەرە بۆ قبوڵکردنی خووەکانی ئەوی دی، ئەگەر ئەو خووانە دروست بن، چونکە پێوەرەکە تایبەت نییە بە هیچ گرووپ و نەتەوەیەکەوە.**

هەرچەندە ئێمە بە باسی کولتوور دەستمان پێ کرد و باسی ئایینمان دوا خست، بەڵام بەزۆری ئایین، لەپاڵ تێزگەلێکی فەلسەفیدا، سەرچاوەی بەهاکانە. داننان بە جیاوازیی ئایینی، تەوەرێکی سەرەکییە، لێرەدا بانگەشەی قبوڵکردنی کراوەی بێمەرجی بەڵگەنەویست (المسلّمات) و بنەما ئایینییەکانی ئەوانی تر سوودی نییە، پێویستیشە، بۆ دۆزینەوەی ڕووبەرە هاوبەشەکان و چۆنێتیی چارەسەری هەڵوێستە ئایینییە جیاوازەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاشکاوانە هەبێت.

ئاڕاستەی پراگماتی، بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە قسە لەسەر ئایین نەکرێت، چونکە ئەوە سەرچاوەیەکی بەریەککەوتنە، بەڵام لێرەدا ڕەخنەگرتنی (پارێزگارانە) لە شوێنی خۆیدایە، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی گرفت، بە هۆی تێکەڵبوونی بانگەشەکانی لەگەڵ نەژاد و چینی کۆمەڵایەتیی ئابووری. کاتێکیش باسی ئایین دەکەین، تەنها ئەوە بەلامانەوە گرنگ نییە قسە لەسەر سرووتەکان و ڕێگەدان بە پێڕەویکردنیان بکرێت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە وەك (دیدگایەکی جیهانی) سەیری ئایین بکرێت، واتە ئایین دیدگایەکی گشتگیرە، وێناکردنیشی لە چوارچێوەی لێکتێگەیشتن و هەمەجۆریدا، ئەم ڕەنگدانەوانەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت:

(١) ڕەفتار و ئاڕاستەکانی دیاری بکات،

(٢) ئارامش و سوپاسگوزاری ببەخشێت،

(٣) ببێتە پاڵنەری کار و چوارچێوەی بۆ دیاری بکات،

(٤) کاریگەری لەسەر شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ژیان دروست بکات،

(٥) پێوەرێك بۆ بڕیادان و هەڵسەنگاندن دروست بکات.

لەبەر ئەوەی ئایین بە دەرهاویشتە و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی، هەموو ئەو پانتاییە فراوانە دەگرێتەوە، پێویستە لە کاتی قسەکردن لەسەر هەمەجۆری، ئایین بە شێوازێك بەهەند وەربگیرێت، کە پرسەکانی پەیوەست بە سرووتەکان و ئازادییە ئایینییەکان تێبپەڕێنێت، وەك ئەوەی کە لە سیستەمە پراگماتییەکاندا باوە.

بەمەرجگرتنی توانای پیادەکردنی سرووتە ئایینییەکان شتێکی گرنگە، چونکە پەیوەستە بە دینداری و جموجووڵی کردارەکیی ئایینەوە، بەڵام پێویستییەکانی دینداری زۆر لەوە فراوانترن و پەیوەستن بە شووناسی ئینتیمایەکی قووڵ، کە بوارەکانی بەکارهێنانەکانی ژیان تێدەپەڕێنێت و ژیان ئاوێتەی کەشێك دەکات کە سنووری مادده و جیهانی ڕاستەوخۆ تێدەپەڕێنێت. بۆیە **پێویستە ڕەهەندە**

**ئایینییەکان لەسەر سەکۆی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دابنرێت، چونکە ئەو ڕەهەندانە بنچینەی لێکگەیشتن و یەکترناسینن.** لە دوو لایەنەوە بنچینەن: لایەنی تێگەیشتن لە سەرچاوە ئاڕاستەکەرە قووڵەکانی ئەوی تر و لایەنی کردنەوەی دیدی یەکترناسین، کە هەموو ڕشتەیەکی ئایینی پێشکەشی دەکات.

ڕەنگە پێکدادان لەنێوان دیدگا ئایینییەکاندا ڕوو بدات، بەڵام ئەو پێکدادانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ نەهێشتنی شتە بێکەڵکەکان و بەڵگەهێنانەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووکردنەوەی تێژە ئایینییەکانیش سەکۆیەکی لێکتێگەیشتن بۆ گەیشتن بە خاڵە هاوبەشکان و وشەی یەکتاپەرستی دروست بکات.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە ڕەهەندی زمان دەکەین، کە بنچینەیەکی هەمەجۆریی مرۆییە، گرنگیی زمان سنووری ئەو سوودە ڕاستەوخۆیە تێدەپەڕێنێت، کە بریتییە لە توانای پەیوەندیکردن، چونکە پەیوەستە بە دوو شتی سەرەکییەوە:

**یەکەم:** بریتییە لەوەی زمان گەنجینەی یادەوەری کۆمەڵگەییە، بۆیە بێبەشبوونی گرووپە کولتوورییەکان لە زمان، بووەتە هۆی دابڕان لە مێژووەکەیان و بووەتە تاشەبەردێکی ڕەق کە نە ئاو لەخۆ بگرێت و نە هیچیشی تێدا بڕوێت.

**دووەم:** بریتییە لەوەی کە پەیوەندییەك لەنێوان زمان و شێوازی بیرکردنەوەدا هەیە، چونکە کاتێك مرۆڤ بیر دەکاتەوە، زمانی بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵدەسووڕێنێت، کە تەنها لە سنووری وشە و زاراوەکاندا کۆتایی نایەت، بەڵکوو دەچێتە سنووری تۆڕی ئەو لکاوە چەمکگەراییانەی کە زمان فەراهەمیان دەکات، یان دەبێتە پاڵنەریان. هەر بۆیە خوێندن بە زمانی نەتەوە، فاکتەرێکی گرنگی داهێنان بووە. لە لایەکی تریشەوە، **فرەیی زمان لە یەك کۆمەڵگەدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەهەندگەلێکی جوان و ئاسۆگەلێکی ویژدانی.**

لەبەر ئەوەی باسەکەمان لەسەر وڵاتانی عەرەبییە، پێویستە بەتایبەتی باسی زمانی عەرەبی بکەین لە ڕووی پەیوەستبوونی بە سەرچاوەی ڕەهای ئیسلامەوە.

بۆیە پەراوێزخستنی زمانی عەرەبی، لە ڕوویەکەوە پەراوێزخستنی خودی ئایینی ئیسلامە و لە ڕوویەکی تریشەوە پەراوێزخستنی قسەپێکەرانیەتی، چونکە جگە لەو ڕایەڵەیە، ڕایەڵەیەکی تریان نییە.

هەروەها لە لایەکەوە، بەبێ زمان ناتوانرێت پێناسەی ئەو کەسە بکەین کە عەرەبە، لە لایەکی تریشەوە خودی عەرەبایەتی قەفەزی نەتەوەگەریی تێپەڕاندووە (جگە لەوانەی کە سوورن لەسەر گەڕانەوە بۆی)، چونکە پەیوەستە بە شتێکەوە کە لەو گرنگتر و قووڵترە و گەنجینەیەکی بەهایی هەیە و جیهانییە (قورئان)... ئەو پەیوەستییە، ڕایەڵەی زمانی عەرەبی دەکاتە ڕایەڵەیەکی کراوە بۆ هەرکەسێك کە چووە نێو بنچینەکانی تێگەیشتنی پەیامی ئیسلامی بە تێگەیشتنێکی ڕەسەنانە، نەك تێگەیشتنێکی ناتەندروست و نەشیاو هەڵبژێرێت. هەر ئەوەش ڕشتەی مێژوویی ژیارەکەمان بوو، کاتێك زمانی قورئان بوو بە زمانی ئەم ژیارە، بەشداریی ناعەرەبەکانیش لە زمانی عەرەبی و قوڵکردنەوەیدا، بەشدارییەکی ڕیشەییە. لە کاتێکدا کە دان بەمەدا دەنێین، پێویستە جەختیش لەوە بکەینەوە کە فرەیی زمان، یەکێکە لە بەڵگە و نیشانەکانی دەسەڵاتی خودا، سەرەکیبوونی عەرەبیش، واتای سڕینەوەی زمانەکانی تر یان بە سووك سەیرکردنیان نییە.

لێرەدا ئاماژە بەوەش دەکەین کە لەڕێڕەوی ژیاریماندا، زمانی گرووپە جیاوازە موسڵمانەکان، بوون بە گەنجینەیەکی بەهایی سەربار بۆ بەهاکانی ئیسلام و چەمکەکانی و ڕەنگدانەوەیان لە بوارەکانی ژیاندا، کە تێیدا بەرهەمێکی کولتووریی زۆرروزەبەند کەڵەکە بووە، کە یەکێکە لە مەرجە کردەییەکانی جیهانیبوونی ئیسلام.

### ٣. هەمەڕەنگی لەبەرانبەر فرەییدا

زۆر وتنەوەی وشەی فرەیی، بەبێ وردبوونەوە لە واتا کۆمەڵایەتییەکەی لە میانە ڕۆژئاواییەکەیدا، دروست نییە. لە بەرانبەردا، وەك بەشێك لە ڕشتەی ژیاری ئیسلامی، ئاماژە بە هەمەجۆری دەکەین. فرەیی مۆدێرنەیی لیبراڵی، بە سیستمی سەرمایەدارییەوە

بەستراوە. ئەو سیستمەش پێویستی بە کۆچی بەردەوام هەیە، بۆ ئەوەی تاکەکانی لە ستاف کرێکاراندا بدرۆزێتەوە و جێیان بکاتەوە و ببن بە بەشێکی بەرخۆری کۆمەڵگە، لێرەدا پێویستیی ئەو سیسستمە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریگەلێك دەردەکەوێت، کە لەگەڵ خواست و حەزی ئەواندا بگونجێت. بۆیە ئەمە پێش هەموو شتێك، فرەییەکی بازاڕییە، فرەییەك کە پەرۆشی فەلسەفەی ئەوی تر و دیدگا کولتوورییەکەی و زمان و ئایینەکەی نییە و لە خەمیدا نییە، هەرچەندە زۆر گرنگی بە ڕووکەشە کولتوورییە نوێیەکان دەدات و پەرۆشیانە و لە خەمیاندایە.

لۆجیکی سەرمایەداری سەیری بەهای خودیی بەرهەمی کولتووریی ناکات، بەڵکوو وەك کالایەك سەیری دەکات، کە دەتوانێت بەبازاڕی بکات و بیکاتە کەرنەڤالێك کە ئەڵقەیەکی نوێ بۆ شانۆی ژیان زیاد بکات کە دڵڕفێن بێت و سەرنجی ڕابکێشێت و بگاتە ئەو گیرفانانەی کە ئامادەی کڕینی ڕەنگی نوێی ئەڵقەکانن. تەنانەت لە هەندێك لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، منداڵانی ئیتنییە جیاوازەکان لە قوتابخانەدا هان دەدرێن کە لە ڕۆژێکی تایبەتدا جلوبەرگی کولتووریی خۆیان بپۆشن و هەموو لایەکیش چەپڵەڕێزانیان دەکەن، شانۆی ئاهەنگەکەش نمایشی فرەیی دەکات.

**وردبوونەوە لە کرۆکی ئەم میانەیەی فرەیی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە فرەییەکە کە پۆشاکی قبوڵە و ڕۆح دەدرێت، وات لێ دەکات وا بزانیت کە هەموو جیاوازییەکی قبوڵە و بەزۆر وات لێ دەکات ڕۆتینی و مۆدەگەرا و ڕووکەشی بیت، هەروەها بەتەواوی لەوی دی تێگەیشتووە، بەڵام بەخێرایی ئامۆژگاریی دەکات واز لە گێلێتییەکەی بهێنێت و بێتە ڕیزەوە.** دروست ئا ئەمە دووڕووی فرەییە: ڕووکەشگەرییەکی لە ئەندازەبەدەر لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە خەڵکی بە دڵخۆشی و چالاکییەوە، بەبێ بەرانبەر ڕووی تێ دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ڕووکەشییە

سنووری قبوڵکردنی ڕووکاری دەرەوە تێناپەڕێنێت و مامەڵە لەگەڵ جیهانی بەهاکان ناکات. بەڕاستی ئەوە بۆ گەشتیار فرەییەکی خۆشە، نەك بۆ مەلەوان.

لەگەڵ ئەوەی فرەییەکی ڕووکەشییە، لەگەڵیدا فرەییەکی دروستکراویشە، چونکە ڕشتەی کولتووری —و تەنانەت ئایینییش— لەگەڵ خواستی سەرمایەداریدا تێك چووە و سەری لێ شێواوە و لەنێو چوارچێوەی لیبراڵیی ڕێژەیی بەهاکاندا لەقاڵ بدراوە و لەگەڵ بیروباوەڕی بونگەراییدا ئاوێتە بووە، بەمەش بووە بە تێکەڵەیەك کە دوو سیفەتی هەبێت، دوو سیفەت کە فرەییە سروشتییەکەی بوونەوەر دەخۆن:

(١) ئەو فرەییە سروشتییە تێك دەدات، کە لە ئایین و زمان و ڕەگەز (جیاوازیی سروشتیی نێوان نێر و مێ)دا بەرجەستە دەبێت.

(٢) لەبەرانبەردا چەند فرەییەکی دەستکردی نوێی تر دێنێتە کایەوە، وەك نێربازی و ڕەگەز گۆڕین.

**بەڵام هەمەجۆری، لە لایەکەوە هەوڵ دەدات بەشێکی فراوانی لایەنەکانی بوونی مرۆیی لەخۆ بگرێت، لە لایەکی تریشەوە، لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، لە تاکەوە بۆ کۆمەڵە و بۆ کۆمەڵگەی گەورە.** لێرەدا با بەکورتی هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی هەمەجۆری بخەینە ڕوو:

– دان بە جیاوازیدا دەنێت و بانگەشەی نەبوونی جیاوازی ناکات، دانپێدانانیش گوزارشتی قووڵە لە مامەڵەی جددی.

– جیاوازییەکان تەنها لەسەر ئەو ئاستە ڕواڵەتییە دەرەکییەدا کورت هەڵناهێنێت، کە تەنها جەخت لە بواری ئەداکردنی ژیان دەکاتەوە.

– هەموو لایەنەکانی بواری کولتووری دەگرێتەوە، هەر لە ئاستی بەهاکانەوە تا ئاستی دابەزاندنی خوو و نەریتەکان بۆ واقیعی ژیان.

– هەڵوێست لە پێوەری ئەخلاقی جیا ناکاتەوە، بە جەختخستنەسەر ناوەرۆك نەك ڕووکەش، بە پێودانگێکی باڵا، نەك پراگماتی.

– پشت بە کەلەپوورێکی بەهایی مرۆیی و ئایینەکانیان دەبەستێت، لەبەر ئەوەی پێودانگەکەی ئەخلاقییە.

– ئەم ڕشتەیە شانازی بە کەلەپووری بەها مرۆییەکان و حیکمەتەکانیەوە دەکات، بۆیە ڕەوایەتییەکی هەیە کە مافی هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی و ڕێگریکردن لە نەزانی و لادان و چارەسەرکردنی بە باشترین ڕێگە دەداتێ، بە ئامادەکردنی ویستی نەریتی و دوورخستنەوەی دامودەزگا زۆرەملێییەکانی دەوڵەت.

لێکەوتە کردەییەکانی ڕشتەی هەمەجۆری، لەوانەی ڕشتەی فرەیی جیاوازن. لە ڕشتەی هەمەجۆریدا، قبوڵکردنی هەر شتێك تەنها لەبەر ئەوەی کە خواستێکی تاکەکەسییە یان حەزێکی سەرپێیی کۆمەڵەکەسێکی شاز لە کۆمەڵگەدا، بە داهێنانێکی نوێ لە ڕەفتار یان جلوبەرگ یان هەر شتێکی دی بۆ ماوەیەکی کەم، دروست نییە. هەروەك چۆن ئەم ڕشتەیە بەتاسەوە نییە بۆ پێشوازیکردن لەو شتە نوێیانەی کە بەخێرایی و لەناکاو دێنە کۆمەڵگەوە، تەنها لەبەر ئەوەی لە بوونی کۆمەڵایەتیدا سەریان هەڵداوە. لەمەدا لەگەڵ پێوەرە پراگماتییەکەدا جیاوازە، کە دەکرێت هەر شتێك هەبێت بەئاسانی و بەنەزانی لەسەر ئاستی فەلسەفی و بەپاشاگەردانی لەسەر ئاستی گوزەران و ژیانی کردەیی، تێبپەڕێنرێت.

لێرەدا خۆمان بە وەڵامدانەوەی شێوازەکانی زۆرلێکردنی نەزانانەوە سەرقاڵ ناکەین، کە لە خەیاڵی هەندێك تێزی ئایینیی بەرتەسکدا هەیە، هەروەها گرنگی بە بەکارهێنانی سیاسییانەی ئەو تێزانەش نادەین، کە لەلایەن هەندێك سیستمی سیاسییەوە بەدرۆوە ناوی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەیان لێ دەنرێت.

**خەمی ئێمە لێرەدا بریتییە لە ڕزگارکردنی ڕشتەی هەمەجۆری کە ژیارەکەمانی پێ جوان بووە، لەبەر ئەوەی ئەوی دی بە پێکهاتەیەکی کولتووری دانراوە کە خاوەن گیانە، ڕەچاوکردنی دەبێتە شتێکی پێویست، گیانیش لە باوەشێکی گەرمدا نەبێت ناژی، ئەو باوەشەش بریتییە لە تیرە و هۆز، بە مێژوو و بەها و زمانەوە.**

ئەوە دیدێکی پێکهاتەگەرایییە بۆ کۆمەڵە مرۆییەکان، کە نە تەنها لە تاکەکاندا کورتی دەکاتەوە، نە لە پێداویستییە ماددییەکانیشدا. دیدگای هەمەڕەنگی، ڕەچاوی جیاوازیی کولتووری هەر لە سەرەوەی لە ئاستە ئەبستراکتییەکە تا ئاستە کردەییەکەی، دەکات. نموونەی ئەم ڕێسایەیە کە دەتوانێت بنچینەی ئاشتی و پێکەوەژیان لە قووڵاییدا دابڕێژێت، نەك پێکەوەژیانێك کە بریتیبێت لە پێکەوەژیانی تەحەممولکردنێکی نائارام و بێزارانە، کە هەر کاتێك تاقەت و ئارەزوو نەبوو، یان بەرژەوەندییەکان جیاواز بوون، ئەویش بتەقێتەوە. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ڕشتەی هەمەجۆریی —لە کۆتاییدا و بە شێوەیەکی سروشتی– پێداویستییە ماددییەکان، بە شێوەیەکی دڵنیاتر لە ڕشتەی فرەیی ڕەچاو دەکات.

**خشتەی: فاکتەرەکانی بەیەکگەیشتن و کۆك بوون یان جیاوازی و ناکۆکبوون لە هەمەجۆریدا**

| **سروشتی هەمەجۆری** | **سەکۆی بەیەکگەیشتن و کۆکبوون** | **فاکتەرەکانی جیاوازی و ناکۆکبوون** |
|---|---|---|
| ئایینی | بواری ئەخلاق | گوتاری ئایینی بەرتەسك، یان کورتبین و کورتهەڵهێنەر |
| نەتەوەیی | تێزی مرۆیی سنووربڕ | مەزنکردنی خود بە هۆی خاکەوە |
| زمانی | دەوڵەمەندکردنی کولتووری | ڕەتکردنەوەی چاکسازیی قورئانی |
| میللی (ئیتنی) | هەمەڕەنگرکردنی ژیان | خولانەوە بەدەوری خووەکاندا و بەسەنتەرکردنیان |

# پوختە

فرەیی بەپێی دیدگای لیبراڵیی ڕۆژئاوایی، لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و کرداری، گرفتی هەیە. بەشەکانی پێشوو ئەو تەنگوچەڵەمەیەیان ڕوون کردەوە کە دیدگای فرەیی تێی کەوتووە، لە باسنەکردنی چەمکی کۆمەڵ (الجماعة)، وەك کیانێکی ڕاوەستاو لەسەر پێی خۆی، لە بەرژەوەندیی تاکێك کە بەسەنتەر کراوە. هەروەها ئەوەمان ڕوون کردەوە، کە ڕەهەندە کولتوورییەکان شاراونەتەوە و تەنها باسی ئاستێکی نزمیان کراوە، لە خووەکان و فۆلکلۆر. هەروەها ئەوەشمان ڕوون کردەوە کە قسەکردن لە ئەخلاق و بەهاکان لە چەمکی فرەییدا، شتێکی ناپەسەندە. هەروەها لەم بەشەدا، بەدواداچوونمان بۆ کەموکووڕییەکانی فرەیی لەسەر ئاستی تیۆرییش کرد، نەك هەر لەسەر ئاستی کرداری، هەروەها تایبەتمەندیی دیدێکی جێگرەوەی فراوانتر و قووڵتر و گشتگیرترمان بۆ پێکهاتەی مرۆیی پێشکەش کرد.

## بەشی شەشەم: دەوڵەتی یاسا و پێکهاتەی کۆمەڵگە

بەرزکردنەوەی درووشمی دەوڵەتی یاسا، لەو پێچە گەیەنەرە دەچێت کە بە هۆی بەپەلەیی و فریاگوزارمەندیی دۆخەکەوە، لە دڕکەپەتکەوە دەردەچێت و پێویست ناکات سەر بکەوێت بۆ دەماغ و ملکەچی پرۆسەی بیرکردنەوەشە.

بە سەیرکردنێکی خێرای دۆخی وڵاتەکانمان، هەردوو دیاردەی گەندەڵی و پاشاگەردانیمان بەرچاو دەکەوێت، لە بەرانبەردا دەبینین لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، یەکەم شتێك کە سەرنج ڕادەکێشێت ڕێکوپێکی و سیستمە، بۆیە ڕاستەوخۆ دەڵێین دەوڵەتی یاسامان دەوێت، چونکە هەر ئەوە سەرچاوەی بەختەوەری و سەرەتای هەستانەوەمان.

کۆمەڵناسیی مێژوو ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە هەموو نەتەوەکان، بە گەورە و بچووکیانەوە، دامەزراوەی یاسایان هەبووە کە لە هۆز و کۆمەڵگە مرۆییە بچووکەکاندا بەشێوەیەکی سادە خۆی نواندووە، بەڵام لە سەردەمی حامورابییەوە لەپێش نزیکەی دوو سەدەوە، تا فارسی دێرین و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییش، لە هەموو ژیارەکاندا دامەزراوەی یاسا ئاڵۆز بووە و پلەبەندیی تێدا بووە. سیستمەکانیش لە توندیی یاساڕێژی و فراوانیی بواری ڕێکارەکانیاندا جیاواز بوون. بۆ نموونە، ژیاری چینی، ژیارێکی مەزنە و زۆرێك لەو داهێنانەی بۆ دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی تەلاری ژیاری جیهانییان لەسەر بنیات نراوە، بەڵام بە توندیی یاساکانی ناوبانگی دەرنەکردووە.

ئەم بەشە بەکورتی گفتوگۆ لەسەر پێگەی یاسا لە ژیاندا و ڕۆڵی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا دەکات، بە جەخت خستنە سەر ئەم ڕەهەندانەی کە دێن:

(١) ئاستی کارایی و ئینسافیی یاساکە،

(٢) ئاڕاستەی بەلای تاکدایە یان کۆمەڵ،

(٣) گرتنی جێگەی دروستی خۆی، واتە سنووری ڕایەڵە سەرەتاییەکان و بواری کۆمەڵایەتیی سروشتی نەبەزێنێت،

(٤) دیدێکی پێشنیارکراو بۆ ڕەچاوکردنی هەمەجۆری.

## ١. ئاستی یاساڕێژی

لەبەر ئەوەی بابەتەکە ئاڵۆزە، پێم باش بوو لە سەرەتاوە چەند گرفتێکی کردارەکیی یاسا بخەمە ڕوو، خۆ ئەگەر بەتەنها باس بکرێت، لەبریی ئەوەی بابەتەکە ڕێك بخات، تێکی دەدات. هەروەها ئەمە خاڵی دەستپێك نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکیەتی، هەروەها مەرج نییە هەر کۆمەڵگەیەك یاسای هەبوو، بەختەوەر بێت. گفتوگۆی هەموو ئەمانە لە میانەی باسی کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا دەکەم، لەگەڵ ئاماژەیەك بە سیستمە عەرەبییەکان. بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن، بۆ هەر یەکێکیشیان نموونەیەکی کورت دەهێنمەوە.

١- یاسا لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا هاوشان نییە، ئەو کۆمەڵگانەی کە بە چینایەتی و پلەبەندی دەناسرێنەوە، پلەیەکی باڵاتری یاساڕێژی دەردەخەن. بۆ نموونە نەتەوەکانی ئەورووپا و بەتایبەت ئەوانەی کە هەڵگری کەلەپووری ڕۆمانین، توندیی یاساڕێژی و جیاکاری و پلەبەندیی کۆمەڵایەتییشیان پێکەوە بەخۆوە بینیوە.

٢- جاری وا هەیە یاسا لە کاتی جێبەجێکردندا، بە هۆی خودی ڕێکارە یاساییەکانەوە، یان بە هۆی ئەو پێگەیەی کە کۆمەڵە کەسێك هەیانە، لایەنگیری

دەكات. بۆ نموونە: ئەگەر كەسێك لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ماددەی هۆشبەری (كراك)ی پێ بگیرێت، ڕەنگە ببێتە هۆی سزایەك كە یەكسان بێت بە سزادانی كەسێك كە (١٠٠) هێندەی لە هۆشبەری (كۆكین)ی پێ بگیرێت، چونكە یەكەمیان بەكارهێنانی لەنێو ڕەشپێستەكاندا و دووەمیان لەنێو سپیپێستەكاندا باوە.

٣- بوونی یاسا، واتای ئەوە نییە كە لە واقیعدا یەكسانی لە بەردەمیدا هەیە، بەگشتی هەژاران ڕێگەیەك نادۆزنەوە بۆ هانابردن لە ڕێگەی یاساوە، كاتێكیش پەنای بۆ دەبەن، لە كەسانی خاوەن پێگە و دەسەڵات لە بەدەستهێنانی مافەكانیان كەمتر سەركەوتوو دەبن. نموونە لەسەر ئەمە لە هەموو دەوڵەتاندا، بە دیموكراسی و نادیموكراسییەوە، زۆرە، هێندە بەسە ئاماژە بە گرانیی تێچووی داوا بەرزكردنەوە بكەین.

٤- یاسا سزای تاكەكان لە سزای ڕێكخراوەكان زیاتر دەكات -جا فەرمی بن یان قازانجویست-، ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە كاریگەریی دووەمیان زۆر زیاترە. بۆ نموونە: دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت بەبەردەوامی، دەبێتە هۆی كارەساتی ژینگەیی، بەڵام كۆمپانیاكانی، یان خۆیان لە سزاكەی قوتار دەكەن، یان غرامەیەكی

زۆر کەم دەکرێن (تەنانەت کاتێك کە هۆکارەکەش سەرخۆشیی قبتانی کەشتییە بارهەڵگرەکە بوو بێت، وەك ڕووداوەکەی ڤاڵدیز[1])، بە هەموو لێکەوتەکانیەوە.

٥- کاتێك نەریتەکان ون دەبن و کەم دەبنەوە، کۆمەڵگە پەنا بۆ یاسا دەبات، بۆیە ئەو پرسەی کە جێی ناکۆکییە، زیاتر قورس دەبێت، لەبەر نەبوونی میکانیزمی کۆمەکیکەری خودی و سروشتی، نموونەی دیاریش لەمەدا بریتییە لە داوەریگرتن لە تەڵاقدا لە کولتووری ڕۆژئاواییدا، وەك دەوترێت مندال یەکەم قوربانیی پەنابردنە بۆ یاسا لەو پرسەدا.

٦- زۆریی یاسارێژی و بەیاساکردن، واتە هەڵاوسانی بیرۆکراسیەت، هەر ئەمەشە خەڵکی تەنگەتاو دەکات و هەستی نامۆبوونیان لا دروست دەکات.

---

(١) کارەساتی کەشتیی نەوتهەڵگر (ئیکسۆن ڤاڵدین): کارەساتێکی ژینگەیی بێپێشینەیە لە مێژوودا لە بواری دزەکردنی نەوت لە بارهەڵگرە زەبەلاحەکانەوە، کە شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر سامانی ماسی و شیردەر و باڵندەکان جێ هێشت، ئەمە وێڕای کاریگەریی خراپی لەسەر دانیشتووانی ناوچەی ڕووداوەکە. ئەو ڕووداوە لە (٢٤ی مارسی ١٩٨٩) لە ئالاسکا، لە وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووی دا، تێیدا (٣٦٠٠٠) تەن نەوت ڕژایە ناو ئاوەوە. لە ڕۆژی سێیەمی ڕووداوەکەشدا، بایەك بە خێرایی (١٠٠کلم) لە کاتژمێرێکدا هەڵیکرد، کۆنترۆڵکردنی نەوتەکەی کرد بە کارێکی نیمچەمەحاڵ. ئەمە لە کاتێکدا کە لەو شوێنەدا پتر لە (١٠) ملیۆن باڵندەی دەریایی و پتر لە (٣٠٠٠٠) ڕێویی دەریایی و (٥٠٠٠) باز دەژیا، لە ماوەی مانگی سێ تا مانگی نۆی ئەو ساڵە، ڕووداوەکە بووە هۆی تیاچوونی نزیکەی (٣٦٠٠٠) باڵندە و (١٠٠٠) ڕێوی و (١٥٣) باز، ئەمە وێڕای زیانی زۆری بە ڕووەکی ناوچەکە. پاککردنەوەی شوێنەکە، نزیکەی دوو ملیار دۆلاری تێچوو، ئەمە لە کاتێکدا کە کەشتییە نەوتهەڵگرەکە "ئیکسۆن ڤاڵدیز" لە ڕێڕەوی خۆی لای داوە، ئەمەش وای کردووە کە بکەوێتە شوێنێکەوە کە بۆ کەشتیوانیکردنی کەشتییەکی وا زەبەلاح نەشێت و ئەو ڕووداوەی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بنی کەشتییەکە لەکەناری زەریا لە گەرووی میر "ولیام" لە زەوی بدات، هۆکارەکەش قبتانی کەشتییەکە "جۆزیف هیزلوود" بوو، بە هۆی ئەوەی کە داوای لێ کراوە ڕەوتەکەی بگۆڕێت، لە ئەنجامدا ئەو کارەساتە گەورەیەی لێکەوتووەتەوە. (وەرگێڕ)

ئەم حەوت خاڵە، گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەو مشتومڕە گەورەیەن کە لەنێوان تیۆر داڕێژەرانی یاسادا هەیە. لە ئەزموونی مرۆییەوە بۆمان ڕوون بۆتەوە کە ناتوانین بەبێ یاسا هەڵبکەین، بەڵام گرفتی بێچارەسەری بزاوتی یاسا لە کۆمەڵگەدا، بریتییە لە زانینی ئەو ئاستە دروستەی کە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، پێویستیەتی، هەروەها ئەو ڕێگە گونجاوەی کە بۆ جێکردنەوە و جێبەجێکردنی لە کۆمەڵگەدا هەیەتی.

## ٢. ئینساف لەگەڵ تاك یان کۆمەڵگە؟

لەو ئاڵینگارەی کە ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە، بریتییە لە ئاستی مەیلی یاساکە بەلای تاك یان کۆمەڵگەدا. ئەوە ڕاستە کە ئینسافکردن لەگەڵ یەکێکیاندا، جۆرێك لە ئینسافی بەرانبەر ئەوەی تریانی تێدایە، بەڵام لە بواری کرداریدا هەمیشە وا نابێت، بەتایبەت لەم سێ بارەی کە دێن:

(١) بوونی ستەمێکی پێشوو کە ڕووی داوە و لە ژیاندا جێگیر بووە، نموونەکەشی بریتییە سپیپێست و پێست ڕەنگ جۆراوجۆرەکان لە باشووری ئەفەریقا، یان ڕەشپێستەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

(٢) یان بوونی ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان دوو گرووپی کۆمەڵگەدا، بە هۆی جیاوازیی گەورەی نێوانیان، بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکاری ئەو جیاوازییە، نموونەش لەم بارەیەوە زۆرە، بەتایبەتییش ئاماژە بە کۆمەڵەی خەڵکی مالایۆی ڕەسەن دەکەین، بەراورد بەو چینی و هیندییانەی کە لە ماوەی داگیرکاریی ئینگلیزدا لەوێ نیشتەجێ بوون.

(٣) تێپەڕاندنی سنووری سوودی گشتی لە پرسە جێناکۆکەکان و بوونی دوو دیدی جیاواز بۆ ژیان.

شیکردنەوەی باری ڕەشپێستە ئەفەریقییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسوودە، چونکە هەر ئەو بارودۆخە بوو بووە هۆی لەدایکبوونی زۆرینەی چەمکە نوێیەکان لەمەڕ پارێزگاریی یاسایی لە دژی جیاکاری. ئەوەی تووشی شۆکمان دەکات، ئەوەیە کە ئەوەی تالآوی چەشت و دواتر هەوڵی دا و لەپێناو هێنانەکایەی ئەو چەمکانەدا بەنرخترین بەهای بەخشی، تا ئێستاش لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەیە و دەچەوسێنرێتەوە.

بەڵێ، هەندێکیان گەیشتنە پۆستگەلێکی گرنگ و لەنێو ئەو ئەفەریقییە ئەمەریکییانەدا چینێکی ناوەندیش هەیە، بەڵام نزیکەی سێیەکی کۆمەڵگەکەیان لە چینێکدا گیری خواردووە کە بە چینی "خواری خوارەوە" ناوزەند دەکرێت، بەو واتایەی کە هیوایەك بۆ ڕزگارکردنی لەو دۆخە نییە. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەوانەی لە قەدەری ئەم کۆمەڵە ڕزگاریان بووە، هۆکارەکەی یارمەتیی زۆری گۆڕان بووە لە بیرۆکەی جیاکارینەکردنی تاکەکەسییەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە بە "جیاکاریکردنی پۆزەتیڤانە" ناو دەبرێت، ئەویش بە پێدانی هەلێکی زیاتر بە کەمینەکان.

لێرەدا ئاگایی لەوە دەدەین، کە ئەمەش هەر لە چوارچێوەی پەرەسەندنی ئەو چارەسەرە لیبراڵییانە بوو کە دوور کەوتنەوە لە جەخت خستنە سەر تاك و "بژاردەی دەستپێگەیشتن" (واتە داخوازی یەکسانیی هەلی دەستگەیشتن و چوونەناو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەوە)، یاخود ئەوەی بە "دەرفەتی یەکسان – Equal Opportunity" ناو دەبرێت، هەروەها لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەرئەنجامی کۆتایی، لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵەکە جێی بایەخە و گرنگە. وەلێ ئەوە بۆ زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکان بێسوودە و لە کۆمەڵگەکەیان ڕزگاریان ناکات و بووە بە بەڵگەیەك، دەدرێتە پاڵ کەسانی سەرکەوتوو لە ڕەشپێستەکان، بەو تۆمەتەی کە ئەو دەستکەوتەی بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی

نەبووە، پاشان هەر ئەو یاسایانەیە کە سەنگی تاکەکانی کولتووری باڵا (کولتووری سپیپێست)ی بەرز کردووەتەوە. لە ئەزموونی مالیزییشدا، لەگەڵ جیاوازیی زۆری لە ئەزموونی ئەمەریکی لە ئاستی ستەمکردن تێیدا، ڕێوشوێنەکانی جیاکاریی پۆزەتیڤانە سوودێکی ئەوتۆیان نەبووە.

پاش ئەوەی شۆڕشە عەرەبییەکان بوونە هۆی دەرکەوتنی زۆرێك لە ستەم و بوون بە پاڵنەر بۆ بنیاتنانی چەندین جۆری ستەم و ستەمکاری و بەرجەستەکردنی لە ئەندێشەدا، بیرۆکەی بەتەنها پشتبەستن بە یاسا، وەك دەروازەیەك بۆ چارەسەری گرفتەکان، شتێکی هەر وا سادە نییە و پێویستی بە وردبوونەوەیە.

### ٣. ڕایەڵە سەرەتاییە سروشتییەکان

ڕۆچوون لە یاسارێژیدا، ژیان قورس دەکات، چونکە ڕەوتی ژیان بەپێی سیستمێکی تایبەت و بەپێی کارگەلێکی کردەیی ئەزموونکراو بەڕێوە دەچێت. نەریتەکان زۆر لە یاساکان کاریگەرترن، چونکە پابەندبوون پێیانەوە، خۆویستانەیە و پێویستی بە سانسۆرێکی فەرمی نییە، بەڵکوو سانسۆرێکی کۆمەڵایەتیی ناڕاستەوخۆی هەیە.

نموونەیەکی هاوچەرخی خۆش لەم بارەیەوە ئەوەیە، کە بەشێك لە مەفرەزەکانی پۆلیسی گەڕەکەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لێخوڕی ئۆتۆمبێلەوە بوون بە لێخوڕی ماتۆڕسکیل، چونکە ماتۆڕسکیلەکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەو پۆلیسە بچێتە ناو ژیانی خەڵکەوە و بەوردی و لە نزیکەوە بیانناسێت و هاریکارییان بەدەست بهێنێت.

لێرەدا پێویستە بەوردی چاوێك بە واقیعی کۆمەڵگەکانی خۆمان بخشێنین، ئەوەی لە مێژووی نوێدا کۆمەڵگەکانمانی پاراستووە، لەگەڵ هەموو ئەو ناڕێکوپێکییە ئیداری و ستەم و نادادییە سیاسییەدا کە هەبووە، بریتییە لە بونیاتە (کلاسیکییەکان) لە

خێزان و دراوسێ و ئایین، هەروەها ئاوێتەبوونی مەکۆیی کۆمەڵگەیی و ڕایەڵە سروشتییە فیتڕییەکان. هەر بۆیە ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی کە هەوڵی نەهێشتنی ئەو ڕۆڵەیان دەدەن، شکست دەهێنن، هەر بەکردەییش شکستیان هێنا، پاش ئەوەی کە گومان وا بوو کە نوێگەری دەکەن و بە کاروان دەگەن. ئەو یاسایانەش کە پڕن لە لۆجیکی لیبراڵیی تاکگەرایی، دەتوانین بڵێین لەگەڵ کۆمەڵگەکانماندا ناگونجێن، جا با ئەو یاسایانە لە خودی خۆیاندا دروستیش بن.

هەروەها لێرەدا لەوە ئاگایی دەدەم کە **بونیاتی بوونی مرۆیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەیی، بریتییە لە دوانەیی گەل و تیرەکان (بەو واتایەی کە بریتییە لە کۆمەڵەی گەورە و کۆمەڵەی بچووکتر لە نێویدا، دوور لە چەمکی دەمارگیری)، هەروەك چۆن بونیاتی بوون لەسەر ئاستی تاك بریتییە لە دووانەیی نێر و مێ، پێویستە لە تێگەیشتنی هەمەجۆریدا ڕەچاوی ئەم دوو ڕەهەندە بکرێت.**

ئەوەی سەبارەت بەو ڕایەڵە سەرەتاییە سروشتییانە خوازراوە، بریتییە لە نوێکردنەوەی تێگەیشتنمان بۆ چۆنێتیی جموجووڵی تەندروستیی ئەو بونیاتانە لە جیهانی نوێدا، نەك هەوڵی سڕینەوەیان. هەروەها پێویستە لە باسی ڕایەڵە سەرەتاییەکاندا، پێنج شت بێنینە یادی خۆمان:

(١) ئەو ڕایەڵە سەرەتاییانە، مۆڵگەی گەشەکردن و ڕێڕەوی ڕیشەدانانی بەهاکانن.

(٢) لە سایەیانەوە، زۆرێك لە چالاکییەکانی ژیان بەڕێوە دەچن.

(٣) یارمەتیدەرن لە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی زۆری دەوڵەت و بیرۆکراسیەتەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

(٤) پێویستە هۆشیاریی تەواو هەبێت بە سنووری دروستی جموجووڵی ئەو ڕایەڵانە، بە شێوەیەك کە نە جێ بە یاسا لێژ بکات و نە یاساش جێی پێ لێژ بکات.

(٥) پێویستە لە ڕووی کولتوورییەوە لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە ئەخلاقییانە هاوشان و هەماهەنگ بێت، کە خزمخزمێنە ڕەت دەکەنەوە.

### ٤. فرەیی و چەوساندنەوە و دابەشکاری

لە بەشەکانی پێشوو درێژەمان بە باسی فرەیی دا، لێرەشدا گفتوگۆی خواستی هەندێك گرووپ دەکەین بۆ بەدامەزراوەییکردنی فرەیی لە ڕێگەی یاساوە، ئەمەش بابەتێکی فراوانە و ئەوەندەمان بەسە کە تێیدا ئاماژە بە چەند ڕەهەندێکی بکەین. فرەیی لە وڵاتەکانماندا شتێکی لەپڕهاتوو نییە، وەك ئەوەی لە وڵاتە دیموکراسییە پیشەسازییەکاندا بووە، بەو پێیەی کە پێکهاتەکانی پێکهاتەی ڕەسەنن و لە دێر زەمانەوە لەم وڵاتانەماندا دەژین، کەواتە چۆن داوای هاوردەکردنی مۆدێلی ڕۆژئاوایی بکەین، کە تایبەتە بە بارودۆخێکی تر. هەوڵدان بۆ هاوردەکردنیشی، پەراوێزخستنی خۆی و پێگە مێژووییەکەشیەتی. بیرۆکەی هاوردەکردنیش، جگە لە بیرۆکەیەکی مۆدێرنەی ساویلکە کە دەڵێت مرۆڤایەتی بۆ پلەگەلێکی نوێی پێشکەوتووتر لە پلەکانی پێشتر (پەرەی سەندووە)، شتێکی تر نییە.

پێویستە یەکەم جار وەڵامی پرسیاری چەوساندنەوە بدەینەوە، بزانین ئایا ئەو کۆمەڵانەی ژمارەیان کەمترە، لە وڵاتەکانماندا دووچاری ستەم و چەوساندنەوە کراون و ئایا سروشتی ئەو ستەمە چۆن بووە؟ شاراوەش نییە ئەمە بابەتێکی ئاڵۆز و درێژە، لێرەدا تەنها باسی سێ شت دەکەین:

(١) بەگشتی هۆکاری چەوساندنەوە لەم وڵاتانەی خۆماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە دکتاتۆرییانەی کە ستەمیان لە هەموو لایەك کردووە —بە زۆرینەشەوە—، بەڵام بە ڕەنگ و تامی جیاواز.

(٢) نابێت لە شیکاردا ئاستی تێکچوونی هاوسەنگیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەیاد بکرێت، کە لە ئەنجامی ماوەی داگیرکاری و دوای ئەویشەوە دروست بووە.

(٣) دارشتنی لیبراڵیزم بۆ مافەکانی مرۆڤ، دارشتنێکە تایبەتمەندییەکی کولتووریی هەیە.

لێرەدا پێویست ناکات درێژە بەم بابەتە بدەین و مەبەستیشمان نکوولێکردن و سڕینەوەی کوێرانە نییە، ئەوەتا چەندین چەساندنەوەی ئاشکرا هەیە، بەڵام زۆربەیان بۆ ئەو دژیەکی کولتوور/پێکهاتەیە دەگێڕینەوە، کە کۆمەڵگەکانمان لە پێکهاتەی نوێی خۆیدا پێیدا تێپەڕیوە. ئێمە **نامانەوێت ئینساف زۆر ڕەت بکەینەوە، بەڵام بەدوای ئەو ڕێگەیەدا دەگەڕێین کە بۆ بەدیهێنانی ئینساف پێویستە، خۆ بەراوردکردن بەوی تر و دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکەی، گرفتی کۆمەڵگەکانمان چارەسەر ناکات، خۆ ئەگەر چارەسەریشی بکات، دەیگۆڕێت بۆ گرفتێکی خراپتر.**

گرفتی سەرەکی لە بانگەشەی چەوسانەوەی کەمینەکاندا ئەوەیە، کە بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێت کە بەکردەیی سەر بۆ دابەشکاریی زیاتر دەکێشێت. لە میانەی باسکردن لە فرەیی و بوونی پاڵنەری بەسیاسیکراو بەو ئاڕاستەیە، وەسفەکە بە شێوەیەك دەبێت کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکانمان هەڵدەتەکێنێت، وەك ئەوەی هیچ ڕێکخەرێکی کولتووریی دێرین و ڕەسەن نەبێت کەسایەتیی وڵاتان دیاری بکات. لەم ناوچەیەدا کەسایەتیی ئیسلامی لە کۆمەڵگەکانماندا گەواهیدەری هەیە، هەر لە شانازیکردن بە شیعر و ئەدەبی باڵاوە، تا سروود و گۆرانی و لە لێکچوویی بینا و باڵەخانەکانەوە تا لێکچوویی خوو و نەریت و بەهاکان. مێژوو و زمان و ئایین چارۆکەی شووناسن، گومانیش لەوەدا نییە کە فراوانترین و قووڵترین هاوبەش لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بریتییە لە ژیاری ئیسلامی و بەهاکانی ئیسلام.

وا باشە لێرەدا چەند ژمارەیەك لەسەر فرەیی ئایینی لە وڵاتە عەرەبییەکان باس بکەین، بۆ نموونە وڵاتانی شام –کە لە ڕووی مێژووییەوە بە دەوڵەمەندترین ناوچەی فرەیی دادەنرێت– چەندین زۆرینەی لاسەنگی تێدایە. پێش شۆڕش، موسڵمانان نمایندەی (٨٠٪)ی دانیشتووانیان دەکرد، لەبەرانبەر (١٠٪) لە عەلەوییە–نەسیرییەکان و (٥٪) لە مەسیحییەکان، (٥٪) لەوانی دی. لە ئەنجامی کۆچی خۆویستانە، ژمارەی مەسیحییەکان بە شێوەیەکی دیار دابەزیوە، ڕەنگە گەیشتبێتە

نیوەی ئەو ژمارەیەی کە لەپێش شۆڕشدا لەوێ بوون، ئەمەش ئەو کۆچەیە کە کڵێسا ڕۆژئاواییەکان هانی خەڵکیان بۆ دەدا، پاشان سکاڵای کەمبوونەوەی ژمارەیانمان دەبیست. لە وڵاتی شام بەگشتی و بەهەند دانانی لوبنان و فەڵەستین و ئوردون، ڕێژەی موسڵمانان بە نزیکەیی لە (٧٠٪) دانابەزێت، بەڵام لە میسر، ڕێژەی قیبتییەکان بەپێی ئاماری دامەزراوەی بیۆی ئەمەریکی، (٥٪)ە نەك (١٥٪)، وەك ئەوەی بانگەشە دەکرێت.

لەگەڵ هەمەجۆریی ئایینی و نەتەوەیی و لەگەڵ پرۆسە نوێگەرییە هەرەمەکییەکان، تا ئێستاش ڕواڵەتی کولتووریی زۆربەی وڵاتانی موسڵمانان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو وڵاتانە و شارەکانیان کەسێتییەکی جیاواز و جیاکراوەیان هەیە، ئەو کەسایەتییە کەسایەتییەکی ژیاریی موسڵمانە. هەر لە هونەری تەلارسازییەوە تا ڕێکخستنی گەڕەکە کۆنەکانی شارەکان و لە شێوەکانی جل و پۆشاکەوە تا خووەکانی هامشۆ و سەردانکردن، لە ئاکارەکانی یەکتربینینەوە تا نەریتەکانی هاوسەرگیری... کەسێك چاودێریی ئەو دۆخەی کردبێت، شێوەی ئیسلامێتیی ئەو کۆمەڵگانەی لەبەرچاو دەبێت.

ئەم ئاماژانە تایبەتن بە دونیای خوو و نەریتەکان، خۆ ئەگەر باسی بەها کۆمەڵگەییەکان بکەین، ئەوا هیچ ناکۆکییەك لە قووڵایی ڕەگوڕیشە ئیسلامییەکەیان نییە. لێرەدا لەوە ئاگایی دەدەین، کە ئێمە لە باسی جەختکردنەوەداین لە سروشتی ئەو بەها کۆمەڵگەییانەی کە بەڕێزەوە لێیان دەڕوانرێت و بەفراوانی قبوڵ کراون، بەبێ ڕوانین لە پابەندبوونی ڕەفتاریی تەواو بە خواستەکانی بەهاکانەوە. ئەمەش شتێکی دیارە بۆ کەسی لێکۆڵەری توێژەر، هەروەك چۆن بۆ کەسێکی گەشتیاری سەرەڕێش ڕوونە. بەو واتایەی کە ئەو کەسێتییە ژیارییەی قسەی لەسەر دەکەین، وەهم یان خەیاڵێك نییە. هەمەجۆریی نێوخۆییش لەو ڕێگانەی کە بەها

ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی خووەکان و وردە جیاوازییەکان لە نەریتدا تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵگەیەکە بۆ جێگیریی بەهاکان و ڕەگداکوتانیان.

لە لایەکی ترەوە، گرووپە ئایینەییەکان مێژوویەکی درێژ بەبێ ناکۆکییەکی سەرەکی یان هەوڵدانێك بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی یەکتری، پێکەوە ژیاون، لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕووی ماددییەوە توانای وەدەرنان و تواندنەوە و سزادان بە درێژایی ماوەیەکی دوورودرێژ هەبووە، بەڵام گرووپە نەتەوەییەکان لە مێژوودا بەو شێوازە تەماشا نەکراون.

گرفتی تێزی فرەیی لە وڵاتانی خۆماندا، ئەوەیە کە زۆربەی جیهانبینییەکی کەمینەگەری بنیات دەنێت، کە پێگە و قورسایی و مێژووی ژیاریی ناوچەکە ڕەت دەکاتەوە و بەدوای وردە شتانێکی دێرینی ژیاریدا دەگەڕێت، کە خاوەنی شارگەلێکی خاوەن بەها و شانازی نین. لەپاڵ لیستی داخوازییەکانیشدا، جۆرێکی تر لە فرەیی (نەرم) پەیدا دەبێت، کە تاك دەکاتە سەنتەر و هەوڵی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر دەدات، بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە دەروازەیەك بۆ فرەییەکی سیاسی کە یەکڕیزی و بناغەی بوون دەشێوێنێت.

گرفتەکە بریتییە لە داخوازیکردنی یاساگەلێك، کە پایەکانی شووناس بسڕێتەوە و جەخت لە جیاوازییەکان بکاتەوە. جیاوازیی نێوان ڕژێمێك کە داوای لێ دەکرێت کە جەخت لە جیاوازییەکان بکاتەوە، لەگەڵ ڕژێمێك کە ڕەچاوی ئەو جیاوازییانە دەکات، ڕوونە، جۆری یەکەمیان وەك بینایەك وایە کە لەسەر بۆشایی بنیات نرابێت و نامێنتەوە.

ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە هەموو لێکۆڵینەوە زانستییە ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانیش، قووڵایی پایە ژیارییەکانی ناوچەکەیان بۆ ڕوون بۆتەوە، کە بریتییە لە ئایین و زمان و مێژوو. هەر ڕێوشوێنێکیش کە هەوڵ بدات سنووری ئەو سیانە ببەزێنێت، ئەوا زیانی بەو ڕێسا بنچینەییە

گەیاندووە کە کۆبوونەوە کۆمەڵگەی لەسەر بنیات نراوە، بۆیە ناکرێت دان بە نیازپاکیی ئەو داخوازییانەدا بنێین، بەتایبەت ئەوانەیان کە لە دەرەوە پاڵپشتی دەکرێن، دەرەوەیەك کە چاوەڕێی شکستمانن و گومان لە خودپەرستی یان ساویلکەیی ئەو خواستانەشدا نییە.

### ٥. بەرەو سیستمێکی میللیی نوێ

لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە نووسینی کتێبێکی گەورە هەیە، بەڵام من زۆر بەکورتی خۆم لەقەرەی دەدەم. بەڕاستی فرەیی بە شێوە تاکگەراییە باوەکەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، نە لە ڕووی کولتوورەوە، نە لە ڕووی بونیاتەوە، بۆ وڵاتانی عەرەبی ناگونجێت.

کەواتە جێگرەوەکەی چییە، ئایا ئەمە واتای ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەمەجۆرییە نەکرێت کە بەشێکمان بۆ تەرخان کرد؟ نەخێر، هەرگیز، بەڵکوو دیدگایەك پێشکەش دەکەین کە ڕەچاوکردنێکی گەورەی بۆ هەمەجۆری تێدا بێت، لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێشوەختە دەزانین ئەمە لای مۆدێرنیستەکان وەك کوفر وایە، لەبەر ئەوەی دیدگای من —لە کۆی ئەم کتێبەدا— مۆدێرنە ڕەت دەکاتەوە، ئەوە شتێکی ئاسایی دەبێت، ڕەتکردنەوەی تیۆرییش کاتێك کە پاڵپشت بێت بە پێشنیارگەلێك بۆ جێبەجێکردنی کردەیی، بەهێزتر دەبێت.

سیستمی میللی بۆ مرۆڤایەتی، شتێکی نوێ نییە و ئەزموونی عوسمانیی پێ بەناوبانگ بووە. لێرەدا ئەوە دەهێنینەوە یاد کە کاتێك ئەو ڕژێمە لە ڕێگەی ئەو "ڕێکخستنە" عوسمانییانەوە هەڵوەشێنرایەوە، کە بە هەوڵێك وەسف کران بۆ هێنانەکایەی ڕێگاکانی لیبراڵی بۆ ژیان، گرووپە مەسیحییەکان دڵخۆش نەبوون، چونکە وا هەستیان کرد کە دەست بۆ تایبەتمەندێتییان براوە، هەروەها

موسڵمانەکانیش پێی دڵخۆش نەبوون، چونکە بەکردەیی دەروازەی پشتەوە بوو بۆ شێواندنی پێگەی شەریعەت لە کۆمەڵگەدا.

بیرۆکەی بنەڕەتیی سیستمی میللی –بەبێ چوونەناو وردەکارییەوە– بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵە مرۆییەکان، وەك کۆمەڵەگەلێك کە خاوەنی مێژوو و زمان و کولتوورن و ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییانە لەسەر ئەو ئاستە، یان لەسەر ئاستی کۆمەڵی. بەمەش دەکرێت کۆمەڵێکی ئەوتۆ چەند ماف و ئەرکێکی جیاواز و تایبەتیان هەبێت، لەوانە: سەربەخۆیی لە یاسای باری کەسێتی، خوێندنی زمانی خۆی لەو شوێنانەی زۆرینەی دانیشتووان لەوانە.

ئاگایی دەدەم لەوەی کە ناتوانین تەنها شوێن ئەزموونی مێژوویی بکەوین، بەڵکوو پێویستە بەپێی خواستی سەردەم وردەکاری بکرێت. ئەوەی کە پێشنیاریشی دەکەین، هەوڵێك نییە بۆ پەلکێشکردنەوەی مێژوو، بەڵکوو بنیاتنانە بەپێی ڕشتەی ژیاریمان. لێرەدا تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مۆدێلی میللیی هاوچەرخ دەهێنینەوە یاد کە:

(١) سوود لە ڕایەڵە سەرەتاییەکان لە کۆمەڵگەدا وەردەگرێت و هەوڵی سڕینەوەی نادات.

(٢) پێشبەندی دەدات بە ئەولەویەتە کۆمەڵییەکان، بەبێ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی جۆرێك لە ستەم و ناجۆری لەبەرانبەر مافە تاکەکەسییەکان.

(٣) هەوڵی ڕەچاوکردنی هەمەڕەنگیی کولتووریی زمانیی ئایینی دەدات لە ژیاندا و هەوڵی فەراهەمکردنی بونیاتێك دەدات کە لەخۆی بگرێت و لەگەڵیدا بەیەکدا نەدەن.

(٤) یاسایەکی گشتگیر دەکاتە بنەما بۆ هەموو هاوڵاتیان، بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ یاسا تایبەتەکان، چونکە یاسا تایبەتەکان تەنها لە چەند بوارێکی دیاریکراودان.

(٥) لە سیستەمە سیاسییە نوێیەکاندا، ئەم ڕشتەبەندییە هاوشان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سیستمێکی دیموکراسیی تایبەت ڕێ دەکات، کە پێی دەوترێت دیموکراسی هاوبەشگەری (الديمقراطية التشاركية) و ئەندازەیەکی زۆر ناماڵبەندیبوونی تێدایە، لە هەندێ باریشدا پێکهاتەکە سیستمێکی کۆنفیدراڵی دەخوازێت.

**خشتە: ڕەهەندەکانی جیاکاری لەنێوان دادگەری لە ڕشتەبەندیی میللی و یەکسانی لە ڕشتەبەندیی لیبراڵیدا**

| یەکسانی لە ڕشتەبەندیی لیبراڵیدا | دادگەری لە ڕشتەبەندیی میللیدا |
|---|---|
| ١.یەکەمێتیدان (الأولوية) بە بژاردەی تاکەکەسی. | ١.یەکەمێتیدان بە بژاردەی کۆمەڵی. |
| ٢.کورتهەڵێنانی شتە یاساغکراوەکان لە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکاندا. | ٢.یاساغکراوەکان، شتە ئیعتیباری و ئەخلاقییەکانیش دەگرێتەوە. |
| ٣.کورتهەڵێنانی بواری ئایینی تەنها لە سرووتەکاندا. | ٣.گشتگیریی بواری ئایینی وەك ئاڕاستەکەری ژیان. |
| ٤.ئازادی سنووربەزێنە و بەڕەهایی ململانێی کۆتەکان دەکات. | ٤.ئازادی ڕێزلێگیراوە و هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی ڕێکی دەخات. |
| ٥.بەتوندی پشت بە یاسا و دامەزراوە بیرۆکراسییەکان دەبەسترێت. | ٥.لەپاڵ پشتبەستن بە یاسا، پشت بە نەریت و کۆمەڵگەی ئەهلی دەبەسترێت. |

# پوختە

هەمـەجۆری سـیفەتی مرۆڤـە و بارودۆخیشـیان جیـاوازە، گوزەرانیشـیان هـەر جیاوازە، بۆیە یاسایەك كە ئەو هەمەرەنگییە بەهەند وەرناگرێت، دادگـەر نییـە، ئـا ئەمە گرفتی گەورەی یاسای نوێیە. ئاڵینگاری نوێی یاسا —بە بۆچوونی تیۆریسـتە یاسـاییەكان– ئەوەیـە كـە وەڵامـدەرەوەیی بێـت (Responsive Law). لـە بڕگەكانی سەرەوەدا، بەخێرایی باسی هەندێك لەو بارانەمان كـرد كـە یاسـا تێیانـدا تووشی گلان دەبێت.

لێـرەدا پێویسـتە جـەخت لەسـەر ئـەوە بكەینـەوە، كـە ئێمـە ڕقمـان لـە پاشـاگەردانییە و گومـانیش لـەوەدا نییـە كـە یاسـا ڕۆڵێكـی گـرنگ لـە ڕێكخسـتنی كۆمەڵگەكاندا دەگێڕێت، بەتایبەت لە كۆمەڵگە نوێیەكانماندا كە زۆر ئاڵۆز و فرەپلە و فرەئاستن، بەتایبەت لە ڕووی پێكهاتەوە.

كورتـەی قسـەكە ئەوەیـە، كـە پێویسـتە بـەكارهێنانی یاسـا بـە ئەندازەیـەكی هاوسەنگ بێت و زۆر لەو بوارانە نەدات كە نەریت بـە باشـی و ئاسـانی كاریـان تێـدا دەكات و تا ئەندازەیەك لە ژیانی تایبەتی تاكەكان دوور بكەوێتەوە.

# دەروازەی دووەم
# چەمکگەلێك کە ختووکەی خەیاڵ دەدەن

# بەشی حەوتەم:
# گرفتی تێگەیشتن لە چەمکی جێبەجێکردنی شەریعەت

چەمکی (جێبەجێکردنی شەریعەت)، چەمکێکە زۆر دووبارە دەکرێتەوە و بە شێوەیەك ناکۆکی لەسەر تێگەیشتنەکەی لەنێوان خەڵکیدا دروست بووە، کە واتای مەبەستی خۆی لەو نێوەندەدا خەریکە تیا بچێت. دەتوانین سێ ڕەنگدانەوەی گشتی لەمەڕ ئەم زاراوەیە جیا بکەینەوە:

یەکەمیان، هەستی متمانە و خۆشییە، چونکە زاراوەکە تەواوی ڕێنموویی خودایی دەهێنێتە زەینەوە. دووەمیشیان، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی دۆشدامانێك کە هۆش داگیر دەکات، بە شێوەیەك وا دەکات بوترێت جێبەجێکردنی شەریعەت لەمڕۆدا کارێکی گران یان نەگونجاوە، هەرچی سێیەمیشە خۆی لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەبینێتەوە، ئەویش بە هۆی بەراوردکردنی بەکارهێنانی سیاسییانەی ئەم درووشمە لە زەینی کەسانێکدا بە تۆبزی و زۆرلێکردن و ناچارکردنی خەڵکی بۆ جێبەجێکردنی فەرز و سوننەتەکان و سنووردارکردنی ئازادیی هەڵسوکەوتیان و گۆڕینی شێوازی ژیانیان.

بۆ ئەوەی مەبەست لە جێبەجێکردنی شەریعەت شی بکەینەوە، پێویستە سەرەتا تەتەڵەی واتای شەریعەت بکەین، پاشان چاوێك بەو ناوەرۆکانەدا بگێڕین کە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم درووشمەدا دێن، کۆتاییش بە گفتوگۆی ئەو ئاستە سیاسییانە دێنین کە شەریعە لەگەڵیاندا تێکەڵ دەبێت.

### ١.  واتای شەریعەت

کاتێك هەر موسڵمانێك دەبینیت، ڕەنگە وای دابنێیت  کە واتای شەریعەت دەزانێت،  بەڵام زۆر کەمە بتوانین کەسێك بدۆزینەوە کە پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ بکات، تەنانەت کتێبەکانی (فقه و ئوصول)یش گرنگی بە پێناسەی زاراوەی شەریعەت نادەن و وایان داناوە کە هەر بە خودی خۆی ڕاڤە دەکرێت. ئەمەش شتێکی نامۆ نییە، چونکە ئەو واتا شکۆمەندانەی کە لە کولتووردا داڕژاون، وەکوو بەڵگەنەویستێکیان لێ دێت کە پێویستی بە پێناسە یان گوزارشتگەلێك نییە تا بیناسێنین. لەم بارەیەوە گفتوگۆی سێ واتا دەکەین، کە لە خەیاڵدانی خەڵکیدا لەژێر چەمکی شەریعەتدا جێیان دەبێتەوە.

**واتای یەکەم،** بریتییە لە فەتوا، چونکە خەڵکی بەگشتی چاوەڕێی بڕیار و فەتوای زانا بەناوبانگەکان دەکەن و بە وتە و هەڵوێستی شەریعەتی لەقەڵەم دەدەن. لەم سەردەمەشماندا سەردەمی میدیا، فەتوا بووە بە ماددەیەکی ڕاگەیاندن، بە شێوەیەك کە سنووری پسپۆڕان و دادوەریی تێپەڕاندووە. بە شێوەیەکی گشتی، فەتوا – لە نەستدا– دیدێك لە زەیندا دەچەسپێنێت، کە شەریعەت گوزارشتە لە هەڵوێستگەلێکی یاسایی. خۆ ئەگەر ئەو زانایانەی دەسەڵات بەهەند وەربگرین کە بە ئارەزووی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا فەتوای دووردرێژ دەردەکەن، ئەوا ئەم بابەتە دوچاری شپرزی و چەواشەیی زیاتر دەبێت.

ڕەنگە بشوترێت کە ئیتر چیدی خەڵکی گرنگی بە زانایانی دەسەڵات نادەن، چونکە ئەوان لە دامەزراوەکانی حکومەتدا فەرمانبەرن و خۆیان سووك کردووە و لە فەتواکانیاندا لانی کەمی سنووری بەڵگەنەویستەکانی ئیسلامیان تێپەڕاندووە، تەنانەت کەسانی نەشارەزاش لە ئایین پەی بەوە دەبەن کە ئەوەی ئەوان باسی دەکەن، تەنها یاریکردنە بە ئایین و هیچی تر، بەڵام کاتێك هەندێك لە زانایانی شارەزا لە فیقه کە ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتەوە پەیوەست نین و چەند هەڵوێستێك

دەردەبڕن و چەند فەتوایەك دەدەن كە لە كۆتاییدا نەرمی نواندنە لەگەڵ فەرمانڕەوا، تێكەڵییەك ڕوو دەدات.

بە هەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلامانەوە، ئەو دیدە لە زەین چەسپاوانەیە كە سەبارەت بە شەریعەت دروست بوون، مادەم كۆمەڵە پسپۆڕێك هەن كە ڕا و فەتوای خۆیان لەمەڕ شەریعەت دەخەنە ڕوو. ئەو شتە لە زەینچەسپاوانە لەوەدا كورت دەبنەوە —بەبێ ڕەچاوكردنی ناوەرۆكی فەتواكان— كە شەریعەت پرسگەلێكی یاسایی یان هاوشێوەی یاساییە، هەڵوێستی خۆی لەمەڕ بابەتەكانی ژیان هەیە، بە شێوەی ئەحكام داڕێژراوە.

**واتای دووەمی،** شەریعەت بریتییە لە فیقه، كە بە زانستە شەرعییەكان ناو دەبرێت. هەر ئەو واتایەش بڵاوە، بەتایبەت لەنێو ئاییندارەكاندا، چونكە ئامادەی وانەكانی ئەم بابەتانە دەبن. لەگەڵ ئەوەی كە خوێندنی ئایینیی گشتی ڕاڤەی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و فەرموودەش دەگرێتەوە، بەڵام لە دەرەوەی بازنەی پسپۆڕی لە زانستەكانی شەریعەت، بابەتی فیقه زاڵە، خەڵكییش بەگشتی لە میانەی وتاری هەینییەوە بۆ ئەو واتایە دەچێت.

دوور لە بازنەی فێركردن لە ئیسلامدا، ئاییندارییی جەماوەریی ئاوێتەبوو بە مومارەسەی كولتووری، لە خەمی ڕەفتاری ئەخلاقیدایە، هەر ئەمەشە حوكمە فیقهییەكانی لەبارەوە دەدرێت، بۆیە وا دەچێ بە زەیندا كە شەریعەت تەنها كۆمەڵە حوكمێكی فەرمانكردن و ڕاچڵەكاندنە. خۆ ئەگەر تەماشا بكەین بزانین خێزان چیی لە منداڵەكەی دەوێت، دەبینین كە جۆرە ژیانێكە هانی چاكە (حەڵاڵ) دەدات و بەرگری لەو ڕەفتارانە دەكات كە لە ڕووی ئەخلاقییەوە نادروستن (حەرام). واتە فیقه وەكوو نوێنەری شەرعە و هەڵوێستەكانی بە (حەڵاڵ/حەرام) كورت دەكاتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەستكردنی خەڵكی بە شەریعەت، هەستێكی ئەخلاقییانەی گشتییە.

له بەڵگەکانی ئەم مەستە گشتییە، بریتییە لەوەی کە خەڵکی لە کاتی قسەکردنیاندا وشەی "حەرام" لە دەرەوەی واتا یاساییەکەی بەکار دەهێنن، بۆ نموونە دەڵێن: "فلانە شت حەرامە.." لە پرسێکدا کە دەچێتە بازنەی بەزەیی و ڕەحمەت و ڕاستڕۆیی ئەخلاقی و بەکارهێنانی وشەی "حەڵاڵ" بۆ کاری چاکە بە شێوەیەکی گشتی.

**واتای سێیەمی** شەریعەت، بریتییە لە مەبەستەکانی شەریعەت و ڕێسا ئوسوڵییەکان. ئەم واتایە واتایەکی زیاتر ئەبستراکتە بۆ شەریعەت، بەکارهێنانیشی لەم چەند دەیەیەی دواییدا بڵاو بۆتەوە، بەڵام هێشتا جێگیر نەبووە و ڕیزی پێشەوەی واتاکانی شەریعەتی نەگرتووە.

ڕێسا ئوسوڵییەکان بریتین لەو ڕێسا گشتییانەی کە زانایان بە درێژایی ماوەیەکی زۆر پەرەیان پێ داوە، بە شێوەیەك کە بوونەتە کلیلی تێگەیشتنی هەڵوێستی شەریعەت لەمەڕ کاروبارە گشتییەکانی ژیان، کە بەردەوام لە گۆڕاندان.

لەو ڕێسایانەی کە بەناوبانگن "الضرورات تبيح المحظورات"، کە مەبەست لێی ئەوەیە کە هەندێك حاڵەت کە پێویستییەکی زۆری تێدایە، وا دەکەن شتە یاساغکراوەکان بە ئەندازەی پێویست ڕێگەیان پێ بدرێت، ئەمە ڕێسایەکی گشتییە، تایبەت نییە بە پرسێکی دیاریکراوەوە، دەتوانرێت ئەم ڕێسایە لەو پرسە ڕیزپەڕانەشدا پشتی پێ ببەسترێت کە نوێن و بۆ یەکەم جاریان دێنە نێو ژیانەوە.

هەروەها ڕێسایەکی بەناوبانگی تر بریتییە لە "إذا ضاق الأمر اتسع"، یان "المشقة تجلب التيسير"، بەو واتایەی کە فراوانبینییەك لە شەرعدا هەیە، بە شێوەیەك کە ئامۆژگاریمان دەکات بۆ ئاسانکاری لەو پرسانەی کە لەسەر خەڵکی گران دەبن. هەر لە ڕێسا بەناوبانگەکان، بریتییە لە ڕێسای "سدّ الذرائع مقدّم على جلب المصالح"، وەك ئەوەی ڕێگری بکرێت لە دروستکردنی کارگەیەکی پەیین، لەبەر ئەوەی کە ئەو کانیاوە پیس دەکات کە خەڵکی ئاوی لێ دەخۆنەوە، چونکە

ئەو بەرژەوەندی و سوودەی کە لە کارگەکە دەکەوێتەوە، کە بریتییە لە دامەزراندنی کارگەیەك بۆ دابینکردنی پەیین بە مەبەستی باشترکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و دەبێتە سەرچاوەیەکی ڕۆزیش بۆ کرێکارەکانی، بەرژەوەندییەکی نارێك و ناتەندروستە، چونکە لەگەڵ پاساوی زیانێکی گەورەتر دژ دەوەستێتەوە. پێویستە لێرەدا ئاگایی لەوە بدەین کە کاتێك لە شەریعەتدا بیر دەکەینەوە، پێویستە ڕەهەندە کۆمەڵییەکە بەهەند وەربگرین، نەك تەنها ڕەهەندی تاکەکەسی، چونکە لە مەسەلەی ئیجتیهاددا چەند ڕەهەندێکی گرنگ دەردەکەون، کە ڕەنگە لە حاڵەتی تاکەکەسیدا دەرنەکەون.

مەبەستەکانی شەریعەت بریتین لەو بیرۆکەیەی کە ناکرێت لە شەریعەتدا تاکە حوکمێکی شاز هەبێت، کە بە ئاڕاستەی چاکسازیی ژیان نەبێت، بۆیە بە بەشێك لە ڕشتەبەندیی شەریعەت دانانرێت لە ئاڕاستەی گۆڕینی واقیع بەرەو ئامانجە ئەخلاقییە باڵاکان. مەبەستەکانی شەریعەت بە پێنج ڕەهەند بەناوبانگن: پاراستنی ئایین و گیان و ئەقڵ و خێزان و سامان. پاراستن بە واتای پارێزگاری و چاودێریکردن و پەرەپێدانە، **بەمەش هەموو حوکمەکانی شەریعەت بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی یەکێك لەم مەبەستانە کار دەکەن. پتر لەوەش، ڕیزبەندیی حوکمەکان لەسەر سێ ئاست ڕێك خراون: پێویستیی بنەڕەتی (ضروري) و پێویستیی ئاسایی (حاجّي) و بەباشزانراو (تحسيني)، واتە لە حوکمەکاندا زنجیرەی یەکەمێتی (أولويات) هەیە.** بۆ نموونە، ناکرێت حوکمێکی تەواوکاریی بەباشزانراو، بەسەر حوکمێکی زۆر پێویستدا پێش بخرێت، ئەگەر لە یەك حاڵەتدا کۆ ببنەوە. ڕوونیشە کە ئەم دیدە مەبەستگەراییە، بنچینەی دیدێکی بزواوی دینامیکی دادەنێت بۆ ڕەنگدانەوەی شەریعەت لە ژیاندا.

ئەوەی ڕابورد، پێشەکییەکی پێویست بوو بۆ شارەزابوون لە بیرۆکەی جێبەجێکردنی شەریعەت، دواتر بەکورتی گفتوگۆی ئەمە دەکەین.

## ٢. مەبەست لە (جێبەجێکردنی شەریعەت) چییە؟

با لە خۆمان بپرسین، کاتێك دەوترێت پێویستە (شەریعەت جێبەجێ بکرێت)، چ جۆرە واتایەك بە مێشکماندا دێت، ڕەنگە زەینمان بۆ یەکێك لەو سێ مانایەی سەرەوە بچێت کە باسمان کرد. **یەکەم:** کاتێك فەتوا دەبێتە واتای شاراوەی شەریعەت، بیرکردنەوە بەلای ئەوەدا دەچێت کە ڕۆڵی زانایان بریتییە لە دەرکردنی فەتوا لەمەڕ پرسە نوێیەکان، هەروەها ڕەنگە بیرکردنەوە بەلای گریمانەی بوونی دامەزراوەیەکی ئایینیی فەتوادا بچێت، کە دەبێتە مەرجەعیەت. لەگەڵ ئەوەی ئیجتیهادی بەکۆمەڵ بە کارێکی باش دادەنرێت، ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە شەریعەت کەموکوڕیی هەیە و سێ ڕووی تێدا نادیارە:

(١) کورتهەڵهێنانی شەریعەت لە فەتواداندا، لەقاڵبدان و بچووککردنەوەیەتی.

(٢) پێویستیی گرەنتیکردنی سەربەخۆیی زانستیی ئیجتیهادیی شەرعی.

(٣) فەندکردن و گرتنەئەستۆی لایەنی دارایی ئەنجوومەنی فەتوا لەلایەن دەوڵەتەوە و بەفەرمی ناساندنی، وا دەکات فەتوا و تێگەیشتنی شەرعی لە چنگی سیاسەتدا بێت.

لەم میانەیەشدا، ناتوانین سروشتی دەوڵەتی نوێ فەرامۆش بکەین، کە لە بنەڕەتدا بەدێو کراوە و لە زۆرێك لە وڵاتی موسڵمانان بووە بە دەوڵەتێکی ستەمگەر. بۆیە گریمانەی ئەوەی کە بەردەوامیی هەستانی زانایان بە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لە ڕاستکردنەوە و ئامۆژگاریی کاربەدەستان سوودی هەیە، گریمانەیەکی ساویلکانەیە، ئەمڕۆ گرفتەکە بریتی نییە لە کەموکوڕیی لە خواستەکانی ئیسلام، بەڵکوو گرفتەکە بریتییە لە دوورکەوتنەوە لێی و تەڵەکەدانان بۆی.

**دووەم:** بەڵام کاتێك فیقھ دەبێتە واتای شاراوەی شەریعەت، پرسی (جێبەجێکردنی شەریعەت) دەبێتە ئەرك و کارێکی کردەیی. زۆر جار بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەکەونە ئەم حاڵەتەوە، وەك بڵێی شەریعەت (شت)ێکی ئامادەکراو

بێت و بابەتەکەش تەنها بریتی بێت لە گەڕان بەدوای وتەیەکدا لە کتێبێکی کەلەپووریدا، ئیدی تەنها ئەوەمان لەسەرە لە واقیعدا جێبەجێی بکەین. ئەمەش لە جەختکردنەوەی کردەیی ئەو بزووتنەوانەدا و زاڵبوونی شتی ئامادەکراو و چارەسەری ئامادە ڕەنگ دەداتەوە، کە لە ڕووی کارگێڕی و ڕێکخستنەوە دەرکەوتوون.

لەبەر ئەوەی گرووپە ئیسلامییەکان زیاتر لە خەمی پەروەردەدان، وا دەزانن بواری سیاسەت وەك کۆمەڵە کەسێك یان گرووپێکی گەورە وایە. لەسەر ئاستی کۆمەڵە و گرووپەکان، خەمی پەروەردەیی و لەسەر ئاستی تاکیش، هەڵنان لەسەر (جێبەجێکردنی حوکمەکان) زاڵ دەبێت، بەڵام ناکرێت ئەم هەڵوێستە دەروونی/ئەقڵییە بەسەر دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێت.

بەڕاستی گریمانەکردنی هاوشانی لەنێوان تاك و دەوڵەتدا، سادەکردنەوەیەکی تۆبزییانەی واقیعە، سنووری تاکەکەسیی دیاریکراوە، هەڵوێستە یەکلاکەرەوەکانی زۆر تێدایە (ئارەزووی خۆت ڕێك بخە و دیسپلینیان بکە، درۆ مەکە، دزی مەکە)، بەڵام سنووری دەوڵەت کراوەیە بۆ لۆجیکی پێکان و نزیککردنەوە.

**سێیەم**: شاراوە نییە کە ئەگەر مەبەستمان لە شەریعەت، مەبەستە باڵاکانی و ڕێسا ئوسوڵییەکانی بێت، بوار و دەرگایەکی گەورەمان لە ئیجتیهاد و بەگەڕخستنی بۆ دەکرێتەوە، لەپێناو ئامانجگیری بەرەو مەبەست و لەپێناو کاراکردنی ڕێسا گشتییە باسکراوەکان. لێرەدا لۆجیکی چارەسەرکردن لە حوکمە یەکلاکراوەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و مەزەندەکردنی لێکەوتە باش و خراپەکان، هەروەها پشت بە بەراوردکردنی ئەو لێکەوتانە دەبەستێت، کاتێك بەرانبەر دەبنەوە. بۆ نموونە، ئایا پارە لە تەندروستیدا خەرج بکەم یان لە فێربووندا؟ ئایا پێشبەندی و یەکەمێتی بە کردنەوەی ڕێگە بدەین، یان بە پەرەدان بە چەك و

چەکسازی؟ بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێسا و بەراوردکارییانە، چاکسازیی ژیان بەرجەستە دەبێت.

کەواتە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەندێك بانگەشەی جێبەجێکردنی شەریعەت، لە ڕاستیدا بانگەشەیە بۆ (جێبەجێکردنی فیقهـ) نەك شەریعەت، لەگەڵ ئەوەی **شەریعەت بنچینەیە و فیقهـ تەنها ئیجتیهادێکی مرۆییە،** کە ڕای خۆی لە شەریعەتەوە وەرگرتووە. ڕاستە چەندین زانای ڕێزدار و پایەبەرز هەستاون بەو ئیجتیهادە، بەڵام بەپێی توانای خۆیان، لە پرسگەلێکی تایبەت بە کات و شوێن بارودۆخی خۆیان ئیجتیهادیان کردووە. خودی موجتەهیدەکان خۆیشیان ئاگاییان لە لاساییکردنەوەی کوێرانە داوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پشت بە کەلەپووری فیقهیی نەبەستین و بۆی نەگەڕێینەوە، بەڵکوو پێویستە لێی ڕابمێنین.

کاتێکیش بابەتەکە پەیوەست دەبێت بە پرسە سیاسییەکانەوە، ڕێژەییبوونی کەلەپوور زیاد دەکات و توانای سوودوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لێی کەم دەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی فیقهی سیاسیی بەو بارودۆخە بابەتییەوە بەستراوەتەوە کە تێیدا سەری هەڵداوە. ئەو فیقهە سیاسییەی کە هەمانە، بریتییە لە وەڵامدانەوەی سروشتی جیهان و پێداویستییەکانی لە ڕۆژگاری خۆیدا، لەسەر ئەم سێ ئاستە:

(١) ئاستی ئیمپڕاتۆریەتەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان،

(٢) ئاستی ئەو سیستمی فەرمانڕەوایەتییەی لەگەڵ کۆمەڵگە پێکەوە گرێدانێکیان هەبووە، دوور نەبووە لە کۆمەڵگە وەك ئەوەی لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا هەیە.

(٣) ئاستی کارگێڕی پێش جیابوونەوەی دامەزراوە بیرۆکراسییەکان و گەشەکردنیان.

کۆمەڵگە دێرینەکان جیاوازییەکی فراوانیان لە کۆمەڵگەکانمان هەیە لەم سێ ڕەهەندەدا، هەر ئەمەشە توانای بوونی وەڵامگەلێکی ئامادە لە کەلەپووری سیاسیماندا کەم دەکاتەوە.

کاتێکیش وا گومان ببرێت کە فیقه بریتییە لە یاسا، گرفتی کورتهەڵێنانی شەریعەت لە فیقهدا زیاتر دەبێت. فیقه لە یاسا گشتگیرترە و ئازادە و پەیوەست نییە بە دەوڵەتەوە، چونکە فیقه زانستە، لە کاتێکدا کە یاسا بەشێکی پێکهێنەری دەسەڵاتە. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە بەکارهێنانی زاراوەی "یاسای ئیسلامی" بۆ شەریعەت (کە زاراوەیەکە لە زمانە بیانییەکانەوە هاتووە)، هەڵەیەکە کە تاوانی بەرانبەر بە ئیسلام تێدایە و شەریعەتە فراوانەکەی بچووك کردۆتەوە، هەروەك چۆن کارێکی باش و شیاو نییە بۆ پێگەی ئیسلام لە مشتومڕی جیهانیی گوتاری ئایینەکاندا.

### ٣. شەریعەت چۆن تێکەڵی سیاسەت دەبێت

هەریەك لەو سێ واتایەی شەریعەت کە لە سەرەوە باس کران، دەرهاویشتەی شەریعەتی ئیسلامین، نەك خودی شەریعەت (ئەمە بە هێڵە ئاسۆییەکە لە وێنەکەدا گوزارشتی لێ کراوە). ڕەنگە بتوانین پێناسەی شەریعەت بەوە بکەین، کە دیدگایەکی گشتییە بۆ بنەما ئەخلاقی و کردارییەکان و بنچینەگەلێکە بۆ ڕشتەبەندیی ئیسلام لە ژیاندا، ئا ئەمە ئەو شەریعەتە زیندووەیە کە بۆ هەموو کات و شوێنێك گونجاو و باشە. ئای کورتهەڵێنانی شەریعەت لە یەکێك لە دەرهاویشتەکانی خۆیدا چەند بەرتەسککردنەوە و کەمکرنەوەیە لە گەوهەرەکەی، جا ئەو دەرهاویشتانە هەرچەندێکیش بەهادار بن!

بۆ ئەوەی زەینمان دوور نەڕوات و وای دابنێین کە شەریعەت شتێکی خەیاڵیی دڵخوازە و بەریەککەوتنی لەگەڵ ژیاندا نییە، کەمێك بەدرێژی باسی چۆنێتیی گۆڕینی شەریعەت بۆ کردار و بەرجەستەبوونی لە واقیعدا دەکەین. بۆ نموونە، وەك دیدێکی ئەخلاقی، شەریعەت بانگەشەی بەدیهێنانی دادگەری و بەزەیی و

پەروەردەی باش دەکات. وەکوو داڕشتەیەکی ڕێکخراویش، دیدگای شەرعی لە ڕێگەی ڕاوێژ و زەکات و سیستمی خێزانییەوە، لەو سێ شتەدا ڕەنگ دەداتەوە کە باسمان کرد.

تا ئەم خاڵەش، لەسەر ئاستی تیۆری باسمان لە بابەتەکە کردووە، بە واتای داڕێژکاری. کاتێکیش دەگوازینەوە بۆ ئاستی کرداری، پێویستە ڕێسا ئوسوڵییەکان و و مەبەستەکانی شەریعەت بەکار بهێنین، لەپێناو ڕێکخستنی یەکەمایەتییەکان و ڕێڕەوە گشتییەکان بۆ بەدیهێنانی دادگەری و بەزەیی و پەروەردەی باش، کە لەسەر ئاستی ڕشتەبەندەکە ڕاوێژ و زەکات و سیستمی خێزانی، هاوشانیان دەبن.

کاتێکیش ئەو بنەمایانە لەگەڵ واقیعی سیاسیدا کارلێك دەکەن، دەرئەنجامەکەی بنەماگەلێکی دەستووری، یان سەروو دەستووری دەبێت. بۆ نموونە، ڕەنگە یەکێك لەو بنەمایانە بریتی بێت لە جەختکردنەوە لە ڕاوێژ لە هەموو کاروبارە گشتییەکان و پاراستنی سامان و سندووقی زەکات بە دانانی لەژێر چاودێریی توندی گەلدا و پێدانی یەکەمایەتی بە خێزان لە چاودێریکردن و خزمەتگوزارییەکاندا.

سەبارەت بە فیقهیش، کاتێك دەچینە سەر ئاستی جێبەجێکردنی کرداری، پێویستە لێرەدا لەپێناو ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیان، وردەکاری بکەین، بۆیە پێویستە پەرە بە فیقهی کات و شوێنیش بدەین. کاتێکیش باسی فیقه دەکرێت، زەینمان بۆ پرسەکانی (پەرستشەکان= نوێژ، ڕۆژوو، حەج) دەچێت، کە بەوە جیا دەکرێنەوە جێگیرن و بەکەمی دۆخیان دەگۆڕێت، بەڵام ئێمە کاتێك باسی ڕووبەری کاروبارە خووپێگیراو و ئاساییەکان دەکەین (العاديات)، وای دەبینین کە بوارێکی کراوەیە و زۆرینەی چالاکییەکانی ژیان لە زەکات و ئابووری و کڕین و فرۆشتن و مامەڵە و گرێبەست و باشکردنی زەویوزار... هتد دەگرێتەوە، کاتێك کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە وتە فیقهییەکان وەردەگیرێن و کاریان پێ دەکرێت، یاسایەکی ڕۆشنی ئیسلامیمان بۆ بەرهەم دێت.

## هێڵكاری: سێ ئاستەكەی زانستە شەرعییەكان و بواری یەكتربڕینیان لەگەڵ سیستمی سیاسی




لێرەدا لەوە ئاگایی دەدەین كە یاسا فیقه نییە، لانی كەم پێنج جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە:

(١) فیقه وەك خواستی پێوانەیی ( مطلب معياري) وایە بۆ ڕەفتاری موسڵمانی ئایینداری، بەڵام یاسا خواستی پێوانەییە بۆ ڕەفتاری ڕێكخراو لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، كە بەسەر ناموسڵمانیشدا دەچەسپێت.

(٢) له هەر دامەزراوە/دەوڵەتێكدا یەك یاسا پێڕەو دەكرێت، بەڵام فیقهـ له كۆمەڵگەدا فرەیە.

(٣) فیقهـ زۆر له یاسا فراوانترە، بە جۆرێك كە ئەو كاروبارە پەرستشی و كەسییانەش دەگرێتەوە كە یاسا پەیوەندیی پێیانەوە نییە.

(٤) یاسا میكانیزمگەلێكی كارگێڕیی هەیە كە بە كۆمەڵێك فەرمانبەری فەرمییان دەسپێرێت، له كاتێكدا كە فیقهـ بریتییە له زانست و ئیجتیهاد.

(٥) یاسا لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بەتۆبزی دەسەپێنرێت، چونكە مەبەستی سەرەكی جێبەجێكردنیەتی، له كاتێكدا كە بواری فیقهـ بوارێكی ئازادانەیە و كەس تێیدا بە پابەندبوون بە ڕاوبۆچوونێكەوە ناچار ناكرێت.

دواجار ژیان بە چەندین پێشهات و بارودۆخی نوێیە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، كە ڕەنگە فیقهـ باسی نەكردبێت. لێرەدا له حاڵەتە ڕیزپەڕەكاندا، پێویستی بۆ فەتوا سەر هەڵدەدات. كاتێكیش فەتوا له دەوڵەتدا دەجووڵێنرێت، دەچێتە نێو بواری دادوەرییشەوە. ئاگاییش لەوە دەدەین كە كاتێك فەتوا سیفەتی وەڵامدانەوەی دۆخەكانی پێ دەدرێت، چەندین حاڵەتی زیانگەیاندن و لەخۆوە فەتوادان و زیندووكردنەوە و جێبەجێكردنی بەزۆری شتە مێژووییەكان بەسەر بارودۆخە نوێیەكاندا ڕوو دەدات.

# کۆتایی

گوزارشتی (جێبەجێکردنی شەریعەت)، گوزارشتێکی گرفتئامێزە، چونکە دەکرێت شەریعەت چەند واتایەك بەدەستەوە بدات. دەکرێت وا لە شەریعەت تێبگەین کە بریتییە لە ڕۆح و ڕێسا گشتییەکان، دەشکرێت وا لێی تێبگەین کە بریتییە لەو ڕا ئیجتیهادییە مێژووییانەی کە لە کتێبەکاندا هاتوون، هەروەك چۆن دەکرێت وا لێی تێبگەین کە کۆمەڵە فەتوایەکە زانایان فەرموویانە. هیچ یەکێك لەم سیانەش ئامادەی بۆ جێبەجێکردن نین، چونکە کاراکردنی ڕێسا گشتیەکانیش بە هەمان شێوە پێویستیان بە ئیجتیهادی جددی هەیە. فیقهیش تێگەیشتنێکی کەلەپوورییانەیە، زادەی هەوڵی تێگەیشتنی شەریعەتە و ئێستا زۆربەی زۆری وەڵامی تەواوی هەموو بارودۆخ و کات و شوێنێکی پێ نییە، بەتایبەت لەو دۆزە سیاسییانەی کە زۆر بەخێرایی دەگۆڕێن و پەرە دەسێنن و جێگیر نین.

هەرچی فەتواشە، پەرشوبڵاوە و ڕشتەبەندێکی تەواوکار پێك ناهێنێت، بەڵکوو لە بنەڕەتدا وەڵامدانەوەیەك بووە بۆ دۆخێك، یان حاڵەتێکی تایبەت، ئیتر چۆن بیکەین بە شتێکی یەکلاکەرەوە و جێگیر. ئەمەش سەرکۆنەکردنی دێرینی ڕابردوو و خۆ بە گەورە دانان نییە بەسەریەوە، بەڵکوو چەندین دانایی و دید و بۆچوونی باش و بەپێزی تێدایە، کە سوودیان لێ وەردەگیرێت و ئیلهامبەخشن و زۆر جار داڕشتەی سەرکەوتووی تێدایە کە شیاوی پەرەپێدانن، بەڵام ڕەنگە ئەم داڕشتانە بمانخەنە سەر ڕێچکەیەکی کورت و بڕاو، کە بە مەبەستی خوازراومان ناگەیەنێت.

لە بەرزترین پلەی ئەبستراکتدا، شەریعەت لە دوو ڕەهەندەوە بریتییە لە ئاڕاستەکەر و ڕینماییگەلێکی گشتی: ئەخلاقیی بەهایی — ڕشتەبەندیی ژیانگوزاری. ئەو ڕێنماییانەش هەمووی لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتدا هاتوون، کە سیفەتی جیهانی و نەمرییان هەیە.

بەراستی ئاڵینگاریی ڕاستەقینە، لە (دابەزاندنی) دەقەکاندایە بەسەر واقیعدا. واتای دابەزاندنی دەقەکانیش، بریتییە لە گواستنەوە لە ڕەهاگەرێتیی دەقەکان و فراوانێتییانەوە بۆ تایبەتمەندیی ڕووداوەکان و لە تێگەیشتن لە بۆنە و هۆکاری هاتنی چەند دەقێکی دیاریکراو و لە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە واقیع بۆ ئەنجامدانی بەراوردکاری و جێبەجێکاری لەنێوان حوکم و واقیعدا، یان ئەوەی پێ دەوترێت دۆزینەوەی هۆکاری حوکمەکان.

بەشی شەریعەت لە پرسەکانی فەرمانڕەوایەتی و سیاسەتدا، بریتی بووە لە بریاردان لە پرنسیپە گشتییەکانی نەك وردەکارییەکانی. لەبەر ئەوەی پرسە سیاسییەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بارودۆخی بابەتیی گەلانەوە هەیە لە هەموو شوێن و کاتێکدا، ئاڕاستە و ڕێنماییەکانی شەریعەت زۆر بەکورتی هاتوون، خۆ ئەگەر وردەکارییان تێدا بووایە، ئەوە واتایەك بۆ جیهانیبوونی شەریعەت نەدەمایەوە و لە جیهانیبون دەکەوت. پرنسیپەکانی شەریعەت لە سیاسەتدا، ڕاوێژ و دادگەری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و هاوشێوەکانی لە خەمە گەورەکان لەخۆ دەگرێت. ئیدی هەڵسەنگاندنی چۆنێتیی دابەزاندنی ئەو پرنسیپانەی لە سەردەم و بارودۆخە جیاوازەکاندا بۆ واقیع، بۆ موسڵمانان جێ هێشتووە.

پرنسیپەکانی شەریعەت و هێڵە گشتییەکانی، ڕێکخەری سیاسەتن، بۆ ئەوەی ڕووکارێکی ئیسلامییانە وەربگرێت. بۆیە پێویستە موسڵمانانی هەر سەردەمێك، بۆ کاراکردنی ئەو پرنسیپانە ئیجتیهاد بکەن و هەوڵ بدەن لە جیهانی وێنە باڵاکانەوە بیگوێزنەوە بۆ جیهانی جێبەجێکردن لە واقیعی ژیاندا. هەروەها جێبەجێکردنی شەریعەت –لە چوارچێوەی دەوڵەتدا–، پێویستی بە ناسینی ئامرازگەلێکی ڕێکخستنکاری و (پلانی ئاوەدانکاری)، وەك (ئیبن خەلدوون) ناوی دەبات، هەیە، کە شەریعەت لە چوارچێوەی شتە ئاساییەکاندا جێی کردوونەتەوە.

# بەشی هەشتەم: گرفتی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی

ڕۆچوون لە زۆر وتنەوەی درووشمی (دەوڵەتی ئیسلامی)، بەرئەنجامی چوار فاکتەرە. مشتومڕی هاوچەرخی شووناسەکان، تێگەیشتنی لەزەینچەسپاوانە (الانطباعي) بۆ مێژوو، تێگەیشتنی لەقاڵبدراو بۆ ئایین و پێگەی دەوڵەت لە دیدگای ئیسلامییەوە و بێئاگابوون لە گۆڕان لە بزاوتی کۆمەڵگەدا.

**١. مشتومڕی شووناس**

ناتوانین شرۆڤە بۆ ئەو ڕووداوە گەورانە بکەین کە لە ناوچەی عەرببیدا دەیبینین، بەوەی بریتییە لە دۆزێکی سیاسی بە واتای تەسکی وشەکە، چونکە گرفتی سیاسیی دوو سەدەی ڕابردوو، لە ناوەرۆکدا بریتییە لە ناکۆکی لەسەر ڕووگە و شووناسی کۆمەڵگە و ناکۆکی لە وێناکردنی شووناسی ئوممەت و دڵبەندی و ئینتیماکەی. دۆخ و ژینگەی عەرەبی، بە دەستکەوت و بەهاکانیشیەوە، لە سایەی ژیاری ئیسلامیدا دروست بووە، ئەمەش لە هەست و نەستدا چەسپاوە، هەر بۆیە هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ نەهێشتنی پابەندیی بە ئینتیمابوون بۆ ئیسلام لەسەر ئاستی ویژدان و گومان دروستکردن لەسەر گەوهەر و بایەخ و سوودەکانی لەسەر ئاستی هزری. لە بەرانبەریشدا، ئەمە بووەتە پاڵنەری پابەندبوون بەو شتانەوەی کە بە چەمك بە وشەی ئیسلامیان هەڵگرتووە، بەبێ ڕەچاوکردنی پابەندیی کردەیی بە بنەماکانی ئیسلامەوە. ئا ئەمەیە مشتومڕی شووناسەکان لە گۆڕەپانی خەون و هیواکاندا، لە ساتەوەختی بوونی هەڕەشە لەسەر هیوا و خواست و خەونەکان.

مەبەستمان لەمە ئەوە نییە کە دژایەتیکردنی پابەندبوون بە خواستەکانی ئیسلامەوە تەنها خەیاڵپڵاوە و هیچی تر، بەڵکوو ئێستا ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام پەرەی سەندووە بۆ پرۆسەیەکی گشتگیر، لە هەمان کاتدا کە گەلان هوشیارییەکی فیترییان پەیدا کردووە و پەی بە پووچیی ئەو شتانە دەبەن کە ڕۆژگارێك ئاواتیان بۆ دەخواست، لەو جێگرەوە هاوردانەی کە بانگەشەیان بۆ دەکرێت.

لەبەر ئەوەی زۆربەی حکومەتی موسڵمانان لەمڕۆدا زۆر هەوڵی دژایەتیکردن و بەرپەرچدانەوەی خواست و داواکاریی جێگیرکردنی ئایین دەدەن، شتێکی سروشتییە کە هەڵوێستی لایەنی بەرانبەر هەڵوێستێکی پێچەوانە بێت. هەروەك چۆن لەدوای سەردەمی داگیرکاری، بە هۆی بوونی هەڕەشەی سڕینەوەی سیفەتی ئینتیما بۆ نەتەوە بە زمان و کولتوورەوە، جەختکردنەوە لە ناوی نەتەوەیی و نیشتمانی باو بوو، ئەمڕۆش پاڵنەرێك هەیە بۆ ناونانی شتەکان بە ناوی ئیسلامەوە، بۆ جەختکردنەوە لە شێوەی جێگرەوە خوازراوەکان.

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، لەسەر ئاستی نەتەوەی عەرەبی، هەوڵی سڕینەوەی بوون هەبوو، بۆ نموونە، پرۆسەکانی فەڕەنسا و گۆڕینی زمان و سووك سەیرکردنی کولتووری عەرەب بەگشتی. ئەمە وێڕای دروستکردنی ئیسرائیل وەك پرۆژەیەکی دژ بە هەر دەستکەوت و سەرکەوتن و بەخۆداهاتنەوەیەکی عەرەبی، وەك سەکۆیەکی پێشکەوتوو بۆ گاڵتەکردن بە ناوچەی عەرەبی و بەڕێوەبردنی فێڵ و تەڵەکە لەبەرانبەری.

ڕاستە ئەو ڕووکار و ڕێکارە فەرمییانەی کە هەوڵی نوێنەرایەتیکردنی ویژدانی عەرەبییان دەدا بۆ ڕەتکردنەوەی دەستدرێژیی دەرەکی، ڕێکارگەلێکی نەتەوەیی بوون، بە واتا مۆدێرنەکەی و لەسەر شێوازی ئەورووپی، بەڵام بنچینە ویژدانی و فیکرییەکانی ئەو ڕێکارانە، تەنها لە ئەقڵ و دەروونی دەستەبژێردا بوون، لە کاتێکدا کە ڕەتکردنەوەی جەماوەری لە قووڵاییەکانیدا، ڕەتکردنەوەی موسڵمانێك بوو کە

به زمانی عەرەبی دەدوێت و لە سایەی کولتوورێکی لۆکاڵیدا ژیان بەسەر دەبات، کە ئیسلام باڵی بەسەردا کێشاوە، هەروەها لە قووڵاییەکانیدا ڕەتکردنەوەیەکی بەئایدۆلۆجیکراو نەبوو بۆ نەتەوەپەرستیی عەرەبی بە چەمکە مۆدێرنەییەکەی، هەرچەندە ڕەنگە زمانێکی گونجاوم بۆ گوزارشتکردن لێی نەدۆزیبێتەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دوو پەیبردن هاوکات بوون، پەیبردنی مێژوویی بەوەی کە ڕابورد، ئەویش بەوەی مەبەستەکە نەتەوەگەرییەکی عەرەبیی مۆدێرنخواز نەبوو، لەگەڵ پەیبردنی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام و لێکەوتەکانی لە ژیاندا، بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گشتگیری ڕێکخراو لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزرییەکان. لە میانەی هەموو ئەمانەدا، ئاسایی بوو درووشمی دەوڵەتی ئیسلامی بەرز بکرێتەوە، بە واتایەك کە هەستی ڕۆژانی سەربەرزی و سەروەرییەکانی بەرجەستە دەکرد.

دەتوانین دژایەتیکردنی مۆدێلی ئیسلامی و پرۆژەکەی، لە حەوت ڕەهەنددا کورت بکەینەوە:

١. وەلائە سیاسییە دەرەکییەکان لە دژی بەرژەوەندیی ئوممەت و وابەستەبوون بە ئەجێندای دەوڵەتانی دوژمنەوە.

٢. پاشکۆیی ئابووری و دانانی پلانی بێسوودی گەشەسەندن، بە جۆرێك کە بەرپابوونی سەربەخۆیی بۆ ئوممەت نەهێنێتە دی.

٣. هەڵوەشاندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، بە بیانووی ئەوەی کە کۆنن و ئیدی بۆ ئەم سەردەمە نوێیە سوودیان نییە (بە دامەزراوەی خێزانیشەوە) و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتە سروشتییەکان بە دامودەزگای کاڵوکرچ و بێکەڵك کە هیچ ڕیشەیەکیان نییە، بەمەش بوون بە یانەگەلێك تەنها بۆ دەستەبژێر.

٤. ملکەچبوونی پلانەکانی فێرکردن بۆ هەژموونی دەوڵەت و نەهێشتنی گیانی ئیلهامبەخشیی ئایینی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و گۆڕینیان بە تێزگەلێکی نەتەوەیی لۆکاڵی.

٥. بڵاوکردنەوەی گیانی کەمتەرخەمی و بەرەڵایی ئەخلاقی لە میدیادا.

٦. چاودێریکردنی ئاڕاستە نامۆکان و ڕادەستکردن و سپاردنی بواری کولتووری و زانستی پێیان، ئەمەش هاوشان دەبێت لەگەڵ تەبەنیکردنی کۆپییەکی فەرمیی پارچەپارچەبووی بێفەڕ لە ئیسلام، بۆ ئەوەی ببێتە پەرێزێك، لە ڕووی ئایینییەوە ڕەوایەتی بە ڕەفتارەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوا بدات.

٧. فشار خستنە سەر چالاکییە ئیسلامییەکان و ڕاوەدونانیان و لەکەمیندابوون بۆیان.

واتە واقیعێکی هەستپێکراو هەیە، کە نائیسلامیبوونی دەوڵەت و بەرنامە و پلان و ئامانجەکانی دەسەلمێنێت، ئەمەش پاڵ بەوانەوە دەنێت کە بەدوای جێگرەوەیەکدا دەگەڕێن، تا سیفەتی خوازراو لە جێگرەوەی خوازراودا بسەلمێنن.

## ٢. تێگەیشتنی لەزەینچەسپاوانە بۆ مێژوو

شانازیکردن بە مێژووەوە لەنێوان گەلاندا، شتێکی سروشتییە، چونکە ئەو شانازییە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشە، وێڕای ئەوەی کە بەشێکیشە لە کەسێتیی ئوممەت، بەڵام ئەو مێژووەی کە لە زەیندا چەسپاوە، مێژوویەکی تا ڕادەیەکی زۆر پەروەردەییە. ئەوەتا ئەو شێوە سادەیەی کە بەسەر دەروون و ئەقڵماندا دەخوێنرێتەوە، بریتییە لە چیرۆکی هێز و سەربەرزی و باوەڕ، پاشان پاشەکشەی ئیمان و سەرکەوتنی دوژمن.

گرفتی ئەم تێزە ئەوە نییە کە هەر لە بناغەوە هەڵەیە، بەڵکوو ئەوەیە کە لە باسکردنی هۆکار و مەرجە بابەتییەکان دابڕاوە، هەر بۆیە پێوەنان و گەورەکردن، یاخود تێپەڕاندن و زیادەڕەوی ڕوودەدات. واتە ئەگەر هەلومەرجە بابەتییەکان باس

بکرانایە، تێگەیشتن لە کەموکورتییەکان ئاسان دەبوو، بەبێ ئەوەی ئەمە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤ لەسەر خودی پەیامی ئیسلام جێ بهێڵێت.

**لە میانەی پێشکەشکردنی سادەکراوەی مێژوودا، بیرکردنەوەی سروشتی ون دەبێت، چونکە باسی ئابووری و کۆمەڵگە و سیاسەتی تێدا نییە و چیرۆکی مێژوو لە دووانەی فەرمانڕەوای باش/فەرمانڕەوای خراپدا، کورت هەڵدەهێنرێت.**

خۆش لەوەدایە کە ئەوانەی پێش ئێمە، لەگەڵ ئەو هەموو جدییەتە لە هەوڵی کاراکردنی دیدی ئیسلامیدا، سیفەتی (ئیسلامی)یان نەخستووەتە پاڵ دەوڵەتەکانیان، بۆیە دەوترێت جێنشینیی ئەبو بەکر و جێنشینیی عومەر...، یان دەڵێین جێنشینی یان دەوڵەتی ئومەوی و عەباسی و عوسمانی... و جێنشینییش بە واتای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی فەرمانڕەوایەتی دێت بۆ کەسێك کە لەدوای کەسێکەوە بێت کە پێش خۆی هاتووە.

پاشان بۆمان هەیە لەو پێوەرە بپرسین کە ڕێگە دەدات وەسفی ئیسلامی بدەین بەسەر دەوڵەتێکی ئەوتۆدا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە تەنها لە حاڵەتی ئایدیاڵیدا ئەو وەسفە کوتومت دروستە، چونکە هەر ئەزموونێکی سیاسیی موسڵمانان، تەنها هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە مۆدێلەکە، کە مرۆییانە هەوڵی بەدیهێنانی خواست و داخوازییەکانی دەدات و ناتوانێت بگاتە پڕاوپڕی و تێروتەسەلیی ئیسلام و پاکی و بێگەردییەکەی. بۆ نموونە، لە هەندێك لە ئەزموونە سیاسییە مێژووییەکاندا، بەرتەسککردنەوەیەك بۆ بواری ڕاوێژکردن هەبووە و یەکێك لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی فەرمانڕەوایی ئیسلامی شێوێنراوە.

دەبێ لەبارەی ئەو ماوانەوە چی بوترێت کە ناجێگیریی هەبووە، بۆ نموونە، لە دەوڵەتی مەملوکیدا لە هەندێك شوێن دوکانی مەی فرۆشتن هەبووە؟ بەدڵنیاییەوە ناتوانین بڵێین ئەو دەوڵەتانە (نائیسلامی) بوون، چونکە لەگەڵ ئەو کەموکوورییانەی لە ئاست نموونە باڵاکەی ئیسلامدا هەیانبووە، هێز و دەسەڵاتی

موسڵمانانیان پتەو و بەهێز کردووە و هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە دنیاییەکانیشیانی داوە. هەر لە میانەی ئەو دەوڵەتانەشدا ژیارێك بەرپا بووە، کە بە ئاوی ئیسلام ئاو دراوە و گۆش کراوە، بۆیە کۆمەڵگەش توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر لەو وێنە باڵایانەی هەوڵی بۆ داوە و لە ڕاستەڕێگەی بەرنامەی ژیان، بەنزیکی بمێنێتەوە.

لە مەترسییەکانی لکاندنی سیفەتی ئیسلامی بە دەوڵەتەوە، ئەوەیە کە گومان بەلای ئەوەدایە، ئەزموونە نوێیەکان هەرچەند هەوڵیان داوە، نەیانتوانیوە پاك و بێگەرد بن. خۆ ئەگەر وێنای جیهانێکی دابڕاو لە یەکتری بکەین، ڕەنگە ئەو خەیاڵە دروست بێت، کە بەڵێ دەکرێت ئەزموونێك بەرپا ببێت کە هێندە ڕەگداکوتاو و گشتگیر بێت، کە بتوانین ناونیشانی ئیسلامیی بۆ بەکار بهێنین، بەڵام وابەستەیی جیهانیی ئەمڕۆ ڕێگە بەوە نادات. وابەستەیی و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی ئەمڕۆ گشتگیرە و بوارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی و ئابوورییش دەگرێتەوە، بە هەموو پەیماننامە و سیستمەکانی بەڕێوەچوون و نەریتە پێڕەویلێکراوەکانیشیانەوە، هەروەها جیهانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییش دەگرێتەوە.

**٣. تێگەیشتنی لەقاڵبدراو بۆ ئایین**

لەنێو موسڵمانانی ئەمڕۆدا، ئەقڵیەتێکی یاسایی بڵاو بۆتەوە کە لە خەمی ئەوەدایە حوکمێکی یەکلاکەرەوەی لە بەردەستت دابێت بۆ ئەو دیاردانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، حوکمێك کە سیفەتی ئیسلامێتی یان نائیسلامێتیی پێوە لکێنرابێت. لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕێژە گشتییەی لەنێو خەڵکیدا لە ئیسلام دەگیرێت، ئاڕاستەی بەها و هزرەکەی بەگشتی کراوە، دەبینین ڕشتەی ئامۆژگاری و فێرکردنی ئایینی بە ئاڕاستەیەکدا کار دەکات، کە مەبەستی گەیشتنە بە هەڵسەنگاندنێکی کۆتاییانەی پوخت و سادە، لە شێوەی حوکمێکی یەکلاکەرەوەدا.

بابەتی فیقهییش فاکتەرێکی هاوبەشە لە توێشووی زانستی لای هەموو لایەنەکانی ئاڕاستە ئیسلامییەکان، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی ئەقڵیەتی پابەند بە ئاڕاستەی وەسفکردنی شتەکان بە پێنج حوکمەکە، لە حەڵاڵ و حەرام و ئەوانەی لەنێوانیاندان کار بکەن، **چونکە لۆجیکی یاسایی بەگشتی زۆر گرنگی بە چۆنێتیی گەیشتنی شتەکان بەوەی کە پێی گەیشتوون نادات، بەڵکوو گرنگی بە باری کۆتاییان دەدات و حوکمێکی کۆتایی ئەوتۆیان پێ دەبەخشێت.**

کەواتە شتێکی سەیر نییە کە ببینین ئەوانەی زۆرترین پابەندییان بە لافیتەی دەوڵەتی ئیسلامییەوە هەیە، لەوانەن کە کوتومت شوێن دەقەکان دەکەون (کە بە سەلەفی ناسراون)، بەبێ ئەوەی کە ئەمە سیفەتێکی بنچینەیی سەلەفیەت بێت.

بەگشتی، لۆجیکی دووانەیی و یەکلاکەرەوە کە سڵ ناکاتەوە لە ناوبردنی خەڵکی بە کافر و لادەر و بیدعەچی و دەرچوو لە ئایین و ئەو لۆجیکەی کە بواری جووڵە و ئەملاولای دەقەکان تەسك دەکاتەوە، لۆجیکێکە تەنها وەسفی ئیسلامیبوون یان نائیسلامیبوونی قبوڵە، جا بابەتەکە بابەتی دەوڵەت بێت بۆ ئوممەتی موسڵمانان یاخود بابەتییێکی تایبەت بێت بە تاکێك لە موسڵمانان، بەڵام ئاڕاستەی ئایینزایی لە هەگبەکەیدا توێشوویەك لە ڕێسا هەیە، ڕێگە بەوە دەدات کە لەنێوان هەردوو ئاڕاستەکەدایە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە بە ئاڕاستەی ئاینزایی وەسف دەکرێت، ئەگەری خراپ بەکارهێنانی کەلەپوور لەبەردەم هەندێك لە شوێنکەوتووانیدا –بێئاگاکان یان کەسانی تریش– والا دەکات و پلەگەلێك لە ئیسلامێتی بەسەر شتانێکدا دەدات، کە واقیعەکە شایستەی نییە.

لە بەرانبەردا ئاڕاستەیەکی مەبەستگەرایی هەیە، کە بیرۆکەی بەرابەرکردن و هەڵسەنگاندنی لایەنی باش و خراپی شتەکان کارا دەکات و پرسی بەدیهاتنی ئامانجی حوکمەکان و هۆکارەکانیان فەرامۆش ناکات، بۆیە ئەندازەیەك لە

ڕێژەییبوون لە هەڵسەنگاندنی واقیعدا ڕەچاو دەکات و زۆر گرنگی بە بڕیار و وەسفی یەکلاکەرەوە و کۆتاییانە نادات.

لە گفتوگرکردنمان لەسەر ئەم زاراوەیە، ناتوانین نموونەی کرداریی ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامی" لەبیر بکەین، کە تێزەکەی نمایندەی توندترین شێوەی پابەندبوونە بە دەقە فیقهییەکانەوە، تا ئاستی ساناکردنەوەی بەکافردانان، تەنانەت بۆ برای موسڵمانی تێکۆشەر. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە هەڵکشانی ئەو ڕێکخراوە دیاردەیەکی فیقهییە، هیچ گومانێکیشمان لە نەزانییان بە فیقھ و لەوە نییە کە لەلایەن دوژمنانەوە بەکار هێنراون، تەنها مەبەستمان ئاماژەدان بوو بە ئەگەری بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیانەی زاراوەی (دەوڵەتی ئیسلامی) و بەکارهێنانی لەلایەن کەسانێکەوە کە تێگەیشتنێکی فیقهییانەی زۆر لاوازیان هەیە، کە هیچ یەکێك لە بنەما و ڕێساکانی تێگەیشتنی دروستی تێدا نییە.

### ٤. پێگەی دەوڵەت لە دیدگای ئیسلامییەوە

لەبەر ئەوەی باسەکەمان باسی دەوڵەتە، پێویستە لەسەر فەلسەفەی سیاسیی ئەو دەوڵەتە و مۆدێلە باشەکەی بدوێین.

تێکەڵییەکی زۆر فراوان لە قسەی ئەوانەدا کە زۆر پابەندی ئیسلامن، هەیە و لە قسەی کەسانی تریشدا بە هەمان شێوە. هەڵوێستەکانیش جیاوازن و بەرزونزمی زۆر دەکەن. هەیە پرسەکە لەوەدا کورت دەکاتەوە کە بەرزترین پێگە لە دەوڵەتدا لە دەستی (موسڵمانێك)دا بێت، باشترین بەڵگەش ئەو فەتوا لادەرانەن کە لەمەڕ ستەمگەرانی وڵاتەکانمان دەردەچن، کە تێیدا هەڵسەنگاندن بە پێوەری سیاسەتی شەرعی و ئەخلاقی ئایینی نابێت و پشت بە پێناسەیەکی فیقهیی وشك و چەقبەستوو دەبەسترێت لەبارەی بوونی ئیمان و نەبوونیەوە. هەندێکی تر بابەتەکە لە پرسی (توانای ئەنجامدانی سرووتەکان)دا کورت دەکاتەوە، هەروەها پێوەری

(جێبەجێکردنی یاساکانی ئیسلام)یش بەناوبانگە، کە بەگشتی ئەو یاسا و حوکمانە لە سنووری سزاکاندا (الحدود) کورت هەڵدەهێنن، لەگەڵ فەرامۆشکردنی سروشتی ڕشتەبەندەکە، ئەمەش هەژاری و لادان بەرهەم دەهێنێت و پاڵنەرێك دەبێت بۆ لەیەکترخوێندن و دژایەتیکردنی یەکتری. لێرەدا واتای ئەنجامدانی سرووتەکان ون دەبێت، ئایا مەبەست لەمە، بۆ وێنە مەراسیمی شۆردنی تەرم و بەخاکسپاردن و شاردنەوەیەتی، یاخود ڕێگەدانە بە حەجکردن، یان ڕێگەنەگرتنە لە ڕۆژوو، یاخود مەبەست لێی نوێژکردنە لەماڵەوە یان لە مزگەوت، یاخود مەبەست وانەوتنەوەیە لە مزگەوت، یان ئازادیی وتاردانە.

هەر بەو بۆنەیەوە، پێوەری توانای ئەنجامدانی سرووتەکان لە هەندێك ڕای فیقهیدا، وەکوو پێوەرێك بۆ دروستێتیی نیشتەجێبوون لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکار هاتووە، تا ئاستی ئەوەی هەندێك لەو وڵاتانەی بە خانەی ئیسلام (دار الإسلام) وەسف کردووە. لێرەدا وەسفەکە بۆ کۆمەڵگە یان بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت پێکەوە، بەکار هاتووە. بۆ نموونە، چەند دەوڵەتێکی عەرەبی هەن، ئابوورییەکەیان بە دەرەوە بەستراوەتەوە، سیاسەتیشیان بە ئەولەویاتی دوژمنەوە بەستراوەتەوە و ڕێگە بە دەستێوەردانی کولتووری دەدەن، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە بەرگێکی تەنك و ناسك کە بانگەشەی ئیسلامیبوونی خۆی دەکات، بەڵام بەجێهێنانی سرووتە ئایینییەکان زۆر بڵاوە، ئایا ئەمانە وایان لێ دەکەن کە ببنە دەوڵەتی ئیسلامی پڕ بە واتای وشەکە. بۆ جاری دووەم، لێرەدا لەم وەسفەماندا مەبەستمان بەکافرکردن نییە، بەڵکوو تەنها دیاریکردنی حاڵەتی دەوڵەتان و شیاوێتییانە بۆ ئەوەی کە ئایا ئیسلامین یان نا.

ئەوە بزاوتی کۆمەڵگەیە کە بنەمای تایبەتمەندیی ئیسلامێتی دادەڕێژێت نەك خودی دەوڵەت، هەرچەندە ڕەفتاری دەوڵەت پایەیەکی سەرەکییە لە چەسپاندنی ویستی کۆمەڵگە یان لەباربردنیدا. ڕەنگە بتوانین بڵێین ناکۆکی لەسەر ڕێگەی

گەیشتن بە خەونی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامی و ئەو مشتومڕە زۆرەی کە وەك هەوڵێك بۆ بەئیسلامکردنی دیموکراسی یان لەمەڕ پرسی دەوڵەتی مەدەنی بە مەرجەعیەتی ئیسلامی، یاخود لەمەڕ پلەبەندی و واقیعیبوون و مودارات و ئاشتەوایی و ڕێککەوتن لەگەڵ فەرمانڕەوایانی دوور لە هێڵی ئیسلام، هەیە... دەتوانین هەموو ئەمانە بە ڕەنگدانەوەی بەشەکیی گرفتی چەمکی تیۆریی دەوڵەت دابنێین.

جیاوازییەکە ئەوەیە کە واقیعی کرداریی زۆرینەی هەوڵ و کۆششە ئیسلامییەکان، یەکەمێتی بە بزاوتی کۆمەڵگە دەدەن. بۆ نموونە، جێبایەخیی گرووپە سۆفییەکان بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون، گرووپە بانگخوازەکانیش گرنگی بە فێرکردنی ئایینیی دەدەن، بزووتنەوەی برایانی موسڵمانیش ئەو وتەیە تەبەنی دەکەن کە دەڵێت: تاکی موسڵمان، پاشان کۆمەڵگەی موسڵمان، ئینجا دەوڵەتی موسڵمان، ئەمە گوزارشتێکە (لەگەڵ سادەییەکەی)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە چاوگ و مەرجەعیەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگەدایە نەك دەوڵەت. ئیدی چۆن وابەستەی درووشمی (دەوڵەتی ئیسلامیی) ببین، لە کاتێکدا کە چالاکیی کردەیی زۆرینەی بزاوتی ئیسلامیی کۆمەڵگەییە؟ ئا ئەمە ڕەنگدانەوەی تێکەڵیی هزرییە کە دەبێتە گەورەترین بەربەست، کاتێك ئەو بزاوتانە بیر لە چوونە نێو کایەی سیاسی دەکەنەوە.

مۆدێلی ئیسلامیی کۆمەڵگەی کردووە بە سەنتەر، نەك دەوڵەت. **هەر بۆیە گرفتی درووشمی (دەوڵەتی ئیسلامی) زیاد دەکات، کاتێك زەینمان بەلای ئەوەدا دەچێت کە دەوڵەت جێی سەرەکیی پاراستن و چاودێریکردنی شەریعەتە.** سیاسەتی موسڵمانانەی چاك، دەستێوەردان لە زۆرێك لە چالاکییەکانی ژیاندا ناکات و بۆ کۆمەڵگە و بژاردە خودییەکانی جێ دەهێڵێت. بۆ نموونە، ناکرێت دەسەڵاتی سیاسی، دەستێوەردان لە پرسی پەرستشەکان، لە نوێژ و ڕۆژوو و حەجدا بکات.

بۆ نموونە، ئایا لە مێژووی خۆماندا بیستوومانە هیچ فەرمانڕەوایەك بەشوێن کاروباری ڕۆژوو، یان کاروباری دەستنوێژ، یان سیفەتی بەردەکانی ڕەجمی شەیتاندا چووە؟ لە مێژووماندا، پرسی ڕەفتاری کەسی و ئەنجامدانی پەرستشەکان لە کۆی ڕێڕەوی کۆمەڵگەدا، دیسپلینە نەریتییەکان چاودێرییان دەکەن و دەسەڵاتی سیاسی دەستێوەردانی تێدا ناکات، مەگەر لە دەروازەی حیسبە (الحسبة)وە، لەبریی کۆمەڵگە و بۆ جەختکردنەوە لەسەر بژاردەی کۆمەڵگەیی و توانای جووڵەی لە ژیانی کرداریدا بووبێت، نەك وەکوو سەپاندن و تۆبزیکردن.

لە پرسی زەکاتدا، دەوڵەت ڕۆڵێکی کارگێڕیی هەیە، بەڵام ڕۆڵێکی یەکلایەنە نییە کە ڕێگر بێت لە لایەنی تر، چونکە زەکاتدان فەرزێکی تاکەکەسییە و خەڵکی کاتێك ئایینەکەیان فەرمانیان پێ دەکات، بە خوایشتی خۆیان ئەنجامی دەدەن، نەك تەنها ملکەچییەك بێت بۆ دەسەڵاتی سیاسی. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی سیاسییش زەکات نەسێنێت، فەرزی زەکاتدانەکە لە گەردنی تاکەکەدا هەر دەمێنێت.

بوارە سیاسییەکە دەمێنێت، کە نایشارینەوە ئەویش لە دیدگای ئیسلامییەوە بە کۆمەڵگەوە گرێ دراوە. بوارە سیاسییەکە لەبەر ئەم پێنج هۆکارە، ڕیشەی لە کۆمەڵگەدا هەیە:

(١) واجببوونی ڕاوێژ.

(٢) تێگەیشتن لە شەریعەت لە بواری مەدەنیدا و دوور لە بواری سیاسی ئەنجام دەدرێت.

(٣) فەرمانڕەوا و چینی کارگێڕی، لەبریی ئوممەت بەرپرسیارن و مافی سەربەخۆیەتیی تەواویان نییە.

(٤) دادگا، لانی کەم لە بوارەکەی خۆیدا لە دەسەڵات سەربەخۆیە.

(٥) ڕەفتاری ئابووریی دەوڵەت، وابەستەی چەندین دیسپلینی کۆمەڵگەییە، کە ئیسلام بڕیاری لێ داوە و بۆ بژاردەی دەسەڵات جێ نەهێڵراوە.

لێرەدا گفتوگۆکردن لەسەر ڕێڕەوی مێژوویی سیاسەتی موسڵمان گرنگ نییە، ئەوە بابەتێکی جیاوازە، پێویستە بارودۆخەکەی و تواناى ئەنجامدانی کارەکانی لەگەڵدا باس بکرێت، لە بەشەکانی تردا گفتوگۆ لەسەر ئەم باسە دەکەین.

ئەو گفتوگۆیەی لە سەرەوە کردمان، بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی دیدگای ئیسلامی لە بەرنامە سیاسییەکاندا نییە، هەروەك چۆن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەرکی هەستانی دەوڵەت بە چاودێری و ڕەچاوکردنی ئەو بەرنامانە نییە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە ئێمە قسە لەسەر هەوڵگەلێك دەکەین بۆ نزیکبوونەوە لەو حاڵەتە ئیسلامییەی کە پێویستییەکە تێکەڵی بارودۆخی واقیع بووە و لە ڕووی کات و شوێنیشەوە ڕێژەییە، هەموو ئەمانەش پێمان دەڵێن درووشمی (دەوڵەتی ئیسلامی) گونجاو نییە.

**٥. دۆشدامان لەبەردەم گۆڕانکاریدا**

زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی، زاراوەیەکی جوانە، چی لەوە بەرز و باڵاترە کە دەوڵەت بە وەسفی ئایینێك وەسف بکرێت کە ژیارێکی درەوشاوە و پرشنگداری دروست کردووە، بەڵام ئەمە پوختکردنەوەیەکە وێنە گشتییەکە دەشێوێنێت، چونکە نە وەسفکردنی دەوڵەت بە تەواوی ئایین گونجاوە و نە دروستبوون و جۆربوونی دەوڵەتێکی ئاوا کە لە ئاستی خوازراودا بێت، شتێکی ڕوونە. ئەمە ڕەنگدانەوەی شێوازێکی دووری بیرکردنەوەیە لە تێگەیشتن لە بنەمای گۆڕانکاری.

بەدیهاتنی شتەکان لە دونیادا لە ڕێگەی پرۆسەی کردەیی ڕەفتارییەوە دەبێت، کە لە بەرانبەریدا ڕێڕەوی پەرجووەکان (المعجزات) هەیە. کاتێك بیر لە پرۆسەی پێکهاتن و دروستبوونی مۆدێلێك دەکەینەوە، دەتوانین چەند مەرجێکی سەرەکی بۆ درووستبوونی ئەو مۆدێلە دیاری بکەین:

(١) زانینی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەو دروستبوونە.

(٢) زانینی مەرجی کات، کە هەر ڕەگەزێك پێویستیەتی.

(٣) زانینی پلەبەندیی نێوان ڕەگەزەکان.

(٤) زانینی ئاستی پشتبەیەکتربەستن لەنێوان ڕەگەزەکاندا.

(٥) زانینی ئەو کارتێکەرە ژینگەییە دەرەکییانەی کە کار لە ڕێرەوی دروستبوونەکە دەکەن.

**بەکارهێنانی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی، وا دەکات کە گۆڕانکاریی بەدیهاتنی ئامراز و هۆکارەکانمان لەبیر بچێتەوە و پاڵنەر دەبێت بۆ دروستبوونی حاڵەتێك لە لەبیرچوونەوە (الذهان).** لەبەر ئەوەی پرسەکە پەیوەندیی بە ڕاست و ناڕاست (الحق والباطل)ەوەیە هەیە، خەیاڵیبوونی بیرکردنەوە جۆرە ڕەوایەتییەکی وەهمی وەردەگرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو بیرکردنەوەیە پێچەوانەی سوننەتی ژیان و گۆڕانکارییەکانیش بێت، چونکە بیرکردنەوە وابەستەی وێنە زەینییەکە دەبێت –کە وێنەیەکی پرشنگدارە و پڕە لە مانای جوان و بێگەرد– بۆیە وا خەیاڵ دەکرێت کە هەر ئەو پاکی و بێگەردییە، بە بەرزی و بڵندیی خۆی، ڕاستەخۆ ڕێگەیەك بۆ واقیع دەدۆزێتەوە.

## هێڵکاری: گرفتی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی




ئەم پرسە رِوویەکی تری هەیە، ئەویش بریتییە لە جیاوازیی نێوان پێداویستییەکانی بنیاتنان و چاندن و پێداویستییەکانی نەهێشتن و لەبنهێنان. دەوڵەتە نوێیەکان بەپێی مۆدێلی جیهانیی باو، ئایین بێلایەن و سنووردار دەکەن. بەم شێوەیە لۆجیکیان لە ئەورەوپا، وەك بەشێك لە مێژووی ململانێی نێو کۆمەڵگە و پێگەی کڵێسا تێیدا و بەشداریکردنی لە فەرمانرِەوایی و دەرەبەگایەتی پەرەی سەند. لە وڵاتانی خۆیشماندا، –وەك بەشێك لە پاشماوەی داگیرکاری و بەشێك لە بەرِۆژئاواییبوونی دەستەبژێر– دەوڵەت بە هەمان شێوە، بە نهێنی و ئاشکرا، دژایەتی و بەرەبەرەکانێی ئایین دەکات و لە گۆشەیەکی بچووکدا توندی دەکات، ئەمەش پاڵنەرە بۆ قبوڵکردنی گوزارشتی (دەوڵەتی ئیسلامی)، لە حاڵەتێکی لەبیرچوونەوەی جیاکاریکردن لەنێوان وێرانکردن و بنیاتناندا.

واتە کاتێك ئەوە لە ویژداندا جێگیر بوو کە دەوڵەت دەتوانێت هەوڵی هەڵکەندنی ئایین لە سەرەوە بدات، وەڵامەکان بەو شێوەیە دێن کە پێویستە دەوڵەت سەرەوە جێگیری بکات. لێرەدا دەتوانین پەی بەوە ببەین و بڵێین تەنانەت وێرانکردنیش لە سەرەوە، بەکردەیی شکستی هێناوە.

# كۆتـایی

بەڕاستی درووشمی (دەوڵەتی ئیسلامی) کە بۆ وەسفی وڵاتی موسڵمانان یان بۆ ناونیشانی جێگرەوەی خوازراو بەکار دێت، سەرچاوەیەکە بۆ خەیاڵپڵاوی و ڕەنگدانەوەی تێکەڵییە لە تێگەیشتندا، چونکە هەندێك پێیان وایە مەبەست لە دەوڵەتی ئیسلامی، دەوڵەتی فەرمانڕەوایی تیۆکراسییە کە (پیاوانی ئایینی) بەڕێوەی دەبەن، بەتایبەت بە مۆدێلی حوکڕانیی ئێرانی و کارەکانی ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامی"، ئەو جۆرە هەستەیان دروست دەکەن.

لە باری زاڵبوونی ئەقڵیەتی فیقهییشدا، وا تێدەگەین کە دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکە شتێکی ئامادەکراو، بەپێی ئەو مەرج و تایبەتمەندییانەی لە کتێبەکانی کەلەپووردا هاتووە، جێبەجێ دەکات، هەروەك چۆن ئەم گوزارشتە دەرگای خراپ بەکارهێنانی ئایدۆلۆژییانە لەلایەن دۆست و دوژمنەوە دەکاتەوە.

# بەشی نۆیەم: خەیاڵدانی سیاسیی ئیسلامییەکان

پڕۆژەی عەرەبی لە ماوەی دوای داگیرکاری بە کولتووری داگیرکار بارگران بوو، لە نێویشیاندا بابەتی ئایین و پەیوەندی بە سیاسەت و کاروباری گشتییەوە. دوای ئەوە بە قۆناغێکدا تێپەڕین کە تێیدا باسوخواسی زۆر لەسەر (ڕابوونی ئیسلامی) کرا، بەو پێیەی کە شتێکی لاوەکی و هەستانەوە و گەڕانەوەیەکی کاتییە، ئەم زاراوەیەش لە دەرەوە هاتووە، پێشتر و لە سەدەی هەژدەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە کەسانێك دەگوترا کە لە بزاڤی ئایینی مەسیحی بوون.

پاشان بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە کەم بووەوە و سەرقاڵییەکی ئەکادیمی لەمەڕ ئەوەی پێی دەوترێت (ئیسلامی سیاسی)، هاوکات لەگەڵ دوو پەرەسەندندا دروست بوو، کە بریتی بوون لە:

(١) بێدەنگی و کپبوونەوەی زۆری بیرۆکەی نەتەوەیی عەرەبی.

(٢) دەرکەوتنی کردەیی ئەزموونە ئیسلامییە دەوڵەتییەکان (لە سوودانەوە تا ئێران و فەڵەستین)، کە سنووری چالاکیی کۆمەڵگەیی و خواستی ئایدیاڵیان تێپەڕاند و بەکردەیی چوونە نێو گێرەوکێشەی سیاسەت و فەرمانڕەواییەوە.

گرفتی زاراوەی "ئیسلامی سیاسی"یش شتێکی شاراوە نییە، لەبەر ئەو کێشانەی بۆ هەوڵە نیشتمانییەکانی دروست دەکات، وەك ئەوەی بڵێی سیاسییانە ئایین بەکار دەهێنێت.

دەتوانین پێنج جۆر خەیاڵدانی سیاسی جیا بکەینەوە: سۆفییانە و زانایانە و بانگخوازانە و پارت و گرووپگەرایی و پڕۆژەگەرایی. هەوڵ دەدەین بەدواداچوون بۆ

ڕەهەندەکانی تێکەڵبوونی سیاسەت بە جۆری گرووپ و کۆمەڵە ئیسلامی و پابەند بە ئیسلامەکانەوە بکەین و سروشتی تێگەیشتن لە سیاسەت سنوورەکانی ئەواندا ڕوون بکەینەوە.

ئاگاییش لەوە دەدەین کە مۆدێلی شیکاریی وەرگیراو، تایبەتە بە میانەی دەوڵەتی نوێ و بەسەر مێژووی موسڵمانان لە ماوەی داگیرکاری، جێبەجێ نابێت.

### ١. خەياڵدانی سۆفییانە

خەياڵدانی سۆفییانەی تەریقەتی ئەوەیە کە واز لە دونیا دەهێنێت و زۆرینەی بوارەکان بۆ دەوڵەت جێ دەهێڵێت و گۆشەی پاککردنەوەی دەروون بۆ خۆی دەهێڵێتەوە. ڕاستە ئەم ئاڕاستەیە پەیوەستە بە وێنەی فەرمانڕەوایەکی پاکی بەتوانا کە موسڵمانان لەژێر سایەیدا سەربەرزن، بەڵام خاڵی جیاکەرەوە بریتییە لە پێگەی (سیاسی) لەم شێوە بیرکردنەوەیەدا، چونکە (سیاسی) لەم ئاڕاستەیەدا یان هەر نییە، یاخود لە چەند گۆشەیەکی بچووکی پەیوەست بە جیهانە شاراوەکەیەوە ئامادەیی هەیە.

سۆفیگەرێتی ڕێگریش نییە لە پشتیوانیکردن و هاریکاریکردنی و سەرخستنی دەسەڵات بۆ خۆپاراستن لە شەڕی، چونکە خوای گەورە دوژمن و لەڕێلادەرەکانی بۆ خزمەتی خۆشەویستانی خۆی تەرخان دەکات، بەڵام سۆفیگەری ئەو سنوورە گۆشەگیری و پاشەکشەیە لە هەندێك باری تایبەتدا دەبەزێنێت و لە وەرچەرخانە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و تێکچوونی باری کۆمەڵایەتیدا، هەستێکی سیاسیی شاراوە دەردەخات، ئەمەش لە سێ حاڵەتدا ڕوو دەدات:

**یەکەم:** حاڵەتی دەستدرێژیی دەرەکی، بەتایبەت کاتێك لەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا هێزێکی دەرەکی یاری بە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی دەکات، ئەمەش ڕەت دەکرێتەوە. لەم دۆخەدا نزاکردن لە ستەمکاران —جا ئاشکرا بێت لەنێو خزم و

هاوڕێیاندا، یان لە دڵدا بێت بەنهێنی– زیاد دەکات، دوعای پەناگرتن لە لێکەوتەکانی تاوان. لەبەر ئەوەی ئاستی ئەو بێڕێزی و سوکایەتییەی کە دەستدرێژکارە دەرەکییەکان ئەنجامی دەدەن، هەموو سنوورەکانی خۆڕاگری و ئەوەی کە سۆفیگەری بە ئارامگری و لێزانیی دەزانێت، دەبەزێنێت، هەستی بەرگری و بەگژاچوونەوەی تێدا دروست دەبێت، بەتایبەت لە لادێکاندا.

**دووەم**: حاڵەتی دەستدرێژیی ناوخۆیی، کە پانتایی دەروون و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە داگیر دەکات (بەتایبەت ئەگەر تایەفەگەریی تێدا بێت)، سیاسەتکردن و تێکەڵبوون بە جیهانی سیاسەت، دەبێتە شتێکی سروشتی و فیتڕی. سۆفیگەری لە نەستی خۆیدا وا پەی دەبات کە دەزگاکانی فەرمانڕەوایی پەراوێزێکیان بۆ جێ هێشتووە و دەستی تێ وەرنادەن، ئەمەش بە دیدی ئەوان خەڵاتێکی خوایی و لێهاتووی و دانایی و دووربینیی خۆیانە.

هەماهەنگ لەگەڵ ڕێبازەکەیدا، سۆفیگەری هەوڵی پاراستنی بواری ڕێز و بەزەیی و بەگەورەدانان دەدات کە بەلای سیاسییەکانەوە ئاڵوگۆڕێکی گونجاوە، بەڵام ڕەنگە ئەو حاڵەتە بگاتە ئاستێك کە سۆفیگەری تێیدا هەست بەوە بکات کە لە مەترسیدایە (وەکوو هەست و وەکوو ڕێبازی ژیانیش)، بۆیە سیاسەت دەبێتە بابەتێکی تاکەکەسییش، نەك تەنها بابەتێکی گشتی.

**سێیەم**: دەکرێت سۆفیگەری تەنها وەکوو بەرژەوەندی بچێتە بواری سیاسەتەوە. بەگشتی سۆفیگەری لە بواری سیاسیدا کاتێك دەردەکەوێت، کە گرووپێکی ئیسلامیی تر هێز و دەسەڵاتێکیان هەبێت، بەتایبەت ئەگەر هێز و دەسەڵاتەکە هیی ئەو بزاڤە ئیسلامییە تەواوکارییانە بێت کە ڕەنگە لە سایەیدا سروشتی کۆمەڵگە بگۆڕێت و سۆفیگەرییش پێگەی خۆی لەدەست بدات، بۆیە لە سۆفیگەریدا هەستێکی سیاسیی شاراوە بەنهێنی دەجووڵێت.

پوختەکە ئەوەیە کە زۆربەی سیاسەتی سۆفیگەری، بریتییە لە سیاسەت بە نێگەتیڤ (السلب). لەگەڵ ئەوەی بزووتەنەوەی سۆفیگەری لە سیاسەت ڕادەکات و لە بەزەیی دەریدەکات، بەڵام لە چەند کاتێکی تایبەتدا پەنای بۆ دەبات. بە ئەندازەی نزیکبوونەوەی سۆفیگەرییش لە مۆدێلی تەریقەت و دوورکەوتنەوەی لە ڕەفتاری تاکەکەسی، هەستی بەکارهێنانی سیاسی، بەپێی ئەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، زیاد دەکات. لەبەر ئەوەی کە سۆفیگەری، بەتایبەت لە وڵاتانی غەیرە عەرەبیدا، بەتەواوی لەگەڵ جۆری ژیاندا تێکەڵ بووە، هاوپەیمانێتیی بەرژەوەندییانەی لەگەڵ سیاسییەکاندا بەبەردەوامی هەیە.

## ٢. خەیاڵدانی فیقهیی زانایان

ئەم خەیاڵدانە لە زانستە شەرعییە کەلەپوورییەکاندا ڕەگی داکوتیوە و پێی وایە کە چاکی و چاکسازیی کۆمەڵگە لە ڕێگەی باش تێگەیشتن لە شەریعەت دروست دەبێت، بە هەموو ئەو زانستانەیەوە کە لە مێژووماندا سەریان هەڵداوە و دروست بوون، چونکە هەر ئەوەیە سەرچاوەی بەردەوامی لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە دەیەوێت، هەروەها چاوگی ئەحکامە ڕێکخەرەکان و کانگای دانایی مێژووییە. خۆ ئەگەر ئەو زانایانەی دەسەڵات بخەینە لاوە کە ڕووپامایی و دووڕوویيان کردووە، ئەوا زانایان بەگشتی و لەخوانزیکەکانیان بەتایبەتی، ڕێزێکی زۆریان لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگەوە لێ دەگیرێت، چونکە لە ڕووی شارەزاییان لە زانستەکانی کەلەپوورەوە، نمایندەی بەشێکی زۆری ئوممەت دەکەن لەوانەی کە گەواهیی شکۆی مێژووی موسڵمانانن.

تێبینیی ئەوەش کراوە کە ڕێزی زانایان، ئەوانەشیان دەگرێتەوە کە کەمترین پلەی پابەندیی ئایینییان هەیە، دیدی جیاکردنەوەی ئایین لە ژیان لای ئەوان، وایان لێ دەکات لە بۆنەکاندا بە گەوەرەیی و ڕێزەوە لە زانایان بڕوانن، بۆ ئەوەی ئەو

کەسانە دڵنیایی بە خۆیان بدەن کە دوورکەوتنەوەیان لە ئایین، دوورکەوتنەوەیەکی دوژمنکارانە نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئەو (سرووت)ە ئایینییانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شێوێنراون و مامۆستایانی ئایینی سەرپەرشتییان دەکەن و بەڕێوەیان دەبەن، ئەوان لە کاتی تەنگوچەڵەمە و گرفتە کەسی و خێزانییەکاندا پەنای بۆ دەبەن و دڵی خۆیانی پێ ئاسوودە دەکەن.

بەگشتی خاڵی هاوبەشی زانایانی کەلەپوور، دوورکەوتنەوەیە لە سیاسەت، بەڵام سیاسەت بە هۆی مکوڕیی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئەوەی کە لە سایەی شارەزایی کەلەپووریاندا جۆرێك لە ڕەوایەتی وەربگرێت، لێیان ناگەڕێت، بەمەش زانایان پلەیەك لە شکۆ و هێز و پارێزراوی لە کۆمەڵگەدا وەردەگرن، بەڵام شکۆ و ڕێز و پارێزراوییەکی لاواز کە پشت بە پایەگەلێکی ئیعتیباری دەبەستێت کە تەئویلکردنیان ئاسان نییە و بەوریاییەوە لەدەوری پارێزگاری سیاسیدا دەسووڕێتەوە.

گرفتێکی بێچارە لەم هاوکێشەیەدا هەیە کە هاوسەنگییەکی لەقی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شکۆ و هێز و پارێزراویی زانایانی کەلەپوور دروست نابێت و نوێ نابێتەوە و بەهێز نابێت، مەگەر بە وتنی وتەی هەق و وەرگرتنی هەڵوێستی دژ بە ڕەفتاری ئەهلی سیاسەت و ئارەزوو، بەڵام زانایان ئەمەیان ناوێت، چونکە ڕۆڵی بنچینەیی ئەوان ڕۆڵێکی زانستیی فێرخوازییە.

پاش ماوەی داگیرکاری و دوای بەیاساییکردنی بزاڤی فەتوادان و ئیمامەتکردن و دوای نەهێشتنی ئەوقاف، زۆرێك لە زانایان. —پلە بە پلە— وازیان لە خەمی گشتی و بواری سیاسی هێنا. لێرەدا قەیرانەکە دووسەرەیە، چونکە لە لایەکەوە ئەو وازهێنانە لە ڕووی زانستییەوە ئەو بابەتانەشی گرتەوە کە دەیانوتەوە، بەمەش دووربینی و شارەزایی و تێگەیشتنی تەواوی واقیعی نوێیان لەدەست دا، هەروەك چۆن وازهێنانەکە لە ڕووی کردارییشەوە بووە هۆی پاشەکشەی پێگەی ئیعتیباریی

زانایان –لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا– لەو کاتانەی قەیراندا کە هیچ سوودێك لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەکارهێنانی شمشێردا نەدەبینرا، پرسیار لەوان دەکرا، ئا ئەمەیە جیاوازیی شکۆ و هێز و پارێزراوی لە هەقی زانایانی کەلەپووردا، کە لە دەرئەنجامدا کاریگەریی لەسەر خەیاڵدانی سیاسییان دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی، خەیاڵدانی سیاسیی ئاڕاستەی زانایان خەیاڵدانێکی حوکمی/یاسایی ئوسوڵییە، بەڵام هەڵوێستە زانستییەکانی گرووپە جیاوازەکانیان لەمەڕ بابەتە سیاسییەکان هەمەجۆرە. تێیدایە حەزی سەربەخۆیی بەسەریدا زاڵە، هەندێکیشیان ویستی وەرگرتنی دەسەڵاتێکی (مەرجەعی)ی هەیە، کە دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوا بیانداتێ یان پێیان ببەخشێت.

ناوەرۆکە فیقهییەکەش ڕۆڵێکی گرنگ لە هەڵوێستی زانایاندا دەگێڕێت، بۆ نموونە: ڕێچکە ئایینزاییە (سوننییەکان) بە شێوەیەکی گشتی خۆیان لە سیاسەت بەدوور دەگرن، بەڵام ئاڕاستەی مەبەستگەرایی بەناچاری لە بابەتەکانی کاروباری گشتی نزیك دەبنەوە، هەرچی سەلەفیەتی هاوچەرخیشە لە حاڵەتی ئاساییدا واز لە بواری گشتی دەهێنێت، بەڵام سەلەفیەت لە شێوەی (وەهابییە نوێیەکاندا)، کاتێك بڕیاری جێهێشتنی ئەو پێگەیەی خۆی دا کە لە سیاسەت بەدوور دەبێت و وتەی پێویستبوونی گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا و دروستنەبوونی دەرچوون لێی و دژایەتیکردنی وتەوە، ئەوا دەقگەلێك دێنێتە کایەوە کە پێشتر شاراوە بوون و دەیانخاتە بازنەی گرنگیپێدانیەوە.

لە کاتێکدا کە ئامرازی ئاڕاستەی ئایینزایی بریتییە لە زانستی ئوسوڵ و بەداوەرکردنی لۆجیکی هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانن، ئامرازی ئەو ئاڕاستەیەی کە بە سەلەف ناو دەبرێت، بریتییە لە دواخستنی دەقێك کە پێشتر بەربەرستبووە و پێشخستنی دەقێکی نوێ.

چەند شتێکی هاوبەش و جیاکەرەوە لەنێوان ئەم دوو لقەدا هەیە، کە جەخت لە دەق دەکەنەوە. پەیوەندیی دووەمیان، بەپێچەوانەی ئاڕاستەی یەکەمیانەوە، لەگەڵ سۆفیگەریدا باش نییە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەردوو ئاڕاستەکە لە ئەگەری هاوبەشیکردنیان لەگەڵ بزاڤە بانگخوازییەکاندا، وەکوو یەکە. هەرسێ گرووپەکەش (سۆفیگەری و ئایینزایی و وەهابی)، لە ناڕەحەتی و بێزراوییان لە بزاڤە تەواوکارییەکان کۆکن، بۆیە زۆربەی کات قسەیان بەرانبەر دەکەن و بە تێنەگەیشتن و نەبوونی دانایی تۆمەتباریان دەکەن.

### ٣. خەیاڵدانی بانگخوازی

مەبەستم لە بانگخوازی، ئەو کارانەیە کە جەخت لە هەردوو ڕەهەندی فێرکردن و پەروەردە دەکەنەوە. لێرەدا فێرکردن بریتییە لە فێرکردنی فیقه و تەفسیری قورئان و هاوشێوەکانیان، پەروەردەش بریتییە لە پەروەردەی پابەندبوون بە ڕەفتاری ئیسلامی —ڕەنگە لەگەڵ جۆرێك لە سۆفیگەرێتی بێت— و جەخت خستنە سەر ڕەهەندی پەرستش.

خەمی ئەم ئاڕاستەیە، بوارە کۆمەڵایەتییەکەیە، بۆیە ئەگەر مزگەوتەکانی و بازنەکانی وانەوتنەوەی پارێزراو و سەلامەت بن و دەوڵەت لە دەستێوەردان لە بواری خێزانی و چالاکیی کۆمەڵایەتیی خێرخوازی دوور بێت، ئەم ئاڕاستەیە خۆی لە سیاسەت بەدوور دەگرێت و ململانێی دەسەڵات ناکات. ڕاستە ئەم ئاڕاستەیە پەیوەستییەکی بە زانایانەوە هەیە، بەڵام خەمی زانایان بریتییە لە دۆزینەوەی وتەی شەرعی، لە کاتێکدا خەمی بانگخوازان بریتییە پەروەردەکردنی نەوەکان بە شێوەیەك کە جۆرە ژیانێکی ئاییندارانە وەربگرن. بە هۆی سووربوونیشیان لەسەر زیندووکردنەوەی تایبەتمەندی و کارگەلێك کە لە مێژووی موسڵماناندا ئەنجام دراون، ئەم ئاڕاستەیە زۆر جار لەگەڵ چینوتوێژە کلاسیکییەکانی کۆمەڵگەدا ئاوێتە دەبن.

ئەم ئاڕاستەیە هەوڵ دەدات لە بواری سیاسی دوور بکەوێتەوە، چونکە لە پەیبردنی قووڵی ئەودا، سیاسەت سووتێنگەیەکی مەترسیدارە. لەوەش گرنگتر، لەبەر ئەوەی بڕوای قووڵی هەیە کە پێویستی کۆمەڵگە، بریتییە لە پەروەردەکردنی ئیسلامییانەی چەند تاکێکی لەخواترسی دامەزراو. لەگەڵ ئەوەی ئەم ئاڕاستەیە ڕێزی تەواوی زانایانی لایە –و ڕەنگە لەگەڵ هەندێکیشیاندا هاوپیشە بن– بەڵام چاوی لەسەر واقیعی ژیانی ڕاستەوخۆیە، لەپێناو ناشتنی نەمامگەلێکی پاك و بێگەرد.

ئەم ئاڕاستەیە لەگەڵ دووریی لە سیاسەت و سووربوون لە خۆپاراستن لە پریشکەکانی، جار جار خۆی لەبەرانبەر سیاسەتدا دەبینێتەوە، چونکە ئەو سیاسەتە عەلمانییەی کە هەیە، بەردەوام لە ڕووی کردارییەوە سنووری کاری ئاڕاستەی ئایینیی بەرتەسك دەکاتەوە. لە کاتی قەیران و جموجووڵە گشتگیرەکانیشدا –وەك ئەوەی لە شۆڕشە عەرەبییەکاندا ڕووی دا– خوێندکارەکانی ئەم ئاڕاستەیە لە سەرەتادا هەوڵ دەدەن خۆیان کەنار بگرن، بەڵام کاتێك بەئاشکرا دەستدرێژی دەکرێتە سەر سونبولەکانی ئیسلام، ئاسان نییە لەسەریان وەك تەماشاکەر بمێننەوە، بۆیە دەیانبینی چەند بەکارایی دێنە ناو شانۆی گۆڕانکارییەکانەوە.

خەیاڵدانی سیاسیی ئاڕاستەی بانگخوازی، بریتییە لە خەیاڵکردنی کۆمەڵگەیەکی بەرز و باڵا کە لەخواترسەکان پێشەوایەتیی دەکەن، بەڵام فەرمایشتی (لە لۆمە لۆمەکەران ناترسن)، تەنها لە کاتێکدا کارا دەکرێت کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار و داپڵۆسین و سەرکوتکردن سنووری تاك و کۆمەڵە سیاسییەکانیش تێدەپەڕێنێت و کۆی کۆمەڵگە و ڕشتە و شێوازی ژیان و گوزەرانیشی دەگرێتەوە.

ئاڕاستەی بانگخوازی بەتەواوی ئاوێتەی کۆمەڵگە دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ ئەو توێژانەی کە هەست بە سووکایەتی و بێڕێزیکردن دەکەن لەلایەن دەسەڵاتێکەوە کە هەوڵی بنبڕکردن و وشککردنی هەموو شتە کۆنەکان دەدات.

بە شێوەیەکی گشتیی، تێگەیشتنی ئەم ئاڕاستەیە لە سیاسەت لە دەرەوەی بازنەی چاك/خراپ ئاسان نییە، چونکە لەڕادەربەدەر جەخت لە ڕۆڵی تاك لە سیاسەتدا دەکاتەوە، بەبێ پەیبردن بەوەی کە لە بواری سیاسەتدا (پێگە) بڕیار لە ڕەفتار دەدات، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروست دەکات، بە چاوپۆشین لە تایبەتمەندییە کەسییەکان.

واتە ئەم ئاڕاستەیە نە دیدگایەکی سیاسیی تیۆری و نە بەرنامەیەکی سیاسیی کرداریی هەیە و گرنگیدانی سیاسیی تەنها لەو بوارەدا قەتیس بووە، کە بۆ چالاکیی بانگخوازی فەراهەم دێت لەپێناو ئەنجامدانی پەروەردە و فێرکردن.

### ٤. خەیاڵدانی گرووپە تەواوکارییەکان

خەیاڵدانی پارت و گرووپگەرایی بەوە جیا دەکرێتەوە کە لەسەر گشتگیریی ئیسلام سوورە و هەوڵی بەدیهێنانی هەموو خواستەکانی بە شێوەیەکی تەواوکار دەدات. لەبەر ئەوەی گشتگیری وەکوو نیمچەشووناسێك وایە بۆی، چوونەنێو بواری سیاسەتەوە بۆی گونجاوە، لەگەڵ هەموو ئەو کەموکووڕییە واقیعییانەی کە هەیەتی. گرووپە گەورەکان بە سێ ڕەهەندی گشتگیری دەناسرێنەوە:

(١) گشتگیریی گرنگیدانی ئیسلامی لە ئامادەکردنی تاکەکەسییەوە بۆ ئامادەسازیی دامەزراوەیی.

(٢) گشتگیریی ئەو چینانەی کۆمەڵگە کە گوتاریان ئاڕاستە دەکات، لە دەڵەمەندەوە بۆ هەژار و لە فێرخوازەوە بۆ ئەوانی تر، هەرچەندە بە سروشت قورساییەکە لە چینی ناوەنددایە.

(٣) گشتگیریی ئەو قوتابخانە پێوانەییانە (المدارس المعیاریة)ی کە لە خۆیانی دەگرێت، لە ئایینزاییەوە بۆ سەلەفی و لە ڕووکەشبینەوە بۆ تەئویلگەرایی.

دەوڵەتی ئیسلامی و فەرمانڕەوایی ئیسلامی، بەشێکە لە ئەدەبیاتی ئەو گرووپانەی کە پەیامی گشتگیریان پێیە، خاڵی جیاکەرەوەش لای ئەوان بەدیاریکراوی بریتییە لە تەواوکاری، چونکە ئەم ئاڕاستەیە، وەکوو ئاڕاستە بانگخوازییەکە، گرنگی بە پەروەردە دەدات، هاوشێوەی زانایانیش گرنگی بە فیقه و ئەحکامەکان دەدات، هەروەها گرنگی بە پرۆژە تایبەتەکان دەدات و گرنگی بە زیندووکردنەوەی گیانی پاڵنەری کەسی دەدات.

ئەم گشتگیرییەیە لە گرنگیدان، بەرگی ڕووکاری ئاڕاستەی سیاسیی گرووپە تەواوکارییەکان دەنەخشێنێت، هەر ئەوەشە ڕاڤەی گشتگیریی بانگەشەکانی دەکات، تا وا دەکات، کە ڕەنگە بڵێین ئەگەر لەژێر درووشمی هاوچەرخبووندا ئاوێتەی ئامرازە مۆدێرنەکان بکرێت، ئەوا وەسفی حاڵەتە ئایدیاڵییە خوازراوەکەی تێنەپەڕاندووە. وێڕای ئەوە، گشتگیریی زۆر، بارگرانییەکی لۆجستیی لێ بەرهەم دێت، کە هیچ ڕێکخراوێك ناتوانێت بەرگەی بگرێت، هەر بۆیە لەبارەی ئەم گرووپانەوە وتراوە: ئەوە ئەو تەواوکارییەیە کە سەر دەکێشێت بۆ داخوران.

تێزی سیاسیی گرووپە براڤییەکان و زمانی تێزەکەشیان جیاوازە. بەپێی سروشتی دەستەبژێربی سیاسییان و بەپێی سروشتی پرۆگرامی خوێندنیان، ڕەنگە لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری و هەڵبژاردەکاری تێیدا، بەرەو پشتبەستن بە کەلەپوور هەنگاو بنێن. وێڕای تێگەیشتنی خودی بۆ دەقەکان، ڕەنگە پاڵنەری پشتبەستن بە کەلەپوور و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەهانە تێیدا، بریتیی بێت لە کێبڕکێکردن لەگەڵ ئاڕاستەگەلێکی ئیسلامیی کلاسیکی، کە لە ڕەوایەتیی ئیسلامییانەی گرووپە ئیسلامییەکان کەم دەکاتەوە و دەیەوێت جەماوەری خەڵکیان لێ دوور بخاتەوە.

گرووپە تەواوکارییەکان واز لەو تێزە جددییانە ناهێنن کە شارەزایی کەسانی پسپۆڕی خۆیانی لە زانستە جیاوازەکان تێدایە، وەلێ بارە گشتییەکە ئەوەیە کە کارکردن لەم گرووپانەدا پێش پلاندانان دەکەوێت، بیرۆکەی ڕێکخەر و کۆکەرەوەش لە میانەی ڕێکردندا دروست دەبێت، بۆیە بەشێکی وەك ئایدۆلۆجیەتێك لێی جیا دەبێت و بەهانە بۆ بژاردەکانشیی دێنێتەوە.

لە چوار دەیەی ڕابردوودا تێبینیی پاشەکشەی قووڵایی هزریی گرووپە گەورەکان کراوە، ئەمە پاش ئەوەی کە لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەیان لەو خۆلەقالْبدان و خۆبەستنەوەیەی کە زانا و مامۆستایانی ئایینی تێی کەوتبوون، لەسەر ئاستی هزری ببوون بە مۆڵگەی نوێگەری.

ئەگەر خواست و خەیاڵدانی ئاڕاستەکانی تر کۆمەڵگەیەکی باڵا و بێگەرد بووبێت، کە لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە سیاسەت یان کەمترین بەرکەوتن لەگەڵی، هەوڵی بۆ دەدرێت، ئەوا خواست و خەیاڵدانی گرووپە گەورەکان بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی باڵا و بێگەرد، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك دامەزراوەوە دێتە دی کە بنیاتنانیان پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانە، ئەمەش وا دەکات بەناچاری بەریەککەوتن لەگەڵ سیاسەتدا هەبێت، جا بە نهێنی و ناچاری بێت، یان بە ئاشکرا و ململانێ.

هەوڵدانی ئەم گرووپانە بۆ (چارەسەری ئیسلامی)، ڕەنگە پاڵ بە گرووپە تەواوکارییەکانەوە بنێت بۆ وەرگرتن و لاساییکردنەوەی مۆدێلی مۆدێرنەی دەوڵەت، پاش جوانکارییەکی ڕووکاری لە ناونیشانەکاندا. لەبەر ئەوەی کە هزری ئەم گرووپانە وا دەخوازێت کە سیفەتی سیاسیی بخرێتە پاڵ و لەو ڕووەشەوە بەدەست دواکەوتنی تیۆرییەوە دەناڵێنێت، هەروەها لەبەر ئەوەی کە لە ڕیزەکانیاندا کارامەیی هونەری و شارەزایی لە ڕێکارەکاندا هەیە، دەرئەنجامەکە چوونە ناو سیاسەتەوە دەبێت، لە کاتێکدا کە ئامادەباشیی تەواوی بۆ نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە وا دەزانرێت ئامادەباشیی تەواوی بۆ کراوە.

ئـەم ئاڕاسـتـەیە هـەر بـە سـەلیقەی خـۆی بەتـەواوی پـەی بـە مەترسـیی بـواری سیاسـی و کاریگەرییـە گەورەکـەی دەبـات، بۆیـە بـەپێی ئـەو توانایـەی خـوا پێـی بەخشیوە، قۆڵی هیممەتی لێ هەڵدەکات و دەچێتە ناو بواری سیاسەتەوە، یان بـە دەوریـدا دێـت و دەچـێت —بـە ئەنـدازەی زبریـی حکومەتـە سـتەمگەرەکان—، لـە لایەکەوە پشت بـە خـوا دەبەسـتێت و لـە لایـەکی تریشـەوە واتـای تاقیکردنـەوەی خـوایی لـە زەینیـدا ئامـادەیی دەبێـت. دواتـر لـەپڕدا تووشـی ناتـەواویی ئامادەکارییـەکانی بەرنامەکـە لـە لایەکـەوە دەبێتـەوە و لـە لایـەکی تریشـەوە ڕووبەڕووی ڕاستییەکی تاڵ دەبێتەوە، کە بریتییە لە بـوونی تـۆڕێکی بەرژەوەنـدیی کۆمەڵگەیی کە لەگەڵ ئەوەی ڕقی لە ڕژێمە کۆنەکەیە، ئامـادە نییـە دەسـتبەرداری پێگە و بەرژەوەندییەکانی خۆی ببێت. لەبەر ئـەوەی کـە ناکرێـت پـاش هاتنـە نـاو سیاسەتەوە پاشەکشـە بکرێـت، جموجوولێـك بـە دوو ئاڕاسـتەی جیـاوازدا دروسـت دەبێت: ڕووبەڕووبونەوە یان پراگماتیەت، کە هیچکامیان مەبەست نەبوون.

### ٥. خەیاڵدانی پڕۆژەگەرایی

بەگشتی لە باسی ڕەوتە موسڵمانەکاندا ئەم ئاڕاستەیە لەبیر دەکرێت، کە ئاڕاستەیەکە پڕۆژەگەلێکی تایبەتمەند بە پرسێکی ئەوتۆ دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە چاکسازیی واقیعەوە لە ڕێگەی بەشدارییەکی ئیسلامییانە لە دید و ناوەڕۆکیشدا. ڕەنگە ئەو پڕۆژانە بەتەنها بچووك بن و نەبنە جێی سەرنج، بەڵام بە کۆی گشتی، پێگە و قورساییەکی گەورەیان دەبێت، هەروەك چۆن کاریگەرییە تەواوکارییەکەیان زۆر گرنگە، لەگەڵ ئەوەی کە بوارێکی تایبەت دەگرێتەوە.

لە نموونەی ئەو هەوڵانە: لەچاپدانەوەی کتێبەکانی کەلەپوور بە پوختەکراوی و پێڕستکراوی بە شێوەیەکی سەنجڕاکێش و جوان، هەروەها کاری بانگخوازی و

فێرکردن لە ڕێگەی جیهانی ئینتەرنێت و ئەلیکترۆنییەوە، هەروەها گرنگیدان بە فێرکردنی منداڵ، هەروەها خولەکانی ڕاهێنان لەسەر بەهرە و تواناکان... ئەمانە هەوڵگەلێکن کە بەوە ڕازی بوون لە پەراوێزدا کار بکەن، بەو قەناعەتەوەی کە ئەو بوارانە بوارگەلێکی زۆر گرنگ و مەترسیدارن، لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕووکەشدا ناکەونە چەقی گرنگیدانەکانەوە، بۆیە لە زەینی خاوەنی ئەم کار و پرۆژانەدا ئەم بابەتانە فاکتەرێکی بەشەکین و بە مەرجێکی پێویست دادەنرێن بۆ بەهێزکردن و سەرخستنی ئوممەت، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو پێویستییەکانی ئەو سەرکەوتنە نین. بەو پێیەی گرنگیدانی ئەو چالاکییانە پەراوێزین، بوارە سیاسییەکە دوورە لە جێبایەخی ئەوان.

ئەم ئاڕاستەیە پەی بەوە دەبات کە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت بەئاسانی لە ڕێگەی یاسا و ڕێکارە بیرۆکراسییەکانەوە لەناویان ببات، دەسەڵاتیش لای خۆیەوە یەکەمێتی بە لەناوبردنی ئەم ئاڕاستەیە نادات کە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دروست ناکات، بەڵکوو دەیەوێت هەماهەنگیی خۆی لەگەڵ چالاکییەکانی وەکوو بەڵگەیەك بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی بڵێت دەوڵەت دژایتیی ئایین ناکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نامۆترین گرووپ بدەین، کە لەگەڵ ئەوەی تەنهایە، دەکرێت بخرێتە پاڵ ئەم ئاڕاستەیە، ئەویش بریتییە لە ئاڕاستەی فیکری. خەیاڵدانی سیاسییشیان بەوە جیا دەکرێتەوە کە پەی بە مەرجەکانی بەدیهاتن دەبات، با قوتابخانەکانیشی لەو نموونە کردارییانەیدا جیاواز بن، کە زادەی شێوازی مامەڵەی قوتابخانەکانن لەگەڵ پێدراوە فەلسەفییەکانی مۆدێرنە و جیاواز بن لە ئاستی ڕەچاوکردنی واقیعدا، چونکە تێزەکانی هزر لەنێوان خواست چاکسازیی پلە بە پلە و گۆڕانکاریی ڕیشەییدا دێن و دەچن، نموونەیان وەکوو نموونەی هەوڵە

بزاڤییەکان وایە، بەڵام ئەوەی تێزی هزری جیا دەکاتەوە، بریتییە لەوەی کە جەخت لە کارگەلێکی فراوان دەکاتەوە کە سنووری بواری سیاسیی ڕاستەخۆ تێدەپەڕێنێت و بە زاراوە زانستییەکان دەدوێت، دوور لە گشتاندن و ئایدیاڵیەتی بزاڤی.

دواجار، توندترین ساتەکانی ئاڵینگاری بەر ئاڕاستەی هزری دەکەوێت، کاتێك گەلان بەرەو گۆڕانکاریی سیاسی جووڵە دەکەن و هێشتا مەرجە پێویستەکانی گۆڕانکاری تەواو نەکراون. باشترین حاڵەت ئەوەیە، کە هزر دیزاینی گۆڕانکاریی سیاسی بکێشێت، بەڵام بزاوتی مێژوو ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە زۆربەی کات واقیع ئەهلی دید و هزر تووشی شۆك دەکات و بە شتێك تووشی ئاڵینگارییان دەکات، کە باڵاترە لەو زانستەی ئەوان کە شیاوی دابەزاندن بێت بۆ واقیع.

## پوختە

واقیعی موسڵمانان چەند پۆلێکی هەمەچەشنی لە خەیاڵدانی سیاسیی ئاوێتە بە هـزری ئـایینی یـان لەقاڵبـدراو بـە هـزری ئـایینی، تێدایـە. بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی هەڵوێسـت لـە وردەکـاریی ئـەو ئاڕاسـتانەی سـەرەوە، بـە ڕەتکردنـەوە بێـت یـان وەرگـرتن، یـاخود ڕاسـتکردنەوە و پێداچـوونەوە، ناتوانرێـت مۆدێلـەکانیان بـە تیۆکراسـی وەسـف بکـرێن. لەگـەڵ ئـەوەی خەیاڵـدانی زانایانـە لـە ڕووکەشـدا لـە تیۆکراسییەوە نزیکترە، ئەمەش لە دەروازەی بەدامەزراوەکردنی فـەتوا و بیرۆکـەی (مەرجەعیـەت)ەوە سەرچـاوە دەگرێـت، بـەڵام سروشـتی ئیسـلام خـۆی ڕێگـە بـە ڕیشەدانانێك نادات کە سنووری ڕێکارە زانستییەکان ببەزێنێت.

مەرجەعیبوونی ڕەهای قورئان و سوننەت، ڕێگرە لەبەردەم سەرکەوتنی پێکهێنانی مەرجەعیەتێکی فەرمی، چونکە دەسەڵاتی دەق لەسەروو دەسەڵاتی موجتەهیدەکانەوەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی زمانی قورئان زیندووە و ڕوونکردنەوەکانیشی ئاشکران، بۆیە ناکرێت گوتارەکەی کورت هەڵبهێنرێت، مەگەر بۆ وردەکاریی لە شتە لاوەکییەکاندا، نەك لە هێڵە گشتییەکاندا.

لـە بەڵگـە گەواهیـدەرەکان ئەوەیـە، کاتێـك چـەند کەسـایەتییەك ڕەزامەنـدیی دەوڵەت بەدەست دێنن و دەوڵـەت بەسـەر وتـار و فەتواکانیانـدا زاڵ دەبێـت، خێـرا خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە و بە (زانای سەر بە دەسەڵات) ناوی دەبەن و متمانەی پێ ناکەن. واتە هەستی گشتیی ئوممەت لەگەڵ میانەی گشتیی مێژووی موسڵماندا، هەماهـەنگ و گونجـاوە. هـەروەها جیاوازییەکـە لەوەدایـە کـە ئاڕاسـتە سیاسـییە ئیسـلامییەکان، دوورتـرین ڕەوتـن لـە مـۆدێلی ئـایینیی سیاسـی بـە شـێوازە ڕۆژئاواییەکەی و دڵخۆشترینیشیانن بە مۆدێلی مۆدێرنەی فەرمانڕەوایەتی.

خشتەی: تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستە ئیسلامییەکان

لەوەی کە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە

| | مۆدێل | سروستی ئامرازەکان | ئاستی چوونە ناو سیاسەتەوە |
|---|---|---|---|
| سۆفیگەری–ڕێبازگەری | کۆمەڵگەی تەبا | سۆز و بەزەیی | گۆشەگیری و ڕاکردن لێی |
| زانایانە | سیستمی ڕێکاریی فیقهی | داپێدانان و بیرکردنەوەی کەلەپوورانە | ڕێکخراو بە یاسا |
| بانگخوازی | کۆمەڵگەی ڕەفتاری دروست و جوان | پەروەردە و فێرکردن | خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە |
| پارت و گرووپگەرایی | سیستمی پابەندیی ئیسلامی | ئامادەکردنی دەستەکادر/دامەزراوە | نوێنەرایەتیی فەرمی یان چوونە ناوەوەی کرداری |
| پرۆژەگەرایی تایبەتمەندانە | بەدیهێنانی مەرجەکان | بەدیهێنانی بەشێکی لاوەکی بەتەواوی | دوورکەوتنەوە و هەڵبژاردەکاری |

هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەر پێنج جۆرەکەی سەرەوە لە ئایندەدا بەردەوام دەبن، چونکە نمایندەی کۆمەڵێك وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەیی ئاسایی دەکەن. هەرچی تێزی تۆڵەسێنی تووڕەشە کە بانگەشەی سیفەتی جیهاد بۆ خۆی دەکات، گوزارشتە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی، زیاتر لەوەی حاڵەتێکی ئایدیۆلۆجی بێت. دەتوانین هۆکارەکانی سەرهەڵدانیشی لەم فاکتەرانەدا پوخت بکەینەوە: بۆشاییەکی دەوڵەتی + دەستدرێژیی دەرەکی بۆ سەر ڕشتەی

کۆمەڵگەیی + دەستدرێژیی ناوخۆیی بۆ سەر مۆڵگە جەماوەرییەکان + سووکایەتیی کولتووری.

لە نەبوونی تێزێکی ئیسلامیی جیهادیی تەواوکاردا، تێگەیشتنی کوتومتی دەقە کەلەپوورییەکان بوون بە مۆڵگەیەك بۆ دروستبوونی چەندین حاڵەتی توندی نامۆبوون لە کۆمەڵگە و ویستی جیابوونەوە لە حاڵەتی سەرشۆڕی. لە کاتێکدا کە ئەم ئاڕاستەیە بە هەژاریی هزری دەناسرێتەوە –ئەمە وێڕای ئەوەی کە دزە کراوەتە ناویەوە و بەکار هێنراوە– مۆدێلی خوازراوی بریتی دەبێت لە مۆدێلێکی دووڕەگ، کە ڕەگەزەکانی دەوڵەتی مۆدێرنەی عەلمانیی تێدا دەبێت و لە دوا وێنەیدا، لەپاڵ ئەم ڕەگەزانەدا چەند ڕەگەزێکی ئیمامیی شیعیی خراوەتە پاڵ، هەروەك چۆن نمایندەی خەیاڵدانی فەرمانڕەواییەکی فاشی دەکات، پتر لەوەی کە تێزێکی تیۆکراسی بێت، لەگەڵ هەموو ئەو دەقانەی کە پەردەپۆشیان پێ دەکرێت.

لە بەرانبەردا، مۆدێلی ئێرانیی شیعی بۆ فەرمانڕەوایی، بەردەوام بەرەو مۆدێلێکی ئەرستۆکراسیی دەرەبەگایەتیی هاوشێوەی تیۆکراسی، بەکردەیی هەنگاو دەنێت.

# دەروازەی سێیەم

# چەمکە مشتومڕئامێزەکان

# بەشی دەیەم: چەمکی عەلمانیەت و ونبوون لە واتاکانیدا

لە نووسینە باوەکاندا، بەکارهێنانی وشەی عەلمانیەت وا بڵاوە کە لای هەندێکیان واتای ئەقڵانیبوونی ڕەفتاری دەوڵەت و لای هەندێکی تریشیان واتای شوێنکەوتنی شێوازە زانستییە نوێیەکان بگەیەنێت، یاخود واتای بەڕێوەبردنی سیاسیی پابەند بە یاسایە، یان ئەوەیە کە لایەنگریی هیچ یەکێك لە چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ناکات، یان بێلایەنە لەبەرانبەر ئایینەکان...

شاراوە نییە کە ئەمە گێڕانەوە و باسێکی جوان و فراوانە لە سیفەتی باش و لکێنراوە بە چەمکێکەوە کە مێژوویەکی تایبەتی هەیە، ئەمەش دەیگۆڕێت بۆ درووشمێکی گەورە و فراوان کە بەکارهێنانی لە دیسپلینی زانستی دەردەچێت. سەرباری ئەوە، چەند جیاوازییەك لە بەکارهێنانی زاراوەکە لەنێوان زمانی عەرەبی و زمانە ئەورووپییەکاندا هەیە.

لەم بەشەدا، دیدێکی خێرا دەخەینە سەر میانەی مێژوویی زاراوەی عەلمانیەت و گفتوگۆی بانگەشەی ئەقڵانیەت و بێلایەنبوونەکەی دەکەین، پاشان ئاماژە بە پاڵپشتە فەلسەفییەکانی دەکەین، لە کۆتاییشدا گفتوگۆی ئەو تێزانە دەکەین کە چەند وەسفێکی مەرجدار دەخەنە پاڵ زاراوەکە، وەك عەلمانیەتی بەشەکی و گرفتەکانی ڕوون دەکەینەوە، گفتوگۆی ئەوەیش کە بە عەلمانیەتی سیاسی ناو دەبرێت، هەڵدەگرین بۆ بەشی دواتر.

### ١.  میانەی مێژوویی

ناکرێت زاراوەی عەلمانیەت لە میانە مێژووییەکەی دەربهێنین، کە دەکرێت بە سێ ڕەهەند دیاریی بکەین: واقیعی ئەورووپی، مەسیحیەتی-کلێسایی، هزری سەردەمی ڕۆشنگەری.

**یەکەم:** پەرەسەندنی مێژووی عەلمانیەت لکاوە بە مێژووی کۆمەڵایەتیی سیاسیی ئابووریی کۆنی ناوچە فیوداڵییە ئەورووپییەکانەوە، ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی و ئایدۆلۆجیەتی فەرمانڕەوایی ئیمپریالی پەرەی سەند و ئیمپراتۆڕ وەك کەسایەتییەکی ئایینیی سەرەکی لێی دەڕوانرا، ئەمە لەپاڵ پەیوەندیی چینەکان و هەردوو سیستمی فیوداڵی و کۆیلەگەری و سیستمی خێزانیی نەرم.

لە لایەکی ترەوە بیرۆکەی عەلمانیەت، پەیوەندییەکی -ڕەنگە بەهێزتریش بێت- لەگەڵ مێژووی یەکە ئەورووپییەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و دابەشبوونی ئیمپڕاتۆریەت و پاشان هەڵوەشانەوە و بەشبەشبوونی هەیە. لێرەدا لەوە ئاگایی دەدەین کە وێنەی ئەورووپای یەکگرتوو، یان ئارام و جێگیر لە چەند دەوڵەتێکدا، وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، وێنەیەکی دروستی ئەو ئەورووپا مێژووییە نییە کە گوزارشت بوو لە کیانگەلێکی پەرشوبڵاو لە چوارچێوەی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا.

**دووەم:** ناکرێت ئەو چالاکییانەی بەشدارییان لە پەرەسەندنی بیرۆکەی عەلمانیەتدا کردووە، کەنار بگیرێن لە پەرەسەندنی خودی بیرۆکەی ئایینیی مەسیحی و گەشتەکەی لە یەکتاپەرستی بۆ سێخواپەرستی لە کاتی دەستێوەردانی سیاسەت/قەیسەری ڕۆمانی بۆ بزاڤی ئایین و ملپێکەچکردنی تەواوەتی بۆ دەوڵەت و سزادانی ئەو شوێنکەوتووانی عیسا (دروودی خوای لەسەر)، کە بە ڕووی دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی ئیمپڕاتۆریەتدا وەستابوونەوە.

ڕەنگە بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینییش کاریگەرییەکی گەورە بووبێت، کە دەستی کرد بە هەوڵی گەڕانەوە بۆ بنەچەی ڕۆحی ئایین، بەڵام دواتر هێندەی

نەخایاند ڕەهەندە نەتەوەییە سیاسییەکان و جەنگی نێوان یەکە ئەورووپییەکان لە ڕێڕەوی خۆی لایان دا. واتە شکستی ڕێژەیی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی و ئەو ڕەوتە تایبەتەی کە لەسەری ڕۆیشت و دەرکەوتنی قوتابخانەی تەئویلکردنی ئینجیل، پەیوەندییەکی بەهێزیان بە پەرەسەندنی عەلمانیەتەوە هەبوو، بەو پێیەی عەلمانیەت جۆریکی ترە لە کاردانەوە دژی کلێسا.

**سێیەم**: بیرۆکەی عەلمانیەت پەیوەندییەکی بە پەرەسەندنی هزری ئەدەبی و فەلسەفییەوە لە هەردوو بەشەکەی ئەورووپا هەیە، جا لە فەلسەفە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتە یۆنانییەکەیدا بێت، یاخود دواتر و لە پەرەسەندنە هزرییە گشتییەکانی هەردوو چاخی ڕێنسانس و ڕۆشنگەریدا بێت. ئەمەی دووەمیشیان، بەتایبەت لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەکاندا بەشەڕ هات و هەوڵی داڕشتنی دیدگایەکی ڕزگارکەری دا.

لەو چوارچێوەیەدا نموونەیەك دێنینەوە، کاتێك قسە لەسەر میکاڤیلی [١٤٦٩–١٥٢٧] یان هۆبز [١٥٨٨–١٦٧٩] دەکرێت، ئاماژە بۆ ئەو پشێوییە تولانییانە دەکرێت کە ئەورووپا لە سەردەمی هەردووکیاندا بینیونی. ڕەنگە کۆنبوون و بەسەرچوون و ژەنگکردنی چەمکە ئایینییەکان و نەتوانایی دامەزراوەکانی لە لایەك و کەڵەکەبوونی ئەو پەرەسەندن و دۆزینەوانەی کە دواتر بە شۆڕشی پیشەسازی ناو برا، بووبنە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو گۆڕانکارییانە.

هەر بۆیە سەپاندنی وەسفی عەلمانیەت بەسەر ئەو کۆمەڵگانەی تردا کە بەو قۆناغانەدا تێنەپەڕیون کە ئەورووپا پێیاندا تێپەڕیوە، کارێکی دروست نییە، مەگەر لە باری خوازەدا بێت. بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکەیەی سەرەوە، با چینی خاوەن مێژووی دێرین بێنینەوە یادمان، کە چەندین فەلسەفەی جیاواز تێیدا دەرکەوتن و زۆربەی ئەو داهێنانە نوێیانەی مرۆڤایەتییش کە لە ژیانماندا پشتیان پێ دەبەستین، بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە (لە کاغەزەوە تا شووشە، لە کەشتیوانیی دەریاییەوە تا

پردی هەڵواسراو)، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین وەسفی عەلمانیەت بەسەر مێژووی چینیدا بدەین، لەگەڵ هەموو ئەو داهێنان و دۆزینەوانە و بوونی ئەو سیستمە کارگێڕییە بەهێز و ڕێکوپێکە و لەگەڵ بوونی پێگەی تایبەتی ئایینەکان لە مێژووی درێژی چیندا. بەرەبابی (هان) —دوو سەدە بەر لە مەسیح— کۆنفۆشیەتی تەبەنی کرد، ئیمپڕاتۆریش هانی زانست و تەکنەلۆجیا و هونەر و ئایینی دا، لەپاڵ بوونی سیستمێکی فیودالّی، بەڵام ناکرێت ئەو ماوەیە نە بە عەلمانی و نە بە ئایینی وەسف بکرێت. ئیمپڕاتۆریەتی ئازتك لە ناوەڕاستی ئەمەریکا تەبەنیی ئایینێکی کردووە کە خوافرەییە، بەڵام ناتوانین وەکوو ئەوەی ئەورووپا بە ئیمپڕاتۆریەتێکی تیۆکراسی وەسفی بکەین، کە کڵێسا ڕۆڵێکی ناوەندیی تێدا دەگێڕا. جارێکی تریش، نموونەکان بۆ بەڵگەهێنانەوەن لەسەر تایبەتبوونی زاراوەی عەلمانیەت بە ئەورووپا.

## ٢. ئەقڵگەرایی؟

ئەقڵگەرایی یەکێکە لەو واتایانەی کە دەکرێتە کاڵای باڵای عەلمانیەت. گومانیش لەوەدا نییە کە ڕێنسانسی زانستی —لە میانەی ئەورووپیدا—، پاش شۆڕشێك بەسەر خوڕافەت و بەسەر کڵێسادا هات کە ببووە مۆڵگەی خورافەت، بەڵام ئاسان نییە ئەوەی کە عەلمانیەت پێی گەیشت، بە ئەقڵانیەت یان ئەقڵمەندی وەسفی بکەین.

ئایا گەشەپێدانێکی بەهەڵپە کە ژینگە دەشێوێنێت و ماندووی دەکات، ئەقڵانیەتە؟ عەلمانیەت وا بۆ بوونەوەر دەڕوانێت کە بێگیانە و دەتوانرێت بەتاڵان ببرێت، بۆیە یاریکردن بە سامانەکانیشی، شتێکی (مەعقول)ە، بەڵکوو پێویستیشە. سەرکردەیەکی هیندیی سوور —ی ناعەلمانی— ڕەخنە لە سەرکێشییەکانی بابای (کاوبۆی) دەگرێت و دەڵێت: زەوی پاشکۆی مرۆڤ نییە، بەڵکوو مرۆڤەکان پاشکۆی زەوین و لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەندارێتیی زەوی ناکەین، بۆمان نییە ئازاری بدەین. ئێستا کام لەمانە پێشکەوتنخواز و ئەقڵانییە؟

ئەو جۆرە ژیانەی کە عەلمانیەت بەرهەمی هێناوە، پشت بە بەرهەمهێنان و بەکاربردن لە بازنەیەکی کەموکووڕیدا دەبەستێت کە لەسەر خۆی دەژیت، بەبێ ئەوەی سوودێکی مەعقولی هەبێت، ئەوەتا دەبینین زیادەڕۆییەکی زۆر لە بەرهەمهێناندا هەیە کە لە خواست زیاترە، لە هەمان کاتدا زیادەڕۆییەکی زۆریش لە بەکاربردندا هەیە کە لە ئاستی پێویست زیاترە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە خەڵکی هەمووی بووە بە کۆیلەی ئەم جموجووڵە گەرمە، کە نە ئازادن و نە خۆشبەختیشن تێیدا، ئیدی ئەقڵانیەت لەکوێدایە؟

**ناکرێت فراوانخوازیی داگیرکاری و هێزلەبەربڕینی جیهانییش لە پەرەسەندنی ڕشتەبەندیی عەلمانیەت دابڕنرێت، ئیدی لە قوربانییانی دانیشتووانە ڕەسەنەکان و کۆژانەکانی دانیشتووانی جیهانی سێ گەڕێ، ئایا ئەم ڕشتەبەندە بەڕاستی ئاشتییەکی (ئەقڵانی) بۆ دەوڵەتان و گەلەکانیانی هێناوە؟**

هەموو ئەو لایەنانەی ژیانی نوێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئەقڵانیەتێکی عەلمانی دانراون بە وازهێنان لە دواکەوتوویی، دواتر یان پاشەکشەیان لێ کراوە، یان دەستکاری کراون، بە گەڕاندنەوەی ئایینیشەوە. وەك نموونەیەك، ئەو زۆنگاوانەی کە بۆ نەمانی مێشوولە وشك کران، ئەمڕۆ لەپێناو هەمەجۆریی ژینگەیی و ڕاگرتنی هاوسەنگیی ژینگە، هەوڵی گەڕاندنەوەیان دەدرێت. ئەو ڕێگا خێرایانەی کە بۆ کورتکردنەوەی ماوەی دووری دروست کران، بوون بە زیندانێك بۆ ماندووکردنی مێشکی شۆفێرەکان بە بەیانی و ئێوارە. لە بەرهەمهێنانی خۆراکیدا، لوتکەی ئەقڵانیەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەویری گۆشتی پیرەمانگای مردارەوەبوو بدەن بە مانگا، کە بوو بە هۆی دروستبوونی نەخۆشیی "شێتیی مانگا".

پەراوێزخستنی دامەزراوە کلاسیکییەکانی کۆمەڵگە، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی دروستبوونی چەتە و مافیا تۆقێنەرەکان. وازهێنان لە هاوسەرگیری —لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئەقڵ و ئەژمارەوە، تێچوونی ماددیی زۆرە— بەشدار دەبێت لە زیادبوونی

هەژاری (بەڵێ، زۆرن ئەو توێژینەوە ئامارییانەی کە دەڵێن یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامنەدانی هاوسەگیری، هەژارییە).

ئەمە نە سووك سەیرکردن و عەیبدارکردنی عەلمانیەتە، نە بانگەشەیە بۆ نەزانین، **زاراوەی "نائەقلانیبوونی ئەقلانیەت"، زاراوەیەکە ئەکادیمیای ڕۆژئاوایی خۆی دایڕشتووە. هەروەك چۆن هەموو فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم گەواهیدەرە لەسەر قەیرانی ئەقلانیەتی عەلمانیەت.** دەرکەوتنی پۆستمۆدێرنیزم، بەڵگەیە لەسەر نادروستی وەسفکردنی عەلمانیەت بە ئەقلانیەتی ڕەها، لە سێ ڕووەوە:

١- پەیبردن بەوەی کە ناتوانرێت تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کۆمەڵە یاسایەکی وشك و توندەوە ڕێك بخرێت و کۆنترۆڵ بکرێت و پێویستە بیر لە هۆکارمەندییەکی نەرم بکرێتەوە کە: (أ) ناحەتمییە و ناکرێت لە یەکێك لە هاوکێشە پۆزەتڤیزمە لۆجیکییەکان (الوضعية المنطقية)دا جێی بکرێتەوە، (ب) و پێویستی بەوەیە کە چەند ڕەهەندێکی بخرێتە پاڵ، کە هەر لە بنەڕەتدا شیاوی کۆنترۆڵکردنی تەواو و ورد نین، وەك لایەنی سۆز و بەرز و نزمیی لایەنی ڕۆحی.

٢- پەیبردنی سنووردارێتیی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ئەقڵمەندکراو تەنها لە هەردوو جیهانی دەروون و کۆمەڵناسیدا کورت هەڵنایەت، بەڵکوو ڕوون بووەتەوە کە لە زانستە ماددییەکانیشدا ئاستێك لە ناحەتمیبوون هەیە، یان پەیبردن و بوونی زانیاریی تەواوەتی ئاسان نییە، یاخود پێکهاتەی دیاردەکان ڕێگر دەبن لە بوونی ڕای دڵنیا و کۆتایی و یەکلاکەرەوە لەسەریان.

٣- ئەو جێگرەوانەی کە فەلسەفەی پۆستمۆدێرنە پێشکەشی کردوون، لە نەبوونگەراییدا ڕۆدەچێت و ئاسان نییە بوترێت عەقلانییە.

### ٣. عەلمانیەت و بێلایەنی

بێلایەنیی عەلمانیەت تەنها وتەیەکی ناوبۆش و نابووتە، نەك لەبەر ئەوەی عەلمانیەت فێڵاوی یان درۆزنە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بێلایەنی لە دونیای مرۆڤدا شتێك نییە بەئاسانی ئەنجام بدرێت، واتە لایەنداری بەستراوە بە بوونی مرۆڤەوە، وەك بڵێی بەسەریدا سەپێنراوە. مەبەستیشمان لە لایەندارییکردن، خۆشویستن و موجامەلە نییە، بەڵکوو مەبەستمان واتا تایبەتەکەیەتی لە مەیلبوون بۆ ڕەوتێکی هزریی ئەوتۆ، یان بە واتا میتۆدییەکەی لەوەی کە هیچ هەڵوێستێکی مرۆیی خاڵی نییە لەو بەڵگەنەویست و یەکلاکراوە پێشوەختانەی کە بۆ هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە ملکەچ نابن.

**هێڵکاری: فاکتەرەکانی دروستبوونی عەلمانیەت**




ئەگەر بە هۆی ئەوەی عەلمانیەت لەگەڵ لیبراڵیزمدا هاتووە، یان ئامادەیی گفتوگۆی هەموو شتێکی هەیە، بڵێین عەلمانیەت کراوەیە، ئەوە بێ ناوەڕۆکمان ناکات. ئاماژەکردن بە کۆمەڵە بەها و ئاڕاستەیەك کە هاوشانی عەلمانیەتن، کارێکی گران نییە، وەك نەتەوەپەروەری، یان لیبراڵیەت، یان سەرمایەداری، یان

سۆشیالیستی، یان مرۆڤگەرایی، یان مافی مرۆڤ، ئا ئەمانە هەندێك بوون لە دەرهاویشتەکانی بزاڤی عەلمانیەت.

لێرەدا نالێین ئەمانە بەشەپێکهێنەرەکانی عەلمانیەتن، بەڵام خەریکە وایان لێ دێت لێی جیا نەبنەوە، یان دەکرێت بڵێین لە سایەی بزاڤی ڕۆشنگەری و عەلمانیەتدا پەرەیان سەندووە. بە گوزارشتێکی دی: ناکرێت عەلمانیەت بێ ناوەرۆك بێت. عەلمانیەت تەنها ئامرازێك نییە، خۆ ئەگەر وا بووایە، ئەوا بەراوردکردنی بە هیچ، فەلسەفە یان ئاڕاستەیەکی هزریی تر دروست نەدەبوو. ناکرێت عەلمانیەت هیچ بێت. هەرچی باسی بانگەشەی بێلایەنی سیاسییشە، هەڵیدەگرین بۆ بەشی دواتر، بەڵام لێرەدا بەخێرایی هەر ئەوەندە دەڵێین: ئایا دەکرێت وەسفی داگیرکەر (ی پاشخان عەلمانی)، بە بێلایەن بکرێت؟

بێلایەنیی ڕەها لەبەرانبەر ئایینەکاندا، لە ڕووی ئەقڵەوە نەگونجاو و لە ڕووی مێژووییەوە مەحاڵە، ئەوەی کە هەیە ئەوەیە کە هەر ڕشتەبەندێك شێوازێك بۆ مامەڵەکردنی خۆی لەگەڵ ئایینەکان دادەنێت. کاتێکیش باسی واقیعێکی عەلمانی دەکەین و پێی سەرسام دەبین، پێویستە ورد بینەوە بزانین ئەوەی کە ئێمە پێی سەرسام بووین و دڵمانی خۆش کردووە، ئایا دەرئەنجامی عەلمانیەتە، یاخود دەرئەنجامی کولتووری لیبراڵییە، یاخود دەرئەنجامی زۆری سەرمایەدارییە. ڕژێمە عەلمانییەکان —وەك هەر دیدگایەکی ئەم بوونەوەرە— ئازادیگەلێك دەبەخشن و کۆتیش بۆ چەند شتێکی تر دادەنێن، نەك تەنها ئازادی بێت. عەلمانیەت دەروازەیەکی فەلسەفییە، گۆشەنیگای تایبەت و دیدی یەکلاکراوە و بێچەندوچوونی دیاریکراوی خۆی هەیە، بۆیە باش وایە گرنگیی پێ بدەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین.

### ٤. عەلمانیەت لە ڕووی فەلسەفییەوە

سەرەتا دەڵێین، عەلمانیەت وەك وشە لە وشەی (زانست/العلم)ەوە دانەتاشراوە، بەڵکوو داتاشراوەی وشەی (جیهان، العالَم)ە، هەر بۆیە هەندێك کەس بۆ جەختکردنەوە لەوە، زاراوەی عالەمانیەت (العالَمانیة)یان بەکار هێناوە، بەڵام ئەم زاراوەیە بڵاو نەبووەوە. سەرچاوەی ئەم زاراوەیەش، بریتییە لە دابەشبوونی بوونی کۆمەڵایەتی بۆ دوو جیهان: دونیایی و ئایینی یان پیرۆز و ناپیرۆز. ئەمەش گریمانەی ئەوە دەکات کە هەریەکێك لەو دوو جیهانە، سروشتی تایبەت و یاساگەلێکی تایبەتی هەیە و بەیەك ناگەن، یان هاوبەش نابن.

ئەم جیاکارییەش لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا، چەندین ڕەنگدانەوەی مەترسیداری لەسەر ژیان هەیە. ئەوەتا ڕەهەندە ئەخلاقی و مرۆییەکان لە بواری واقیعی دوور خراونەتەوە و وەك لەمپەرگەلێك ئەژمار کراون، کە پێویستە شتگەلێکی وجودیی کردەیی ڕووت لە جێی ئەوان بایەخیان پێ بدرێت. ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر فەلسەفەی فەرمانڕەوایی و مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتە مرۆییەکانی کۆمەڵگە دروست کردووە، وەك کیانی ماددیی ئۆرگانی نەك وەك کۆمەڵەی کولتووری. ئەمە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە (ڕیالیزم – Realism) و پاساوهێنانەوە بۆ بەکۆیلەکردن و داگیرکاری و چەوساندنەوەی گەلانی تردا ڕەنگی داوەتەوە.

لە ڕووی ئابورییەوە، ئەم جیاکارییە ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆرەکانی گەشەسەندن و مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە، نەك وەك دروستکراوێك کە پێویستی بە چاودێری هەیە، بەڵکوو وەك شتێك کە بەهەڵپەوە و بێبەزەییانە بەکار دەهێنرێت و شەکەت دەکرێت. لە ڕووی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤ وەك ژمارە و یەکەی بێگیان سەیر کراوە، کە بیرۆکراسیەت بە شێوازێکی ئەقڵانی ڕێکی دەخات.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، خێزان تەنها وەك یەکەیەکی بەرهەمهێنان سەیر دەکرێت. لە ڕووی دەروونییشەوە، سۆز بە نائەقڵانی دانراوە و پێویستە لەسەر شانۆی ژیان نەهێڵرێت.

باوەڕی مۆدێرنەی عەلمانی، فەلسەفە پۆزەتڤیزم و ماتریاڵییەکان (الفلسفات الوضعية والمادية)ی کرد بە باوەڕێك، کە ئایدۆلۆجیگەلێکی زانستیی بیرۆکە سەرەتاییەکانی بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوون و ڕێساکانی پێك بهێنن، کە پاش چەند سەدەیەك زانیمان کە ئەو ئایۆدۆجیایانە بەهەڵە لە مرۆڤ و بوونەوەر و ژیان تێگەیشتبوون. **لەبەر ئەوەشی عەلمانیەتی مۆدێرنە نەیتوانی لەو لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەزانینە پاشەکشە بکات و بگەڕێتەوە، کەوتە نێو بەرەیەکی دژەوە لە پاشاگەردانیی ڕشتە هزرییەکانی پۆستمۆدێرنە و لێکهەڵوەشاندن و هەڵکۆڵینە تێکدەرانەکانی بۆ هەموو گشت و هەموو هاوسەنگییەك.** تا ئێستاش دۆخی هزریی ڕۆژئاوایی وەکوو تەناف لەنێو دوو جەمسەری پەڕگیردایە، هەروەك چۆن ناتوانێت جێ بەو هاوسەنگی و گشتگیرییە تەنگ بکات، کە نەك تەنها فەلسەفەی ئیسلامی، بەڵکوو فەلسەفە ڕۆژهەڵاتییەکانیشی بەگشتی پێی جیا دەکرێتەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی عەلمانیەتیش لەبارەی ئایین، لە شێوەی چەند کاردانەوە یان نیمچەقۆناغێکدا پەرەی سەندووە. لە سەرەتادا خەمی بیرمەندەکان لە ئەورووپا، بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی تیۆکراسی و نەریتە کۆن و بەسەرچووەکانی کۆمەڵگە. واتە ڕەتکردنەوەی فەرمانڕەوایی بە ناوی خوداوە و پیرۆزیبەخشین بە چینی فەرمانڕەوایان و ڕەتکردنەوەی زاڵدەستیی کڵێسا بەسەر سیاسەت و ژیاندا و بانگەشەکردنی قۆرخکرنی مەعریفەی کرداری لەلایەن کڵێساوە. پاشان خەمی بیرمەند و زانایان بوو بە بەئەقڵانیکردنی ئایین و جارجاریش ئاییندارکردنی ئەقڵانیکردن.

لێرەدا خۆشە ئاماژە بە (کۆنت) [١٧٩٨-١٨٥٧] بکەین، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی پۆزەتڤیزم دادەنرێت و باوەڕی وا بوو لە دەرئەنجامی کۆمەڵناسسی نوێدا، ئایینێکی زانستی بەرهەم دێت. کێشەی لەگەڵ دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییەکانی ئاییندا نەبوو، بەو ئەندازەیەی کە دەیویست ئایین بە بەکارهێنانی زانست نوێ بکاتەوە. پاشان نامۆیی فەیلەسووف و بیرمەندەکان بە هەر شتێك کە پەیوەندیی بە ئایینەوە هەبوو، زۆر زیادی کرد و دوو جۆر هەڵوێستیان وەرگرت: یان داڕنینی خودا لە سیفەتەکانی پەروەردگارێتی و قبوڵکردنی ئایین وەکوو شتێکی لاوەکی بۆ جوانکردنی ژیان، یاخود نازانمگەرێتی و باوەڕنەبوون بە هیچ شتێکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەی ئیلحاد و ڕەتکردنەوەی تەواوی ئایین ڕەگوڕیشەکەی بۆ فەیلسوفە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام دواجار وەکوو شتێکی جێگیر و گریمانەکراوی لێ هات لەلای دەستەبژێرەکانەوە، جا لە زانستە مرۆییەکان، یان کۆمەڵایەتییەکان، یان ماددییەکاندا بێت.

لێرەدا شتێکی سوودبەخشە باسی لایەنگیریی ژیاری بکەین، ئەوەتا ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیی عەلمانی ڕۆژانێك کۆك بوون لەسەر دواکەوتوویی ئایینەکانی تری جگە لە مەسیحی و لەسەر ئەوەی کە ئیسلام بەدیاریکراوی گرفتە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم ئەدەبیاتانە چێژی ئەو ئایینانەیان کردووە کە لە خورافەت و سونبولگەرێتیدا ڕۆچوون.

**<u>ناکرێت عەلمانیەت لەبەرانبەر ئاییندا بێلایەن بێت، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:</u>**

– عەلمانیەت دەیەوێت یەکسانی لەنێوان ئایینەکاندا بەدی بهێنێت، بە دەرکردنیان لە ژیان نەك بە لەئامێزگرتنیان، بە سنووربۆدانانیان لە بازنەیەکی بەرتەسك تەنانەت لە بواری کۆمەڵایەتییشدا، چ جای سیاسی و ئابووری، ئەمەش ململانێکردنە لەگەڵ ئایین لە پسپۆڕیی خۆیدا لە پرسی ئەخلاقیدا.

– عەلمانیەت هەڵوێستێکی مامناوەند نییە، بەڵکوو هەڵوێستێکی پەڕگیرە و بەپێچەوانەی ئەو بیرکردنەوە ئایینییەی کە باوەڕی بە ڕەهاگەلێکی جێگیر هەیە.

– عەلمانیەت تەبەنیی ڕێژەیی ڕەها دەکات، بۆیە دەگۆڕێت بۆ ڕێبازێکی پاشاگەردانی و لە یەك کاتدا شتە جێگیرەکانی ئەخلاقی تاك و جێگیرەکانی کۆمەڵی مرۆییش دەبەزێنی و کاڵیان دەکاتەوە.

– عەلمانیەت تەنها کۆمەڵە بیرۆکەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی بۆ چەند بیرۆکە و دەروازەیەکی تیۆری و بەڵگەنەویستی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێویستیان بە بەڵگە نییە، بەڵکوو بە دیدی دۆرکایمی [دۆرکایم: ١٨٥٨–١٩١٧] عەلمانیەت ئایینە، Robert Bellah –کە یەکێکە لە گەورەزانا هاوچەرخەکان– زاراوەی "ئایینی مەدەنی"ی داڕشتووە، بۆ گوزارشتکردن لە سروشتی کولتووری نوێ و بەپیرۆزگرتنی بەڵگەنەویستە لیبراڵییەکانی و شێوازی ژیانی.

– عەلمانیەت دژایەتیی بنچینەی بیرۆکەی ئایینیی لەمەڕ بوونەوەر و ئەفراندن و باڵایەتیی ڕەها و ڕۆژی دوایی و لێپێچینەوە دەکات و ڕەتی دەکاتەوە، جا با بیرۆکە ئایینییەکە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەقڵانیبوونیشی تێدا بێت و دووریش بێت لە زاڵدەستیی دامەزراوەی ئایینی، وەك ئەوەی لەلای ئیسلام هەیە.

– لە ڕووی واقیعییەوە، ئاڕاستە عەلمانییەکان نەریتگەل و جۆرە ژیانێکیان هەیە کە ڕەخنەلێگرتنیان، بە دواکەوتوویی و دەمارگیری و کۆنەپەرستی دادەنرێت، هەروەها بە ڕقلێبوونەوە و بارگرانی بۆ سەر بەها مرۆییەکان و ڕەگەزپەرستیی دەستدرێژی بۆ سەر ئازادییە لیبراڵییەکان لەقەڵەم دەدرێت، هەروەك چۆن لە شێوە ژیانی ئەو ئاڕاستە عەلمانییانەدا، شتگەلێکی قەدەغەکراو هەن کە وەکوو (تابو) لێیان دەڕوانرێت.

## ٥. عەلمانیەتی کۆتدار

پاش ئەوەی عەلمانیەت کەوتە نێو کایەی توندی کێشمەکێشی هزرییەوە، مەبەست و واتا سەرەکییەکەی بەڕوونی نەمایەوە. بۆیە گوزارشتگەلێك دەرکەوتن بۆ کۆتدارکردنی عەلمانیەت بە مەرجێك یان بوارێك کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت، وەکوو عەلمانیەتی بەشەکی، یان عەلمانیەتی سیاسی.

ڕەنگە ئەم بەکارهێنانە چەند پاڵنەرێکی هەبێت، لە لایەکەوە بۆ لێکتێگەیشتنی نیشتمانی لەگەڵ ڕەوتە نەتەوەیی و لیبراڵییەکان، لە لایەکی تریشەوە بۆ ڕەتکردنەوەی گوتارێکی ئیسلامیی پێنەگەیشتوو، کە عەقڵ بچووك دەکاتەوە و دیدگاکەشی بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی شەریعەتە لە مۆدێلی دامەزراوەیی/کڵێسایی، بە ڕاکێشانی -ناهۆشیارانەی- سۆنگەگەلێکی نوێگەرانە بۆ کایەکە.

**لە ڕاستیدا چەمکی عەلمانیەتی کۆتدار چەمکێکی ڕێکوپێککراو نییە و گرفتەکە چارەسەر ناکات، بەڵکوو بەشدار دەبێت لە تێکەڵکردنی تێگەیشتن.**

داڕشتنی مامۆستای پابەرزمان (مەسیری) [عەبدولوەهاب ئەلمەسیری: ١٩٣٨-٢٠٠٨] بۆ چەمکی "عەلمانیەتی بەشەکی"، داڕشتنێکی تەواو گرفتئامێزە، چونکە لەبەر ئەوەی عەلمانیەت دیدگایەکی فەلسەفی و ڕێبازێکی بیرکردنەوەیە، ناتوانین بەشبەشی بکەین. خودی (مەسیری)یش، کۆمەڵگە عەلمانییەکان بە کاڵاگەری و لاساییکردنەوە و بە جۆرکردنی ژیان و نامۆبوون... وەسف دەکات، ئایا دەکرێت بەشێك لەمە وەربگیرێت؟ کاڵاگەرییش تەنها بریتی نییە لە زیادەڕۆییکردن لە سامان کۆکردنەوە، بەڵکوو گۆڕینی مرۆڤە بۆ بوونەوەرێکی ماددی، کەواتە ئەم دیدگایە بەشبەش بکەین؟

عەلمانیەتی گشتگیر بە وتەی (مەسیری)، جگە لە "کەوتنەناو فەلسەفەی ماددییەوە"، شتێکی دی نییە و ئەو "هەموو بەها مرۆیی و ئەخلاقی و ئایینییەکان

له هەموو لایەنە گشتییەکانی ژیان لە سەرەتاوە و پاشان لە هەموو لایەنە تایبەتییەکانی ژیانیش لە کۆتاییدا، جیا دەکاتەوە.."، جارێکی تریش، چۆن عەلمانیەت بە بەشەکی بکەین، جا مەبەستمان لەو بەشەکیبوونە هەر شتێك بێت. هەروەها (مەسیری) جەخت لەوە دەکاتەوە کە عەلمانیەتی گشتگیر "باوەڕی بە هیچ پێوەر، یان ڕەهایی، یان گشتییەك نییە، ئەو تەنها باوەڕی بە ڕێژەیی ڕەها هەیە". بەڕاست، ئا ئەمەیە ڕیشەی ئەخلاقی و جیهانبینیی عەلمانیەت، کە بەگشتی و بە هەموو لێکەوتە بەشەکییەکانیەوە شتێکی ناپەسەندە، هەروەك چۆن –بە دیدی مەسیری– داروینیی ململانێئامێزە، ئایا ئەمە ناچارمان ناکات بەدڵنیاییەوە بڵێین بوونی بەشەکی لە عەلمانیەتدا، شتێکی گونجاو و چاوەڕوانکراو نییە!

ئاگایی لەوەش دەدەین، کە ڕایەکەی (مەسیری) لە وەسفە ئاستنزمەکەوە دوورە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە عەلمانیەت "ئایدۆلۆجیەت یان کۆمەڵە بیرۆکەیەك نییە –وەك ئەوەی هەندێك لایان وایە–، کە چەند بیرمەندێکی عەلمانی ڕۆژئاوایی دایانڕشتبێت..."، بەڵکوو بەرەنجامی پرۆسەگەلێکی زۆرە کە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دزە دەکەن، "یاخود لە ڕێگەی کەرتی چێژەوە لە میانەی دامەزراوە تایبەتەکانەوە، یاخود لە ڕێگەی دەیان دامەزراوەی ترەوە (لە نێویاندا دامەزراوە ئایینییەکان)، یاخود لە میانەی بەپێزترین یان بێڕێزترین بەرهەمە ژیارییەکانەوە. بۆیە هەمیشە ئاماژە بەوە دەکەم کە بە "بەعەلمانیکردنی بونیاتی شاراوە" ناوی دەبەم...". وتەکەی (مەسیری) کۆتایی هات.

ئەم دیاریکردن و وەسفکردنەی عەلمانیەت پێمان دەڵێت کە کۆتدارکردنی عەلمانیەت و بەبەشەکیکردنی هەگیز گونجاو نییە، چونکە **ئەگەر عەلمانیەت بونیاتی و شاراوە بێت، ئەوا واتای ئەوەیە کە عەلمانیەت بۆماوەییە و خۆی ڕشتەی خۆی بەرهەم دێنێت.**

لەبیرمە جارێك لە گفتوگۆیەكدا لەگەڵ (مەسیری) و (مونا ئەبولفەزڵ [ ١٩٤٥– ٢٠٠٨ ] ) –رەحمەتی خوایان لەسەر– بووم و نموونەی یاریی ئەلیكترۆنیی منداڵانم هێنایەوە (سۆپەر ماریۆ)، كە یارییەكە بەپێی بیروباوەڕ و دیدگای سەرمایەداری داڕێژراوە، ئەوانیش ڕایان وا بوو كە نموونەیەكی باشە بۆ تێگەیاندن. ئەی ئەگەر لۆجیكی عەلمانیەت بگاتە شتێكی بێنرخ و بێمانا كە خاوێن و بێلەكە و سادە بێتە بەرچاو، ئیدی دەتوانین قسە لەسەر چ بەشەكیبوونێكی عەلمانیەت بكەین، لە كاتێكدا كە عەلمانیەت ناوەرۆك و ڕووكاری دەرەوەشی وێنای گشتیبوون بەسەریدا زاڵە؟

ئەوەشی كە دەوترێت چەند شتێكی ژیان هەن تەنها ڕێكارین و بۆ شارەزایی و دانایی خەڵك جێ هێڵراون، بۆیە دەكرێت چەمكی عەلمانیەتی بۆ دیاری بكرێت، ئەمەش هەر قسەیەكی ساز و گونجاو نییە. بۆ نموونە، بیرۆكەی پاراستن و هەڵگرتنی دۆسییەكان یان نووسینی گرێبەست، بنەمایەكی ئەقڵانی/شارەزاییانەیە، زۆرێك لە ڕژێمەكان هەر لە فیرعەونەكانەوە تا موسڵمانان پیادەیان كردووە، ئایا ئەمە دەیكات بە عەلمانییەكی بەشەكی، ئەگەر وامان دانا كە دەكرێت خەمێكی زاڵ هەبێت بۆ ئەوەی بە ئاڕاستەی سوودە سەرمایەدارییەكان بڕوات، یان خەمێك بە ئاڕاستەی پاراستنی مافەكان بڕوات، لەگەڵ ڕەچاوكردنیشی بۆ كۆنترۆڵكردنی دەستكەوتەكانی كارەكە. بنەماكانی كارگێڕیی سیاسییش هاوشێوەی ئەمەیە، ئەوەتا جیاوازییەكی گەورە هەیە لەنێوان ڕوانین بۆ تاكەكان وەك (دەنگدەری خاوەن بەرژەوەندی) و لەنێوان ئەوەی وەكوو بەرجەستەكاری ئوممەت و (خەڵك و پەروەردەكراوی خوا) ئەژمار بكرێن، لەوانەی كە پێویستە ئامۆژگاری بكرێن.

ئەم بابەتانە لە دیدی ئیسلامیدا دەچنە بواری شتە ئاساییەكانەوە و پێویستە بەپێی مەبەستەكانی شەریعەت و هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەكان لە دیدی ئیسلامییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، بۆیە ناگونجێت بە جۆرێك لە عەلمانیەت

وەسف بکرێن، مەگەر دوالیزمەی ئایینی و دونیایی ناپەسەند تەبەنی بکەین.
ئەمەش دەمانگەیەنێتە تێزەکەی (ئەبو یەعروبی مەرزوقی) [١٩٤٧-؟] و زاراوەکەی "عەلمانیەتی ئیماندار"، کە وا گریمانە دەکات گرفتی پەیوەندیی نێوان ئایینی و دونیایی لەنێو ژیارەکاندا یەك شتە، بۆیە عەلمانیەتێك پێویستە کە بە واتای ئەقلانیەت بێت لە کاروبارە دونیایی و سیاسییەکاندا.

دەڵێم، ئەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، لە ڕەخنەگرتنیشیدا هەرچی ئەوەی باسمان کرد بۆی دروستە. لە ڕاستیدا تاکانەبوونی دیدی ئیسلامی و ڕەنگدانەوەکانی لە ڕشتەی پەیوەندییەکاندایە، نەك تەنها لە بوونیدا. پاشان **ئایا پێویست نییە باسی دەستێوەردانی بیری تەلمودیی مەسیحیەت (پرۆتستانتی) و ئەوەی کە فاکتەرێکی گرنگ بووە لە گەڵاڵەبوونی تێزی عەلمانیەت، بکەین؟**

بەڕاستی ویستی دوورکەوتنەوە لە کێشمەکێشی ئایدۆلۆجی، وا دەکات بوترێت عەلمانیەتی بەشەکی هەیە، بەڵام هەر بەشەکیکردنێکی عەلمانیەت، پێویستە چەند گریمانەیەکی گشتیی لەگەڵدا بێت:

(١) بەردەوامی و بەدوای یەکداهاتنی ئەو سوننەتانەی کە هۆکارەکانی لەسەر دەڕوات، لەلایەن خوای گەورەوە ئەندازەگیریی بۆ کراوە، جا لەسەر شێوەی ئەشعەری بێت یان موعتەزیلی.

(٢) هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی هۆکارەکانیش، ملکەچە بۆ ئەخلاقیەتی ئیسلام.

(٣) بەکارهێنان و بەکاربردنی هۆکارەکانیش، ملکەچن بۆ ئەقڵیەتی مەبەستگەرایی.

(٤) مەعقولبوونیشی، ئەگەری ئەوە ڕەتناکاتەوە کە شتێکی نادیاری شاراوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت.

(٥) دیگای ئایینیی پاشمەندی (المابعدیة) (یەکتاپەرستی لە حاڵەتی ئێمەدا)، کاریگەریی لەسەر میتۆدی تێگەیشتن لە هۆکاربەندی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەکات.

دواجار ئەوەی تێبینی کراوە، ئەوەیە کە مەسیری مامۆستامان پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ عەلمانیەت پێشکەش ناکات. بە پاشخانە ئەدەبییەکەشییەوە، ئەوەی گرنگە بەلایەوە تیشك خستنە سەر چەمکەکە و ڕوونکردنەوەی لێکەوتە و پێوەلکاوەکانیەتی، زیاتر لە ڕێکخستنیان وەك هاوکێشەیەکی فیزیا، تەنانەت هەندێك جار پێناسەی ورد ڕەت دەکاتەوە و ئەوە بە ڕەنگدانەوەیەکی ئەپستمۆلۆجیای مۆدێرنەیی دادەنێت، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ دەوڵەمەندیی تێزەکەی، ئێمەی لەگەڵ چەمکێکی گرفتئامێز جێ هێشت (عەلمانیەتی بەشەکی/ئەخلاقی/مرۆیی)، کە جۆرێك لە وەهم دروست دەکات، لەبریی ئەوەی ڕاشکاوانە ڕوونی بکاتەوە، ئەمەش بە کەموکورتیی ئەو پرۆژە هزرییەی دادەنرێت کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد. (بۆ کورتبڕی، گوزارشتەکانی (مەسیری)م لە وتارێکی وەرگرتووە بە ناونیشانی لەنێوان عەلمانیەتی بەشەکی و عەلمانیەتی گشتگیردا).

من دەزانم دەستبردن بۆ ڕەخنەگرتن لە بیرمەند و فەیلەسووفی وا بەو قورساییە بەناوبانگەوەی کە هەیانە چەندە گرانە، بەڵام من تەنها ئەوەم ڕوون کردووەتەوە کە لە ڕووی تیۆرییەوە گرفت دروست دەکات و هیچ گومانیشم لەوە نییە کە ئەو تایبەتکردنەی عەلمانیەت کە ئەوان کردوویانە بێسوودە، بەڵکوو شێوێنەرە و هۆکارە بۆ تێکەڵکردن.

### ٦. پێناسەیەکی پێشنیارکراو بۆ عەلمانیەت

عەلمانیەت لە ڕووی کردارییەوە، دوورخستنەوەی ئایینە لە بواری بیرکردنەوە و دەرهێنانیەتی لە ژیانی مرۆڤ. زاراوەیەکە، ڕەگوڕیشەی لە دیدگای ڕۆژئاواییدا هەیە

و پەیوەندیی بەو ململانێیەوە هەیە کە لە ئەورووپا لەنێوان دەسەڵاتی کڵێسا و دەسەڵاتی زەمەنیدا ڕووی داوە.

لە ڕووی لۆجیکییشەوە، ناکرێت بوترێت عەلمانیەت بێلایەنە، چونکە ئەگەر خودی خۆی فەلسەفەیەکیش نەبێت، دەروازە و چوارچێوەیەکە بۆ چەمکگەل و ناوەڕۆکگەلێك کە بیرۆکەی ئایین ڕەت دەکەنەوە. دەرهاویشتەکانی عەلمانیەت، بەرهەمی ئەو بیرمەندانەی چاخی ڕۆشنگەرین کە باوەڕیان بە سیانەی بەئەقڵانیکردن و ئازادیی ئیرادە و ڕێبازی چێژوەرگرتن هەبوو. وەکوو خودی ئەزموونی ژیاری ڕۆژئاوایی خۆیشی، هیچ یەکێك لەم سیانەی بەدی نەهێنا، بەڵکوو پێچەوانەکەی بەدی هێنا، یان بە شتێك پەردەپۆش کران کە تێکیان بدات، فەلسەفەی پۆستمۆدێرنەش جگە لە گوزارشت لە کەوتن و پوچیی عەلمانیەت و جێگرەوەی خوازراوی، شتێکی دی نەبوو.

گشتاندنی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە هزرییە بەسەر ئەزموونی مێژوویی چینیدا ڕاست نابێت، هەروەك چۆن گشتاندنی بەسەر هیندستان و ئەفەریقاشدا دروست نابێت، خۆ ئەگەر بە شێوەیەکی بەشەکی لە یەکێك لەو حاڵەتانەی باس کران دروست بێت، ئەوا هەرگیز بۆ ئەزموونی مێژوویی موسڵمانان دەست نادات. عەلمانیەت چەمکێکی ئۆرگانییە، لە منداڵدانی ژیاری ڕۆژئاواییدا گەشەی کردووە و تایبەتمەندیی کولتووریی خۆی هەیە، بۆیە نە دەخوازرێت و نە کۆپی دەکرێت و نە بەشبەشیش دەکرێت.

بەکارهێنانی دروستی عەلمانیەت ئەوەیە کە بە دیدگایەکی فەلسەفی دابنرێت، کە:

(١) هەر شتێك لە دەرەوەی جیهانی هەستپێکراوی مرۆڤ بێت، ڕەتی دەکاتەوە.

(٢) سەرچاوەی بەهاکان لە مرۆڤدا، کورت هەڵدێنێت.

(٣) حەقیقەت لە جیهانی ماددەدا کورت دەکاتەوە.

عەلمانیەت ئایین بە بیرۆکەیەکی خورافی دەزانێت و ڕەتی دەکاتەوە کە کانگایەك بێت بۆ بەهاکان و ڕێگرە لەوەی ئاڕاستە و ڕێنماییەکانی ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی گشتیدا هەبێت، یان بەشداری لە ڕێکخستنی ئەولەویاتی کۆمەڵگەدا بکەن.

هەر بەو بۆنەیەوە، ئەوەی لە ئەکادیمیەتی ڕۆژئاواییدا باوە، ئەوەیە کە عەلمانیەت وەك چوارچێوەیەکی جیهانبینی و ئاڕاستەیەکی تەواو پێچەوانەی ئایین تەماشا دەکرێت. دروستیش نییە چەمکی عەلمانیەت لە پرسی "جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت"دا کورت بکرێتەوە، هەروەك چۆن دروست نییە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە عەلمانیەت خوازیاری بەداوەرکردنی ئەقڵە لە کاروبارەکانی ژیاندا، عەلمانیەت و ئەو قۆرخکردنە کوجا مەرحەبا !

هەموو ئەوەی باس کرا، پێویستی دەکات لەسەرم پێناسەیەك بۆ عەلمانیەت پێشکەش بکەم، بۆیە لەم سێکوچکەیەدا دایدەنێم: **عەلمانیەت بریتییە لەو دیدگا کەونییە گشتییەی کە سێ پایەی سەرەکی سنوورداری دەکەن، ماددیگەرێتیی ڕەها لە تێگەیشتنی هۆکاربەندیدا، سوودگەرایی ڕەها لە ڕشتەی ڕەفتارەکاندا، ڕێژەیی ڕەها لە کایەی ئەخلاقیدا.**

# كۆتایی

عەلمانیەت دیدێکی تایبەتی بەرانبەر بوونەوەر و مادده و ئابووری و سامان و سیاسەت و فەرمانڕەوایی و ئەخلاق و بەهاکان هەیە، بۆیە وەسفکردنی بەوەی کە ڕێباز یان ئایدۆلۆجیەت نییە و تەنها شێوازی فەرمانڕەواییە، دیاریکردن و وەسفێکی نابەجێ و بەزۆرکراوە. عەلمانیەت وەکوو ئاڕاستە، مێژوو و میانەیەکی نەتەوەیی و کولتووریی دژ بە بیرۆکەی ئایین هەیە، پاش ئەوەی کە تاڵاوی کڵێسای چەشت و بەسەریدا سەر کەوت.

هەروەها عەلمانیەت هەوڵی ئەقڵانیەتێکی سادەکاریی کورتهەڵێنکاریی (اختزالی) دا، پاشان –لە هەندێك لە دەرهاویشتەکانیدا– کەوتە نێو نەبوونگەرایی ناعەقڵانییەوە (عدمية لاعقلانية). هەروەها عەلمانیەت بە شێوەیەکی کردارەکی لە ڕووی هزری و جێبەجێکردنیشەوە، بووە بە مۆڵگەی گەشەکردنی زۆر ئاڕاستەی تر، وەك لیبراڵیزم و سەرمایەداری. هەموو ئەمانە وا دەکەن بڵێین: قورسە بڵێین ئەو وتەیەی بانگەشەی بوونی عەلمانیەتێکی بەشەکیی کۆتدار دەکات، قورسە وتەیەکی ڕاست بێت و دەرگای تێکەڵکردن بۆ ئەو گومانە دەکاتەوە کە مەبەستەکە ئەوەیە کە کەمێك لە عەلمانیەت کێشەی نییە.

# بەشی یانزەیەم: چەمکی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت

چەمکی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، یەکێکە لەو زاراوە هاوردەکراوانەی کە بەزۆر بەسەر میانەی عەرەبیی ئیسلامیدا دەسەپێنرێت و بە خراپ و لە ژینگەیەکی تردا کە ژینگەی خۆی نییە، بەڵگەی پێ دەهێنرێتەوە. بنچینەی تێکەڵییەکەش ئەوەیە، کە زاراوەکە لە بنەڕەتدا بریتییە لە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت نەك ئایین لە دەوڵەت. تەنها بەم تێبینییە، دەتوانین کۆتایی بە مشتومڕێك بهێنین کە هیچ پێویست نییە، بەڵام هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ڕەواندنەوەی خراپ تێگەیشتن، گفتوگۆکردنی هەندێك بابەتی پەیوەندیدار سوودبەخش دەبێت: کاریگەریی دووسەرەی کڵێسا و تێگەیشتنی دابڕێنەرانەی دنیایی/ئایینی، مەحاڵبوونی لۆجیکاییانەی جیاکردنەوە و بانگەشەی عەلمانیەت بۆ بوونی بێلایەنی سیاسی، و ڕێکخستنی چالاکیی ئایینی لەلایەن وڵاتە دیموکراسییە پیشەسازییەکانەوە.

### ١. کڵێسا پاڵپشتیی فێربوونی کرد، بەڵام زانستی خنکاند

کڵێسا لە مێژووی ئەورووپیدا، گرفتێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو بەتەواوی هاوپەیمانیی لەگەڵ سیاسەتدا بەست و بەشێکی جیانەکراوە بوو لە میکانیزمی ستەمکردن. هەر بە دەستتێکەڵکردن لە ستەمی ناوخۆییشەوە نەوەستا، بەڵکوو بەشێك بوو لە ستەمی دەرەکییش، کاتێك داگیرکاری و مژدەدان (التبشير) هەماهەنگ دەبوون.

ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە ئایینی گاور چووە ناویەوە لە باکووری ئاسیا (پێگە و بزوێنەری ڕووسی) و ئەمەریکای باشوور (پێگە و بزوێنەری ئیسپانی) و ئەمەریکای باکوور (پێگە و بزوێنەری ئینگلیزی و فەڕەنسی) و ئوسترالیا (پێگە و بزوێنەری ئینگلیزی)، لەگەڵ هەڵمەتە داگیرکارییە نیشتەجێنشینکارییەکان (الاستیطانیة) هاوکات بوو، هەروەها چوونەناوەوەی ئایینی گاور بۆ ئەفەریقا و هیندستانیش، لەگەڵ کارە داگیرکارییە ئەورووپییەکان هاوکات بوو. ڕەنگە چوونەناوەوەی ئایینی گاور بۆ چین، تاکە حاڵەت بێت کە تەنها پشتی بە مژدەدان بەستبێت، هەرچەندە لە چوارچێوەی هەڵکشانی جیهانی ئیمپریالیزمیشدا گوزەراوە.

خۆ ئەگەر ڕوو لە مەیدانە سیاسییەکە وەربگێڕین و جەختمان لەسەر بوارە کولتوورییەکە بێت، ئەو ڕەفتارانەی کلێسامان بیر دێتەوە کە لەگەڵ زانست و زانایان ئەنجامی داوە، کاتێك کلێسا تەنها بە بانگەشەی ئەوەوە نەدەوەستا کە دەقە پیرۆزەکەی سەرچاوەی هەموو مەعریفەیە بە مەعریفەکانی تایبەت بە بوونەوەریشەوە، هەروەها بە توندگیریی کولتوورییشەوە (دەرکردن لە بەزەیی و بەکافردانان) نەوەستا، بەڵکوو پشتیوانیی ڕاوەدوونان و لەناوبردنی جەستەییشی دەکرد.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند جیاوازییەك بکەین، کە لیبراڵیستەکان لە باسی مێژووی مەسیحیەتدا دەیشارنەوە. چالاکیی ئایینیی کلێسا، بەشداریی لە پاڵپشتیکردنی فێربوون و توانای خوێندنەوە کردووە کە بنچینەی ڕێنسانسی ئەورووپی بووە. لە میانەی مامەڵەکردنیش لەگەڵ ئینجیل و لێکدانەوەی و ململانێ لەسەر پرسی سێخوایی، قەشەکان هاتنە نێو بواری فەلسەفە و کەلەپووری یۆنانەوە.

**هەروەها پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە خزمەتگوزاریی کلێسا بۆ کۆمەڵگە، بەشداریی لە داڕشتنی کۆمەڵگەدا کردووە.** ڕاستە وێنەی بەڵگەنامەی لێخۆشبوون

(صكوك الغفران) هەیە، بەڵام ئەم وێنەیە تەواوکاریی ئۆرگانیی ئەو کاتەی ئایین/کڵێسا لەگەڵ کۆمەڵگە ناسڕێتەوە. گەندەڵی و خراپەکاریی کڵێسا و بەتایبەت دامودەزگا باڵاکانی تەنیبوو، هەر ئەمەش بوو خەڵکی ڕەتی دەکردەوە و لێی بێزار بوون، زیاتر لە بێزارییان، کاسەلێس و ماستاوچییەکان و لەو کەسانەی کە لە ناوخۆ ملکەچی قەشەکان بوون. بۆ تێگەیشتنی دروستی مێژووی ئەورووپی، پێویستە ئەم کۆمەڵە دژیەکییانە کۆ بکرێنەوە و لە زەیندا ئامادە بن.

ڕشتەی هزریی مەسیحیەتی کڵێسایی لە لایەك و هاوبەشیکردن لەگەڵ هەلپەرستێتیی سیاسی لە لایەکی تر، لە سەرهەڵدانی عەلمانیەتی لادەر لە کولتووری ئەورووپیدا، بەشدار بوون. هەروەها بەشداریکردن لە جەنگە ئایینییە ئەورووپییەکان، پاڵنەر بوو بۆ بەهێزکردنی چەمکی جیاکردنەوەی دامەزراوەی ئایینی لە دەوڵەت. ئەوەی کە دەوترێت، ئەو جیاکردنەوەیە پاڵنەری دەستپێکی ڕۆشنگەریی ئەورووپی بووە، سادەکردنەوەیەکی ناڕێکە و ئێستا وای لێ هاتووە هەندێك لە مێژوونووسە ئەورووپییەکانیش ڕەتی دەکەنەوە، هەرچەندە قوتاربوون لە کڵێسا، شتێکی براوە بوو و دەبووایە هەر ڕوو بدات. کاردانەوەی ئەورووپی بۆ ڕەتکردنەوەی کڵێسا، سوننەتێك بوو ئامانج لێی دواکەوتن نەبوو.

بۆ دڵنیابوون لە تایبەتمەندێتیی مێژوویی چەمکەکان، ئەوە بیر دەخەینەوە کە وتەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، پەیوەندییەکی بەهێزی نەبوو لە میانەی ژیاری چینی یان ژیاری هیندی -لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی ئایین لە سیاسەتدا هەیەتی-، تەنانەت ئەو وتەیە لە باسی میانەی ئەزموونی مێژوویی موسڵماناندا نەگونجاوترە، بەڵکوو لەوپەڕی نامۆییشدایە.

## ٢. تێگەیشتنی دابڕێنەرانەی ئایینی/دنیایی

وەك ئاڕاستەیەکی فەلسەفی، ماددیگەرایی لە تێگەیشتنی هۆکارگەرایی و سوودگەرایی لە ڕشتەی ڕەفتارگەرایی و ڕێژەییگەرایی لە کایەی ئەخلاقیدا، بەسەر عەلمانیەتدا زاڵن، ئەمەش دەیخاتە بەرانبەر دیدگا و جیهانبینیی ئیسلامی بۆ فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی ژیان. بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی ناکۆکییەکە، با پرسەکە لەم هاوکێشەیەدا دابڕێژین:

عەلمانیەتی سەرمایەداری = فەلسەفەی سوودگەرایی+ کێبڕکێی تاکەکەسی + میکانیزمەکانی بازاڕ

عەلمانیەتی سۆشیالیستی = فەلسەفەی سوودگەرایی + ململانێی چینایەتی + پلانڕێژیی ناوەندی

کاتێکیش دیدی ئیسلامی، عەلمانیەت لەم دوو مۆدێلەیدا ڕەت دەکاتەوە، واتای ئەوەیە کە هەردوو دیوە فەلسەفی و ئەخلاقییەکەی ڕەت دەکاتەوە، نەك لایەنێکی پراکتیزەیی سێیەم کە جێی ئیجتیهادە.

کەواتە ئایا ئەو لایەنی سێیەمە، جۆرە کۆتێك بۆ عەلمانیەت دادەنێت، تا وای لێ بکات لە ڕووی ئیسلامییەوە وەرگیراو بێت. وەڵامەکە نەرێیە، لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، ئەوەیە کە هەرسێ سنوورەکە تێکەڵ و بەیەکداچوون و ناکرێت لەیەك بکرێنەوە. دووەمیش، بریتییە لەوەی کە ڕەتنەکردنەوەی ناچارانەی ڕێگەی سێیەم، واتای ئەوە نییە بیگۆڕین بە شتێکی دی، کە لە کەهەنوتێکی ئیسلامییەوە هاتبێت.

بە گوزارشتێکی دی: دەکرێت لە مۆدێلی ئیسلامیدا و لە یەکێك لە جێبەجێکردنەکانیدا، میکانیزمگەلێك بۆ بازاڕ یان پلانڕێژیی ناوەندی هەبێت، بەڵام ئەمە نایکات بە مۆدێلێکی سەرمایەداری یان سۆشیالیستی، چونکە دیوی ڕێکاری لە ڕیشە دیدگاییەکە جیا ناکرێتەوە. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە چەند چەمکێك

بدەین کە لەگەڵ میکانیزمەکانی بازاڕدا هەماهەنگە، کاتێك لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا خۆی دەبینێتەوە: چەمکی ڕۆزی و چەمکی سوودوەرگرتن و چەمکی چەرخی سامان و چەمکی فەڕ و بەرەکەت، بەڵام کاتێك بازرگانێکی موسڵمان هەڵدەستێت بە ئەژمارکردنی پلانەکەی بەپێی ڕێسا جیهانییەکانی ژمێریاری، ئەوا ئەو مومارەسەکردنەی بە مومارەسەکردنێکی (عەلمانییانە) ئەژمار ناکرێت و ناخرێتە ڕیزی مومارەسەگەلێکی دی (ئایینی)، کاتێك کە هەڵدەستێت بۆ نوێژەکەی، بەڵکوو بەشێکە لە مۆدێلێکی دی کە ڕەنگە لە ڕواڵەتدا خاڵی لێکچوون و لە میکانیزمیشدا خاڵی هاوبەشیان هەبێت.

ئەم لۆجیکە بەسەر بواری سیاسییشدا جێبەجێ دەبێت، کە دەتوانین بەم هاوکێشەیە گوزارشتی لێ بکەین:

عەلمانیەتی سیاسی = فەلسەفەی سوودگەرایی+ لیبراڵیزم + میکانیزمە دیموکراسییەکان

لێرەشدا ڕەتکردنەوەی ئیسلامییانە، هەردوو دیوە فەلسەفی و ئەخلاقییەکە دەگرێتەوە، نەك ئەو میکانیزمانەی کە بەپێی شوێن و پێگەیان جێی لێڕمان و بیرلێکردنەوەن. خۆ ئەگەر حکومەتێکی موسڵمانان میکانیزمگەلێکی دیموکراسی بەکار بهێنێت، نابێت بە عەلمانی، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە نموونە ئابوورییەکەدا باسمان کرد.

ئەو ڕێوشوێنە دیموکراسییانەی کە هەندێك جار لایەنێکی موسڵمان پێی هەڵدەستێت، جیا نابێتەوە، یان پێویستە جیا نەبێتەوە، لە خولانەوەی لە بازنەی چەمکە ئیسلامییەکان لە بواری سیاسیدا. لەو چەمکانە: چەمکی دادگەری، چەمکی سپاردنی ئەمانەت، چەمکی وەرگرتنی جێنشینی لەبریی خەڵکی، چەمکی ئامۆژگاری بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی و فەرمانڕەوای موسڵمانان و خەڵکەکەی بەگشتی. هەر یەکێك لەم چەمکانەش، وەك بەشێك لە تیۆری سیاسیی ئیسلامی

لەمەڕ فەرمانڕەوایەتی، شێوە داڕشتەیەکی تایبەتی هەیە. کاتێکیش دەڵێین بنەمای دادگەری یەکێکە لەو چەمکانە، واتای ئەوە نییە کە ڕشتەبەندەکانی تر ستەمێکی ڕووتن، بەڵکوو دادگەری و ڕێڕەوە کردارییەکەی پێویستە لە تاقێکی ئیسلامییەوە بدرەوشێتەوە، بۆ نموونە ئەو دادگەرییە، جیاوازە لەو یەکسانییەی لە دیدگای لیبراڵیدا هەیە.

جارێکی تریش، دوالیزمەیی ئایینی/دنیایی لەگەڵ دیدگا و جیهانبینیی ئیسلامیدا نایەتەوە، کاتێکیش ناوەڕۆکە فەلسەفییە ڕووتەکەی عەلمانی ڕەت دەکرێتەوە، واتای ڕەتکردنەوەی دنیا و ئەو ئامرازانەی نییە کە جێی ئەوەن مرۆڤ ئیجتیهادیان تێدا بکات، هەروەك چۆن واتای ئەوە نییە کە جێگرەوەکەی ئەوە بێت کەمینەیەکی ئایینی، فەرمانڕەوایی خەڵك بکەن. هەموو ئەوەی کە دەیڵێین، ئەوەیە کە سیاسەت بریتییە لەوەی کە خزمەتی بەهاکانی کۆمەڵگە دەکات و کار بۆ بەدیهێنانی ئەولویاتەکانی، لە دیدگایەکی دیاریکراوەوە دەکات.

سەرنج بدە، گوتاری ڕۆژئاوایی دژ بە وڵاتەکانمان، گرفتەکە لەوەدا دەبینێت، کە ئێمە دیموکراسیمان بەبێ لیبراڵیەت دەوێت، یان بە گوزارشتە بیانییەکەیان، "دیموکراسییەکی نالیبراڵی"، ئەمەش بە ڕوونی پێمان دەڵێت کە ناکۆکییەکە لە بواری ئەخلاقی و فەلسەفیدایە، نەك لەسەر ئاستی ڕێکاری. بۆیە دەڵێین هەر ئەمە بەسە بۆ ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی بێمەرجیی زاراوەی دیموکراسی، چونکە وەکوو بیرۆکەیەك لایەنە پراکتیکییەکە بە شێوازێك دادەڕێژێت کە پێچەوانەی شێوازە ئیسلامییەکە بێت. **شێوازە ئیسلامییەکە بریتییە لە دابەزاندنی ئەوەی کە تیۆرییە بۆ ئەرزی واقیع و کاراکردنی بەها ئەخلاقییەکان و ئیجتیهادکردن لە بوارە کردارییە گۆڕاوەکانی ژیان، بەمەش شێوە ئیسلامییەکە شێوەیەکی تاکانەیە،** با لە ڕشتەبەندگەلێکی تریش بچێت، لە ڕووکارە گشتییەکەی یان لە هەندێك وردەکاری، یان لە میکانیزمەکانی و جووڵە میکانیکییەکەیدا.

### ٣. مەحاڵبوون لە ڕووی لۆجیکییەوە

بیرۆکــەی جیاکردنــەوەی ئــایین لــە دەوڵــەت، بــە لەبەرچــاونەگرتنی میانــە میژووییەکەشی، بیرۆکەیەکی تەسەورنەکراوە، لەبەر ئەم سێ هۆکارە:

**یەکەم: لەسەر ئاستی تاکەکەسی،** ئەگەر ئایین بریتی بێت لە بیرۆکەگەلێك لە سەردا و نەستگەلێك لە دڵدا، ئەوا گەمەکاری سیاسی، چۆن هزر و دڵی لەو شتانە جیا بکاتەوە کە مومارەسەی دەکات؟ بەگشتی وەڵامەکە بەوە دەبێت، کە —بۆ نموونە— لە حکومەتە نوێیەکاندا، دادوەر بەپێی یاسا کار دەکات و حوکم دەردەکات، نەك بە ڕای کەسیی خۆی. ئەمە ڕاستە، ئەگەر مەبەستمان ڕایەکی کەسیی ئاسایی بێت نەك فەلسەفەی کەسی، ئەوەتا پسپۆڕانی یاسا هەمیشە ئەوەمان بیر دێننەوە کە دەقەکانی یاسا ملکەچن بۆ لێکدانەوە. بۆ نموونە، ئەو ئافرەتەی کە شەوێك لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا دەمێنێتەوە، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم ڕێگریی لەو کردووە، بەڵام ئەو ڕەتی کردووەتەوە.

نەك هەر ئەمە، بەڵکوو هەروەها پۆلێنکردنی ڕووداوەکە و بەکارهێنانی یەکێك لە یاساکان بۆ یەکلاکردنەوەیشی، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پاشخانی دادوەرەوە. بۆ نموونە، پۆلێنکردنی تاوانێك بەوەی کە دەرئەنجامی نەخۆشییەکی دەروونییە، یان دەرئەنجامی تیۆرێکی ئایینییە. ئەمە سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کە بواری کەسی تێیاندا بەرتەسك دەبێتەوە، بەڵام لە پرسە دەستوورییەکاندا، بیروبۆچوونە کەسییەکانی دادوەر گرنگیی تایبەتی هەیە. وەك نموونە باسی ناکۆکیی نێوان ئەندامانی دادگای فیدراڵیی ئەمەریکی دەکەین، کە هەمیشە لەسەر هێڵی فەلسەفیی پارێزگار/لیبراڵییە.

**دووەم: لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی،** کاروبارە سیاسییەکان لە ڕەگوڕیشەوە مومارەسەیەکی کۆمەڵایەتین، نەك تەنها یاسا و ڕێکارگەلێکی وشکی دابڕاو لە ژیان. خەڵکی ئەمڕۆ بەدەست دووریی سیاسەتی نوێ لە ژیان دەناڵێنێت و حکومەتیش

هەستیان پێ ناکات، یان لە داخوازییەکانیان تێناگات. ئایا نابێت کۆمەڵگە بنچینە بێت و سیاسەت خزمەتکاری، لە کاتێکدا درووشمی "لە گەلەوە و بۆ گەل" لە زۆرێك لە وەسفی فەرمانڕەوایەتییەکاندا دەبینین. خۆ ئەگەر وایە، چۆن سیاسەت دەتوانێت گرنگترین شت لە ژیانی خەڵکیدا فەرامۆش بکات، کە بریتییە لە ئاییندارییی ڕۆژانەیان.

ڕەنگە بوترێت: خۆ ئایین گرنگترین شت نییە لە ژیانی زۆرینەی خەڵکدا. بەڵێ، هەر بۆیە ئێمەش گوزارشتی "ئاییندارییی ڕۆژانە"مان بەکار هێنا، یان ئەو مومارەسەی ئایینییەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان یان بە ڕایەڵێك بە جیهانی بەهاکان و ئایینەوە بەستراوەتەوە، جا بە قبوڵکردن بێت، یان ڕەتکردنەوە، یان قسە لەسەر ئایینێکی ئاسمانی، یان "ئایینێکی مەدەنی" بکەین. قسەکە لێرەدا ئەوەیە کە کایەی ئایینی و سیاسی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاوێتە و تێکەڵن، خۆ هەر داوا لە سیاسەتیش دەکرێت پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی ڕشتەبەندیی کۆمەڵایەتی بکات.

**سێیەم: لەسەر ئاستی دیدگاش**، ناتوانین بڵێین ئایین لە دەوڵەت جیاکراوەیە. لەبەر ئەوەی ئایین دیدگایەکی جیهانبینیی گشتگیرە، نموونەکەی وەك نموونەی ئەو ئاڕاستە هزرییانەی ترە کە ئەوانیش دیدگا و جیهانبینییان هەیە. ئەگەر کرۆکی ئایین دیدگایەکی ئەخلاقی بێت، ئایا دەوڵەتێکی بێدیدگامان لەو بوارەدا دەوێت، دەوڵەتێکی تا سەر ئێسقان سوودگەرا؟ دەوڵەتی فەلسەفەی سوودگەرایی لە هەموو بارێکدا بژاردەیەکی ئەخلاقییە، ئەگەر عەلمانییش بێت.

دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکانیش شانازی بەوەوە دەکەن کە بەهاگەلێکی مرۆیی لیبراڵیی دیموکراسی تەبەنی دەکەن، لە نێویشیاندا قسەکردنی زۆر لەسەر مافی مرۆڤ، واتە بەوەی دەوڵەتگەلێکی عەلمانین —بەوە وەسف دەکرێن کە ئایین لە دەوڵەت جیا دەکەنەوە— ئەوە خۆی بۆخۆی بژاردەیەکی بەهایی

ئەخلاقییە، ئەمەش جگە لە بەرجەستەکردنی تایبەتمەندیی دنیابینیی ڕۆژئاوا شتێکی دی نییە، بەڵام لە حاڵەتی قسەنەکردن لە بەها ئەخلاقییەکان (بۆ نموونە ڕووسیای عەلمانی)، بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێتە ڕێکخەری ئەخلاقی، لێرەدا ئەوەش یاد دەهێنینەوە کە ڕووسیا لە ڕووی فەلسەفەی کولتوورەوە ڕۆژئاواییە.

لە بەرانبەریشدا، بیرمەندان لە چین قسە لە ئەخلاقی کۆنفۆشیۆسی دەکەن و ئەو کولتووره ڕۆژئاواییە ڕەت دەکەنەوە کە لە تاکگەراییدا ڕۆچووە، هەروەك چۆن بەگشتی ڕۆژهەڵاتیش قسە لە تایبەتمەندیی ئەخلاقیی خۆی دەکات و لە ڕووی ئەخلاقییەوە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت.

کەواتە **پرسەکە پاککردنەوەی سیاسەت نییە لە ئایین و بەهاکان، بەڵکوو قورسایی ئەو بەهایانە و هەڵسەنگاندنی ئاستبەرزییان و گونجانیانە بۆ خەڵکی.** جارێکی تر، جیاکردنەوەی دامەزراوەی ئایینی لە دەوڵەت، شتێکە جێی تێگەیشتنە، بەڵام جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، گوزارشتێکی تێکەڵ و نادروستە.

## ٤. عەلمانیەتی سیاسی و بانگەشەی بێلایەنی

نە هەموو کرانەوەیەکی سیاسی بە ڕووی ئایینەکاندا عەلمانیەتە، نە هەموو نائامادەییەکی ئایینیش لە سیاسەتدا بریتییە لە عەلمانیەت، نموونەی حاڵەتی یەکەم لە هیندستانە و نموونەی دووەمیش لە چینە. بانگەشەی وەستانی عەلمانیەت بە یەك دووری لە هەموو ئایینەکانەوە، وێناکردنێکی هەڵەیە، چونکە تۆماری واقیعیی عەلمانیەت، گەواهی لەسەر ئەوە نادات و عەلمانیەت لە ڕێگەی بەرتەسککردنەوەی سنوورەکانیان، هەوڵی بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان ئایینەکاندا دەدات.

**یەکەم:** تۆماری واقیعیی دەوڵەتە عەلمانییەکان، گەواهی لەسەر بێلایەنی لەبەرانبەر ئایینەکان نادات. ئەوەتا کاسۆلیکییەکان ڕێز و پێگەیەکی تایبەتیان لە هەریەك لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا هەیە و مامەڵەی کەنەداش لەگەڵ مەسیحییەکان جیاوازە لە مامەڵەی لەگەڵ جوولەکە و لەگەڵ ئیسلام. زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای باشووریش، پێگەیەکی بەرز و باش بە کاسۆلیکی دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەی ئەم دەوڵەتانە بە عەلمانی وەسف دەکرێن. هەروەها گومان لە عەلمانیبوونی ڕووسیادا نییە و گومانیش نییە کە ئەرسۆزەکسی تێیدا پێگەیەکی تایبەت و بەرزتری لە ئایینەکانی تر هەیە.

ڕووسیای شیوعی (یەکێتیی سۆڤیەت)، بە کۆپییەکی پێشکەوتووی عەلمانیەت دادەنرا و سنووری ئایینەکانی بەرتەسك کردبووەوە و دەیچەوساندنەوە. عەلمانیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوارێکی فراوانی بۆ چالاکیی ئایینی کردووەتەوە، بەڵام گیانی ئایینی کێشاوەتەوە و گۆڕیویەتی بۆ گیانی سەرمایەداری. عەلمانیەتی فەڕەنسا وا وەسف دەکرێت، کە عەلمانیەتێکی ئوسولّیی خۆسەپێنە بەسەر ئایینەکاندا. هەر بۆ ویژدان و بە یەك چاو سەیرکردن، جەخت لەوە دەکەینەوە کە بێلایەنی بەرانبەر ئایینەکان، شتێکە شیاوی هاتنەدی نییە، مادام میللەتان مێژوویەکیان هەیە و مێژووش ئایینی تێدایە، کێش دەتوانێت ئوممەتێك لە مێژووەکەی دابڕنێت؟ جیاوازیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئایین، پەیوەندیی بە مێژووی ئەو نەتەوانەوە هەیە، چونکە لەوێ چەندین جەنگ لەنێوان ئایینزاکاندا گوزەراوە کە لە ڕووی سیاسی و مەسیحییەوە تەواو بوون، بەڵام لە ڕووی ئایینییەوە تەواو نەبوون و ئاڕاستەیان بەرەو جەنگی دەرەکی گۆڕیوە. حاڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تیشکێکی لەسەر ئەو بابەتە تێدایە، چونکە بەتەواوی دەوڵەتێکی مۆدێرنەیە، لەبەر ئەوەی ئەو بەرهەمە دارایی و مرۆییانەی کە بەسەر ئەو کیشوەرە نوێیەدا ڕژان، وایان کرد شۆڕشی پیشەسازیی عەلمانی بەرپا بێت.

ئایینزا پرۆتستانتییەکانیش لە دەوڵەتی عەلمانیی تازەپێگەیشتوودا، ناچار کران لە ناوخۆ دانوستان لەپێناو پرسەکانی پەیوەست بە ژیان و گوزەران و ئاسایشیان بکەن، لە نێویاندا وەستان بە ڕووی بەرگریی دانیشتووانە ڕەسەنەکان (هیندییە سوورەکان) و بەهێزکردنی سیستمی بەکۆیلەکردن لەسەر ئەفەریقییە فڕێنراوەکان. ڕەگەزپەرستی لەبەرانبەر کاسۆلیك پاشەکشەی کرد، پاشان جوولەکەش هاتنە پاڵ ئەو ئوممەتە تازەپێگەیشتووەی کە شووناسی بەپێی سێکوچکەی سپیپێستێتی و مەسیحیەت/جوولەکە و سەرمایەداری، گەڵاڵە بووە. واتە دەوڵەتێکی تەواو مۆدێرنەیە و هەر لە خاڵی سفرەوە بنیات نراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئایین (پرۆتستانتی) بە هۆی پاشخانەکەیەوە، پێگەی خۆی تێیدا گرتووە. ماوەتەوە کیانی ئیسرائیل بەبیر بێنینەوە، کە لە یەك کاتدا هەم عەلمانییەکی پەتی و هەم یەهوودییەکی پەتییە.

**دووەم:** سروشتی تێگەیشتنی عەلمانیەت بۆ ئایین، بێلایەنییەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە دیدی عەلمانی:

(١) ئازادیی ئایین لە ئازادیی ئەداکردنی سرووتەکاندا قەتیس دەکات.

(٢) زۆر گرنگییش بە ئایین نادات، مادام ئایین خراوەتە لاوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ژیان نییە.

ناکرێت ئا ئەمە بە بێلایەنی ئەژمار بکرێت، چونکە ڕێوشوێنە عەلمانییەکان هەوڵی ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی دەرئەنجام و لێکەوتەکانی دیدگای ئایینی دەگرن، بۆ ئەوەی نەچنە باری واقیعەوە. بۆ نموونە، ئایا ڕێگە دەدرێت دیدگای ئایینی لەمانەدا ڕەنگ بداتەوە: پرسی وتنەوەی ئەخلاق لە قوتابخانەکان، یان دابەشکردنی سامان، یان پەیوەندیی کرێکار و خاوەنکار بزنسمانەکان، یان تێچاندنی چەمکی بەزەیی و میهرەبانی بۆ ناو یاساکان، یان ئەوەی کە دیدگای ئایینی، قسەیەکی لەسەر ئاشتی جیهانی یان لە داڕشتنی چەمکی مافە جیهانییەکانی مرۆڤدا هەبێت.

### ٥. سیاسەت و چالاکیی ئایینی

برگەی پێشوو جەختی لەوە کردەوە کە بێلایەنبوونی سیاسەت لەبەرانبەر ئایین شتێکی مەحاڵە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەرکی سیاسەت بریتییە لە خزمەتی کۆمەڵگە و لە کۆمەڵگەشدا ئایین یان فەلسەفەیەکی ئەوتۆ هەیە، پێویستە سیاسەت ڕەچاوی بکات و هەوڵی بەدیهێنانی ئەولەویاتەکانی بدات، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لەم برگەیەدا جەخت لە لایەنێکی بەشەکی بکەینەوە، کە بریتییە لە ڕەفتاری دەوڵەت بەرانبەر چالاکیی ئایینی، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە عەلمانیەت پشتبەست بەوەی کە سەرکەوتوو بووە تێیدا، شانازیی پێوە دەکات.

ئەم تێزەش –لە ڕووی کردارییەوە– ئاماژە بۆ دوو ئەزموون دەکات لە ئەمەریکای باکوور: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا، تا ڕادەیەکیش ئوسترالیا، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ئایینەکان لە ئەوروپا، ئەندازەیەکی زۆر لە تایبەتمەندیی لایەنگیریی تێدایە، وەکوو بەشێك لە مێژووی ئەو وڵاتانە.

– سروشتی یاسایی ئەو کۆمەڵگانە، بزوێنەری بزاوتی کۆمەڵگەیین –ئایینی و نائایینی– کە لە ڕێگەی ڕێکخراوگەلێکی قازانجنەویستەوە دەگوزەرێ. ئەو ڕێکخراوانەش وەکوو هەر دەزگایەکی خێرخوازیی قازانجنەویستی تر، لە باج بەخشراون. لە ڕووی یاساییشەوە، پاڵپشتیکردنیان بە ماڵ و سامانی حکومی لەبەرانبەر دەستتێوەرنەدانی حکومەت لە کارەکانیاندا قەدەغەیە، ئەگەر ئەو چالاکییانە زیان بە خەڵکی نەگەیەنن، بەڵام ئەم شێوازە مامەڵە و داڕشتەیە، لە بەرژەوەندیی خاوەن سامان و داهات باڵاکانە، لە کاتێکدا کە چینە هەژارەکان ناتوانن کار و چالاکیی کڵێسا و ڕێکخراوەکانیان بخەنە سەر پێ، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە پایەکانیان نییە.

– یەکسانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ئایینییەکان، بنچینە و بنەمایە، هەرچەندە چەند ڕیزپەڕێك بۆ کڵێساکان هەیە، بەڵام وتەی کۆتایی بۆ دەوڵەتە،

هەروەك چۆن دەتوانێت کاری ڕێکخراوەکان تێك بدات، لە ڕێگەی بەخشین لە باج و داخوازیی ڕاپۆرتە ساڵانەییەکان. بۆمان هەیە بپرسین: بۆچی دەوڵەت سیخوڕی بەسەر ناوەندە ئیسلامییەکانەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە زانیاریی دڵنیای هەیە کە ئەو ناوەندانە نابنە جێی بەرهەمهێنانی پەڕگیری و تیرۆر؟ پێشتریش لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕێکخراوە چەپەکان، لەلایەن حکومەتەوە ملکەچی سانسۆرێکی توند کرابوون. لێرەدا باسەکە لەوەیە، کە هیچ یەکێك لە ڕێکخراوە ئایینی یان قازانجنەویستەکان لە دەستێوەردانی دەوڵەت قوتاری نابێت، کاتێك کە گومانیان لێ دەکات، جا لەبەر هۆکارێکی ڕاست و مەعقول، یان ناڕاست و نامەعقول بێت.

– ئەگەر کاروبارە سیاسییەکان جێی بایەخی بەشێکی کۆمەڵگەن، بۆچی چالاکیی سیاسیی دامەزراوەیی لە ئاییندارییی ئاسمانی قەدەغە دەکرێت، لە کاتێکدا کە تێزی بە بێباوەڕی و ئیلحاد، هیچ سانسۆر و ڕێگرییەکی لەسەر نییە.

– سنووردارکردنی ئایین لە بواری گشتیدا بۆچی؟ ئایا پانتایی گشتیی بەڕاستی بەگشتێتی دەمێنێتەوە، ئەگەر ئایینی لێ دوور بخرێتەوە؟ پێویستە دانیش بەوەدا بنێین کە کار و مامەڵەی هەندێك لە ئاڕاستە ئایینییەکان، هەر خۆی دوورەپەرێزگرتنە و ئەمەش کاریگەریی لە پانتایی گشتییش دەکات، بەڵام هەندێك ئاڕاستەی نائایینییش هەر بە هەمان شێوەن. بۆ نموونە: یانەی لێکۆڵینەوە لە ئینجیل لە هەندێك لە زانکۆکان قەدەغەیە، بەڵام یانەی لەرەوشتلادەرەکان ڕێگەپێدراوە.

– پرۆتستانتیەتی ئوسولی/ئینجیلی، پێگە و قورسایی و دەسەڵاتێکی گەورەی لە واشنتن هەیە، وەك زانراویشە چەندین کتێب لەو بارەیەوە نووسراوە.

– ئەو شێوازە پێکهاتە و مامەڵەیەی لەمەڕ ڕێکخستنی بواری ئایینی هەیە، هەرگیز بێلایەن نییە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ڕەنگدانەوەی دەرئەنجامی تێزی

کڵێسایيه و ئەوەی کە –بەشێوێنراوی– دایڕشتووە، کە دەڵێت: ئەوەی هیی قەیسەرە، دەبەخشرێت بە قەیسەر. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر قەیسەر دزی بکات و پشتیوانیی ڕشتەبەندیی سەرمایەداری بکات، ئەوە لە دیدگای ئايينييەوە کارێکی نائەخلاقیی کردووە. بە گوزارشتێکی دی: ئەو ڕشتەبەندييە، هەژاری و بەدبەختی و کێشەی خێزانی بەرهەم دەهێنێت... دواتر قورسایی چارەسەری ئەو کێشانە بۆ ڕێکخراوە ئەهلییە –ئايينی و نائايينييەکان– واز لێ دێنێت، ئەویش لە گیرفانی خێرەومەندەکان، نەك لە گیرفانی ئەو ڕشتەبەندییەی ئەو گرفتانەی بەرهەم هێناوە.

ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە بێلایەنی دەوڵەت لەبەرانبەر چالاکیی ئايينيدا ڕێژەییە و بەپێی ڕشتەبەندیی دەوڵەت ورد کراوەتەوە. بۆ نموونە، چالاکیی ئابووریی دەوڵەت و یاساکانی، هەموو ئەو شتانە بەرهەم بێنن کە لەگەڵ خواستەکانی ئايیندا دژ دەوەستنەوە، هەر لە ملکەچکردنی دامەزراوەی خێزان بۆ ئەولەویاتی سەرمایەدارییەوە، تا ئەو میدیایەی کە بە بەهاکانی سوودگەرایی پەڕگیر و ئارەزووانەی گران و بەرخۆریی وێرانکەر بارگاوییە، تا دەگاتە ئەو فێرکردنەی کە بەهاکانی لێ داڕنراوە.

لە کاتێکدا ئەوە دەڵێین، کە دەزانین مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکی ئايينی، کاتێك فرەیی ئايينيی زۆر هەبێت، چەندە گرانە، هەموو ئەوەشی ئاماژەی پێ دەدەین ئەوەیە کە لە لایەکەو، مۆدێلی عەلمانی بەتەواوی بێلایەن نییە و شێوەیەکی تایبەتی شاراوەی سیاسەت و ئەولەویاتەکانیشی بەسەر چالاکیی ئايينيدا دەسەپێنێت، لە گۆشەنیگایەکی ئەوتۆوە (کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا لیبراڵیەتە و بەپێی وڵاتەکانیش دەگۆڕێت).

## هێڵکاری: عەلمانیەت و ڕێکخستنی بۆ بواری ئایینی




ئەمەش ڕاماندەکێشێت بۆ خاڵی کۆتایی بابەتەکە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو هەڵوێستەی عەلمانیەت کە بوارێك بۆ ئایینەکان دەڕەخسێنێت، دەرئەنجامی خودی عەلمانیەت نییە (وەك ئاڕاستەیەکی نکوولێکەر بۆ ئایین یان وەکوو هەڵوێستی نازانم "لاأدری")، بەڵکوو ئەو عەلمانیەتانە عەلمانیەتێکی لیبراڵیی سەرمایەداریی خاوەن پاشخانی پڕۆتستانتی/یەهوودین. واتە ڕشتەبەندێکی دیاریکراون و تایبەتمەندیی مێژووییان هەیە و خاوەنی هەڵوێستی ئەخلاقی/ئایینین و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان ڕشتەی تایبەتیان هەیە.

ئەو ڕشتەیە، زانای ئایینیی (ئاپلبی) بە تووڕەبوون لە زیادەڕۆیی و تووڕەبوون لە کەموکورتی گوزارشتی لێ کردووە. ئەوەتا کەسی پارێزگار لە کەموکورتیی کۆنترۆڵکردنی ئەخلاق و ڕەفتار توڕە دەبێت، لە کاتێکدا کەسی لیبراڵ لە زیادکردنی خواستی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار تووڕە دەبێت. کەواتە دوو نموونە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئایین هەیە و بێلایەنی شتێکی ناواقیعی یان ڕێژەییە.

# پوختە

دروووشمی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، درووشمێکی ساویلکانەیە، چونکە بواری هەریەکێکیان لەگەڵ ئەوی تریاندا تێکەڵە، تەنانەت لە ئەزموونی ئەورووپیشدا کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کڵێسا ئایینی تێدا قۆرخ کردبوو، بۆیە بنچینەی درووشمەکە بریتییە لە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت، نەك ئایین لە دەوڵەت.

ئەو عەلمانیەتەشی کە بانگەشەی لەخۆگرتنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکات، ناوەرۆکەکەی لەگەڵ بیرۆکەی ئایین و ڕەوشتەکانی و ڕشتەکەیدا نایەتەوە، بۆیە لەبەرانبەر ئایینەکان بێلایەن نییە. جیاکردنەوەکە لە ڕووی کردارییەوە بریتییە لە جێهێشتنی بوارێکی کەمی جووڵە بۆ ئایین، ئەویش کولتووری سیاسیی کۆمەڵایەتیی وڵات، سنوورەکەی دیاری دەکات، دوو فاکتەریش کە یەکلاکەرەوەن تێیدا، بریتین لە لیبراڵیەت و سەرمایەداری، هەردووکیشیان لۆجیکی خۆیان دەسەپێنن بۆ دیاریکردنی جۆری چالاکییە ئایینییەکان، ئایا کامیان ڕێگەپێدراوە و کامیان یاساغ!

# بەشی دوانزەیەم: پێگە و پووچێتیی لیبراڵیزم

زاراوەی لیبراڵیزم، زاراوەیەکە چەندین چەمکی تر لە ژێریدا کۆ دەبنەوە و بەپێی میانەی باسەکە واتای هەمەجۆر دەبەخشێت. زاراوەی لیبراڵیزم بەو ڕشتە مۆدێرنەیەی کۆمەڵگەکان دەوترێت، کە جیاواز بوون لەوەی کە ئەورووپای پێش شۆڕشی پیشەسازی لەسەری بووە. لە ڕووی سیاسییشەوە، بە پارتە لیبراڵییەکان دەوترێت لەبەرانبەر پارتە پارێزگارەکاندا، بە هۆی جیاوازیی دیدگایان لەمەڕ ئابووریی سەرمایەداری و ڕێکخستنی کۆمەڵگە. لەنێو خێزانی لیبراڵییشدا، وشەی لیبراڵیزم بە دوو واتا بەکار دێت: یەکەم، فەلسەفەیەکی ژیانی ڕۆچوو لە ڕووی مۆێرنەوە. دووەم، ئەو ئاڕاستەیەی بەرگری لە سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکات. ئێمە قسەوباس لەسەر ئەمەی دواییان دەکەین.

پەرەسەندنی هزریی لیبراڵیزم، هاوشان لەگەڵ واقیعی ئەو کۆمەڵگە ئەورووپییانەدا ڕۆیشتووە، کە بەوە جیا دەکرێنەوە سێ سەرچاوەی ستەمگەرییان (الطغیان) هەبووە: سیاسی، لە شێوەی میراتگریی پاشاکان و چینی پیاوماقووڵاندا، کۆمەڵایەتی/ئابووری، لە سیستمی فیودالی و سیستمی بەکۆیلەکردندا و ئایینی کە لە دامەزراوەی کلێسادا بەرجەستە دەبوو. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەگەلێکی تر بە جۆرێکی ئەوتۆ ئەزموونێکی لەو شێوەیەیان هەبوو، بەڵام ئەوەی ئەزموونی ئەورووپی جیا دەکاتەوە، بریتییە لە هاوبەشیی وەزیفی و هەماهەنگی لەنێوان هەرسێکیاندا.

بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە، لەسەر دوو ئاست باسی لیبراڵیزم دەکەین، ئاستی تایبەتمەندییە تیۆرییەکان و ئاستی بەرنامەی کردارەکی. سێ تایبەتمەندییە تیۆرییەکە بریتین لە: خواستی تاکگەرایی و تێگەیشتنی تایبەتی بۆ ئازادی و

بەئەقڵانیکردنی سوودگەرایی، هەرچی تایبەتمەندییە کردارەکییەکانیشە بریتین لە: پلانەکانی یەکسانی و ڕەتکردنەوەی تەحەککومی سیاسی و ڕاکردن لە کۆڕ و کۆمەڵگەی سروشتی.

### ١. تایبەتمەندییە تیۆرییەکان

**یەکەم: خواستی تاکگەرایی لیبراڵیزم لەوپەڕیدایە** لە لیبراڵیزمدا وا سەیری کۆمەڵگە دەکرێت، کە تەنها کۆمەڵە تاکێکە و هیچی تر، جا لە ڕووی ڕێکخستنی ژیان و بەڕێوەچوونیەوە بێت، یان لە ڕووی ڕشتەی کولتوورییەوە. ڕشتە کولتوورییەکەش خوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان دەگرێتەوە، کە لیبراڵیزم، بە گومانی ئەوەی دەیانگۆڕێت بە شتی عەقڵانی و ئازادانە و بەختەوەرانە، شۆڕشی بەسەردا کردن.

تەسلیمبوون بە خوو و دابونەریتەکان و دانانیان لە پێگەیەکی بەرزتر لەوەی کە هەیانە و بەخشینی پێگەیەکی ئەخلاقیی ڕەها پێیان، کارێکی گرفتئامێزە و جووڵەی کۆمەڵگە دەوەستێنێت و تاکەکان دەخاتە دۆخێکی قورسەوە کە هیچ پێویستیان پێی نییە، خوو و دابونەریتەکانیش بەردەوام دەگۆڕێن و بەوە جیا دەکرێنەوە کە ڕێژەیین، بە شێوەیەك کە ناتوانرێت ڕای یەکلاکەرەوە لەسەر دروستێتی یان ئەخلاقیبوونیان بدرێت، لە هەندێك باریشدا خوو و دابونەریتەکە باش نییە و شیاوی سووك سەیرکردنە، بەڵام ڕەنگە هەندێك دابونەریت، جێبەجێکردنێکی کرداریی تایبەتمەندییەکی کولتووریی باش بێت.

**بەڕاستی دروستیی تێپەڕاندنی خووەکان یان ناڕاستییەکەی، بەستراوەتەوە بە جێگرەوە پێشنیارکراوەکانەوە.** سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی میزاجییانەی لیبراڵیزم بۆ خوو و دابونەریتەکان، ڕەتکردنەوەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر منداڵانەیە.

لەگەڵ ئەوەی لیبراڵیزم وای دادەنێت کە لە خوو و چاولێکەرییەکان و پاشخانی ڕابردوو ڕزگاری بووە، بەڵام بە کردار لە شوێنی ئەوان خووگەلێکی داناوە کە

ڕەنگدانەوەی سووکی و خۆپەرستین، یان خوونەریتی خەڵکانێکی دۆڕاو و سووک. نموونە زۆرە، هەر لە مۆسیقاوە تا لەشجوانی و لە گۆتارگۆڕینەوە و گفتوگۆوە تا ڕەفتاری نێوان هاوڕێیان.

سەبارەت بە نەریتەکان، بابەتەکە مەترسیدارترە، چونکە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی زیندوویان هەیە، ڕێکخستنێك کە کەمترین زۆرلێکردنی تێدایە. لە کاتێکدا بۆ کەسی یاخی وا دەردەکەوێت کە نەریتەکان خنکێنەرن، بەڵام پاشەکشە و گوێنەدانی ڕەها بەو نەریتانە، دەبێتە هۆی دروستبوونی پاشاگەردانییەکی ڕەفتاری کە بەهاکانی کۆمەڵگە لێی زیانمەند دەبن.

لەگەڵ ئەوەی نەریتەکان بەستراونەتەوە بە کات و شوێنی دیاریکراوەوە، بەڵام شیاوی و شایستەییەکەیان لە بەهاکانی کۆمەڵگەوە وەرگرتووە، لە نێویشیاندا پاراستنی کۆمەڵگە و هاوسەنگی و ئارامی ڕێگوزەرەکەیەتی. کەواتە ڕەتکردنەوەی زۆرێك لە بەهاکان لەلایەن لیبراڵیزمەوە، ڕەتکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی بەهاکانە.

**لیبراڵیزم بە کردار نەریتگەلێکی سەپاندووە بۆ جێگرتنەوەیان، کە لەوانی پێش خۆیان مەعقولتر نین**، نەریتگەلێکی دابڕاو لە ڕەگوڕیشەی ئەخلاقی و ڕۆچوو لە سوودگەراییەك کە تەنها خەمی (خود)ی تاکگەراییەکە، کە لەلای بووە بە شتێکی پیرۆز. نموونەش زۆرن، هەر لە جلوبەرگەوە تا ئاکاری مامەڵەی نێوان دوو ڕەگەزەکە و لە فیلمەکانەوە تا نوکتەکان و لە شێوازی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ دایباب، تا شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستا.

بەهاکانی ئەو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییانەی کە بە لیبراڵی وەسف دەکرێن، زادەی کارلێکی باکگراوندی مەسیحیەتە لەگەڵ فەلسەفەی سەردەمی ڕۆشنگەری، دواتریش لەگەڵ پەرەسەندنەکانی بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان.

لە کاتێکدا بیرۆکەی ڕۆشنگەری لە سەرەتاکانیدا، لە یەك کاتدا گرنگی بە کۆمەڵگە و تاکیش دەدات، بە شێوەیەك کە تاك ڕشتەی کۆمەڵگە بپارێزێ، لە

بەرانبەریشدا کۆمەڵگە تاك بپارێزێ و چاودێریی بکات، بەڵام دواتر دیدێك زاڵ بوو کە تاکی بە (یەکەی لێکۆڵینەوە)ی ڕەها لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دانا، و کردی بە (گرێی تێگەیشتن)ی ڕەها لە زانستە مرۆییەکاندا، لە نێویشیاندا ئەوەی کە بەختەوەرکردنی تاك بەرزترین خواستە، ئیدی کردنەوەی هەموو ڕایەڵەکانی دەوری، شتێکی ئاساییە و ئەتککردنی هەموو سنوورەکان لەبەر خاتری ئەو، شتێکی ڕێگەپێدراوە.

ڕێسایەکی جێگیر هەیە لە هەموو زانستەکاندا، بریتییە لەوەی کە گشت لە هەموو ئەو بەشانەی پێکی دێنن گەورەترە، بەڵام تێزە لیبراڵییەکان ئەمەیان فەرامۆش کردووە و پڕبەدەم باسی تاك و بژاردە و خواست و حەزەکانی دەکەن. بەو شێوەیە ئەو خواستی تاکگەراییە، گرنگی بە سێ شت دەدات:

(١) لابردنی بەربەستەکان لەبەردەم تاکدا، بۆ ئەوەی هەر شتێکیان ویست، بەو شێوەیەی کە پێیان خۆشە ئەنجامی بدەن.

(٢) دوورکەوتنەوە لە سیفەتی پێوانەییانە بۆ ڕەفتار.

(٣) پێشتخستنی بژاردەی تاکەکەسی بەسەر خواست و خەمی کۆمەڵیدا.

بۆیە بەو شێوازە، گەشتی بەهێزکردنی تاك بە لادانی خۆپەرستانە کۆتایی هات، بۆیە هیچ جیاوازییەك لەنێوان تاکی مرۆڤ و مەیمووندا نەما، هەردووکیان حەزیان لەوپەڕی خۆشی و چێژوەرگرتنە، لە خواردن و سێکس و ویستی حەوانەوە و کاتبەسەربردن.

**دووەم: ئازادی و گوتاری مافی مرۆڤ.** ئازادی شتێکی فیترییە، ڕێکخستنی لێکەوتەکانیشی، بابەتێکی کولتوورییە، کۆتوبەندەکانیش ڕەنگە سنووری ئازادی بەرتەسك بکەنەوە، ڕەنگیشە بیپارێزن، شتێکیش نییە بە ناوی ئازادیی ڕەهاوە. پەرەسەندنە کولتووری و پەیکەربەندییەکانی کۆمەڵگە ئەورووپییەکان، هاوکار بوون

له خواستی زیاتری ئازادی، وەك جۆرێك لە ڕاكردن لە ستەمی هەرسیٚ جەمسەری ئایینی و چینایەتیی سیاسی.

کۆتوبەند و ئازادی لە کۆمەڵگەدا، دوو ڕووی یەك دراون، چونکە ژیانی دەستەجەمعی پشت بە هەردووکیان دەبەستێت. کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرنە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەند جۆرێك لە ئینتیما و تۆڕی پاراستن هەبوو، لە نێویاندا خێزان و ڕایەڵەی دراوسیٚ و هۆز و چالاکیی ئایینداری. هەموو ئەمانەش پاڵنەرن بە ئاڕاستەی بەرپرسیارێتیی تاك لە پاڵپشتیکردنی کارە کۆمەڵییەکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵیش لە چاودێریکردنی تاك. ڕەونەقی ئەو ڕایەڵانە نەهێڵرا و خرانە پەراوێزەوە و تاکیش تەنها وەکوو ژمارەیەك لەلایەن دەوڵەتەوە لێی دەڕوانرێت. لە ڕووی پێکهاتەی سیاسیی نوێشەوە، شێوەی پابەندبوونی نیشتمانی بووە بە شێوەی تاکگەلێك، کە تەنها پەیوەندییەکی یاسایی بە یەکتری و بە دەوڵەتیانەوە دەبەستێتەوە. لە ڕووی ئابوورییشەوە، کاروکاسبی، لە کاری خێزانییەوە گۆڕا بۆ کاری تاکەکەسی. لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوونیشەوە، تاکەکانی خێزان پەرتەوازە بوون.

**ئەم ڕشتەبەندە نوێیە، تاك لەنێو دوو سنووردا تەنها دەکات، هەستکردنێکی زۆر بە ئازادی و حاڵەتی خەمۆکی و نامۆبوونێکی خنکێنەر.**

کێشەی گەورە ئەوەیە، لە باری نەبوونی چوارچێوەگەلێکی دی کە تاك بپارێزێت، خواستی پاراستنی مافەکان زیادی کردووە، بەڵام مافەکان لەلایەن دەوڵەتەوە بەدەست دێن، بۆیە لیبراڵیەت جارێکی تر هات و داوای ڕێوشوێن و ڕێکاری یاسایی تری کرد و کلیلەکانی بە بیرۆکراسیەتی دەوڵەت سپارد. ئا ئەمە چیرۆکی ئەو ئازادییە، کە کۆتوبەندی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لە ڕووی پێوانەکاریشەوە، خواستێکی بێسوود و بێمانایە کە تاکی کردووە بە سەنتەر و گویٚ

بە بەهاكان و ڕەهەندی ئەخلاقی نادات، پاش ئەوەی بەڕەهایی گومانی خستە سەر ئایین و كەلەپوور.

كارەكە بەوەوە نەوەستا كە خواستی قوتاربوون بێت لە كۆتوبەندێك كە هیچ واتایەكیان نەماوە، بەڵكوو كۆمەڵگەشیان وەك دوژمنێكی تاك ناساند، كە بەردەوام ستەمی لێ دەكات و بەدوای خۆیدا ڕایدەكێشێت. **ناتوانین بەبێ بوونی دوو مەرج، قوتاربوونی ڕاستەقینە بەدی بێنین: وابەستەنەبوونی ماددە و ئالوودەنەبوونی، دەرچوون لە كۆیلەیەتیی دەروون.** لە لیبراڵیزمیشدا، ڕەتكردنەوەیەكی ئۆرگانی بۆ ئەم دوو مەرجە هەیە. تەنانەت لە كاتی پاشەكشەی ماددەگەرێتیی بۆرجوازیدا، لیبراڵیزم كەوتۆتە ماددیەتێكی ترەوە كە پایەكەی جەستەیە، كە ئاهەنگی مۆسیقی و سێكسیی گشتێنراو لە (Woodstock)[1] بوون بە ئایكۆنی ئەم بابەتە.

سەیریش نییە كە ببینیت ئەدەبیاتی باوی لیبراڵیزم پڕە لەو گوزارشتانەی كە لە ئاستی زانستە كۆمەڵایەتی و مرۆییەكانی كەم كردووەتەوە، لەوانە: كۆنترۆڵكردن

---

(١) ودستۆك، یان پێشانگای وردستۆك بۆ موسیقا و هونەر، یان فێستیڤاڵی ودستۆك: فێستیڤاڵێكی مۆسیقی بوو لەژێر ناونیشانی "سێ ڕۆژ لە ئاشتی و مۆسیقا"، لە كێڵگەیەكی شیرەمەنی لە یەكێك لە شارۆچكەكانی نیویۆرك، لە (١٥-١٨/٨/١٩٦٩) بەڕێوە چوو. فێستیڤاڵەكە بە ناوی شارۆچكەیەكەوە ناو نرا، كە (١٠٠كم) لە كێڵگەكەوە دوور بوو. تێیدا لە كەشێكی باراناویدا، (٣٢) چالاكی و مۆسیقای میللی لەبەردەم نزیكەی (٤٥٠) هەزار ئامادەبوودا پێشكەش كرا. چالاكییەكان دژی دامەزراوەكانی دەوڵەت بوون و داوای ئازادییان دەكرد، هەروەها دژی زاڵبوونی ماددیگەرێتی لە ژیانی ئەمەریكیدا و دژی جەنگی ڤێتنام بوو، لە چوارچێوەی ئەو شۆڕشە ڕۆشنبیرییەی لە شەستەكانی سەدەی رابردوودا رۆژئاوای گرتبووەوە. بەشێكی زۆری بەشداربووان بەنیمچەڕووتی و بەدەم مۆسیقای ڕۆكەوە فێستیڤاڵەكەیان بەڕێ كرد. ئەو ڕووداوە قازانجێكی دارایی زۆری بۆ ڕێكخەرانی بەدەست هێنا وساڵانە ڕێك دەخرێت. هەر دوای ساڵێك لەو فێستیڤاڵە، ڕووداوەكە كرا بە فیلمی دیكۆمێنتاری، كە دواتر خەڵاتی ئۆسكاری بۆ باشترین فیلمی دیكۆمێنتاری پێ بەخشرا. تا ئێستاش ساڵانە ئەو فێستیڤاڵە ڕێك دەخرێت و چەندین چالاكیی تێدا ئەنجام دەدرێت. (وەرگێڕ)

control، داپڵۆسین oppression. کەواتە توندوتیژیی منداڵ بۆ کەسوکارەکەی شتێکی نامۆ نییە، چونکە ئەوان هەوڵی (کۆنترۆڵکردن) و زاڵبوون بەسەریدا دەدەن، هەروەها نامۆ نییە کە نەهێکردنەکانی ئایینەکان بە (داپڵۆسین) دابنرێت، هەروەك چۆن نامۆ نییە کە هەڵنان لەسەر پابەندبوون بە ئەخلاقەوە بە (کپکردن) ناو ببرێت، هەموو ئەمانەش لە نووسینەکان و میدیادا دەبینرێن، بە بەرنامەکانی منداڵانیشەوە.

بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ، وەك وەڵامێك هات بۆ لادان و سنووربەزاندنەکانی دەوڵەتی نوێی بەدێوکراو، کە جێی کۆمەڵگەی گرتەوە و دەستی بەسەر دامەزراوەکانیدا گرت. خواستی ئازادی لە لایەکەوە بۆ پاراستن پێویستە، بەڵام لە ئەزموونی نوێدا گرفتاری سێ نەخۆشییە، چونکە ئەو ئازادییە:

(١) هەڵاوساو و خودپەرستە.

(٢) گریمانەی ڕێژەییبوونی بەها ئەخلاقییەکان دەکات.

(٣) لەگەڵ هەستی ئەنجامدانی ئەرکەکاندا، هاوشان نەکراوە.

نەخۆشیی یەکەمیان دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لەبەرانبەر مافی ئەوانی تر، دووەمیشیان لە نازانمگەرێتیدا نقوم دەبێت، سێیەمیش کۆمەڵگە سەرشۆڕ و بێباك دەکات. جیاوازییەکە لەوەدایە، کە کەمبوونەوەی ڕۆڵی نەریتەکان لە کۆمەڵگەدا و سەیرکردنی وەکوو دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئازادییەکانی تاك، بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین کۆتوبەندی بیرۆکراسی و یاسایی، کە لە نەریتەکان زبرترن و تێچووی داراییان زیاترە و لە ئاستی ڕێکخستن و ڕێکوپێککردنیشدا کاراییان کەمترە.

**سێیەم: بەئەقڵانیکردنی سوودگەرا.** لیبراڵیزم گوزارشت بوو لە کاردانەوەیەك لەبەرانبەر واقیعی کۆمەڵایەتیی ئەورووپی، بەتایبەت بەرانبەر ئایین، بە هۆی کارەکانی کڵێسا، وەك دامەزراوە و ئەو ڕێنماییە مەسیحییانەی کە سەریان کێشا بۆ

دوورکەوتنەوە لە ڕۆحی ئایین و ڕۆچوون لە سرووتگەرێتییەکی توند و خنکاندنی سروشتی مرۆیی فیتری لە مرۆڤدا. هەروەها چەندین فەلسەفەی جیاواز سەریان هەڵدا، بەتایبەت لەوانەی کە بە ڕێبازی سوودگەرایی تەواو، بارگران بوون.

**لە کاتی پووکانەوە و پاشەکشەی واتا ئایینییەکان و ڕاکردن لە گوتاری ئەخلاقی، واتاکانی خۆپەرستی و تەسلیمبوون بە خواستەکانی غەریزە بەئاسانی جێیان دەگرنەوە.** لە دۆخی پەرەسەندنی خێرای زانستە کەونییەکاندا، لە واقیعێکی ئابووریدا کە خەمی گەورەی زیادکردنی سوود بێت، جا لە کۆپییە سەرمایەدارییەکەی یان شیوعییەکەی بێت، تاکی نوێ ئەوەی -وەك ماکس ڤێبەر ناوی دەبات- سیفەتی ژمێریاری وەرگرتووە لەبەرانبەر هەموو کاروبارەکانی ژیان، کە ئەویش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیگەلێکی نزیك و خودپەرست بنیات نراوە.

تەنانەت پەیوەندییە خێزانییەکانیش لەو بازنەیە قوتار نەبوون، ئەوەتا بە چاوێك سەیری بەتەمەنەکان دەکرێت کە بێبەرهەمن و بە شێوەیەك سەیری هاوسەرگیری و منداڵبوون دەکرێت کە گوایا ناعەقڵانییە، بۆیە سەیر نییە کەسانێك ببینیت ئامۆژگاریی کچان بکەن بۆ هەمەجۆرکردن (portfolio)ی ئەو گەنجانەی کە هاوڕێیەتییان لەگەڵ دەبەستن، لە کاتێکدا زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە وەبەرهێنانی پشکدا بەکاردێت.

گەشتی بەعەلمانیکردن -لە چاخی ڕۆشنگەرییەوە-، هەنگاو بە هەنگاو بەردەوامە لە ڕاکردن لە ئایین و دژایەتیکردنی. ڕێڕەوی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیش بەڕوونی دەرخەری ئەو پەرەسەندنەن، کە لە چاکەخوازێکی ئەقڵمەندی زانستپەروەری ڕەخنەگر لەو مومارەسە ئایینییانەی کە خورافەت بەسەریدا زاڵ بوو، گواسترایەوە... ئاڕاستەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە ڕۆژئاوا، لەو چاکەخوازەوە گواستیەوە بۆ بیروباوەڕێکی فەلسەفی، کە پایە هزرییەکانی کەلەپووری هەڵوەشاندەوە و لە دارشتنەکانیدا عەلمانیەتی بە

دوورکەوتنەوە لە بەها ئایینییەکان بەراورد کرد، هەروەك چۆن وابەستەی خواستێك بوو کە تاکی شکۆدار کرد، بە شێوەیەك تەنها پێویستییە ماددی و غەریزییەکانی تێدا دەبینێتەوە.

هەوڵی زانایانی جوولەکە بەتایبەتی لەم ئاڕاستەیدا بەشداریی هەبوو، هەروەك چۆن هەوڵی زانا ئەمەریکییەکان —لەدوای بەریتانییەکان— لە پەرەسەندنی خواستی تاکگەرایی بەشدار بوو. لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییانەوە، ئایینی گاوریش —بەتایبەت پرۆتستانتی— وردە وردە بوو بە عەلمانی، بیرۆکەی سێخوایی و هەڵوەشاندنی بیرۆکەی خودا و سیفەتەکانی، بۆ ئەمە یارمەتیدەر بوون.

بەو شێوەیە گەیشتینە کۆمەڵگەی هەڵپەکردن و ڕاکردن و پێشبڕکێ، کۆمەڵگەیەك پێی وایە کەلەپووری مرۆیی خورافەت و دواکەوتنە و ڕەتی دەکاتەوە، کۆمەڵگەیەك ڕادەکات بەرەو سەرابی بەختەوەرییەکی دروستکراو و چێژێکی نەبڕاوە. ڕاستییە تاڵەکەش لەوەدایە کە بەختەوەری نەهاتووەتە دی، خۆ ئەگەر بانگەشەی بەدیهاتنیشیمان قبوڵ بێت، ئەوە بۆ دەستەیەکی بچووکی کۆمەڵگەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوەش مۆدێلێکە، بەدیهاتنی لەسەر ئاستی جیهانی شتێکی مەحاڵە.

## ٢. ئاڕاستە کردارییەکان

دەتوانین سێ ئاڕاستەی کرداریی لیبراڵیزم دیاری بکەین، کە لەگەڵ ئەو ئاڕاستە تیۆرییانەی لەسەرەوە باسمان کردن، هاوشانن و پەیوەستن پێیانەوە، ئەوانیش بریتین لە: یەکسانی، ڕەتکردنەوەی تەحەککومی سیاسی، ڕاکردن لە کۆمەڵکاری سروشتی، کە لە خێزان و ڕایەڵەکانی خزمایەتی و گەڕەك و شوێنی پەرستندا بەرجەستە دەبن.

**یەکەم: یەکسانی**

هەموو خەمی لیبرالیزم لەم بیرۆکەیەدا چڕ بووەوە، ئەویش بە هۆی بوونی جیاوازیی کۆمەڵایەتیی توند، کە پێچەوانەی بیرۆکەی بەدیهاتنی خەونی خۆشگوزەرانیی سەرزەوی بوو. ئەوەش دەهێنینەوە یاد، کە فەرمانڕەوایی لە ئەورووپا لە دەستی پیاوماقووڵاندا قۆرخ کرابوو، ئایینیش لەلایەن چینی پیاوانی ئایینییەوە قۆرخ کرابوو، ئافرەتیش وەکوو سەرچاوەی شەڕەنگێزی لێی دەڕوانرا. دادگەری، خواستێکی مرۆیی گشتییە، بەڵام ئەو شتە نوێیەی لیبرالیزم لەم بوارەدا هێنای، بریتی بوو لە:

(١) کورتهەڵێنانی بیرۆکەی دادگەری لە یەکسانیدا.

(٢) داڕشتنی یەکسانی بە شێوازێکی ماددیی پەتیی.

(٣) پشتبەستن بە یەکسانیی ڕەها، بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەر.

بەو واتایەی کاتێك سیستمی ئەخلاقیی نەسراتیەت بە کۆن و بەسەرچوو و نائەقڵانی هەژمار کرا و کاتێك وادانرا کە کەلەپووری مرۆیی کۆنە و لە سایەی زانست و تەکنۆلۆجیای نوێدا بەسەرچووە، تەرکیز خرایە سەر (ڕزگارکردنی) تاك لە هەموو شتێك و (یەکسانکردنی) هەموو خەڵکی لەبەرانبەر یەکدا، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەفتاری ئەخلاقییان و ئاستی خزمەتکردنیان بۆ کۆمەڵگە.

بە گوزارشتێکی دی: یەکسانیی لیبرالیزم، نە ڕیشەی لە چەمکی یەکسەرچاوەیی ئەفراندندا هەیە، نە لە یەکسانی لە بەرپرسیارێتیی جێنشینیدا، بەڵکوو لە مافی یەکسانی لە دەرفەتەکانی ژیاندا کورت هەڵێنراوە.

**گرێبەستی کۆمەڵایەتییش لە دۆخی ئەورووپیدا، گۆڕا بۆ شتێك کە ناوی "گرێبەستی چێژخوازی"ی لێ دەنێم، چونکە ئاڵینگاریی دەوڵەت و ئەرکەکانی، بریتین لە پێشکەشکردنی خۆشگوزەرانییەکی زۆر بۆ هاوڵاتیان.**

ئاڵینگاریی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیشی، بریتییە لە ڕێگە کردنەوە لەبەردەم تاکدا بۆ بەدیهێنانی حەزەکانی، لە نێویشیاندا وەڵامدانەوەی زۆرترین ڕێژەی ئارەزووەکانی.

وەهمی لیبراڵیزمیش بە خۆپەسەندی، کاتێك زیادی کرد کە پاڵی نا بەوانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێز خراون، بۆ سوودوەرگرتن لە تواناکانیان، بەمەش لیبراڵیزم چەند کەسێکی لێ وەرگرتن و هەندێك لەو خووانەیانی بەبازاڕ کرد کە پێشتر لاوەکی و پەراوێزخراو بوون، ئەمەش پاش ئەوەی لە هەموو دیسپلینێکی ئەخلاقی دایڕنین. نموونەی ئەمەش، بەبازاڕکردنی مۆسیقای (ڕاپ)ە بۆ چینە چەوساوەکە بەرانبەر مۆسیقای کلاسیکی، یان برەودان بە پۆشاکە هەرزانە وروژێنەرەکان بەرانبەر ئەو پۆشاکە ئەرستۆکراسییەی تا ڕادەیەك پارێزگاریی پێوە دیارە. نە خۆبەگەورەزانین لەوەی دووەمیاندا بەهانەی هەیە، نە دابەزینیش بۆ ئاستێکی نزم لەوەی یەکەمیاندا شایستەی شکۆمەندکردنە.

ئەو یەکسانییە هاوتاییگەراییە لەوەدا جیاوازە لە دادگەری، کە خیلقەت و ئامادەسازی و کرۆکە ئەخلاقییەکان بەهەند وەرناگرێت. لە لێکەوتەکانی ئەمەش، پاشەکشەی جیددی فێرکردنە لە بەرژەوەندیی سەرگەرمی و وروژاندن و فوکردنە لۆگۆ و نازناو و نیشانەکان.

وەك نموونەیەکی ژیانی ڕۆژانە، ئەو ئافرەتەی بەتەنها دەچێت بۆ (باڕ)، زۆربەی جار ڕێی پێ دەگیرێت و تووشی یەخەگرتن و دەستدرێژی و تەحەروش دەبێت، بۆیە گرفتەکە بوو بە هەڵگرتنی (ستەم) لەسەر مێیەك کە خۆی حەز بە هاتوچۆی مەیخانە و بەسەربردنی کاتی خۆش و گاڵتەوگەپ (fun) دەکات. لە زۆرینەی وڵاتانیشدا، ئەو ئافرەتانەی کە دەچنە ڕیزی سوپاوە، ڕێگریی بەشداریکردنیان لە کوشتاردا لێ دەکرێت، ئەمەش بە (جیاکاری) لە دژی ئافرەت دانرا.

**دووەم: ڕەتکردنەوەی تەحەککومی سیاسی**

ڕەگەزێکی بەرنامەڕێژکراوی دیار بوو لە تێزی لیبراڵیدا، کە ڕەنگدانەوەی گومان بوو لە دەوڵەتی مۆدێرنە و ترس لە ڕشتەبەندیی دەوڵەت–گەل. دوور لە خەیاڵپلاویی تێزەکانی چاخی ڕۆشنگەری، کۆمەڵگە ئەورووپییەکان کەوتنە نێو چەندین جۆری جیاوازی چەوساندنەوە و خراپ بەکارهێنانەوە، لە نێویشیاندا کەوتنە نێو چنگی ڕژێمگەلێکی فاشییەوە. بۆیە سووربونێکی زۆر سەری هەڵدا بۆ پاراستن لە زاڵدەستی و چەوساندنەوەی سیاسی، جا لە ڕێی دەقە دەستوورییەکان یان ڕێکارە کارگێڕییەکانەوە بێت، دوو شتیش بەشدارییان لە سەرکەوتنی ڕێژەیی ئەمەدا کرد، بەهێزیی لایەنی دارایی و بڵاوبوونەوەی فێرکردن.

لە بازنەی چارەسەری لیبراڵیدا، پرسی ئیتنییەکان و کەمینە نەژادییەکان، خاڵی یەکتربڕ لەنێوان هەردوو بابەتی یەکسانی و تەحەککومی سیاسیدا دروست دەکەن. ئەوەتا دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەگەڵ کەمینەکانیان بەگشتی و بەتایبەتی لەگەڵ کەمینە نائەورووپییەکانیاندا بەشەڕ هاتوون، پشتبەست بە بیرۆکە هەڵبژاردنی خودایی و وەك ئاوێتەبوونێکیش لەگەڵ ئەو گیانی نەتەوەپەرستییەی بە شێوەیەك ئەورووپای تەنیبوو، کە هاوشانیی پێکهاتەیەکی سیاسیی نوێی دەکرد.

جیاوازییەکە ئەوەیە کە گوتاری لیبراڵی ، کە پێشتر و تا ڕادەیەك تا هەنووکەش، لە بەرەی ئەو کەمینانەدا بووە، بەڵام یەکسانی لە تێگەیشتنی لیبراڵیدا، لەسەر ئاستی تاکەکەسی لە چوارچێوەدراوە، لە کاتێکدا کە دادگەری لە کولتووری کۆچکارەکاندا، لەسەر ئاستی کۆمەڵی لەچوارچێوە دراوە. بەو شێوەیە، ستەملێکراوە پەراوێخراوەکان، گوتارێکیان نەدۆزییەوە کە لەگەڵیان بەویژدان بێت و بە یەك چاو سەیریان بکات، جگە لە گوتارێکی لیبراڵیی سپی (واتە سپی لە ڕووی کولتوورەوە) کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو چوارچێوە کولتوورییانەی کە ژیانیان ڕێك دەخەن. **بۆیە لە سەردەستی پلانی شارەزای باڵادەست، ئەو کەمینانە تاك تاك**

**(ڕزگار بوون)، بەڵام ئەو تاکانە کاتێکیان زانی باوەشە کۆمەڵایەتییەکەیان وێران بووە، ئەوەشی لەسەر ئاستی تاکەکەسی دەستیان کەوتووە، بە بێکاری و دوورکەوتنەوە و گرفتی کۆمەڵایەتی باجەکەیان دا، بەمەش ئەو شتەی ڕایانکردبوو لێی، بەرهەم هاتەوە: نەزانی و بێکاری.**

ڕەنگە لەنێو کەمینەکاندا، بوار بۆ تاکێك بڕەخسێت و لە چارەنووسی کۆمەڵگە بچووکەکەی ڕزگاری ببێت و ببێتە پاڵەوانێکی وەرزشی یان ئەستێرەیەکی گۆرانیبێژی. ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا، بەشداری کردووە لە سادەکردنەوەی بیرۆکەی یەکسانی و جیاکردنەوەی ماف لە ئەرك. لە ڕووی کردارییەوە، دارشتە یاساییەکان ئەو ڕێژە زۆرە لە هەژاران و ئەو چینی کرێکاران کە هەڵپەی پێشبڕکێی سەرمایەداری کردوونی بە کۆیلە، ناپارێزێت.

لەبەرانبەر بەڵێنەکانی چاخی ڕۆشنگەریی (ئازادی-یەکسانی-برایەتی)دا، دەوڵەتە ئەورووپییەکان چەند جەنگێکی وێرانکەریان بەخۆوە بینی و چینەکانی خوارەوەش ستەمێکی زۆریان بینی. لە کاتێکدا کە گرووپە کۆچکەرەکان جۆرێك لە پارێزگارییان تێدا بوو کە بوونی خۆیان پێ دەپاراست، لێکەوتەکانی مۆدێلی لیبراڵی لەنێو چینە هەژارە سپیپێستەکاندا (کە ژمارەشیان زۆرترە)، چەند هێندە بووەوە و بوون بە قوربانیی ئایدۆلۆجیەتی ڕزگارکردنیان، ئەمەش پاڵی بە هەندێکیانەوە نا بۆ ڕەگەزپەرستی، یان ئاییندارییی بەرتەسك، ئەمەش وەهمی لیبراڵیزم زیاد دەکات، لەگەڵ متمانەی خۆی بەو چارەسەرانەی کە دەیەوێن، کە بوون بە شتێکی پەرشوبڵاو.

**سێیەم: ڕاکردن لە کۆمەڵکاری سروشتی (الاجتماع الطبيعي)**

مەبەستمان لە کۆمەڵکاری سروشتی، ڕایەڵەکانی خێزان و خزم و گەڕەك و چالاکیی خواپەرستییە. لەبەر ئەوەشی کە ئەگەر لیبراڵیزم نەخەینەوە ئەو میانە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا سەری هەڵداوە، ناتوانین لێی تێبگەین، بەتایبەت لە جۆری

ئابووریی نویٚ و ئەو پیشەسازییەی کە دانیشتووانی گوندەکانی هەڵدایە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانەوە و پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندییانی لەگەڵ یەکتری گۆڕی. لەگەڵ ئەوەشی کە ژیانی لادیٚ ژیانێکی دەوڵەمەندانە نەبوو، بەڵام ژیانێکی شەرەفمەندانە و سەربەرزانەی خودبژێوی بوو، بەڵام ژیانی شار، لە ڕووی دارایی و دەروونییشەوە، بۆ بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەی بوو بە ژیانێکی کولەمەرگی و تەنگ، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ بوونی ئامرازە فریودەرە ئاست نزمەکان و لەپاڵ حەسرەتی ئیتنی و دڵشکاوی و سویٚ و زامی دڵی چینایەتیدا دەگوزەرا.

لە دۆخی کیبڕکێی توندیشدا، (ڕایەڵە سەرەتاییەکان) وەك ڕێگر و لەمپەری بەردەم دەستکەوتی تاکەکەسی و سەرکەوتنەکانی سەیر دەکران.

لەگەڵ ئەوەی ناتوانرێت ئەو ڕایەڵانە بەتەواوی بسڕدرێنەوە، چونکە بەشێکن لە بوونی مرۆیی، بەڵام ئەو جۆرە نوێیە، ڕایەڵە سروشتییە فیتڕییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر لەبەریەك هەڵوەشاند. لەگەڵ ئەوەشدا، لیبراڵیزم تا ئێستاش چاوی لەسەر ئەوەیە کە وایان لیٚ بکات خەڵکی پێویستی پێیان نەمێنێت و بەڵگە و بەهانە بۆ باشیی جێگرەوەکانی دەهێنێتەوە.

گوتاری لیبراڵی لە پرسی خێزاندا، بەتایبەت لە گۆشەی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، تووشی قەیران بووە. تا تاك یەکەی سەرەکیی کۆمەڵگە بێت و جەختیش لە ماف نەك لە ئەرك بکرێتەوە، ئازار دەبێتە سەنتەر و جێی بایەخپێدان، ئەگەر لەسەر ئەژماری کۆمەڵگەش بێت. هەروەها لەبەر ئەوەی دژیەکییەکی پەیکەری لەنێوان زۆرێك لە چالاکییە ئابوورییەکان و مێیایەتی –بەتایبەت دایکایەتی– هەیە، وای لیٚ هاتووە وا سەیری ڕشتەی سروشتیی مێینە دەکرێت –هەرچەندە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چاوی تیٚ بڕاوە– کە سەرچاوەی ستەم و پەراوێزخستنە. هەروەها چەمکی مێینە، کانگای ستەمی دروست کردووە.

چالاکییەکانی ئافرەتان بە چەند هەوڵێکی کۆمەڵایەتیی سیاسی دەستیان پێ کرد، کە گرنگییان بەو کاروبارانەی ئافرەتان دەدا کە لە بازنەی پەروەردەی نوێی کۆمەڵگەدا لەبیر کراون، بەڵام دواتر بۆ بزاڤێکی لێوانلێو لە نێرگسیبوون گۆڕان، کە پێی وایە مێیایەتی ئەو گرێیەیە کە هەموو ستەمەکانی پەیوەست بە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەروونی و کپکردنەوەی سێکسیی... تێدا کۆ بۆتەوە، هەموو ئەمانەش بە پیلانگێڕیی نێرانە بووە، بە ئاگاداری و ناخودئاگایی، لە دامەزراوەی خێزان و ئایین و نەریتەکانی خۆپاراستن (پارێزگاری)دا ڕەگی داکوتیوە. هەروەها گوتاری فیمینیستی، لە بەرگریکردن لە ماڤی خوراوەوە گواسترایەوە بۆ خودپەرستییەکی ئایدیۆلۆجی بە لۆجیکێکی پیلانگێڕییەوە، تا گوتارەکە گەیشتە حاڵەتێکی لاواز و ناماقووڵ، سەرباری بەزایەدانی بنچینەی کۆمەڵکاری و توانای بەرپاکردنی ئەو بنچینەی کۆمەڵکارییە و پاراستنی سایەکەی. بزووتنەوەی (فیمینیزم) بوو بە بزاڤی تۆڵەسەندنەوە، لە دەروون و لە کۆمەڵگە و لە خودی مێینەش.

**هێڵکاری: تایبەتمەندییە تیۆرییەکانی لیبراڵیزم و ڕەنگدانەوە کردارییەکانی**



# پوخته

خواستی لیبرالّیزم لە بنەڕەتدا خواستێکی مرۆیی جوامێرانەیە، بەلاّم ڕێگاکەی لێ تێك چووە و قیبلەنما و نەخشەکەی ون کردووە. ئەوانەی دەکەونە خۆشەویستیی لیبرالّیزم و جێبەجێکردنە کردارییەکانیەوە، بەگشتی خۆیان کەوتوونەتە واقیعێکی ئازاربەخشەوە، کە بەدەست ستەمگەریی سیاسی و داخرانی کۆمەلاّیەتییەوە دەنالّێنێت. کاتێکیش پشکنینی ورد بۆ لیبرالّیزم و تیۆرەکەی دەکەین، دەبینین چەندین گرفتی بنچینەیی جیاکەرەوەی تێدایە، هەر لەو خۆپەرستیی تاکگەراییەوە کە بۆ خواستگەلێکی بێکۆتا، زیادەڕەوی بە پێویستییەکانی کۆمەلّگە دەکات، لەپالّ نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتیی هەستان بە ئەرکەکان. هەروەها ئەو لیبرالّیەتەی ڕۆژانێك بەرگریی لە بەشخوراوان دەکرد، دواتر دەستی هەلّگرت بۆ گرنگیدانێکی بێسنوور و لە ئارەزوو و هەوەس و سێکسدا ڕۆچوو، لەگەلّ کەمێك لە ڕاهێنانی یۆگادا.

لە ڕووی ئەخلاقییشەوە، شتە سەرنجڕاکێشەکەی عەلمانیەت شتێکی نوێ نییە، چونکە لیبرالّیزمی مرۆڤدۆست جگە لە مەسیحییەکی بەعەلمانیکراو، شتێکی دی نییە. وەکوو ڕشتەی هزرییش، لیبرالّیزم دەکەوێتە داوی ڕێژەییبوونەوە و گومان لە دانایی و حیکمەتی کۆمەلّگە مرۆییەکان بە درێژایی مێژوو دەکات. ئاسانیش نییە گومان لەوە بکرێت کە لیبرالّیزم زادەی ئەزموونی ئەورووپیی سپیپێستە و لە کولتوورەکانی ئەمرۆ و لە مێژووی مرۆییشدا بە ڕیزپەڕ هەژمار دەکرێت.

# دەروازەی چوارەم

# سیاسەت لە هەردوو میانەی مۆدێرنەیی و ئیسلامیدا

# بەشی سیانزەیەم: چەمکی ئوممەت بەرانبەر چەمکی گەل

زاراوەی ئوممەت لە نووسینە هاوچەرخەکاندا لە دوو بەرگی دوور لە یەکدا باس دەکرێن، نووسینگەلێك کە لە سۆنگەی گۆشەنیگای ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن و نووسینگەلێکی تر کە میتۆدی سیاسییان بەپێی دیدگای مۆدێرنەی باو دادەڕێژن. میانەی بەکارهێنانی ئیسلامییانەی ئەم زاراوەیە، میانەیەکی دووانەییە: مێژوویی و بەهایی، ئەمە لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی مۆدێرنەیی بریتییە لە وەرگێڕانێك، یان نزیککرنەوەیەکی هەڵە بۆ چەمکی گەل، کە ئەویش بە هەمان شێوە ئاماژە بۆ میانەیەکی دووانەیی دەکات: نەتەوەیی و سیاسی.

گرنگیی گفتوگۆکردنی چەمکی ئوممەت لەوەدایە کە لەو پێناسە گشتییەیدا کە خراوەتە ڕوو، چەمکێکی تەمومژاوی و شێواوە، هەروەها لەبەر ئەوەی قوتارکردنی لە تێگەیشتنی کەڵەکەبووی مۆدێرنانە، پەیوەندییەکی بەهێزی بەو پێکدادانە هزرییەوە هەیە کە لەمڕۆدا هەیە.

چەمکی ئوممەت لە دیدی ئیسلامییدا چەمکێکی سەرەکییە، ئەوەتا ئەو وەسەتیەتەی (الوسطية) کە سروشتی کۆمەڵکاریی موسڵمانی پێ وەسف کراوە، تایبەتە بە ئوممەتەوە، نەك شتێکی تر. هەروەها چەمکی ئوممەت پەرەی سەندووە و لە چەندین میانەدا بەکار هاتووە، مەبەستەکەشی نە لە کۆمەڵەی سیاسیی موسڵماناندا کورت هەڵدێت، نە لە کۆمەڵە کەسانێك کە لە داننان بە شایەتمان و پایەکانی ئیماندا هاوبەشن.

کارنامەی مەدینە و هاتنی وشەی ئوممەت تێیدا بەدیاریکراوی، ئاماژەیە بە قووڵایی بەهایی، هەر بەمەش بەهایەکی باڵاتر لە بەهای ئەو گرێبەستبەندییە دەبەخشێت کە لەو نووسینانەی جەخت لە دەستووریبوونی دیدگای ئیسلامی دەکەنەوە، ئاماژەی بۆ دەکرێت.

له خوارەوە گفتوگۆی ڕەهەندەکانی چەمکی ئوممەت دەکەین، پاشان گفتوگۆی چەمکی گەل لە میانەی ژیاریی ڕۆژئاواییدا و ئەو هەڵە وەرگێڕانەی کە یەکسانی دەکاتەوە بە چەمکی ئوممەتی ئیسلامی، دواتر بە گفتوگۆیەکی کورت کۆتایی دێنین، کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خواستەکانی چەمکی ئوممەت، ڕایەڵەکانی هاوڵاتیبوون بە واتا نانەتەوەییەکەی ناسڕێتەوە.

### ١. چەمکی ئوممەت و ڕەهەندەکانی

گرنگیی چەمکی ئوممەت لەوەوە دێت، کە ئوممەت لانکەی بەدیهاتنی ئیسلامە لە ژیاندا، چونکە بەدیهاتنی دیدگای ئیسلام، بە موسڵمانبوونی تەواوەتیی ئەم ئوممەتەوە بەستراوە، تەنانەت ئیجتیهادکردنیش لەمەڕ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، ئیجتیهادی ئوممەتە، ئامادەکردنی سات بە ساتی مێژووەکەشی لە زەیندا، بە سەرکەوتن و نشوستەکانیشیەوە، یادگەی ئوممەتە. ئەو نەریتانەشی کە موسڵمانان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، وەك ڕەنگدانەوەی بەهاکانی ئیسلام پەرەیان پێ داوە، بەرهەمهێنراوی ئوممەتە، هەروەها بەرهەڵستیکردنی ئەو لەمپەرانەشی کە هاتوونەتە بەردەم کاروانەکەی، جیهادی ئوممەتە.

لێرەدا چەمکی ئوممەت بە بەکارهێنانە گشتییەکەی نەك تایبەتەکەی، بە پێنج ڕەهەند دیاری دەکەین، کە کۆمەڵگەیەکی گەورە و کاریگەرە:

(١) دڵەکان تێیدا لە تەسلیمبوون بە سیستمێکی ئیمانی، کە چەقەکەی یەکتاپەرستییە، هاوبەشن.

(٢) ڕشتەیەکی ئەخلاقیی کەلەپووری پێغەمبەرایەتی، سنوورەکەی دیاری دەکات.

(٣) ئەقڵەکان تێیدا لە قەناعەتهێنان بە سیستمێك کە ناوەندەکەی شەریعەتە، هاوبەشن.

(٤) ویژدانەکانیش تێیدا، لە سیستمێکی ڕەحم و سۆزی ئاڵوگۆڕکراودا (التراحم) هاوبەشن، کە سنوورەکانی کات و شوێن تێدەپەڕێنن.

(٥) هێز و توانا و ورە و تین تێیدا هاوبەشە، بۆ بەدیهێنانی ڕاستی بە تێکۆشان و فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە.

کەواتە ڕوون دەبێتەوە، کە پێویستە چەمکی ئوممەت لە کورتهەڵێنانی لە دوو واتادا قوتار بکرێت: یەکەم، ئوممەتی موسڵمان تەنها ئەو ناوەرۆکە مرۆییە نییە، کە ڕۆژانێك ناو نرابوو خانەی ئیسلام (دار الإسلام)، یان ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت وڵاتی موسڵمانان. دووەم، ناکرێت چەمکی ئوممەت لە گۆشەی سیاسیدا قەتیس بکرێت، با کۆمەڵە شتێکی پەیوەست بە سیاسەتیشیەوە هەبێت. تێگەیشتنی ئوممەت لەسەر بنەمای دانیشتووان، ئەو چوارچێوە پێکهاتەییەی ئوممەت زایە دەکات، کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی و تاکانەیی ڕشتەکەین. تێگەیشتنی سیاسییانەی چەمکی ئوممەتیش، چەمکە ئەبستراکتەکە لە لێکەوتەگەلێکدا کورت هەڵدەهێنێت، کە تایبەتن بە پرسی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتەوە.

باوی و بڵاوبوونەوەی زاراوەی ئوممەتی بنیاتنراو لەسەر دانیشتووان و دەستپێوەگرتنی لەلایەن خودی موسڵمانانەوە، پەیوەندیی بەو کەموکووڕییەوەیە کە لە گوتاری ئیسلامیدا ئاڕاستەیان دەکرێت، ئەوەتا موسڵمانان چارەکێکی دانیشتووانی زەوی و مرۆڤایەتی یان پێنجیەکی پێك دەهێنن و ناویسترێت شوێن و پێگەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و دان بە خۆیان و ئایینەکەیان و پێغەمبەرەکەیان و ڕشتەی کولتوورییشیاندا... بنرێت، بەڵام باوی و بڵاوبوونەوەی واتای سیاسیی ئوممەت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێ، کە تێیدا موسڵمانان بەگژ داگیرکەردا چوون، ئەمە وای کرد ئەو واتا سیاسییەی ناوەرۆکی یەکگرتوویی و بەرگریکردنی تێدا بەرجەستە دەبوو، بەسەر ڕەهەندەکانی تری زاراوەکەدا زاڵ بێت.

سێ هۆکار هەن وا دەکەن کە کورتهەڵێنانی واتای ئوممەت، لە واتای سیاسیدا شیاو نەبێت:

**یەکەم:** بریتییە لەوەی کە شەریعەت ڕێڕەوی ئەم ئوممەتەی پێ دەناسرێتەوە، ڕاستە موسڵمانانیش وەکوو گەلانی تر یاساکانی ژیان و سوننەتی مێژوو بەسەریاندا جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئەوەی ئەزموونی موسڵمان جیا دەکاتەوە، بریتییە لە بوونی شەریعەت، کە بریتییە لە ئاسۆی پێوانەیی ئوممەت. شاراوەش نییە کە شەریعەت نە شتێکی وەستا و نەبزواوە، نە تەنها کۆمەڵە یاسایەکیشە، بەڵکوو ئەوەی شەریعەت جیا دەکاتەوە، گشتگیرییەکەیەتی کە بەشی سەرەوەی لە بەها باڵاکاندا جێگیر کراوە، بەشی دووەمیشی لە ئاڕاستەکارییە کردارییەکانی ژیاندا دامەزراوە، لە نێوانیشیاندا پرۆسەی ئیجتیهادی نەبڕاوە هەیە. کاتێکیش بەشە بەهاییەکەی لەگەڵ ئایینە مەزنەکانی تردا بەیەك دەگەن، ئەم باڵادەستە بەسەریاندا، لە ڕووی ئەو یەکتاپەرستییەوەی کە بێگەردی و سەلامەتیی ئەو بەهایانەی پاراستووە و لە ڕووی پاراستنی پەڕاوەکەیەوە، کە سەرچاوەی ڕەهایەتی و ڕێگرە لە لەناوبردنی شەریعەت لەلایەن هەر گرۆیەکی مرۆیی، ئاینیی بێت، یان سیاسی.

**هۆکاری دووەم:** خراپیی کورتهەڵێنانی واتای ئوممەت لە ڕەهەندی سیاسیدا، جیهانیبوونی ئەزموونی موسڵمانانە. لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی جیهانییە، ناتوانرێت نە لە تاکە گرووپێکی سیاسیدا کورت هەڵبهێنرێت، نە لە تاکە ئەزموونێکی سیاسیدا، خۆ گرووپ و کۆمەڵە سیاسییە موسڵمانەکان ناکۆکی و کوشتارییان لە نێواندا بووە، بەڵام پێوەرەکان داوەرن، ئەوەشی سەروو سیاسییە کاروبارەکان دەگێڕێتەوە سەر ڕێچکەی خۆیان، بەمەش لادانی سیاسی وەلا دەنرێ و دەخرێتە

پەراوێزەوە، ئەوەشی کە بۆ خەڵکی بەکەڵکە، بە هەموو ڕەنگ و فرەییەکانییەوە دەمێنێتەوە.

**هۆکاری سێیەم:** بریتییە لە فرەیی کولتووری، کە لە دیارترینی ئەو شتانەیە کە واقیعی ئوممەتی پێ دەناسرێتەوە. ڕاستە جیاوازیی بوار و بەرهەمی کولتووری، تایبەتمەندییەکی مرۆیی گشتییە، بەڵام لە ئەزموونی موسڵماناندا ڕشتەبەندییەکی تایبەتی وەرگرتووە، لەوەدا کە جیاوازیی هەمەجۆری بووە، نەك جیاوازیی دژیەکی. هەر ئەمەشە وا دەکات کولتوورەکانی موسڵمانان هەماهەنگ بن، لە ڕەگ و قەدەکەیاندا هاوبەش بن و لە لقوپۆپ و بەروبوومەکەیاندا جیاواز بن.

ئەم فرەییەش لە سروشتی ئیسلام خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی ئایین و سەرچاوەکەی و چەقەکەی بەتەواوی لە مرۆڤەوە نییە، لە ڕووی سەرچاوەکەی و لە ڕووی ڕەتکردنەوەی زیاد و کەم و لە ڕووی تایبەتنەبوونی بە گەلێکی دیاریکراوەوە... لەبەر ئەوەی ئەمانە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ئایینن، ئەوا ڕێسایەکی دیدگایی بۆ فرەیی دادەڕێژێت، لەپاڵ دامەزراندنی ڕایەڵەیەك لە نێوانیاندا کە بریتییە لە زمان. **گەلانی موسڵمانیش وا سەیری عەرەبی زمانی قورئان دەکەن کە دەروازەی تێگەیشتنی ڕەسەن و دروستی ئیسلامە. بۆیە ئەم زمانە گەشەی کرد و بەرز بووەوە تا بوو بە زمانی ژیارەکە، بەبێ وەدەرنانی زمانەکانی تر، چونکە فرەیی زمانەکان، بە یەکێك لە بەڵگە و نیشانەکانی گەورەیی و دەسەڵاتی خودایی لە بوونەوەردا ئەژمار کراوە.** هەر لەو پەیکەربەندییە کولتوورییەدا، زمانی عەرەبی هەستا بە ڕۆڵی هەژموونکارانە لە ڕووی بەهاییەوە، زمانەکانی موسڵمانانی لە نەفامی پاك دەکردەوە، بە خودی زمانی عەرەب خۆیشیانەوە، تا وای لێ هات زمانی عەرەبی لەدوای ئیسلام ببێت بە بونیاتێکی کولتووریی جیاواز لە عەرەبیی سەردەمی نەفامی.

بەو شێوەیە ئوممەتێك دروست بوو کە:

(١) کولتوورەکان لەسەر ئاستی بەهاکان بوون بە یەك.

(٢) نەریتەکان لێك نزیك بوونەوە و لە تایبەتمەندییەکانیاندا هاوبەش بوون، جگە لەو نەریتانەی کە ڕەنگدانەوەی پاشخانە ژیارییەکانی پێش ئیسلام بوون.

(٣) خووەکان هەمەجۆر بوون —و تەنها لەسەر ئاستی ڕەتکردنەوەش هاوشێوە بوون— وەك ڕەنگدانەوەیەك بۆ واقیعی بابەتیی جیاواز، جگە لە چەند شتێکی کەڵەکەبوو لە کولتووری لۆکاڵیدا، کە لەگەڵ خواستی ئیسلامیدا نایەنەوە.

بەو شێوەیە زمانە ناعەرەبییەکانی موسڵمانان، بوون بە زمانگەلێکی سەربار و هەڵگری واتاکانی ئیسلام (پاش کەڵەکەبوونی هەوڵەکانی دووبارە داڕشتنەوەی لۆجیکی زمانەوانی بەپێی ڕشتەبەندیی ئیسلامی)، کە زیاتر ڕێبازەکەی دەدرەوشێننەوە و پارێزگارییەکی کولتووریی بە دەوریدا دروست دەکەن. ئەمە حاڵی زمانی زۆرێکە لە موسڵمانان، وەك فارسی و تورکی کە ژیاری ئیسلامی تێیاندا سەرکەوتوو و بەهێز بووە و چەندین چالاکیی زانستیی دەوڵەمەندیان تێدا ئەنجام دراوە، هەروەها بۆ زمانەکانی ئەردۆ و مەلایۆش.

ئاسۆی چەمکی ئوممەت لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، لە سێ ڕووەوە لە دیدگای ژیاری ڕۆژئاوایی جیاوازە:

(١) نەبوونی دامەزراوەیەکی ئایینی کە مافی هێنانەناوەوە و دەرکردنی لە ئایینەکە هەبێت.

(٢) دڵنیابوونەوەی کردارەکی بۆ ڕشتەبەندیی ئوممەت، لە ڕێگەی ئەو هەوڵانەی خودی ئوممەتەوە دەکرێت کە خودهەڵسەنگێنەرە —گۆڕانکاری و قۆناغبەندییەکە، کە نابێتە هۆی دروستبوونی گومڕایی— نەك لە ڕێگەی سپاردنێکی خوایی بۆ کەسانێك یان دەستەگەلێك.

(٣) بەبریکارکردنی ئوممەت لە ڕێگەی جێنشینکردنەوە، وا دەخوازێت کە ئوممەت خۆی دان بە دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا بنێت و لەسەریان ڕەزامەند بێت، نەك بەپێچەوانەوە.

هەر بۆیە بە لەناوچوونی دەوڵەت و ڕووخان و هەرەسهێنانی، ئوممەت لەناو ناچێت، هەرچەندە ڕەنگدانەوەی سیاسی، مەرجێکی بابەتیی کامڵبوونی بوونی ئوممەت و ڕیشەداکوتینی ڕشتەکەیەتی لە ژیاندا، هەروەکوو ڕەنگدانەوەی ئابووری لەپێناو تەواو هەستانەوە و بەهێزبوونی و خۆشگوزەرانی. ئەمەش پەیوەستە بە تێگەیشتنی ئیسلامی بۆ سوننەتیبوونی بوونەوەر و ڕێکردن لەگەڵیدا، هەروەها پەیوەستە بە مەعقولبوونی ئەحکام و مەبەستەکانی شەریعەت کە بریتین لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی موسڵمانان، وێڕای ڕێنموویی‌کردن بەرەو ڕەفتارپاکی و ئاکاربەرزی.

## شێوەی: ئەو ڕەگەزانەی هۆکاری بوون و پاراستنی چەمکی ئوممەتن




ئەگەر دوو مەرج بێنە دی، شەریعەت و ئوممەتیش وەکوو دووانەیەك لە کاروانی کرداریی ژیانی موسڵماناندا دەمێننەوە:

یەکەمیان پەیوەستە بە ئایین و دووەمیشیان بە ئاییندارى.

یەکەم، بریتییە لە بەدرۆخستنەوە و دوورخستنەوەی دەروازە خوراِفییەکانی ئایین، کە بە سێکوچکەیەکی گرێکوێرەی ناڕوون لە چوارچێوەی دەدات: بانگەشەی بەرجەستەبوونی خودایی لە مرۆڤدا، تێکەڵکردنی هەردوو جیهانی پەنهان و ئاشکرا (الغیب والشهادة) و بڕوابوون بە ململانێی پیرۆز لەگەڵ پیس.

مەرجی دووەم کە پەیوەستە بە ئاینداریییەوە، بریتییە لە بەدرۆخستنەوە و دوورخستنەوەی دەروازەکانی بیدعە و خورافیەت، کە لەبەرانبەر ئەقڵ و دژەکەیدا دایدەنێت. لە کاتی بەدیهاتنی ئەم دوو مەرجەدا، دەکرێت دەوڵەت و سیاسەت و ئابووری لە واقیعی ئوممەتدا ئامادەییان هەبێت، بەبێ ئەوەی نە دەوڵەت مەرجەعی پێوەری بێت و نە مەرجیش بێت بۆ بوون و نەبوونی ئوممەت، هەرچەند بۆ سەرکەوتن و بەهێزبوون و باڵابوونی پێویستیش بێت.

### ٢.  چەمکی گەل لە میانەی ڕۆژئاواییدا

ناتوانرێت بوترێت لە ژیاری ڕۆژئاوایی هاوچەرخدا، چەمکی (ئوممەت) هاوشێوەی ئەوەی ئیسلام بوونی هەیە. لەگەڵ ئەوەی لێرەدا جەخت لەسەر ئەو میانە مۆدێرنەییە دەکەین، سەرەتا ئاماژەیەکیش بە چاخی دێرین دەکەین. با ببینین کە چەمکی ئوممەت لە مێژووی گاورەکاندا بەگشتی، ئەویش لە چەمکی ئوممەت لە مێژووی موسڵماناندا جیاوازە.

ئەوەتا سروشتی جیاوازییە بیروباوەڕییەکان لەنێوان گرووپە گاورەکاندا، ڕێگری لەوێکی تری جیاواز –لەنێو ماڵی خودی گاورەکاندا– دەکات، کە ئینتیمای بۆ ئایینی گاور هەبێت و لە کڵێساش دەریدەکات. ئەو بەکافرکردنە نێوخۆییە، چەقی هەڵوێستی ئایینی گاورە و بەشێکی بنچینەیی شووناسەکەی و هۆکار و پاساوی مانەوەیەتی. دەرکەوتنی پڕۆتستانتیەت لە سەدەی شانزەوە، ئەم تایبەتمەندییەی تۆختر کردەوە.

لە بەکارهێنانی زمانەوانیی ئەمڕۆشدا، ئیمانداری پڕۆتستانتی بە Christian وەسفی خۆی دەکات، لە کاتێکدا کە ئیمانداری کاسۆلیکی خۆی بە Catholic دەناسێنێت. ئەگەر کێشمەکێشی بیروبڕوایی ئایینی گاور بەو شێوەیە بێت، چۆن چەمکێکی ئوممەت دروست دەبێت کە گەلانی گاور، لەسەر شێوازی ئیسلامی لەخۆ بگرێت.

پێویستە لێرەدا تێبینیی ئەوە بکەین، کە ئوممەتە گاورەکان پێش مۆدێرنە (و لە چوارچێوەی ماڵی کاسۆلیکی ئەمڕۆشدا)، لەگەڵ چەمکێکی لۆکاڵیی ئوممەتدا ژیاون، لەسەر ئاستی هاریکاریی گوزەرانی کە لەدەوری کڵێسا و گرێی خۆشەویستیی پاپا و پیرۆزکردنی پێگەکەی و یاسای کڵێساییدا دەخولایەوە.

لە بەرانبەردا، لە مێژووی ئیسلامدا فاکتەرەکانی دابەشبوون لە ئوممەتدا لە پەراوێزدا نەبێت، دەرنەکەوتن. ڕۆچووەکان (الغلاة) کەمینەگەلێکی لاوەکین و لە

بازنەی ئوممەتدا هەژمار ناكرێن و بوونیشیان كاریگەریی لە چەمكی ئوممەت ناكات، بەڵكوو پاڵپشتیی دەكات و جەخت لەوە دەكاتەوە، كە ئەو چەمكە لەدەوری بنەما جێگیرەكانی بیروباوەڕ و شەریعەتدا دەسووڕێتەوە.

لە سەردەمی فاتمییەكاندا، ئیسماعیلیەت ئایینی فەرمانڕەوایان بوو و كۆمەڵگەش بە موسڵمانی وەك بەشێك لە ئوممەت مانەوە. شیعەگەرێتی بە هەموو پلە جیاوازییەكانیەوە، وەك بەشێك لە جەستەی ئوممەت مایەوە (تەنها لە نەتەوەیەكیشدا كورت هەڵنەهات)، بەڵام سەردەمی سەفەوییەكان لە سەدەی دەی كۆچیدا، درزێكی لە جەستەی ئوممەتدا دروست كرد، كە تێیدا فارس پلە بە پلە دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەر شیعەگەرێتیدا سەپاند، هەرچەندە هاتنەناوەوەی ئەدەبیاتی فارسی لەمەڕ شیعەگەرێتی و سەرەتاكانی قۆناغی بەیاساییكردنیان، بۆ سەردەمی بوەیهییەكان دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، **چەمكی ئوممەت لە میانەی ژیاری ئیسلامیدا بەنەرمی ماوەتەوە، بە شێوازێك كە جیاواز قبوڵ دەكات و لە بەرئەنجامی پێكەوەژیانی هاوبەش، دووبارە لە هەناویدا لە خۆی دەگرێتەوە** (لە دۆخێكدا كە بەهاكانی ئیسلام و نەریتەكانی موسڵمانان تێیدا باڵادەستن). ئەوەتا هەر كاتێك مەیدانبازییە سیاسییەكان نەمێنن، پێكەوەژیانی سوننی شیعی دەگەڕێتەوە.

دەگەڕێینەوە بۆ ماوەی مۆدێرنە و بڵاوبوونەوەی بەكارهێنانی زاراوەی گەل. یەكێك لە تێكەڵییە هزرییەكان كە بە هۆی وەرگێڕانی هزری ڕۆژئاواییەوە دروست بووە، ئەوەیە كە وشەی ئوممەت وەك وەرگێڕاوی وشەی (Nation) لەقەڵەم دراوە. بەڵێ، ئەو وشەیە لە ئینگلیزیدا لە میانەی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵكیدا بەكار دێت، ئەمەش ئەوپەڕی ئەوەیە كە بە هۆیەوە لە چەمكی ئوممەت نزیك بێتەوە، بەڵام خۆی بە شێوەیەكی سەرەكی بۆ ئاماژەكردن بە واتای ڕەگەزنامە بەكار دێت. كەواتە ڕوون دەبێتەوە كە واتای مەبەست نزیكترە لە واتای وشەی

(گەل)ـەوە لە بەکارهێنانی هاوچەرخی زمانی عەرەبیدا، ئەمە بە جۆرێك لە پارێزگارییەوە دەڵێم، چونکە چەمکی (گەلان) کە لە قورئانی پیرۆزدا وەکوو هاوتا و هاوشانی چەمکی هۆزەکان (القبائل) هاتووە، پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەك هەیە لە چوارچێوەی ڕشتەبەندیی ئیسلامیدا. بەتایبەتی تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ڕەهەندە کولتوورییەکان لە وشە ئینگلیزییەکەدا (Nation) زەق نین، بەپێچەوانەی ئەوەی کە –پێمان وایە– لە زاراوە قورئانییەکەی (گەلان)دا هەیە.

چەمکی گەل لە میانە مۆدێرنەییەکەیدا، هەر لە سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەورووپییەوە پەرەی سەند، هاوشان لەگەڵ داخورانی سیستمێکی کۆن، کە کڵێسا ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەگێڕا. کیانە سیاسییەکانی ئەورووپاش چوونە نێو جەنگگەلێکی ئایینییەوە، کە چەندین دەیەی خایاند. بەدوایدا، لەپاش ڕووخانی کڵێسا، جەنگگەلێکی نەتەوەیی عەلمانی هات. بەو شێوەیە گەلانی ئەورووپا و دەوڵەتەکانیان دروست بوون، ئەمە وای کرد وشەی ئوممەت لە قووڵاییە ئەخلاقییەکانیەوە گونجاو نەبێت بۆیان.

رەنگە بوترێت، لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەوەی پێی دەوترێت (لێکتێگەیشتنی دیموکراسی) یان (موساوەمە دیموکراسییە گەورەکە) ئەنجام دراوە. ئەوە ڕاستە، بەڵام **لێکتێگەیشتنی دیموکراسی دواتر کراوە و نە لە سەرەتای ڕایەڵە ئەخلاقییەکەوە، نە پشتبەست بە سۆنگەی مرۆیی گرێبەستی سیاسی دروست کراوە، بەڵکوو بەپێ داڕشتەیەکی نەتەوەیی دروست کراوە، کە بە ڕایەڵەی وەهمیی بژاردەی نەژادی چنراوە.**

کێبڕکێی نێوخۆیی ئەورووپی لە ماوەی وێرانکاریدا، جەختی لە تام و بۆن و ڕەهەندە نەتەوەییەکەی چەمکەکە کردەوە، بەتایبەت کە خۆشگوزەرانیی گەلەکانی، پشتی بە ئاستی سەرکەوتن لە دزین و تاڵانکردنی سامانی گەلانی تر و بێبەشکردنی دراوسێ ئەورووپییە کێبڕکێکارەکەیان لەو دزییە، دەبەست. بەو

شێوەیە و لە دەرئەنجامی بەربەرەکانێی جەنگئامێزدا، دەوڵەتە (دیموکراسییە) نوێیەکان دروست بوون.

ئەو خاڵەی دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە کە لە میانەی ڕۆژئاوایی نوێدا، گەل و دەوڵەت پێکەوە دروست بوون، بە ڕادەیەك کە پێناسەکردنی یەکێکیان لە حاڵەتی نائامادەیی ئەوی تریاندا، ئاسان نییە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە هیچ فاکتەر و خاڵێکی هاوبەش لەنێوان گەلانی دەوڵەتانی ئەورووپیی تازەدروستبوودا نییە، ئەوەتا هۆزە ئەڵمانییەکان مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و خەڵکی فەڕەنساش زمانێکی هاوبەشیان هەیە... مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو دروستبوونە نوێیە، ئوممەتە بەخەیاڵکراوەکەی بە دەوڵەتە دروستکراوەکە تواندەوە. هەر بۆیە نووسینە ئەکادیمییەکان زاراوەی (nation-state) بەکار دێنن، کە خەتێکی بچووك لەنێوانیاندایە، وەك داننانێك بە پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان هەردوو پێکهاتەی زاراوەکە، هەر ئەمەشە بەشێوێنراوی وەردەگێڕێت بۆ عەرەبی بۆ وشەی (أمة/دولة) (ئوممەت/دەوڵەت)، ئەمە لە کاتێکدا کە پێویستە وەربگێڕێت بۆ (دولة/شعب)، (دەوڵەت/گەل).

### ٣. ئوممەت و شووناسی نیشتمانی

قسەکردن لەسەر ئوممەت پرسیارێك دێنێتە پێشەوە، لەمەڕ ئەگەری دژبوونی لەگەڵ پێکەوەژیان و ئاکارەکانی هاوڵاتیبوون و ئەوەی کە ئایا لەگەڵ ئینتیمابوون بۆ دەوڵەتێکی خاوەن دەستوور و یاسا بەیەکدا دەدەن.

چەمکی نیشتمان، چەمکێکە لە مێژووی موسڵماناندا باو نەبووە و زادەی ئەو کارە ئەورووپییانەیە کە ویستیان پەیوەندیی کۆمەڵگە بە کڵێساوە بپچڕن و ڕێگر بن لەوەی ئایینەکەی ببێتە ڕایەڵەی کۆکەرەوە کۆمەڵگە، بەڵام لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا، ژیانگوزەراندن لەگەڵ ئەوی تری ناموسڵماندا، چەند پاڵپشتییەکی

ئەخلاقیی هەیە کە سنووری ئەو سوودە هاوبەشە تێدەپەڕێنیت کە چەمکی نیشتمان دەیسەپێنێت، چونکە پێکەوەژیان لە دوو ڕووەوە لەسەر بنەماگەلێکی ڕەگداکوتاو بەرپا بووە: هاوتایی دروستکراوەکانی خوای گەورە و ئەوەی کە ئادەمیزاد هەموویان بۆ لای ئەفرێنەرەکەیان هەژار.، دووەمیش، هاوبەشییەکی ئەخلاقییە بە بەهاگەلێك کە پێغەمبەران پێی هاتوون، هەروەها ئامۆژگاری بە کردەوەی چاك و دوورکەوتنەوە لە تاوانە گەورەکان.

ئینتیمابوون بۆ ئوممەت، ئینتیمایەکی ئایینزایی بەرتەسك نییە و خواستی گوێڕایەڵیشی بۆ سەرکردەیەك نییە کە لە دەرەوەی ئیئتیلافی نیشتمانی بێت (بەڕیزپەڕکردنی لایەنی دوور لەلای شیعە)، چونکە ئینتیمابوون بۆ ئوممەت لەسەر ئاستی بەهاکان و ئەندێشەدا کار دەکات و لەبەر ئەوەی پێوەرەکان ئەخلاقی مرۆیی سنووربڕن و هەموو فرەییە میللی و کولتووری و ئایینییەکان لەخۆ دەگرن، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوە کردارییەکانی ئینتیمابوون لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاوێژکردنەوە تێدەپەڕن، هاوسۆزی زیانی پێ ناگەیەنێت.

شووناسە نیشتمانییەکان لە وڵاتانی موسڵماناندا، شووناسگەلێکی لۆکاڵین، لەنێو ئەو شووناسە ئیسلامییە گەورەیەدا جێ کراونەتەوە کە پەیوەستە بە چەمکی ئوممەتەوە. پێکەوەژیانیشیان لە نیشتماندا، پشت بە بنچینەگەلێکی ئەخلاقی دەبەستێت کە پەیوەستە بەو شووناسە گەورەیەوە. **بۆیە هەوڵدان بۆ سەربەخۆبوون بە ڕایەڵەی هاوڵاتیبوون، پێکەوەژیانێکی ڕاستەقینە ناهێنێتە دی، چونکە ناوەڕۆکی کولتووریی نییە، ئەمە وێڕای ئەو پەیکەرە سیاسییەی کە خۆی دەسەپێنێت و لەگەڵ واقیعی گەلاندا ئاوێتە دەبێت.**

پێویستە ئەوەش بێنینەوە یاد کە دەوڵەتە نوێیەکانمان، نە خزمەتگوزارییان پێشکەشی (هاوڵاتی) کردووە، نە شکۆمەندی و نە سەرکەوتنی گەورە و نە داهێنانی زانستییش. هەر بۆیە شووناسە نیشتمانییەکان، شووناسگەلێکی لۆکاڵین و

وابەستەی شوێنی گوزەران و ژیانن، واتە بەو شوێنەوە بەستراون کە بووەتە شوێنی (جێنشینی) کرداری و لەپاڵ شووناسێکی ژیاریی گشتگیرتر و قووڵتردا ڕێ دەکەن.

**گەل و شووناسی نیشتمانی، لە میانە ڕۆژئاواییەکەیدا**

بیرۆکەی دەوڵەت/گەل، لە میانەی بەربەرەکانێ لەسەر زاڵبوونی جیهانی پەرەی سەند، کە —لە ڕووی پەیکەربەندییەوە— هاوکات بوو لەگەڵ پێکهاتەگەلێکی سیاسیی نوێ، کە تێیدا جیاکاریی نیشتمانی بۆ شووناسەکان هەبوو، هەروەها هاوکات بوو لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەك لە پێکهاتەی کولتووریی کۆمەڵایەتیدا. بەو شێوەیە گیانێکی کۆکەرەوە دروست بوو، کە ماددەکەی بریتی بوو لە دەمارگیرییەکی نەتەوەیی کۆمەڵێکی مرۆیی، کە لە ساماندارییدا سەرکەوتوو بوون، بۆیە خاوەنەکانیان ئەو بڕوایەیان بۆ دروست بوو کە بەڕاستی نەژادی ئەوان نەژادێکی بەرز و پێشکەوتوو (متفوق)ە و پەروەردگاریش هەڵیبژاردوون و تایبەتمەندیی پێ داون بۆ ئەوەی لە جیهاندا ڕابەرایەتیی گەلە ئاستنزمەکان بکەن، ئا ئەمەیە (ئەرکی پیاوی سپێپێست) لە ئامادەکردنی جیهانی نەزان و تێنەگەیشتوو!

ئەم پێکهاتە نوێیە، پرسیارێك دێنێتە پێشەوە سەبارەت بە وابەستەیی دامەزراوەی دەوڵەت بە گەل و ئەو ڕایەڵانەی کە تاکەکانی گەل بەیەکەوە دەبەستنەوە. لێرەدا ڕۆڵی هزر و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هاتە پێشەوە و عەقڵانیەت بەپەلە هاتە وەڵامدانەوە: ئەوە یاسایە. کە یاسایەکی دانراوە، لە گیانی کڵێسایی ڕادەکات و لەسەر پرنسیپی سوود بونیات دەنرێت. سوودی هەژموونکار، خۆ هەژموونکاریش، ئەگەر هەڵبژاردنی خودایی یان نەژادی نەبووایە، نەدەبووە هەژموونکار، بە هەرحاڵ... ئەوان باوەڕیان وایە.

ئەو ڕشتە کۆکەرەوەیەی جێی کولتووری ئەورووپیی گرتەوە، ڕشتەیەکی عەقڵمەندانەی پێگەیشتووانە (صیغة رِشدانیة) بوو، کە بەپێی لۆجیکێکی پتەو کار

دەکات، لە کانگای فەلسەفەی وەزعییەوە هەڵقوڵاوە، لۆجیکێکە سیاسی بۆی نەرم دەبێت و قومارچییەکانی ساماندارییش پێی دڵخۆش دەبن.

من زاراوەی ڕەشدەنە (الرّشدَنة) –عەقڵمەندکردن و پێگەیاندن– لەسەر کێشی (العَقلَنة)، نەك ڕەشاد (الرَّشاد) –چاکی و دروستی–م بەکار هێنا، چونکە پرۆسەگەلێکی بەزۆرکراوی هەڵبەستراوی بەرتەسکی کوێرە لە ئاستی بیستنی داناییدا و ناتوانێت پەی بە واقیعی فراوانی مرۆیی ببات، تێگەیشتنی بۆ مرۆڤ لە پێداویستییە ماددییەکاندا کورت هەڵدەهێنێت و زیادەڕەوییشی تێدا دەکات.

لە ڕووی کردارییشەوە، ڕەشدەنە تەنها جەختی لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنانی ئابووری کردووەتەوە، ڕوونترین ڕووی گرفتی ئەم ئاڕاستەیەش بریتییە لە شەکەتکردنی ژینگە.

گرێبەستی کۆمەڵایەتیی نوێش، وێنەی خۆی لە پاشخانی مێژوویی گشتیی ئەورووپاوە وەرگرتووە، کە بریتییە لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمان و هۆگر و ئالوودەبوونی بە یاسا و ڕێکارەکانەوە.

**دارشتەی نوێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بووە بە داڕشتەی تاکگەلێکی پەیوەست بە سیستەمی فەرمانڕەوایی، لە ڕێگەی ڕشتەبەندیی مافەکانەوە. لەبەرانبەر وەلاء بۆ دەوڵەتێك کە بەڵێنی دەوڵەمەندبوون دەدات و یارمەتیدەر دەبێت بۆ چێژوەرگرتن، هاوڵاتی ملکەچ و گوێڕایەڵ دەبێت، ئەمەش جگە لە بەڵێندان بە بەهەشتێکی سەرزەمینیی شتێکی دی نییە، پاش ئەوەی لە کولتوور و زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤیشدا دوو دید دروست بوون: دیدی فرۆیدی و دیدی داروینی. دیدە فرۆیدەییەکە مرۆڤی وەك سندووقێکی ئارەزوو و شەهوەتی هەڵپەکەر و دەستدرێژیکاریی کڵپەسەندوو (لۆپیدۆ) وێنا کرد، دیدە داروینییەکەش یاسای دارستانی بەخەیاڵکراوی داڕشت: مانەوە بۆ دڕندەترینە. ئا ئەمە میانەی هزریی**

وێناکراوە، کە چەمکی هاوڵاتیبوونی ڕۆژئاوایی لەسەر بنیات نراوە و شووناسەکان تێیدا گەشەیان کردووە.

ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە، چونکە کاتێك شووناسی ئەو گەل/دەوڵەتانە دروست بوون، دانیان بە هەموو گرووپە دانیشتووانییەکانیاندا نەدەنا، ئەمە تەنها لەو دەوڵەتە بچووك و کەنارگیرانەدا ڕووی دا کە بە نیاز و تینەوە نەدەچوونە جەنگەکانەوە کە خۆیان کۆمەڵگەگەلێکی زۆر ئاوێتە و تێکەڵ بوون، وەکوو دەوڵەتە ئەسکەندەنافییەکان، بەڵام دەوڵەتەکانی تر، کۆمەڵە کۆچکردوو و کۆچپێکراوەکان و ئەوانەشی کە بەزۆر گواستراونەتەوە و دانیشتووانی ڕەسەنیش لە دەفری دەوڵەتی نوێی بەهێزدا توێنرانەوە، پاش ئەوەی کیانی کولتوورییان لەناو برا و بۆ تەنها کۆمەڵە کەسێك گۆڕا و دواتر لەسەر شێوەی (کەمینەگەلێك)ی بێزراو یان نیمچەبێزراو داڕێژرانەوە. پاش ئەوە —نەك لە پێشیدا—، ئەم کەمینانە لە هاوکێشەی دیموکراسیدا هاوبەش کران و گریمانەی ئەوە کرا کە لە ڕووی ڕێکارەوە لەگەڵ ئەوانی دی یەکسانن، لەگەڵ ئەوەی کە نە لە سامان و توانا و شایستەیی و هێز و دەسەڵاتدا یەکسانن و نە لە توانای کردەیی بۆ بەشداریکردنی دادگەرانە لەو پرۆسە دیموکراسییەدا یەکسانن، کە لە بنەڕەتدا پشت بەوە دەبەستێت کە ئەوان نییانە.

# کۆتایی

ئوممەت لە یەك کاتدا حەقیقەتێکی بینراو و دیدگایەکی نەبینراوە، ئەو ئێستایەکی گوزەراوە، چونکە بە مەنهەج و ڕێبازێکی ڕوون گۆش کراوە، هەروەها ڕابردووە و لاواز نەبووە و هێزی لێ نەبڕاوە، چونکە مەنهەجەکەی ڕەگی داکوتیوە. ئوممەت گەنجینەی بەهاکانە، لەوەیدا کە لەگەڵ بەهاکانی ئیسلامدا ژیاوە و هەوڵی داوە ئەخلاقی خۆی پێیان گۆش بکات.

هەروەها ئوممەتێکە، بەو هەموو شتانە تاقی دەکرێتەوە کە مرۆڤیان پێ تاقی دەکرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لەسەر گومڕایی کۆ نابێتەوە، بۆ ئەوەی پشت بە ڕێگا و ڕێبازی ڕاست و ڕوون و درەوشاوە ببەستێت. ناکرێت چەمکی ئوممەت لە واتای سیاسیدا کورت هەڵبهێنرێت، کە هەندێك جار ئەو واتایە بە هۆی حاڵەتی ململانێ و تانەوتەشەر لەگەڵ هێزی دوژمندا زاڵ دەبێت، هەروەك چۆن ئوممەت تەنها ناوەڕۆکی دانیشتووانی موسڵمانان نییە لە شوێنە جیاوازەکانیانەوە.

هەرچی چەمکی گەلیشە، بەکارهێنانی نوێی پەیوەستە بە بیرۆکەی نەتەوەگەری و چوارچێوەی دەوڵەتەوە. لە کۆتاییدا، ڕایەڵەی ئوممەت دژی ڕایەڵەی پێکەوەژیانی ناوخۆیی نیشتمانی نییە، چونکە هەردووکیان لە دوو پانتایی جیاوازدا دەجووڵێن، بەڵکوو دەکرێت ئوممەت سەرچاوەی دەمارگیری و کورتبینی و کورتهەڵهێنان و ئایین گۆڕین لە هاوڵاتیبوون دەربهێنێت و لەسەر هاوبەشە مرۆییەکانی بەها باڵاکان دایبڕێژێتەوە.

# بەشی چواردەیەم:
# دەوڵەتی موسڵمانان و سروشتی فەرمانڕەوایەتی

جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان سروشتی دەوڵەت لە میانەی مۆدێرنە و پێگەی دەوڵەت لە کۆمەڵکاری گشتی لە مێژووی موسڵماناندا هەیە. ئەمەش تەنها بە مێژووی موسڵمانانەوە تایبەت نییە، بەڵکوو بۆ مێژووی هەموو سیستمە سیاسییەکانی پێش مۆدێرنە وایە، بەڵام لە حاڵەتی موسڵماناندا زیاتر دەردەکەوێت.

**١. لەدایکبوونی مۆدێلەکە**

کاتێك پێغەمبەری سەرکردە (دروودی خوای لەسەر) لەنێو موسڵمانان و کۆمەڵگەدا نەما، سێ هەڵوێست بۆ فەرمانڕەوایەتی دەرکەوتن: یەکەم، بریتی بوو لە لەپێشینەیی خزمانی پێغەمبەر بۆ فەرمانڕەوایەتی، ئەمەش لە هەڵوێستی (عەلی) و وتەکەی (عەباس)ەوە دەرکەوت. دووەم، بریتی بوو لەوەی کە دەکرێت ناوی بنێین (خەڵکی مەککە لە دۆڵەکانی شارەزاترن)، کە لە هەڵوێستی (سەعدی کوڕی عوبادە)دا بەرجەستە بوو. سێیەمیش، هەڵوێستی (ئەبو بەکر) و (عومەر) [خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت] بوو، کە دەڵێت کێ زۆرترین بەڵا و تاقیکردنەوەی بەسەر هاتبێت، ئەوە بۆ فەرمانڕەوایی شیاوترە، هەر ئەم هەڵوێستەش بوو کە زۆرینەی هاوەڵان ڕایان لەسەری بوو.

ئەم سێ هەڵوێستە شۆڕشێك بوو لە تیۆری فەرمانڕەوایەتیدا، کە لە هەناویدا ڕەتکردنەوەی چەمکە نەفامییە باوەکانی فەرمانڕەوایەتیی هەڵگرتبوو:

(١) چونکە وا سەیری فەرمانڕەوایان دەکرد کە جێگر و نوێنەرێکی ئوممەتە، کە ڕەوایەتیی پۆستەکەی لە بەبریکارکردنیەوە وەردەگرێت.

(٢) لەبەر ئەوەی هیچ پیرۆزییەکیان بە پۆستەکە نەدا، لەگەڵ قووڵیی ئایینداری لە کۆمەڵگەدا.

(٣) لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوایان وەك جێنشینی پێغەمبەری خودا دانا، بە واتای تەواوکردنی ئەرکی بەدیهێنانی دیدگای ئیسلام لە واقیعدا و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەسەر ئەو شێوازەی کە ئیسلام دەیخوازێت.

(٤) هەروەها لەبەر ئەوەی وای دانا کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، مەرجدارە بە گوێڕایەڵیکردنی بۆ ئەو شەریعەتەی کە کۆمەڵگە باوەڕی پێیەتی، هەروەها بە بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتی سیاسی لە سەرپەرشتیکردنی بەندەکانی خودا.

(٥) لەبەر ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی دەسەڵات بە ڕێگەی ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگە و بەتایبەت متمانەپێکراوەکانیان، تێدەپەڕێت.

هەڵوێستەکانی سەقیفەش —کە دواتر بۆ تیۆر گۆڕان—، هەڵگری کەموکورتیی مرۆیی بوون و لەگەڵ خۆیشیاندا شارەزایی سیاسییان بۆ ئەو نەوانە و بۆ ئەو چەردە مێژوویە پێ بوو، چونکە لە هەڵوێستی (لەپێشینەیی خزمان)دا، خواستێکی هۆزگەرایەتی هەبوو، کە وەڵامدەرەوەی خواستە سیاسییەکانی ئەو کۆتا پەیامە نەبوو کە سنوورەکانی خزمایەتی تێدەپەڕێنێت، هەڵوێستی (لەپێشینەیی سەردارانی مەدینە)ش نەدەگەیشتە ئاستی سروشتی جیهانیی ئەو پەیامەی کە ناکرێت لە تەنها شوێنێکدا قەتیس بکرێت و ئەو ڕایە پێگەیشتووە پەسەند کرا، کە لەگەڵ فراوانیی پەیامەکە لە دەسەڵاتدان بە کەسی پارێزەر و زانا و بەهێز و ئەمین دەگونجێت، کە هەردوو مەرجی شیاوی و لێهاتوویی و قووڵیی پابەندی لە یەك کاتدا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە.

پێویستە لێرەدا دڵنیایی لەوە بدەینەوە کە هەریەك لە چوار جێنشینە ڕاشیدەکە، لەگەڵ جیاوازیی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیان پێش ئەوەی بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتی وەربگرن، لە چەسپاندنی کاروانی نوێی بانگەوازدا بە ئەزموونی تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانە و باشدا تێپەڕیون.

جێی سەرنجیشە کە سێکوچکەی هەرسێ هەڵوێستەکە، دیدگایەکی (بەرژەوەندیخوازی)ی هەبوو، بە چەمکی ئوسوڵی فیقه بۆ بەرژەوەندی، هەروەك چۆن لە کاتی ناکۆکییەکەدا لە بەڵگەهێنانەوە بە ئایەت و فەرموودە ڕۆنەچوون. بەڵگەهێنانەوەی (ئەبو بەکری)ش بە ئایەت لە هەردوو چەمکی ڕاستگۆیان/کۆچکەران و سەرفرازان/پشتیوانان، بەوەشەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾، بەڵگەهێنانەوەیەکە بە گشتاندنی وشەکە، وەك ئاماژەیەك بۆ واتا جێبەجێکارییەکەی لە تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانە و باش و پێشینەیی لە وەرگرتنی ئایینی ئیسلام و بانگەوازبۆکردنی و جیهادکردن بۆ دامەزراندنی و خزمەتکردنی ئامانجەکانی.

ئا ئەمەیە میانەی واتای ئایەتەکان کە هیچ ئاماژەیەکی بۆ واتای پەیوەندیی خوێن یان ڕایەڵەی هۆز و نەتەوەگەرێتیی تێدا نییە، بەڵام ئەو مانایەی کە دروست نییە "جێنشینی لە قورەیشە"، ئەوە (ئیبن خەلدوون) لە هەڵە تێگەیشتنی ڕزگاری کردووین و وتەکەی ئەومان بەسە لەو بارەیەوە.

واتە مشتومڕی سەقیفە، مشتومڕێکی سیاسی بوو، سەبارەت بە خەمی بەهێزکردنی بوونی موسڵمانان گوزەرا. لە گوزارشتی نوێدا، ئەو دیدگایەی کە هەرسێ لایەنە جیاوازەکە پێشکەشیان کرد، ئەمڕۆ بە "مەدەنیەت" وەسف دەکرێت، چونکە مشتومڕێك بوو لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، ئەو دیدگایەش نە عەلمانییە و نە تیۆکراسییە. بێگومان ئەو مشتومڕە، مشتومڕێکی ئایینیی ئیسلامی بوو، واتە لە چوارچێوەی جیهانبینیی ئیسلام بۆ بابەتی فەرمانڕەوایی و کاری فەرمانداریێتی داڕێژرابوو. هەروەها دیدگایەکی ئایینی نەبوو (لە چوارچێوەی چەمکی عەلمانی بۆ ئایین)، بە واتای بە ڕەوایەتیدان بە واتا غەیبییەکان.

**لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە، لەو ڕۆژەدا مشتومڕەکە فیقهی نەبوو بە واتای یاسایی، بەڵکوو مەبەستگەرایی بوو، بابەتی سیاسەت و بەڕێوەبردنی ئوممەتی لەو**

**شته ئاساییانه دانابوو که حوکم تێیدا بەپێی بەدیهاتنی مەبەستە باڵاکانی شەریعەت دەگەڕێت و ئامانجی بەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانە، کە دادگەری و چاکە تێیدا سەروەر بن.**

ئاماژەش بەوە دەکەین کە سەرنجدان لە مەرجە بابەتییەکانی نۆبەرەی سیستمی فەرمانڕەوایی موسڵمانان، کارێکی گرنگە.

بەڕاستی ئەو سیستمە سێ تایبەتمەندی جیای دەکاتەوە: بچووکیی ئەو ڕووبەرەی کە لەژێر قەڵەمڕەویدا بوو، کەمیی ژمارەی دانیشتووانەکەی، جۆرە تایبەتەکەیان. دەوڵەتی موسڵمانان لەو ڕۆژگارەدا، لە ڕووی دامەزراوەییبوون و گەڵاڵەبوونەوە، تەنانەت بە پێوەرەکانی ڕۆژگاری خۆیشی، بەتەواوی واتای وشەکە دەوڵەت نەبوو، بەڵکوو ئەو لەو کاتەدا هێشتا بە گەورەیی پاکیی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام دەجووڵایەوە و هەوڵی پێشکەشکردنی دیدێکی نوێ بۆ مرۆڤ و بوونەوەر و کۆمەڵکاری دەدا و لە خەمی دابەزاندنی ئەو مۆدێلە نوێیە بۆ واقیع بوو، لەپاڵ ئامادەسازی بۆ بەدیهێنانی مەرجی جیهانیبوون، بە دەرکەوتن و درەوشانەوە و فراوانبوون، وەک ڕشتەبەندێکی گۆڕانکاری کە هۆشیارانە و بەبێ بەهانە هێنانەوە، گۆڕانکاریی ڕیشەیی بۆ شتە باوە خراپەکانی سەردەمی خۆی بکاتە ئامانج، بۆ دەرکردنی بەندەکان لە بەندایەتیکردنی بەندەوە بۆ بەندایەتیکردن بۆ پەروەردگاری بەندەکان.

**٢. بنیاتنانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی**

هاوکات لەگەڵ کاروانی سیاسیی ئەزموونی یەکەمی موسڵماناندا، سێ پەرەسەندنی یەکلاکەرەوە ڕوویان دا: هاتنەناوەوەی چەندین ڕەنگ و نەتەوە و ئایینی تر بۆ ژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایی، چالاکیی ئابووریی بەپیت و فراوانبوونی ڕووبەری فەرمانڕەوایی.

ئەم پەرەسەندنانە چەند ئالێنگارییەکیان سەپاند، کە لە ئاستی ئامادەکاریی سیستمی فەرمانڕەوایی و شارەزاییەکەشی بەرزتر بوون و وەک هەوڵێک بۆ

لەخۆگرتنی دژیەکییە نوێیەکان، هەستا بە لەکارخستنی ئەو ڕشتەبەندەی کە هەبوو یان بەربەرەکانێکردنی. لە کۆتاییدا سەرکەوتنیش هەر بۆ مۆدێلی فەرمانڕەوای بەهێز بوو، هەرچەندە نەدەگەیشتە ئاستی مۆدێلی چوار جێنشینەکەی یەکەم.

دەسەڵات وەرگرتنی (موعاویە)، لە ڕووی بابەتییەوە بەتەواوی جێی تێگەیشتنە، چونکە تاکە پڕۆژەی سیاسی بوو کە:

(١) توانیی سروشتی کۆمەڵگەی گەورە قبوڵ بکات، نەك تەنها کۆمەڵگەی چاك بۆ مەدینە.

(٢) توانیی سوود لەو میکانیزمانەی بەڕێوەبردن وەربگرێت، کە لەلای گەلانی تر هەبوون.

(٣) توانیی پەی بە سروشتی ئەو ئاڵینگارییە جیهانییانە ببات، کە دەوری دەوڵەتیان دابوو.

کاتێکیش واقیعیبوونی ڕۆڵ لەلای ئەو بەسەر ئایدیاڵیبوونی پرنسیپدا زاڵ بوو، میراتگری دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ و ئەو شتانەی کە بەدوایدا هاتن لە سزادانی نەیارە پاکەکان، نسکۆیەکی ئەخلاقی و لادانێکی گەورە بوو لە ڕێبازی فەرمانڕەوایەتی، کە دواتر لێکەوتەکانی دەرکەوتن.

لەو ڕۆژگارەدا، کۆمەڵگەی موسڵمان نەیتوانی دووربینیی عومەرییانە کارا بکات. **هەرچەندە سەرکردایەتیکردنی عومەرییانە، پێگەیشتنێکی سیاسیی وای بەرجەستە کردبێت کە ئەوانەی دوای خۆی ماندوو کردبێت، باش وایە دوو پرنسیپ، کە ئەو جۆرە سەرکردایەتییە چەسپاندی، بەتایبەتی سوودیان لێ وەبگیرێت: یەکەم، لێپرسراوێتیی فەرمانڕەوا لە هەموو ئەوانەی کە بەڕێوەیان دەبات، ئەگەر بزنێکی لای کەناری فوراتیش بێت. دووەم، دابینکردنی ئارامی و جێگیریی سیستمی گشتی و بەردەوامبوونی لە ڕێگەی سپاردنی سەرکردایەتی —لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵاتدا— بە کۆمەڵێك کەسی ئەزموونداری تاقیکراوە، کە کۆمەڵگە باشترینیان**

**هەڵبژێرێت.** وەکوو هەموو بیرۆکەکانی پێش خۆی، کۆمەڵگە نەیتوانی ئەمیش لە واقیعدا بەدامەزراوە بکات.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە میانەی بابەتەکەماندا، ئەوەیە کە چەمکی دەوڵەت و ڕۆڵەکەی لەدەوری بیرۆکەی توانای خزمەتکردنی بەرژەوەندیی موسڵمانادا کۆ بووەتەوە. ناکۆکیی تیۆرییش لە دروستیی جێنشینیی بەباشدانراو لە کاتی بوونی باشتردا، لە کۆتاییدا دڵنیایی لەسەر لەپێشینەیی بەرژەوەندیی باڵای لە کۆبوونەوەی موسڵمانان و پاراستنی بوونیان داوە، ئەگەر ئەو بەباشدانراوە شەرعی خودا بەرپا بکات، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، سۆزی بۆ جیهانی پاکی ڕۆژگاری سەرەتای بانگەواز نەبووە، بەڵکوو پەرەسەندنە کردارییەکان ورووژاندیان کە بەدوایدا مشتومڕی دووردرێژ لەبارەی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکان و یەکلاکردنەوەی باشترینیان هات، لەنێوان نموونەی خوازراو و ئەوەی لە واقیعدا گونجاو و مومکینە، ئەمە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و هزری.

لەسەر ئاستی کردارییش، هەڵوێستەکان جیاواز بوون، لەنێوان پاشەکشە و کەنارگیری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنبوون و شۆڕش. هەر بۆیە شێوازەکانی ململانێ و پێکداهاتن لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییە-سیاسییەکاندا هەمەجۆر بوون، وەك دەرچوونی (حوسەین) لە میراتگریی (یەزید) و شۆڕشی (ئیبنو زوبەیر) بەسەر ئومەوییەکاندا و (موحەمەد ئەننەفس ئەززەکییە) بەسەر (بەنی عەباس)دا. بەگشتی شەپۆلی ئۆپۆزسیۆنبوون لە سەرەتاکەیدا ئامۆژگاری و بیرهێنانەوە بوو، لە ناوەندیشیدا هەڵوێستی هەوڵدان بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی فەرمانڕەوایی، هەرچەندە لەوپەڕی شەپۆلەکەدا دیمەنی هەوڵەکانی ڕەوایەتی سەندنەوە لە فەرمانڕەوا زاڵ بوو.

لێرەدا پێویستە ئاگایی بدەین کە **ئەو شۆڕشانە شۆڕشگەلێکی (سوننی) بوون، بە دەرچوونەکەی حوسەینیشەوە، بە واتاکەی دواتری یان بە واتای هاوچەرخ،**

**شیعی نەبوو.** لەگەڵ ئەوەی ڕای زاڵ و مەیلی دەروونیی گشتی لەگەڵ پاکی و بێگەردیدا بوو، بەڵام زۆربەی هاوەڵان –دوای ئەوانیش شوێنکەوتووان– بەرژەوەندیی ئارامی و کۆبوونەوەیان بەسەر پاکی و بێگەردیدا پێش خست.

ڕەوایەتی فەرمانداریی ئومەوی، تەنها پشتی بە زاڵدەستی نەبەستبوو، بەڵکوو لەوە گرنگتر سەرکەوتنی وەزیفی بوو، چونکە ئومەوییەکان ڕێگا (نوێییەکانی) بەڕێوەبردنی سەردەمی خۆیان لە گەلانی ترەوە وەرگرتبوو و ڕێبازی میراتگریی دەسەڵاتیان جێبەجێ دەکرد، کە لە جیهانی ئەو کاتەدا باو بوو. **دەستەبژێرێکیش لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان واقیعەکەیان قبوڵ کرد –هەرچەندە بە نابەدڵی و پێناخۆشبوونیشەوە بووبێت– پشتبەست بەوەی کە ئەوە لەو دەروازەیەوەیە کە تەنها ئەوە لە توانادایە، بەتایبەت لە کاتی نەبوونی جێگرەوەیەك کە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت.**

ئەو پراگماتییە ئومەوییە، لای ئەوانەی کە بەبێ وردەکاری بە مۆدێلی دیموکراسی دڵخۆش دەبن، لە پراگماتیەتی ئەمڕۆ دەچێت. بە ئەندازەی توانای کەسێك کە ئەوەی دەیەوێت سوودی لێ ببینێت بۆ بەشە سەرەتاییەکانی هەڵیبوەشێنێت و لە چوارچێوەی دیدگایەکی تایبەتدا دایبڕێژێتەوە و ڕێکی بخاتەوە و لەگەڵ ئەو واقیعەی کە تێیدا دەگوزەرێت، بیگونجێنێت... بە ئەندازەی داهێنەرایەتیی ئەو پڕۆسەیە، سیستمێك دروست دەبێت کە خاڵی بێت لە دژیەکی نێوخۆیی لەنێوان نموونەی خوازراو و واقیعی تاڵدا و لەگەڵ ئەو واقیعەدا هەڵ بکات و بەسەریدا باز نەدات. بەڕاستی –لەگەڵ لێزانییان لە کارگێڕیدا– ئەو مەرجە داهێنەرانەیە نەهاتە دی، بۆیە ئەو ئەزموونە کێشەی ئەو ساتەی چارەسەر کرد بۆ ئەوەی بەدوای خۆیدا کێشەی تر بهێنێت و بەشداریش بوو لە دروستکردنی دابڕانی سیاسی لەنێوان خامەبەدەستان و شمشێربەدەستان، کە دواتر پەرەی سەند.

### ٣. سیستمێکی پادشایەتی نییە

پێویستە بە هەستێکی مێژووییانە مامەڵە لەگەڵ ئەزموونە مێژووییەکان بکەین و ئێستا —بە میانە و زاراوەکانیەوە— بەسەر ڕابردوودا نەسەپێنین.

فەرمانڕەوایی میراتگرییانە لە مێژووی موسڵماناندا، بەو واتایەی ئەو وەسفە دەیخوازێت لە ڕووی مۆدێل و تایبەتمەندییەوە، پادشایی نەبوو. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەو ئوممەتە بۆ نموونە، وەك ئەوە سەیری جێنشینیان نەدەکرد کە لە بەرەبابێکی پیرۆزە، باوەڕیشی وا نەبوو کە بنەماڵەی فەرمانڕەوا لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراون، بەڵکوو ئەو خەڵکەی فەرمانڕەوایی دەکران، بە دوو چاو سەیری دەستەبژێری فەرمانڕەوایان دەکرد: چاوێك کە ڕێز بۆ دەستکەوتەکان و کۆکرنەوەی وتەی موسڵمانان و پاراستنی شکۆمەندییان دادەنێت، چاوی دووەمیش وا سەیری دەستەی فەرماڕەوای دەکرد، کە لە پاکی و بێگەردیی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و لە کاروانی چوار جێنشینە ڕاشیدەکە لایان داوە، بۆیە لە خواستی تەواوکاری لە ئاییندا دوور کەوتوونەتەوە. لە بەرانبەریشدا، خەڵکی لە نوێنەری ڕاستەقینەی ئایین دڵنیا بوون، کە بریتین لە زانایان و پیاوچاکان، لەوانەی ئەقڵ و دڵەکان بۆیان بەجۆش بوون.

بابەتەکە زیاتریش ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر ئەوە بهێنینەوە یاد کە سایەی پیرۆزی بە شێخەکانی ڕێبازی سۆفیگەرێتی نەك سەرۆکە فەرمانڕەواکان، درابوو. لە سەردەمەکانی دواییشدا، کە بیرۆکەی پیرۆزیی فەرمانڕەوا لە هەندێك باردا، دزەی کرد بۆ ناو کولتووری سیاسیی موسڵمانان، سەرچاوەی ڕەسەنی هزری ئیسلامی، ڕێك و پاك و پوختەی کردەوە. بۆ نموونە، کولتووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور، جۆرێك لە پیرۆزییان بە بەرەبابی پادشاکان بەخشیبوو، بەڵام کاتێك ئیسلام چووە

ئەو ناوچانەوە، چەمکەکە گۆڕا بۆ ئەوەی واتای گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر بدات، کە لە دوورگەکانی (مەلایۆ) و چەند شوێنێکی (ئەندۆنوسیا)، لە نازناوی "داتۆ"دا ڕەنگی دایەوە. هەروەها بیرۆکەی پادشایەتی لە ئەزموونی موسڵماناندا پڕاوپڕ نەبوو، چونکە خێزانەکان بەدوای یەکدا دەهاتن و بە درێژایی ساڵەکان بەبەردەوامی یەك خێزان فەرمانڕەوایی نەدەکرد، بەڵکوو کاتێك نەیتوانییایە کارەی بەباشی ئەنجام بدات، دەگۆڕا. ئەزموونی فاتیمییەکانیش ڕیزپەڕێکی تێدایە کە جەخت لە ڕێساکە دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی ئیسماعیلیی شاز بوو، نەك ئەزموونێکی سوننی. ئەوەشمان لەبیرنەچیت کە ئەو دەوڵەتانەی مەیلێکی شیعەگەرێتییان تێدا دەرکەوتووە، بە هەمان شێوە و توندتریش لە هێڵی گشتیی کاروانی ئیسلام، میراتگری بوون.

**خشتەی: بەراورد لەنێوان مۆدێلی دەوڵەتان لە ڕەهەندە ئایینییەکەیەوە**

| دەوڵەتی موسڵمانان بەم واتایانەی خوارەوە، دەوڵەتی ئایینی نەبوون | دەوڵەتی موسڵمانان بەم واتایانەی خوارەوە، لە ڕووی ئایینییەوە ئیلهاممەند بوون |
|---|---|
| ١. فەرمانڕەوا یان دەستەی فەرماڕەوا، لەلایەن خوداوە ڕانەسپێردراون. | ١. فەرمانڕەوا و دەستەی فەرمانڕەوا، جێنشین کراون لە ئەمانەتی بەرپاکردنی ڕاستی. |
| ٢. فەرمانڕەوا یان دەستەی فەرماڕەوا، تایبەتمەندیگەلێکی پیرۆزییان هەیە. | ٢. فەرمانڕەوا و دەستەی فەرمانڕەوا، مرۆی بەرپرسن لەو خەڵکەی کە سەرۆکایەتیی کاروباریان دەکەن. |
| ٣. بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی بەپێی غەیبێکی تایبەت بەڕێوە دەچێت، کە لە ئوممەت شاراوەیە. | ٣. بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی لە شەریعەتێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕووی ئەقڵییەوە جێی تێگەیشتنە و ئوممەتیش مەبەستەکانی بەدی دەهێنن و زانایانیش ڕوونی دەکەنەوە. |
| ٤. دەستەبژێری ئایینی، دەسەڵاتە باڵاکانی فەرمانڕەوایی وەردەگرن. | ٤. ئەهلی زانست و لەخواترسان، دەسەڵاتی باڵا لە کۆمەڵگەدا دەگرنە دەست، کۆمەڵگەیەك کە خۆی سەرچاوەی ڕەوایەتیی سیاسییە. |
| ٥. بڕیاردان لەبریی خەڵك بەڕەهایی، مەرجەعێکی مرۆیی نییە. | ٥. بڕیاردان دوای چەند ڕاوێژێك لە ئاستی جیاواز لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، دەبێت. |

له هەموو ئەوانە گرنگتر، ئەوەیە کە دەسەڵاتی حکومەتی موسڵمانان شەرعێك له دەرەوەی خۆی کۆتداری کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە دادگا سەربەخۆیە، واتە پرنسیپی جیاکردنەوەی ڕێژەیی دەسەڵاتەکان واقیع بوو و یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی ڕشتەبەندەکە، بەبێ ڕەچاوکردنی بوونێکی دامەزراوەیی ڕوون.

### ٤. سیستمی پێسپاردن (التعهید)

ئاڵینگاری میتۆدی لە وەسفکردنی سروشتی دەوڵەتی موسڵمانان لە مێژووماندا، دۆزینەوەی زاراوەیەکە کە لە یەك کاتدا بۆ ئەم سەردەمە جێی تێگەیشتن بێت و تا ڕادەیەکی باشیش بەدروستی بەسەر وەسفکراوەکەدا جێبەجێ ببێت.

با دوو نموونە لەسەر ئاڵینگاری زاراوەیی بهێنینەوە، یەکێکیان ئابووری و ئەوی دی سیاسی. سیستمە هۆزگەرییە کۆنەکان، هاوبەشییەکی گەورە لە ماڵ و سامانیاندا هەبوو، تا وای لێ هاتبوو خەریك بوو ساماندارێتی تەنها لە چەند کەلوپەلێکی کەسیدا کورت هەڵبێت، تەنانەت کەلوپەلە کەسییەکانیش وەك نەریتێکی سەپاو، ملکەچ بوون بۆ خواستن. ناکرێت ئەم ڕشتەبەندە بە شیوعی وەسف بکرێت، وەك ئەوەی مارکسییەکان ڕۆژگارێك خەونیان پێوە دەبینی، چونکە ئەمەیان لە گیانی (لێبووردەیی)ەکەیدا و لە هزرە فەلسەفییەکەی (پیرۆزیی سروشت) و دیسپلینەکانیشیدا جیاوازە. سیستمی سیاسیی لە (فەڕەنسا) و (سەنگاپوورە)ش دیموکراسییە، بەڵام جیاوازیگەلێکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، چونکە یەکەمیان بەرئەنجامی فەلسەفەی لیبراڵیی ڕۆشنگەرییە و دووەمیشیان زادەی کولتووری کۆمەڵیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، بۆیە تەنها لانی کەمی وەسفی دیموکراسی کۆیان دەکاتەوە.

ئاسان نییە وەسفێك بێنین کە کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکانی ڕشتەبەندیی فەرمانڕەوایی مێژووی موسڵمانان بە هەموو تایبەتمەندی و دەرهاویشتەکانیەوە

بێت، بەڵام **دووان لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵکاریی سیاسیی موسڵمانان، لە ڕەهەندی کۆمەڵکاریی ئوممەت و ڕەهەندی دادگەریدا، خۆیان دەبیننەوە.**

پاساوی جەختکردنەوە لەو دوو ڕەهەندە، بریتییە لە ئامادەیی چڕوپڕی پرسی شکۆی موسڵمانان و ئاساییشیان، بە هۆی زۆری و ئاشکرایی و توندیی دژایەتیی دوژمنان و بۆ وەسفکردنی فەرمانداریییەکە بە چاك، کاتێك کە ستەم و نادادیی تێدا نەبێت یان کەم بێت. کاتێکیش، لەدوای فراوانبوونی جوگرافی و زیادبوونی زۆر لە ژمارە و هەمەجۆریی ئایینی و کولتووری و زمانی، مەرجی بابەتیی کۆبوونەوەی ئوممەت گۆڕا، چەمکی جێنشین پەرەی سەند بۆ ڕەهەندێکی سونبولی بۆ سیاسەتی ئوممەت، بەبێ بوونی فەرمانداریێتیی ڕاستەوخۆ و دەسەڵاتی تەواو. ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەپێی ئەم تێگەیشتنە، وەسفی هەندێك لە نووسینە هاوچەرخەکان بۆ چەمکی جێنشین بەوەی کە بەهای نییە، دەبێتە وەسفێك، کە هەستی مێژوویی بەهەند وەرنەگرتووە.

بەدواییەکداهاتنی کاری بەڕێوەبردنی کرداری لە شوێنە جیاوازەکاندا سروشتی بوو، چونکە ئەرکە ڕەمزییەکەی لەسەر سوك کرابوو و ئەرکی وەزیفیی بەدیهێنانی دادگەریی لەسەر بوو. لەگەڵ نەبوونی میکانیزمی ڕادەستکردنی دەسەڵات و مومارەسەکردنی لەسەر ئاستی هەرێمەکان، بە شێوەیەکی ڕوون بەسترابووەوە بە هاوکێشەی بەهێزی ئەمینەوە، چونکە کاتێك گەلێکی لاواز کاری موسڵمانانیان لە دەستدا بووایە، گەلێکی تری بەهێز و یەکگرتوو دەهاتنە پێشەوە کە بتوانن بەباشی بەو ئەرکە هەستن. بۆیە من پێشنیار دەکەم کە **نزیکترین شت بۆ دیاریکردنی جۆری فەرمانڕەوایی لە زۆربەی مێژووی موسڵماناندا، زیاتر لە بریکاردانان (التوکیل)، یان پێسپاردن (التعهید) دەچێت، کە ئەمڕۆ لە جیهانی کارگێڕیدا باوە.** واتە بارودۆخە بابەتییەکان پاڵ بە کەس و گەلی بەتواناوە دەنێن، بۆ وەرگرتنی سەرکردایەتی لە ڕێگەی زاڵبوونی و سەرداریی زبر یان نەرمەوە.

جێنشینی عەباسی لە ماوەی دووەمیدا تا ئەندازەیەکی زۆر ببووە ڕەمزی، لە ڕاستی و واقیعیشدا خێزانگەلێك فەرمانڕەواییان گرتە دەست، کە کاراییبوونی خۆیان سەلماندبوو و بە جۆرێك لە جۆرەکان گەیشتنە پلەی فەرمانڕەوایی. تۆلۆنی و حەمدانی و حەفسی و مورابیت و غەزنەوی و سەلجوقییەکان...، خێزانگەلێك بوون کە خزمەتکردنی موسڵمانان و سەرکردایەتیکردنی سیاسییان لەژێر وەلائی گشتی و بەیعەت بە جێنشین لە ناوەند، لەئەستۆ گرتبوو. وەك ئەوەی بڵێی ئەو جۆرە ڕەنگدانەوەیە بۆ هەستی ئینتیما بۆ ئوممەت و لێکەوتە سیاسییەکەی لە جێنشینییەکی کۆکەرەوەدا دەگێڕێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتە لۆکاڵییەکان خۆیان پڕۆسەی سیاسییان ئەنجام دەدا.

تەبەنیکردنی چەمکی جێنشین (بە واتای بەردەوامیی ئەو بزاڤە سیاسییەی کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) دەستی پێ کردبوو) و دواکەوتنی دەرکەوتنی چەمکی سوڵتان، لێرەدا دەبنە گەواهیدەر. دەوڵەتی عوسمانی و دووریی لە ڕووی کاتەوە، بۆ بەدیهێنانی کرداریی واتای جێنشین بەبێ بانگەشەکردنی یارمەتیدەر بوون، سەرباری نامەڵبەندیبوون و سپاردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بە نەتەوە لۆکاڵییەکان بە فەرمانی سوڵتان و سەرپەرشتیکردنیان لەلایەن ناوەندەوە.

دووبارە دڵنیایی دەدەین، **کە پوختەی ڕووداوەکان چەمکی بەرژەوەندییانەی دەوڵەتی موسڵمانانی چەسپاندووە.** دەوڵەتێکی ئیسلامی (دەوڵەتی ئایینی) نەبووە بە واتا مۆدێرنەییەکەی، هەرچەندە دەوڵەتێك بووە بەرپاکردنی ئایینی پاراستووە و هەوڵی بەدیهێنانی مەبەستەکانی لە واقیعدا داوە، ڕەوایەتییەکەشی وەکوو ڕەوایەتیی فەرمانڕەوایەتیی ڕۆم و فارس نەبووە.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئارەزووی وەرگرتنی بەرزی و مەزنیی ئایینیی بە سیاسییەکان و کۆشك و تەلاریان دزەی نەکردووە بۆ خەونی سیاسییەکان، هەر

ئەمەشە بەرجەستەی دەرکەوتنی زاراوەی "سێبەری خودا لە زەویدا" دەکات، **بەڵام پێگەی دەوڵەت لە ویژدانی موسڵمانانلدا وەك پێگەیەکی بەرزی سەرکردایەتی مایەوە، کە ڕەوایەتییەکەی بەستراوەتەوە بە ئەندازەی توانای دەوڵەتەکە بۆ چەسپاندنی دادگەری و لە پاراستنیان لە دوژمن.**

هەموو ئەوەی کە باس کرا، گرفتی سیستمی میراتگری لە فەرمانڕەوایەتیدا ناشارێتەوە. ڕاستیشە کورتهەڵێنانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەنێو یەك تیمدا، شارەزایی سیاسی لای تاکەکانی پەرە پێ دەدات، بەڵام بەمیراتکردنی دەسەڵات، بەتایبەت کە بۆ کوڕ یان برا یەکلا کرابێتەوە و کراوە نەبێت بۆ ژمارەیەکی تا ڕادەیەك زۆر، زۆر کەسی ناشایستە دەهێنێتە پێشەوە.

هەرچی مۆدێلی دەوڵەتی ئایینییشە، شیعەگەرێتی هێنای و دەرئەنجامەکەشی دواتر دەرکەوت. شیعەگەرێتی لە سەرەتایدا تەنها ویستێکی ئایدیاڵی بوو بۆ فەرمانڕەوایەتییەك، کە دەیویست بێگەردی لە کەسی فەرمانڕەوادا بێتە دی. ئایینیبوونی دەوڵەت (بە واتای تیۆکراسی)، لەدوای دوو سەدە لە بانگەوازی ئیسلام چووە ناو هزری شیعەگەرێتییەوە، **بەڵام جیاوازییە گەورەکە ئەوەیە کاتێك کیانێکی سیاسیی شیعی لە ماوەیەکی نزیکدا بینرا، کیانێکی ئایینی نەبوو بەو واتا ڕەتکراوانەی کە شیعەگەرێتیی دواتر بنیاتی نابوون و ببوون بە بەشێك لە ئایدۆلۆجیەتی بیروباوەڕییان.**

ئایا دەوڵەتی حەمدانی دەوڵەتێکی ئایینی بوو بە واتای تیۆکراسی؟ بەخشینی سیفەتی پیرۆزی بە کەسی فەرمانڕەوا و بێتاوانی و مەعسومکردنی، دواتر لە مەزهەبی شیعەی ئیمامی دوانزەییدا گەڵاڵە بوو نەك لە سەرەتای شیعەگەرێتیدا. هەرچی بیرۆکەی بوونی سێبەری خودایی و نوێنەرایەتیکردنی خوداشە، لای گرووپە باتینییەکانی وەك ئیسماعیلییەکان دەرکەوت.

جگە لە فەرمانڕەوایی فاتیمیی ئیسماعیلی، سیستمی فەمانڕەوایی لای موسڵمانان، پیرۆزیی بە فەرمانڕەوایان و دەستەبژێری فەرمانڕەوا نەبەخشیوە. تەنانەت فەرمانڕەوایەتیی سەفەوییەکان لە بانگەشەی پیرۆزیی دوودڵ بوون، هەرچەندە فەرمانڕەوایەتیی ئەمان، دەرگای فراوانی بۆ هاتنەناوەوەی پیرۆزکردن لە مەزهەبی شیعەدا کردەوە، بەڵام هێڵی گشتیی کولتووری گشتیی موسڵمانان لەو نەریتەدا بەرجەستە بوو، کە وا دەخوازێت فەرمانڕەوایان ڕێزی تایبەتی زانایان بگرن.

لە ئەزموونی عوسمانییشدا کە لە مەراسیمی فەرمانڕەوایی و مەزنکردنی سوڵتاندا زیادەڕەوی کرد، تێبینیی ئەوە دەکەین کە (سلێمانی قانوونی) [ ١٤٩٤–١٥٦٦ ] ، کاتێك پێهەڵدانی نازناوەکەی سیٚ دێڕ دەبوو، بەڵام پیاهەڵدانەکان وەسفی سایەی ئایینییان پیٚ نەدەبەخشی، بەڵکوو واتاکانی خزمەتی ئایینی، لە چەسپاندنی هەژموونی دەوڵەت و لەناوبردنی فرەنجە و بەدیهێنانی شکۆمەندی و سەربەرزیی موسڵمانانی، لەخۆ گرتبوو. ئەو ئاستەش کە هەستی کولتووریی موسڵمانان دابوویان بە سوڵتان، بریتی بوو لە دەستپێکردنی وتارەکانی بە ئایەتی ﴿إِنَّهُ مِن سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾، وەك خستنەڕووی هێزی سولەیمان پێغەمبەر و توانای بەسەر ڕامکردنی جنۆکە و بەکارهێنانیان.

**ویژدانی موسڵمان وابەستەیە بە وێنەی زانایەکەوە کە نایەوێت بچێتە کۆڕ و کۆبوونەوەی سوڵتانەوە، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی سیاسییەکان بۆ فشار خستنە سەر زانایان و بەکارهێنانی ڕواڵەتی ئایینی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان داویانە.**

# کۆتایی

لەدوای ڕۆیشتنی پەیامبەر و پێشەنگی ڕەها و سەرکردەی سروشتی، لە سەرەتادا هەڵوێستی موسڵمانان سەبارەت بەوەی کێ شیاوترە بۆ فەرمانڕەوایی، هەمەجۆر بوو. هەندێك وایان دەبینی کە بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك (النسب)، شتێکی بەڵگەنەویستە، هەندێکی تر بانگەشەی هاوبەشییان لە فەرمانڕەوایەتیدا لەنێوان دەستەبژێری هەردوو شارە سەرەکییەکەدا دەکرد، هەندێکی تریش ئاماژەیان بە پێوەری مەیدانی جیهاد دەکرد و بڕوایان وا بوو ئەوانەی لەو بوارەدا وەکوو سەرکردە سەرکەوتوو بوون، مافیان زیاترە.

بەو شێوەیە ئەو ئاڕاستەیەی کە جێگیر بوو و کۆکبوونی گەورەی لەسەر کرا، بوو بە دەروازەیەك بۆ تیۆری فەرمانڕەوایی، بە جۆرێك جیاواز بێت لەوەی کە پێشتر ناسراوە و کاری پێ کراوە و لە نێویاندا باو بووە، بۆیە نە پێوەری خزمایەتی لەگەڵ ئایینی یەکسانیی مرۆڤەکان و بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی لەسەر کار لە ڕۆژی پەسڵاندا دەگونجێت، نە سپاردنی ئەو ئەمانەتە بە خەڵکی شار و ئاوەدانییەکان دەگاتە ئاستی بەرزی بەدیهێنانی ئامانجی ئایینێکی جیهانی.

هەرچەندە عومەر بنچینەیەکی پێشکەوتووی بۆ سیستمی فەرمانڕەوایەتی دانا، بەڵام زۆری پێنەچوو پێویستییە هەنووکەییەکان و بارودۆخەکەی زاڵ بوون و وێنە باڵاکەی فەرمانڕەوایی پاشەکشەی کرد، تا لەسەر ئەوە جێگیر بوو کە لە ژینگەی سیاسیی نێودەوڵەتیی ئەو کاتەدا باو و ناسراو بووە، بەمەش گونجانی تەواو لەنێوان بیرۆکەی سیاسی و پەیکەربەندییەکەیدا لەبار چوو.

# بەشی پانزەیەم: پێگەی "سیاسی" لە ئەزموونی موسڵماناندا

سیاسەت لە بۆشاییدا جووڵە ناکات، ئایین و فەلسەفەکان و پڕۆژە هزرییەکانیش، هەر لە واقیعدا و لە میانەی بارودۆخێکی واقیعی و وەرچەرخانە مێژووییەکاندا بەرجەستە دەبن. لەم بەشەدا، لە میانەی گرفتی ڕۆڵی ئایین لە ژیان و سیاسەتدا، چاوێکی خێرا بە ئەزموونە مێژووییەکانی دەوڵەتانی موسڵماندا دەخشێنین، لەگەڵ ئاماژەدانێك بە کەلەپووری نووسین و دانراوەکان لەمەڕ سیاسەتی شەرعی و گرفتی تێگەیشتن، یان پۆلێنکردنیشیان، کۆتاییش بە ئاماژەیەك دێنین بەو دەروازانەی تەحەککومکردن بە ئایینەوە، کە ڕژێمەکان لە وڵاتی موسڵماناندا کاریان لەسەر کردووە.

## ١. ئامادەگیی پێوەری و نەبوونی تیۆکراسی

ئا ئەمە ئەو دووانەییە دەستەوسانکەرەیە، کە پێویستە چاومان لەسەری لا نەچێت. لە باسکردنی ئەزموونی موسڵماناندا، پێویستە مۆرك و شێوەی تایبەتی مۆدێلی ئیسلامیمان لەبەرچاو بێت. مۆرکەکە بریتییە لەو ڕشتە کولتوورییەی کە وەلامدەرەوەیە بۆ بیری یەکتاپەرستی، کە هەموو نێوەندێك لەنێوان بەندە و پەروەردگارەکەیدا لا دەبات و تایبەتمەندبوونی گەلێك یان دەستەیەکی دیاریکراو بە هەڵبژێرانی خودایی ڕەت دەکاتەوە. شێوەکەش بریتییە لە مۆدێلی پەیکەربەندی لە سایەی نەبوونی بیرۆکەی قوچەکیی (الهرمی) ئاییینی، کە ڕێگە لە پێکهاتە سیاسییە موسڵمانەکان دەگرێت بیر لە بنچینەگەلێکی دیدگایی و هەستێکی وا بکەنەوە، کە ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ بیرۆکەی فەرمانڕەوایەتیی تیۆکراسی. هەروەك چۆن نەبوونی

دامەزراوەیەكی بیرۆكراسیی ئایینی لە ئەزموونی موسڵمانانندا، لەمپەر بۆ هەوڵی دەستگرتنی تەواوەتی بەسەر ئاییندا و بەكارهێنانی تەواوی بۆ لایەنی سیاسی دروست دەكات. مۆدێلی ئیمامیی، پێویستی بە لێكدانەوەیەكی تایبەتە، كە ئێستا باسی ئێمە نییە.

لێكۆڵینەوە ژیارییە بەراوردكارییەكان دەریدەخەن، كە هەرچەندە ئایین لە ئەزموونەكانی مێژووی موسڵماناندا ئامادەیی تەواوی هەبووە، بەڵام ڕژێمگەلێكی تیۆكراسی نەبوون، چونكە لە لایەكەوە فەقیهەكان فەرمانڕەوا نەبوون، لە لایەكی تریشەوە زۆربەی بوارەكانی ژیان، نە لە دەستی دەوڵەتدا و نە لەژێر دەسەڵاتیشیدا بوون، بەڵكوو لە ژێر دەسەڵاتی كۆمەڵگەدا بوون. خۆ ئەگەر تێگەیشتنی شیعییانە بخەینە لاوە، ئەوا **زانایان و فەقیهەكان بریكاری خوا نەبوون و مەعسوم و دوور لە هەڵە و كەموكورتی نەبوون، پرۆگرامی خواییشیان لەسەر دانەنرابوو بۆ ناسینی ڕاستی. ئەوان قوتابیی زانست بوون و سەركەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی زانستدا، هەروەها موجتەهیدن و ئیجتیهادەكانیشیان جیاوازە، ئیجتیهادی یەكێكیشیان پابەندكەر نییە بۆ كەسێك كە قەناعەتی پێ ناكات و دڵی ئاوی پێ ناخواتەوە و دەچێتە سەر ئیجتیهادێكی دی، هەروەها ئەوان توێژەری پسپۆڕن، ڕێز و پێزانینیان بە هۆی زانست و بەردەوامییەكەیانەوە بەدەست هێناوە.**

سیفەتی دووەم، كە لە ئەزموونی ئیسلامیدا دەستەبژێری هەڵبژێردراوی پێ جیا كراوەتەوە، بریتییە لە ئاوێتەبوون و تێكەڵیی تەواو لەگەڵ كۆمەڵگە، چونكە زانایان پۆستێكی ئایینی یان سیاسیی دوور لە كۆمەڵگەیان نەبووە، بەڵكوو بەشێك بوون لێی و بوونیان بە بوونیەوە بەستراوە، زۆر كاریگەر دەبن پێی و كاریگەرییشیان لەسەری زۆرە، باسی ئەم لایەنەی دووەمیان بەگشتی لەبیر دەكرێت.

تاكە پێگە كە وەك هاوبەشێكی دەسەڵاتی سیاسی دەركەوتووە، پۆستی دادوەرەكان بووە. ڕاستە دادوەر لەلایەن فەرمانڕەواوە دادەنرێت، بەڵام بوارەكەی

لە دامودەزگای فەرمانڕەوایی تەواو سەربەخۆیە. لە لایەکی تریشەوە، پۆستی دادوەر پۆستێکی ئایینیی نییە بە واتا تەسکەکەی ئایین، بەڵکوو ئەرکی ئیجتیهادی پێ سپێردراوە لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکاندا بۆ چەسپاندنی دیدگای شەریعەت، کە لە بنەڕەتدا دیگای کۆمەڵگەیە.

پێش ئەوەی عوسمانییەکان دایبهێنن، موفتی هیچ پۆستێکی فەرمیی نەبوو، تەنانەت دوای ئەوەش چەندین موفتی هەبووە، نەك تاکە موفتییەك. ڕەنگە زانایەکی زۆر دوور لە بازنەی دەسەڵات و دەست و پێوەندی، کاریگەریی لەوانە زیاتر بووبێت کە لە بواری دادگادا کاریان کردووە. زانای هۆشمەند و بیرتیژی سەربەخۆ، کاریگەرییەکی دوولایەنەی هەبووە: لەسەر ئاستی کۆڕ و کۆبوونەوە و زۆریی شوێنکەوتووانی لە لایەك، لەسەر ئاستی ئیجتیهاد لە لایەکی ترەوە. ئەو ئیجتیهادانەشی کە دوور لە دەسەڵات و دامودەزگاکانی لەدایك دەبوون، ئەوان دەبوون بەو ڕێژنە زانستییەی کە موفتی/دادوەر بابەتی خۆی لێوە وەردەگرت و نەیدەتوانی فەرامۆشیان بکات.

جەخت لەوەش دەکەینەوە کە فەتوا ڕای زانستی و ئیجتیهادە، ئەگەر پەیوەست بوو بە یەکێك لە مافەکانی بەندەکانەوە و دەوڵەت لە ڕێگەی دادگاوە دەستێوەردانی تێدا کردبێت، ئەوا پابەندکەرە. **فەتواش لە ڕووی شەرعەوە پابەندکەر نییە، مەگەر بۆ کەسێك کە باوەڕی وا بێت کە ئەو فەتوایە حەقە، زۆر جاریش لەمەڕ تاکە پرسێك زیاتر لە فەتوایەك دەبێت، گرنگترین شتیش لەوەی پەیوەندیی بە بابەتە سیاسییەکەمانەوەیە، بریتییە لەوەی کە دامەزراوەی فەتوا، جێبەجێکردن و زۆرلێکردن و تۆبزیکردنی نییە.**

## ٢. ئەدەبیاتی کەلەپوور لە سیاسەتدا

دیدی تۆباوییانە بۆ مێژوو —نێگەتیڤانە و پۆزەتیڤانە—، لەمپەر لەبەردەم تێگەیشتن و پێشبینیکردنی دژیەکییەکان دروست دەکات. هیچ گەلێکیش مێژووی ئایدیاڵی بێخەوشی نییە، ئێمە دەتوانین کەموکورتی لە مێژووی سیاسەتی موسڵمانانماندا لە سێ ئاستدا بخەینە بەر باس:

(١) کەموکورتیی تایبەت بە خۆشییەکانی دەسەڵات، کە دەروون لەنێوان بەرداشی خۆپاکژی لێی و ڕۆچوون تێیدا، ململانێی لەگەڵدا دەکات.

(٢) کێبەرکێی فەرمانڕەوایان لەنێوان شانازیکردن بە دەستکەوت و لەخۆباییبوون بە هێز.

(٣) بەربەرەکانێی ئەقڵەکان لە تیۆری فەرمانڕەواییدا، لەنێوان شەیدابوون بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی ئایدیاڵی خوازراو و بەڕێوەبردنی ئەو بارودۆخە واقیعییەی کە هەیە.

لەبەرانبەر کەموکورتیی یەکەمدا، چەندین ئامۆژگاری هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات و گۆشەگیربوون لێی. لەبەرانبەر دووەمیشیاندا، چەندین دەستپێشخەری لەلایەن ڕاوێژکار و شارەزایانەوە پێشکەش کراون. لەبەرانبەر سێیەمیشدا، چەندین کتێب و دانراو سەبارەت بە بنەماکانی فەرمانڕەوایی نوسراون.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو دانراوانەی شیعەی ئیمامی کە بنچینەی ئاڕاستەی کاروانی مێژووی موسڵمانان ڕەت دەکەنەوە، شتێکی پێگەیشتووتر و ڕاستتر و بەهێزتریان بەرهەم نەهێناوە، بەڵکوو لە جیهانی غەیبێکی داهێنراودا سەرمەست بوون، کە ڕاکێشرابووە نێو جیهانی واقیعەوە. ئەزموونی موسڵمانان (جگە لە شیعیی ئیمامی)، لە ئاستێکی تەواوەتیی پێوەریدا نەبوو، بەو شێوەیەی کە مۆدێلی ئیسلامی دەیخوازێت، دەشکرێت چەندین بەرگ لەسەر ڕەخنەگرتنیان و ئەوەی پێویست بوو لەسەری بن بنووسرێت، بەڵام لە باسی ڕوونکردنەوەی

تایبەتمەندییەکانی مۆدێلەکەدا، تەنها شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی فەرمانڕەوایی بەسە، نەك شیکردنەوەی واقیعی مەیدانی.

هەوڵەکانی ڕێکخستنی تێزی سیاسیی سوننی لەلایەن فەرمانڕەواوە، لە ڕێگەی گەورەکردنی وێنەی جێنشینی فەرمانڕەوا و چەمکەکەیەوە ئەنجام درا، بە شێوەیەك کە دوورکەوتنەوە لەو شێوە ڕاشیدییە کە ملکەچی لێپێچینەوە بوو، ڕووی دا بەرەو شێوەگەلێکی جیاواز، تا ئاستێك کە هەندێکیان هەوڵی هەڵگرتنی نازناوی سێبەری خودای لەسەر زەوی دەدا، بەڵام وەك بانگەشەیەکی جێناکۆك مایەوە و کەمترین لێکەوتەی کرداریی بەدوای خۆیدا هێنا. هۆکاری ئەمەش بریتییە لە **قورسیی دەستگرتنی سیاسەت بەسەر ئاییندا، لە ئایینێکدا کە دەق تێیدا (قورئان و سوننەت) سەرچاوەی ڕەها بێت، بەتایبەت کە لێکدانەوەی دەق و فیقه و زانستە شەرعییەکان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و لە دەرەوەی دامەزراوەی فەرمی ئەنجام دەدرێت، بە تیۆری یاساییشەوە کە بنچینەی دادوەرییە.**

پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بە خوێندنەوەگەلێکی هەڵە بۆ دەقەکانی کەلەپوور بدەین، کە سەر دەکێشن بۆ بانگەشەی ئەوەی کە لایەنی سیاسی بەسەر ئەو نووسینانەدا زاڵ بووە کە شیکەرەوەی ئایین بوون. زۆر کتێب خۆیان لەو بابەتە داوە، لەنێوان وێناکردنێکی خەونئامێزی جیاواز لە سروشتی بواری سیاسی و لەنێوان خوێندنەوەیەکی نادادپەروەرانە، کە ئارەزووی بە کەم سەیرکردن و بە کەم دانان بەسەریدا زاڵ بووە. لەبەرانبەر ئەمەدا، تەنها ئەوەمان لەدەست دێت کە ئاگایی لە چەند گرفتێکی مەنهەجی لە باسی بابەتەکەدا بدەین:

١. ئاگانەبوون و سەرنجنەدان لە گۆڕانی واتای وشە و زاراوەکان و گرنگینەدان بەو میانەیەی کە دەقەکان تێیدا دەرکەوتوون، وەك ئەوەی نووسەرێك بتوانێت لە هەموو ڕووەکانی کات و شوێن و بارودۆخ دابڕێت.

٢. دانەنانی کتێبێك لە شوێنی دروستی خۆیدا لەنێوان نووسینە جیاوازەکاندا، لەسەر ئاستی تیۆری–پیادەکراو. زۆر جار بەڵگە بە کتێبەکانی (أدب السلطان) دەهێنرێتەوە، وەك ئەوەی بڵێ تیۆریزەیەکە بۆ شتە پێوەرییەکان. ئایا نابێت ڕاوێژکار ئامۆژگاری بۆ باشکردنی ئەدا و ڕێکخستنی کاروبارەکان پێشکەش بکات، نەك وردبوونەوە لە تیۆری فەرمانڕەوایی یان هەڵوەشاندنەوەی ڕەوایەتییەکەی.

٣. داسەپاندنی مێژوویی پێچەوانە، واتە داسەپاندنی ئێستا بەسەر مێژوودا و داوەریکردنی کۆمەڵگە دێرینەکان بە خەیاڵدانی مۆدێرنە. ئەم تێکەڵکردنە تەنها لە دەرەوە نایەت، بەڵکوو لە ناوخۆشەوە دێت، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی خراپ تێگەیشتنێکی دووسەرە، لە لایەکەوە لە ئەزموونی ڕۆژئاوایی و گریمانەکردنی جیهانیبوونی و لە لایەکی تریشەوە خراپ تێگەیشتن لە سروشتی کۆمەڵکاریی مرۆیی پێش مۆدێرنە. گوزارشتە گرفتئامێزەکانی هەندێك لە زانایان نەبوونە پاساوێك بۆ سیاسییەکان یان بۆ سەپاندنی ڕای خۆیان، بە ئەندازەی ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی دۆشدامانی زانایان و ترسیان بوو لە ئاژاوە و تێکچوونی بارودۆخ، ئەوە سنووردارێتیی توانای مرۆڤە لە هێنانەکایەی جێگرەوە و بێتواناییە لە جیابوونەوە لەوەی کە زەمانە دەیسەپێنێت.

## ٣. کاریگەریی کەڵەکەبوون و ژەنگهێنان

ناکرێت دەسەڵاتی سیاسیی موسڵمانان بەتەواوی دەست بەسەر هزری سیاسیی ئیسلامیدا بگرێت، چونکە ڕەوایەتیی فەرمانڕەوایی لە بنەڕەتدا لەسەر بیرۆکەی خزمەتکردنی شەریعەت و پاراستنی بەرجەستەبوونی لە ژیاندا بونیات نراوە و شەریعەتیش لە سنگی ئوممەتدا جێی خۆی کردووەتەوە، زانایانیش بەسەر سێ بەشدا دابەش بوون، هەندێکیان خۆیان لە دەسەڵات دەپارێزن و هەندێکی تریان گۆشەگیری دەکەن و ئەوانی تریش لە دەسەڵات دەدەن، هەروەك چۆن

دره‌وشاوه‌یی ده‌قی هه‌میشه زیندوو، به‌رده‌وام هه‌وڵی ده‌ربازکردن ده‌دات له زیندانی سیاسه‌ت و ئاره‌زووی ده‌سه‌ڵاتبازی، به‌ڵام ده‌گونجێت ئه‌و تیۆره‌ی که پیاده ده‌کرێت، کۆن ببێت و ژه‌نگبهێنێت.

ده‌توانین له سێ ده‌روازه‌وه باس له هاوزه‌مانی و گونجانی نێوان باری کولتووری و توانای به‌کارهێنانی سیاسی بکه‌ین: چه‌قبه‌ستوویی تیۆری، چه‌قبه‌ستوویی فیقهی و سۆفیگه‌رێتی، که هه‌رسێکیان زنجیره‌یه‌کی به‌یه‌کداچوون و په‌یوه‌ندییان به باری سیاسییه‌وه هه‌یه و دۆخێك دروستده‌که‌ن که زیاتر قبوڵی سته‌مگه‌ری ده‌کات.

– **یه‌که‌م**: ئه‌و قه‌تیسبوونه تیۆرییه‌ی که بواری ده‌قه‌کان له ڕه‌فتاری که‌سیدا کورت هه‌ڵدێنێت، به فه‌رمانڕه‌وا و هاوڵاتییه‌وه. ده‌توانین له‌وه‌ش دڵنیایی بده‌ین که کارلێك له‌گه‌ڵ که‌له‌پووری فه‌لسه‌فیی یۆنانیدا، به باشترین شێوه به‌ڕێوه نه‌چووه. هه‌رچی خوێندنه‌وه‌ی سوننه‌تی بزاڤی مێژووشه، (ئیبن خه‌لدوون) به‌ڕوونی بۆچوونی له‌سه‌ری هه‌بووه.

– **دووه‌م**: چه‌قبه‌ستوویی فیقهی، نوێگه‌ری دوور ده‌خاته‌وه و ژیانیش ڕاده‌ستی میکانیزمگه‌لێکی خاڵی له دانایی ده‌کات، ناکۆکیی فیقهی و ده‌مارگیریی ئایینزاییش خه‌یك بوو دره‌وشاوه‌یی ئایین کۆتایی پێ بهێنن، ئه‌گه‌ر ئاڕاسته‌ی مه‌به‌ستگه‌رایی گه‌شه‌ی نه‌کردایه.

– **سێیه‌م**: ڕه‌جاڵی و بێبه‌رهه‌می و بێکاریی کولتووری، که زۆر جار له ڕێگه‌ی سۆفیگه‌ری–خوڕافیی (نه‌ك سۆفیگه‌ریی پاکژکه‌ره‌وه)ه‌وه، دزه‌ی ده‌کرد، ئه‌مه‌ش هیممه‌تی بنیاتنانی ژیاریی له ژیاندا نه‌ده‌هێشت و له‌باری ده‌برد.

هه‌موو ئه‌مانه به شێوه‌ی به‌شه‌کی ڕوویان داوه، ئه‌مه‌ش ڕووبه‌رێك بۆ دزه‌کردنی سته‌مگه‌ری دروست ده‌کات. ئاگامان له‌وه‌ش بێت، ئێمه لێره‌دا باس له سته‌مگه‌ریی سیاسی ده‌که‌ین که بریتییه له سه‌پاندنی بیروڕا و ڕاوێژنه‌کردن، که ده‌بنه هۆی

پاشەکشەی دادگەری یان دروستبوونی ستەمی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان پەراوێزخستنی سیاسی. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە **ستەمگەری لە ڕووی جۆرەوە، لە ڕەفتاری ئەو تاغوتە خراپەکارانەی سەر زەوی جیاوازە، کە لە بنچینەی ڕەوت و ئاڕاستەی ئایین لایان داوە و پشتیان تێ کردووە و دژایەتیی دەکەن و پیلان و داوی بۆ دادەنێن.**

ئەم ئاگابوون و ئاگاییەش پێویستە، چونکە ئەمڕۆ زۆرێك لە نووسینەکان دوو شت تێکەڵ دەکەن: کەموکووڕیی سیاسی لە مێژووماندا، لەگەڵ ڕەفتاری سیستەمە خۆسەپێنەکانی ئەمڕۆ، کە تەحەککوم بە موسڵمانانەوە دەکەن و ڕێگرن لەبەردەم شکۆ و پەرێزبەندی و خۆبژێویاندا و هەوڵەکانی چاکسازی پەك دەخەن و پەرتەوازەی دەکەن و ڕێچکە بۆ گومڕایی خۆش دەکەن. تەنانەت ئەگەر قسەکەشمان لە ستەمگەری، بەو واتایەی سەرەوە کورت هەڵبێنین، **جیاوازییەك هەیە لەنێوان مومارەسەی خودی دەسەڵاتی ئایینی بۆ ستەمگگەریی سیاسی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی دامەزراوەکانییەوە، لەگەڵ ئەوەی کە کەموکووڕییەکە لە ئیجتیهادی ئایینی و لە شێوازی مامەڵەی دەستەبژێر بێت بۆ واقیع، بە شێوەیەك کە هاوبەش بووبێت لە دزەپێکردنی ستەمگەری.**

هەندێك جاریش باری کولتووری، گوزارشتی لە ستەمگەری کردووە لە حاڵەتی بێئاگاییدا، جاری واش هەبووە ئەو بارە کولتوورییە هێزێکی ناڕازی و خواستمەند بووە. ڕەنگە زۆربەی ئەو سنووربەزاندن و دزەکردنەش بە هۆی کەموکووڕیی زانستی و غیرەکردنی نێوان ئەو قوتابخانانەوە بووبێت، کە بە هۆی ناکۆکیی نێوانیانەوە نەك بە هۆی دەستێوەردانی سیاسیی ڕاستەخۆوە، ئەرکە سەرەکییەکەی خۆیان بیر چووەتەوە. پرسی خەلقی قورئانیش کە سیاسییەکان بەتەواوی چوونە ناویەوە، دابڕاو نەبوو لەو سەنگەربازییە زانستییەی لەو کاتەدا هەبوو.

## هێڵکاری: کاریگەریی دوورکەوتنەوەی بواری ئایینی لە سیاسی و لێکەوتەکانی




بواری سیاسی لە دیدگای ئیسلامییەوە، لەو بوارە ئاساییانەیە کە بەگشتی حوکمێکی فیقهیی دیاریکراو لەبارەیانەوە نییە. بۆ نموونە: دامەزراندنی دیوانێك، یان کردنەوەی ڕێگایەك، پەیوەندییان بە شەریعەتەوە تەنها لە ڕووی مەبەستەکانیانەوەیە، واتە لە ڕووی پاساو و ئامانج و شێوازی دامەزراندن و دروستکردنیانەوە. واتە بواری سیاسی ڕێنموویی لە ڕووە ئەخلاقییەکەی ئایین، لە سایەی هێڵە گشتییەکانی شەریعەتدا وەردەگرێت، لە دادگەری و بەزەیی و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی بەندەکان، بە شێوازێك کە دوور بێت لە ماددیگەرێتیی بەرتەسك و خۆپەرستیی تاکگەرایانە و هەژموونی ڕەهای دامەزراوەکانی دەوڵەت. بوارێکە پێویستی بە پسپۆڕیی تایبەت هەیە، نەك لە ڕێنموویی ئایین جیا بکرێتەوە، یان دەستەبەسەراگرتنی دەستە و تاقمێکی ئایینی بێت بەسەر سیاسەتدا.

### ٤. لەنێوان جیاکاری و دابڕاندا

ئەو ستەمگەرییەی تێکەڵی مێژووی موسڵمانان بووە، سیاسی بووە و لە بازنەی دامەزراوەیەکی ئایینیدا نەبووە و زۆربەی ناکۆکییەکانیش لەنێوان خودی سیاسییەکاندا بوون. بۆیە لە هەڵسەنگاندی ئەزموونی ئیسلامی (سوننی)دا، دروستتر وایە بڵێین جەفا و دوورکەوتنەوە لەنێوان ئەهلی دانایی و شارەزایاندا

ڕووی داوە، کە ئاستی پێویستی لە جیاکاری و تایبەتمەندی لەسەر بنەمای شارەزایی تێپەڕاندبوو.

وەك زانراوە، پێشەوای مەزهەبەکان و گەورەزانایان، نە جێنشین بوون نە سوڵتان، بەڵکوو هەندێکیان بە هۆی هەڵوێستی بەرهەڵستیکارانەیان بەرانبەر ئیرادەی سیاسی، زیندانی کراون. فراوانترین ڕووبەریش بۆ تێکەڵبوونی دامەزراوەیی لەوەدا بوو کە کۆمەڵێك لە زانا فەقیهەکان (کە کەمینەن)، دادگایان بە شوێنی گونجاو و سروشتیی بۆ خۆیان زانیوە، سەرباری دوودڵی و هەڵوێستی جیاواز لەمەڕ وەرگرتنی پێگەی ڕاوێژکاری بۆ فەرمانڕەوا.

بەڕاستی ڕۆڵی سەرەکیی زانا و مەلاکان لە بواری چالاکیی ئەهلیدا بووە، هەر بۆیە خەیاڵدانی مێژووی موسڵمانان بەوەی کە مێژووی شکۆمەندی و پتەوی و بەهێزی و ئازادی و دادگەریی دامەزراو لەسەر خواستی ئایینی، خەیاڵدانێکە هەرچەندە خەونئامێزە، بەتەواوی هەڵە نییە، بەدڵنیاییشەوە لە خەیاڵدانە پێچەوانەکەی ڕاسترە، کە پێی وایە مێژوویەك بووە لە ستەم و ستەمکاری و بەتەواوی لە خواستی ئایینەوە دوور بووە.

چینی زانایان لە مێژووی موسڵماناندا -بەگشتی- هەڵوێستی بەرهەڵستیکارانەی هەبووە، نەك لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی بووبێت. سەدەکانی سەرەتا، بەرهەڵستکارییەکی توندی بەخۆیەوە بینی، کە بەوە جیا دەکرایەوە کە توندە و پشتبەست بە پاساوی ئەوەی فەرمانڕەوا شیاو نییە و کەسی باشتر هەیە بۆ ئەو کارە، ڕەوایەتی دادەماڵی، ئەمەش لە دەستگرتن بە ئەندێشەیەکی ئایدیاڵییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لە ماوەی یەکەمی مێژووی موسڵماناندا ئامادەیی هەبوو.

شۆڕشی زەیدییەکان جوامێرانەترین بزووتنەوەی دژ بە فەرمانڕەوا بوو، کە هێشتا شیعەگەرێتی گەڵاڵە نەببوو. بە شێوەیەکی گشتی، مێژووی بەرهەڵستکاری

مێژووی سوننەیە، هەرچی شیعەی ئیمامیی دوانزەییشە، هەڵوێستی زاناکانیان بە جووڵەنەکردن و بێدەنگی وەسف دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە، بریتییە لەوەی کە **ڕەتکردنەوە لەسەر ئاستی بیرۆکە و بەرگریکردن و قوربانیدان لەپێناویدا شتێکە و دەرچوون لێی، شتێکی ترە. چ خاوەن زانستێك بەربەرەکانێی گرفتی هاوسەنگیکردن لەنێوان دوو شتدا دەکات: تێکدانی جێگیری و ئارامیی کۆمەڵگەیەکی تێروتەسەل و خۆشگوزەران و دەرچوون لە فەرمانڕەوا بە هۆی لادان و پابەندنەبوونی تەواوەتی بە خواستەکانی شەریعەتەوە.**

لێرەدا دڵنیایی لەوە دەدەین کە ئێمە باسمان لەوەیە، کە دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا و ستەمگەری تێیدا، وەك کەموکوڕییەك وایە لە پابەندبوون بە خواستەکانی شەریعەتەوە، نەك فیرعەونگەرێتییەکی تاغوتییانە، کە بنچینەی مۆدێلی ئیسلام بە جەنگ و پیلان تێك دەدات.

زانایانی موسڵمان تەنها خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا نەبوون و هیچ دامەزراوەیەکیشیان نەبووە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات و زیاتر دوور بوون لە بەشداریکردن لەو بوارەدا، ئەوەشی ڕووی داوە، جۆرێك بووە لە پسپۆڕی کە تێیدا دامەزراوەی سیاسی دەرکەوت و دیوانەکان و تۆڕی دەسەڵاتی خۆی دروست کرد و ئەولەویاتی خۆی سەپاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زانایان مەرجەعیەتی باڵای ئیسلام بوون، بەهاکانیان بوون بە بەهاگەلێك، کە بوونە هەوێنی ڕشتەبەندیی ژیان و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئوممەت لە سیاسەت چاوەڕوانکراو بوو.

پێگەی دەستەبژێری ئایینی، زیاتر لە پێگەی پارێزەرێکی چاودێریکەر دەچوو، کاتێکیش کۆمەڵگە هەست دەکات کە سیاسەت ڕشتە ژیارییەکەی بەرەو هەڵدێر دەبات، ئەوا لەژێر سایەی ئاڵایەکی ئایینیدا ڕادەپەڕێت.

## ٥. تەحەككومكردن لە میانەی دەوڵەتی نوێدا

ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی زۆرینەی موسڵمان بوون، لەدوای ماوەی داگیرکاری، جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی ئایینی گۆڕا، کاتێك ئەو دەوڵەتەی کە پێشبڕکێی لەسەر نوێگەری دەکرد، سوور بوو لەسەر دروستکردنی دامەزراوەیەکی فەرمی کە چالاکی ئایینی لەخ ۆبگرێت، وەك ئەوەی وەزارەتێك بۆ ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەبێت.

ئەوە شتە چاوەڕواننەکراوەکە نەبوو، بەڵکوو ئەوەی نامۆ بوو ئەوە بوو کە دڵی هەندێك لە زانایان بۆی جووڵا و غافڵ بوون لەوەی ئەم کارە لەگەڵ سروشتی پەیکەربەندیی هزری ئیسلامیدا ناگونجێت.

ئەزموونی عوسمانی پۆستی موفتیی داهێنا و بیرۆکراسیەتی خستە نێو گۆڕەپانی زانایانەوە، هەروەك چۆن بۆ بەیاساکردنی فیقهـ هاندەر بوو، هەرچەندە بەیاساییکردنەکە لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتییەکەی و لەوپەڕی لاوازیدا و لەدوای دەرچوونی کارەکان لە دەستی ئەنجامدرا و بەشێکیش بوو لە وەڵامدانەوە بۆ ئاڵینگاری مۆدێرنە و هەوڵێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی ئەلتەرناتیڤێکی ئیسلامی. پاشان چەند هەوڵێکی چاکسازی بەرپا بوو، کە بە (ڕێکخستنەکان) ناسرابوو و شکستیان هێنا، کە بوون بە یەکەم ئەزموونی دەستووری، کە ڕەگەزگەلێکی لیبراڵیی سەبارەت بە تیۆری دەسەڵات لەگەڵ جێگیرەکانی کۆمەڵگە ئاوێتە کرد، هەروەك چۆن ملکەچ بوو بۆ فشاری نێودەوڵەتی و چەندین کەس کە لە ڕووی کولتوورییەوە بەرۆژئاوایی کرابوون، بەشدارییان تێدا کرد.

لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەمدا، هەوڵ درا چاکسازییەکان دووبارە چوارچێوەیان بۆ دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیسلام و کولتووری کۆمەڵگەدا گونجاوتر بن، ئەم کارەش لەو دەرئەنجامە حەتمییەی داڕووخان نەیپاراستن و پرۆسەی بەزاندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و دەستەبژێرەکان بەپایان گەیشت.

گەمارۆدانی ئایین و هەوڵی بەکارهێنانی بەپێچەوانەی ئاڕاستەی پەیامەکەی، لە سایەی حکومەتە سەربەخۆکانی ماوەی دوای زاڵدەستیی ئەورووپیی ڕاستەوخۆدا ڕووی دا، کە مەبەستی گەورەیان گەیشتن بوو بە مۆدێلی مۆدێرنی ئەورووپی. بۆیە موڵکەکانی ئەوقاف بەتاڵان بران و چینێکی ئایینی دروست بوو، کە لەلایەن فەرمانڕەواوە بەکار دەهێنران و بەئاسانی نەیاندەتوانی سەرپێچیی بکەن.

ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی زۆرینەی موسڵمان بوون، لە سەردەمی نوێدا بۆ دوو مۆدێلی فەرمانڕەوایی دابەش بوون:

(١) مۆدێلێکی سیاسیی دەستووریی لیبراڵی، کە لە ڕووی کولتوورییەوە لای دابوو.

(٢) مودێلێکی عەشایەری دووڕووی پادشایی نادەستووری، کە پشتی بە تەڵزمگەلێك لە پاشخانی ڕابردوو دەبەست.

ئەو دەوڵەتانەی کە ڕۆشنبیرتر بوون، ڕوویان کردە مۆدێلی یەکەم، پاشان بەلای سۆشیالیزمدا بایان دایەوە، تا ئەوەی هەمووی قیبلەی خۆی بەرەو لیبراڵیزمی ئابووری و ڕابەرەکەی گۆڕی. لە هەردوو مۆدێلەکەشدا، وردە وردە دامەزراوە ئایینییەکە خرایە داوەوە، تا وای لێ هات پشتی ناهەقی دەگرت و بەشداریی لە پەردەپۆشکردن و دروستکردنی درۆ و دەلەسە بۆ ڕەوایەتیی دەسەڵات دەکرد.

خەریك بوو وای لێ بێت ئەم جۆرە بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵ بکرێت، ئەگەر شۆڕشە عەرەبییەکان چارەسەریان نەکردایە و خەوش و خراپییەکانیان لە دامەزراوەی ئایینیدا ئاشکرا نەکردایە و ناویان نەزڕاندایە، لە ڕێی شۆڕشیشەوە گوزارشت لە قووڵایی ئایینیی فیتڕی کرا، کە تەنها لەدەوری زانا ڕاستگۆکان کۆ دەبوونەوە.

# كۆتایی

لە ئایینێكدا كە پەیكەربەندی ڕەت دەكاتەوە و دروستكردنی دامەزراوەی ئایینی لەو شێوازە تێیدا سەركەوتوو نابێت و مەرجەعیەت تێیدا دەبێتە دەقێك كە لەگەڵ تێگەیشتن و ئەقڵی مرۆڤدا دەگونجێت و بە ڕووی تەئویلدا كراوەیە، لەم جۆرە ئایینەدا جیاكردنەوە و دابڕینی هەردوو جیهانی ئایین و دونیا لە یەكتر، جێی نابێتەوە. ئامادەكردنی ئەم بیرۆكە بنچینەییە، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پێگەی سیاسی لە ئەزموونی موسڵمانانداا پێویستە (و گونجاندنی بەكارهێنانی وەسفی عەلمانیەتی سیاسی بۆ مۆدێلی فەرمانڕەوایی، دەكاتە پینەوپەڕۆیەكی ناشرین).

گوتاری عەلمانی بە شێوەیەك واتای عەلمانیەت دەكات، كە لەگەڵ مشتومڕەكەیاندا بگونجێت، بۆیە چەمكی عەلمانیبوونی دەوڵەت لەژێر درووشمی ڕەتكردنەوەی دەستێوەردانی ئایین —وەك دامەزراوە یان كۆمەڵە— لە فەرمانڕەوایەتیدا پێشكەش دەكەن، پاشان خێرا واتاكە درێژ دەكەنەوە و خواستەكانی فراوان دەكەن، بۆ ئەوەی بژاردە بەهایی و كردارییەكانی عەلمانیەت ببنە مەرجەعیەتێك، كە مەرجەعیەتەكانی تر لەژێر پەردەی جیاوازینەبوون و بە زەبری ستەمكاریی سیاسی، دوور دەخاتەوە.

**نالیبراڵیبوونی مۆدێلی ئیسلامی، واتای نەبوونی ئازادی ناگەیەنێت، ئەوەتا ئازادییەكی پارێزگار هەیە كە ئاقڵانەتر و توندوتۆڵتر و گشتگیرتریشە. ڕەتكردنەوەی عەلمانیەت، ڕەتكردنەوەیە بۆ فەلسەفە و جۆری ئەخلاقەكەی، نەك خواست بێت بۆ تیۆكراسەتێك كە نامۆیە بە كۆمەڵگەی موسڵمانان و لەبەر ئەوەی**

**هەر لە بنەڕەتدا بنچینەیەکی ئایینی نییە، مەحاڵە لەو کۆمەڵگانەدا ڕەگ دابکوتێت.**

دووری و دابڕانی نێوان بزاڤی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی موسڵمانانندا، حاڵەتی زاڵ بووە. ئەگەر ئەو دوورییەش سیاسەتی لە پابەندیی ئەخلاقیی تەواوەتی بێبەش کردبێت، ئەوا پلەیەکی باڵای لە سەربەخۆیی بە تۆڕە ئایینییەکان و چالاکییە چاودێریخوازییەکانی بەخشیوە.

لەگەڵ نکووڵینەکردن لەوەی کە لە هەوڵی مامەڵەکردن لەگەڵ مۆدێرنەدا، بیرۆکەی دەوڵەت ناوەندیبوونێکی لێوانلێوی لە چەند لایەنێکی هزری ئیسلامیی بزاڤخوازییەوە و لەنێو هەندێك لە فەقیهەکانەوە وەرگرت، نەبوونی دامەزراوەی ئایینیی لە هێڵی سوننیدا و نەبوونی دیدێکی وێناکراو بۆ دەسەڵاتی ڕەهای، ڕێگرە لەبەردەم ئەگەری دەرکەوتنی ستەمگەرییەك کە لە ڕووی ئایینییەوە ڕێگەپێدراو و ڕیشەدار بێت. بەدامەزراوەییکردنی توندوتیژی و ستەمگەری لە جیانەکردنەوەی ئایین لە سیاسەت سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە جیانەکردنەوەی هێزە داپڵۆسێنەرە نوێکان (سوپا و هەواڵگری) لە سیاسەت سەرچاوە دەگرێت.

# بەشی شانزەیەم: دەسەڵات و کۆمەڵگە لە دوو میانەدا

سروشتی فەرمارەوایی موسڵمانان، وەك شۆڕشێکی تیۆری و پراکتیکی بوو، سەرکردایەتی تێیدا بە کەسی بەهێز و ئەمین سپێردرا و ڕەهەندی پێوەری تێیدا بەقورسی ئامادەیی هەبوو، لەگەڵ دووریی تەواو لە مۆدێلی تیۆکراسی.

لەم بەشەدا، مەبەستمان پەیبردنە بە شێوازی مومارەسەی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا. تێڕوانینی بەپەلەش دەکەوێتە حاڵەتی داسەپاندنی مێژووییەوە، کە گێڕانەوەی لۆجیك و شێوەی ئەوەیە کە لە سەردەمێکدا ڕوو دەدات و دانەپاڵیەتی بۆ سەردەمێکی دی کە تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوەی جیاوازی خۆی هەیە، ئەمەش کارێکە پێویستە لێی دوور بکەوینەوە. بۆیە یەکەم، هەڵدەستین بە ڕوونکردنەوەیەکی کورتی ئەو ڕووانەی کە ئەزموونی موسڵمانان تێیاندا جیاواز بووە لەوەی کە لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا هەیە، پاشان هێڵە گشتییەکانی زاڵدەستیی دەوڵەتی نوێ دەکێشین.

**١. دەسەڵات لە ئەزموونی موسڵماناندا: بەرتەسکیی ڕووبەری زاڵدەستی**

ئەوەی ئەزموونی سیاسیی موسڵمانان جیا دەکاتەوە، سنووردارێتیی زاڵدەستیی دەوڵەتە بەسەر کۆمەڵگەوە، ئەمەش بە پشکنینی پێنج بوار بەروونی دەردەکەوێت: ئابووری و فێرکردن و دادوەری و کارگێڕیی گشتی و سونبولیبوونی دەسەڵات.

### أ. ڕووبەری ئابووری

زۆربەی چالاکیی ئابووری لە وڵاتی موسڵمانان‌اندا لۆکاڵی بووە و خێزانی کردووەتە سەنتەر. دەشتوانین باسی نموونەگەلێکی چالاکی ئابووریی کشتوکاڵی و لەوەڕگەیی بکەین. ئەو ئابوورییەی کە بە (ئابووریی بێستانی) ناو دەبرێت، زۆربەی کات خەڵکی قووتی خۆیانی لە ڕێگەی چنینەوەی بەری بێستان لەدەوری ماڵەکانیان یان لە نزیکیانەوە تێدا پەیدا دەکەن. هەموو ئەندامانی خێزانیش بەشداریی لەو چالاکییەدا دەکەن، جاری واش هەیە کەسێك خاوەنی کێڵگەیەکە و لە وەرزی ڕنینی بەروبوومەکەیدا چەند کەسێکی بەکرێ بۆ دەگرێت. هەرچی سیستمی لەوەڕگەییشە، زیاتر لۆکاڵی بوو، چونکە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و سامانەکەشی لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە نزیکبوون و هەموو ئەندامانی خێزان چاودێریی مەڕومالآت و وشتر و هاوشێوەکانیان دەکرد، کە هەندێك جار کارەکە وای دەخواست بۆ گەڕان بەشوێن لەوەڕگادا، کەمێك لە شوێنی نیشتەجێبوون دوور بکەونەوە.

ئەم دوو جۆرە سیستمە، بۆ ماوەیەکی درێژ لە وڵاتی موسڵمانان‌اندا باو بوو. هەرچی کێڵگە زەبەلاحەکانیشە کە ژیارە دێرینەکانیان پێ ناسراوەتەوە، لە وڵاتی موسڵمانان‌اندا باو نەبوون، هەروەك چۆن سیستمی فیوداڵی لەسەر شێوەی ئەورووپی باو نەبوو. گشتاندن لەم خاڵەدا کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ڕووبەری وڵاتی موسڵمانان فراوان بووە و ماوەیەکی زۆریش تێیدا بوون.

هەردوو جۆری ئابووریی کشتوکاڵی و لەوەڕگەیی سادە، پلەیەکی بالآی لە خۆبژێوی هەبوو. لەم جۆرە سیستمەشدا، هیچ پێویستییەك بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت نابینرێت، نە لە ڕووی ئاسانکاریی پرۆسەی بەرهەمهێنان و نە لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمەکەی، چونکە بەشێکی ئەو بەرهەمە لە ناوخۆدا بەکار دەبرێت و بەشێکیشی لە بازاڕی ناوخۆییدا دەفرۆشرێت، بەشێکی تریشی

دەنێردرێت بۆ ناوچەگەلێکی تر. ڕەنگە ڕۆڵی کارگێڕیی سیاسی لە بەرهەمهێناندا، لە ڕێکخستنی ئاودێری و جۆگە و نۆکەند هەڵکەندن و پاراستنی ئاسایشدا کورت هەڵبێت، ڕەنگە بوترێت دەوڵەت لە دابەشکردنی بەروبوومەکانیشدا ڕۆڵی هەر نەبووە و دەوڵەت باج و خەراجی بەسەر زەویدا سەپاندووە و زەکاتی کۆ کردووەتەوە.

## ب. سیستمی فێرکردن

سیستمی فێرکردن، وێنەیەکی ڕوونی لاوازیی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ماوەکانی ڕابردوودا پیشان دەدات، بە بەراورد بە ئاستی دەستێوەردانی لە ژیانی خەڵکی لەمڕۆدا. هەروەك زانراوە، مزگەوتەکان شوێنی فێرکردن بوون کە نەوجەوانان لەوێ فێری خوێندنەوە و نووسین دەکران و بە توێژینەوە ئایینییەکان ئاشنا دەبوون، لەپاڵ پەروەردەی ئەخلاقی بۆ داڕشتنی کولتووری کۆمەڵگە.

دەرکەوتنی قوتابخانەکان لە سەدەی چوارەمیشدا کە بە سەردەمی نووسینەوە دادەنرێت، شتێکی سروشتی بوو، بەڵام ئەو قوتابخانانە تایبەت بوون بە خۆبەخشەکانیان و ئەوانەی کە وەقفیان کردبوون، هەندێك جاریش مامۆستاکانی پاداشتیان لەسەر فێرکردنەکە وەردەگرت، دەوڵەتیش هیچ ڕۆڵێکی لە بڕیاردان لە پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندا نەبوو. کاتێکیش دەوڵەت لەو بوارەدا ڕۆڵی بۆ دروست بوو، ڕۆڵەکە بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی فێرکردن و دابینکردنی پاداشتی دارایی بۆ قوتابییەکان و ئەهلی زانست، زۆربەی کاتیش ئەو پارە و سامانە لەلایەن ئەو چاکەکارانەوە دەهات، کە دەیانویست خێری نەبڕاوەیان هەبێت.

### ج. دادوەری

دادوەری لە وڵاتی موسڵمانانندا، لە ڕووی پێگەی دەوڵەت و فەرمانڕەواوە تێیدا، جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ دامەزراوەی دادوەری لە ڕژێمە نوێیەکاندا هەیە. لە وڵاتی موسڵمانانندا، ئەوپەڕی کارەکە ئەوە بوو کە جێنشین یان والی دادوەرێکی دادەمەزراند کە لەنێو ئەهلی زانستدا هەڵیدەبژارد، بەڵام بواری سیاسی لە پرۆسەی دادوەریدا دەستێوەردانی نەدەکرد، نە لە ڕووی ناوەرۆکی ئەوەی کە (فیقه) حوکمی پێ دەکرد، نە لە ڕێگەکانی هەڵهێنجانی حوکمەکان، تیۆری یاساییش (فیقه)، نەك هەر سەربەخۆ بوو، بەڵکوو بەتەواوەتی لە دەرەوەی دامەزراوەی دەسەڵاتیش بوو. ڕۆڵی سیستمی دەوڵەت (یان ویلایەت یان شار) تەنها لە یارمەتیدانی جێبەجێکرنی حوکمدا کورت هەڵدەهات، بەو ڕێکارانەشەوە کە بەرپرسان فەرمانیان بە دانانیان دەکرد، یان لە ڕێی مومارەسەوە دروست دەبوون.

پێویستە لێرەدا ئاگایی لەوە بدەین کە فیقه لە یاسا فراوانترە، شوێنی دروستبوون و گەشەکردنەکەی زانستییە و لە دەوڵەت سەربەخۆیە، پەیوەندیی تەواوی تەنانەت لەگەڵ دادوەرییشدا نییە، بابەتەکانیشی، لەپاڵ پەرستشەکاندا، بۆ عادەتییەکانی ژیانیش گشتگیرن.

ئەوەش بیر دەهێنینەوە کە هەر گشتاندنێك ڕیزپەڕی تێدا دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ڕووبەڕێکی شوێنکاتیی گەورە بگرێتەوە لەم باسەی ئێستاشماندا، لێرەدا تەنها مەبەستمان تێبینیکردنی میانە گشتییەکەیە، نەك وردەکاریی ڕووداوەکانی مێژوو. ڕەنگە دروست بێت ئاماژە بە سەدەی دەیەمی کۆچی، وەك سەرەتای بڵاوبوونەوەی بەیاساییکردنی بکەین، کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی ئەو سوڵتانە عوسمانییەی کە هەر ئەو نازناوەشی وەرگرتبوو: سلێمانی قانوونی، بەڵام بەیاساییکردن بەو واتایەی کە نزیکە لە مۆدێنەییەوە، لە کاتی بزاڤی (ڕێکخستنەکان)دا دروست بوو، کە عوسمانییەکان لە ساڵانی (١٨٣٩-١٨٧٦ز)،

لەژێر کاریگەریی ئەورووپیدا پێی هەستان، ناشتوانرێت بوترێت، ئەوەی ئامانجی بوو بەدیی هێنا. بە هەرحاڵ، ئەوە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی و پێش داڕووخانی فەرمانڕەوایەتییان بوو و نمایندەی میانەی گشتیی دەوڵەتی موسڵمانان ناکات.

### د. کارگێڕیی گشتی

ئەوەی بەلای دیدی هاوچەرخەوە شتێکی سەیرە، بریتییە لە نەبوونی پەیوەندیی گەورە لەنێوان خەڵکی بەگشتی و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەپێش سەردەمی مۆدێرنە. هەواڵی پادشاکان و مشتومڕیان لەگەڵ شاعیرەکاندا، ڕووداوگەلێکی کەم بوون و لە نێوەندی شانۆی کۆمەڵگەدا نەدەگوزەران، بەڵکوو زۆربەی کار و چالاکییەکانی گوزەران لۆکاڵی بوون و دەستەبژێری کۆمەڵگە لە گەڕەك و هۆز و گوندەکاندا دابینیان دەکرد. هەرچەندە مێژووی موسڵمانان بە شاری گەورە و ئاوەدان و گەشەسەندوو بەناوبانگە، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵك لەو ڕۆژگارەدا لە دێهاتەکاندا ژیانیان دەگوزەراند. دەسەڵاتی خزمایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزیی بەتەمەنەکانیش، بەتایبەت ئەوانەیان کە بە دانایی بەناوبانگن، گرنگییەکی زۆریان هەبوو.

لە کاتێکدا کە میرەکان سەرکردەی سیاسی بوون، زانایان و پێشەوانیان سەرکردەی کۆمەڵگە بوون، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە ڕەوایەتیی یەکەمیان، تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە دووەمیان بەستبوو. وەك ئەوەی بڵێی فەرمانڕەوا هێڵگەلێکی سووری هەیە، ئەگەر بیانبەزێنێت، ئەوا زانایان و خەڵکی بەگشتی لەگەڵیاندا لێیان ڕادەپەڕن، وەك تووڕەییەك لەبەرانبەر سەرپێچییەك کە کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆکی بەدیهاتنی دیدگای ئیسلامی لە ژیاندا هەبێت. سیاسەتیش ستەمی کرد و سنووری بەزاند، بەتایبەت لە مامەڵەی لەگەڵ ئەوانەی کێبڕکێیان کردن،

ئەوەتا زۆربەی ململانێ سیاسییەکان لەنێو چینەکانی سەرەوەدا ڕوویان داوە و جەماوەر تا ڕادەیەك لەو ململانێیانە دوور بووە.

سەبارەت بە ماڵ و سامانیش، کەمێکی لە سەردەمی هەرزانی و خۆشگوزەرانیدا چاوی لێ پۆشراوە و زۆربەیشی جێی ناکۆکیی نێوان فەرمانڕەوا و خەڵك بووە، بە سەرکردایەتیی زانایان. دادگەریی کۆمەڵایەتییش، بەگشتی پێشەوایان ڕێبەرایەتییان دەکرد، هەروەك چۆن دادوەران ڕۆڵێکی بنەڕەتییان تێیدا هەبووە.

بێینەوە سەر باسی ڕەوایەتیی میرەکان، ئەوە بهێننە یادی خۆت کە (عیـززی کـوڕی عەبدوسسـەلام) [١١٨١–١٢٦٢] ، بـە نزانـەکردن بـۆی لەسـەر مینبـەر و جێهێشـتنی شـام بـۆ میسـر، سـزای مـیر [عیمـادەددین ئەسسـاڵح] ی دا. سـونبولیبوونی ئـەم چـیرۆکە، خـۆی بـۆ خـۆی سروشـتی سیاسـیی ئـەو ڕۆژگـارە دەنەخشێنێت.

### هـ. سونبولیبوون

سیسـتمە سیاسـییەکان سـوورن لەسـەر ئـەوەی بـە شـێوازێك دەرکـەون کـە هەماهـەنگن و لەگـەڵ کولتـووری کۆمەڵگـەدا گونجـاون، چـونکە ئـەوە لـە ڕووی ڕەمزییـەوە ڕەوایـەتییان پـێ دەبەخشـێت، سـەرباری ئـەوەی کـە هەوڵـدان بـۆ خۆگونجانـدن، سـەر دەکێشـێت بـۆ هەڵبـژاردنی میکانیزمگـەلێك لـە بـەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایەتیدا کە خـەڵکی دڵیـان پێیـان خـۆش بێـت و لـە کاروبـارە کـارگێڕی و سیاسییەکانیشدا یارمەتیدەر دەبن، یان لانی کەم دژی ناوەستنەوە.

لـە ڕووی سونبولیبوونیشـەوە، مومارەسـەکردنی فەرمانـدارێتی لـە مێـژووی موسڵماناندا لە سیستمە ئەورووپییە کڵێسـاییە پاپاییـەکان و لـە سیسـتمی نەتـەوە ڕۆژهەڵاتییـەکانی ئاسـیاش جیـاواز بـووە، کـە سـیفەتی پیرۆزییـان بـە پادشـا و ئیمپڕاتۆر بەخشیوە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە فەرمانڕەوایانی موسڵمانان –لەگەڵ

درێژبوون و تێپەڕینی کات- ئاواتی ئەوەیان نەخواستووە کە سیفەتی ئایینی بە خۆیان ببەخشن و تەنها بە هۆی پابەندبوونیان بە ئایینەوە، سیفەتگەلێکی لادەر بە فەرمانداریێتییەکەیان بدرێت، بەڵکوو ئەمە تەنها بە ئەندازەی دوورکەوتنەوە لە خواستەکانی ئیسلام ڕووی داوە. زۆربەی دەزگاکانی فەرمانڕەوایەتییش، سوورن لەسەر نزیککردنەوەی ئەوانەی جێی متمانەی جەماوەرن، لە نێویشیاندا سونبولە ئایینییەکان کە هەوڵی لەخۆگرتنیان و لانی کەم زامنکردنی نەبوونیان بە نەیار و ئۆپۆزسیۆن، دەدرێت. لەو ماوانەی دواییشدا، حکومەتەکان سوور بوون لەسەر تەبەنیکردنی ئاهەنگە ئایینییە -داهێنراوەکان-، لەو ڕۆژەوەی کە ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) داهێنرا.

کەواتە حکومەتی موسڵمانان لە دەرەوەی بازنەی ئەم دونیایەدا جووڵە ناکەن، تا پاك و بێگەرد بن و لە هەموو فریودان و زۆرلێکردنەکانی دوور بن، یاخود لە ئاستی گشتیی تێگەیشتن لە ئایین دابڕاو بن. بە گوزارشتێکی دی: **بە ئەندازەی ئەوەی دەتوانین سیاسی بە هەوڵی پوکاندنەوەی ئایینی و گەمارۆدانی جووڵەی سونبولەکانی تۆمەتبار بکەین، بە هەمان ئەندازەش دەتوانین ئاگایی لەوە بدەین کە خڵتەگرتنی تێزی ئایینی و زاڵبوونی سرووتەکان بەسەریدا، لەسەر ئەژماری واتا و ناوەرۆك، لە لایەکەوە دەرگای بەکارهێنانی سیاسی دەکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە فەرمانڕەوا ناچار دەکات بەپێی حەز و ئارەزووی جەماوەر بجووڵێتەوە و مامەڵە بکات.**

دەبێت پەی بەوەش ببەین کە لەلایەن کۆمەڵگەوە هیچ بەرژەوەندییەك نییە کە واز لە گرنگیدان بە دیاردە ئایینییەکان بهێنێت (بەسنووورداری) و ڕێز لە سونبولەکانی بگرێت (بەبێ بەکارهێنان). واتە هاوکێشەیەکی ناچارانە لەم بابەتەدا هەیە، لەمسەریەوە هەستیارییەکی گەورە لەبەرانبەر سوڵتان هەیە و وتەی زانایانیش لەو بارەیەوە زۆر و بەناوبانگن، کە ئاگایی لە نزیکبوونەوە لە دەرگای

سوڵتان دەدەن، لەوسەریشەوە پێویستییەك هەیە بۆ ئەوەی دەسەڵات ڕووی خۆی بە کولتووری کۆمەڵگە (ی ئایینی لە حاڵەتی ئێمەدا) ڕەنگ بکات، چونکە ئەوە کارێکە جەماوەر پێی خۆشە و پێی وایە واتا و ناوەرۆکێکی گەورەی هەیە و جیهانی سونبولگەرێتییش بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە.

## ٢. دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی مودێرنەدا

دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرنە، کۆمەڵگەی قووت دا، پاش ئەوەی هزری ڕۆشنگەری و کارەکانی بەعەلمانیکردن هەستان بە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە کلاسیکییەکانی کۆمەڵگە و ئەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەیەش بووە بە مۆدێلێك، کە لەسەر ئاستی جیهانی بە پێوەری پێشکەوتن دانراوە. ئەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەیە بچووکترین یەکەی کۆمەڵگەشی گرتووەتەوە، کە بریتییە لە خێزان. سەیریش نییە کە دەبینین مارکسیزم، کە لە هەموو دیدەکانی تر توندترە لە ئەقلانیەتی نکوولێکەر لە هەر شتێك کە نامادی بێت، خێزانی بە سەرچاوەی شەڕ و خراپە و بەشێك لە پاشماوەی سەرمایەداری داناوە و پێی وایە بابەتێکە کە خاوەندارێی پیاو تەحەککوم بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەکات (ئافرەت لە ڕێگەی پەیوەندیی سێکسییەوە).

هەرچی سەرمایەدارییشە، وای دەبینێت کە خێزان لە ڕووی ئابوورییەوە سوود و جەدوای نییە، هێنانەناوەوەی ئافرەتانیش بۆ گۆڕەپانی کارگەکان، بە پاڵنەریی زیادکردنی قازانج بوو، نەك لەپێناو ئازادکردنیان.

لە ڕووی کردارییشەوە، هەر دوو سیستمەکە ئارامی و ژیانی خۆشی خێزانیان شێواند، بەڵام خێزان هەر دەمێنیت و لا ناچێت، چونکە فیترەتێکی چێنراوە لە مرۆڤدا. ڕێڕەوی دەوڵەتی نوێش، ڕێڕەوی زاڵدەستییە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە خودی مرۆڤ خۆیشیەوە، خێزانەکەی و گیان و جەستەشی. ئەی نابینی چۆن

ئافرەتان هان دەدرێن بۆ فرۆشتنی جەستەی خۆیان؟ قسەکە لێرەدا درێژە دەکێشێت، با باسەکەمان لە جیهانی سیاسەتدا کورت بکەینەوە.

لەسەر ئاستی شووناسیش، ئەو ئاگاییەمان لەبیر نەچێت کە شووناسی مۆدێرنەیی، شووناسی تاکێکی هاوڵاتییە کە مافەکانی لە ڕێگەی دەستوورەوە دیاری کراون. خۆ ئەگەر بمانەوێت ئەم گوزارشتە بە نێگەتیڤ دابڕێژینەوە، بەم شێوەیەی لێ دێت: **شووناسی مۆدێرنەیی بریتییە لە شووناسی تاکێکی هاوڵاتی، کە مافەکانی نە لە ڕێگەی بنەمایەکی باڵاوە، نە لە ڕێگەی ئینتیمای نەتەوەیی مرۆڤگەلێك کە مێژوویەکی مەعنەوییان هەیە و نە لە ڕێگەی پاکیی ناخی تاك خۆیەوە، دیاری نەکراوە.** خۆ ئەگەر هاوڵاتی نەبیت، ئەوا نە مافی تۆمارکردنی هاوسەرگیرییەکەت لە تۆماردا هەیە، نە مافی فێرکردنی منداڵەکەت لە قوتابخانە و نە فریاکەوتنی نەخۆشەکەت لە نەخۆشخانە و... تاد.

لەبەرانبەر ئەو توندییەدا، دەستووورە نوێیەکان (مافگەلێك)یان بۆ هاوڵاتیانیان لەخۆ گرتووە، کە گرەنتییەکی تیۆرییان تێدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی لیبراڵییە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا لەسەر ئاستی سیاسی. هەر ئەمەش ئەو دژیەکییەیە کە پێویستە لێی تێبگەین.

ڕشتەبەندیی دەوڵەتی مۆدێرنە، سەر بۆ زاڵدەستی دەکێشێت، لە کاتێکدا کە چەند بیرۆکەیەکی بەرز و بڵند و پایەداری بیرمەندەکان لەو کارنامەی کارگێڕییەدا کە کاری سیاسی ڕێك دەخات، جێی خۆیان کردەوە و لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە بزاڤی گۆڕانکاری و بەرهەڵستیکردن و پاراستنی هاوڵاتیدا بەرجەستە بوون.

**هەرچۆنێك بێت، هزری فەیلەسووفە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان هەموویان ڕزگاریخوازی نەبوون، بەڵکوو لەنێوان دوو دیدگادا دێن و دەچن، دیدگای زاڵدەستیی تەواوی دەوڵەت و دیدگای زاڵدەستیی کەمتر.** ئەوەتا لەنێو لایەنگرانی نەزعەی واقیعی ڕەهادا، (هۆبز) و (میکاڤیلی) دەبینین، کە تیۆریان بۆ زاڵدەستیی

ڕەهای دەوڵەت لە چوارچێوەیەکی داروینیدا دادەنا. هەروەها لە هزری مارکسییشدا —ئەگەر ئەدەبیاتە خەونئامێزەکانی بخەینە لاوە— دەیبینین دیدگای لینینیی شیوعی لە ڕووی ڕەوایەتیدان بە زاڵدەستییەوە، زۆر لە دیدگای هاوتا سەرمایەدارییەکانی دوور نەکەوتووەتەوە.

لە بەرانبەریشدا، هزری فەیلەسووفی سیاسیی (لۆك)، بانگەشەی دەوڵەتی یاسا دەکات. هەرچەندە دیدی (لۆك) ڕەفتاری دەوڵەت بە پاراستنی ئازادیی تاکەکەسی ڕێك دەخات، بەڵام یاسا لە ڕشتەبەندیی مۆدێرنەدا بە دەوڵەت (پەرلەمان، بیرۆکراسیەت) سپێردراوە، هەر ئەویش زیاتر تەحەککومی پێوە دەکات. هەروەك چۆن (لۆك) دیدگای ڕشتەبەندیی سەرمایەداری بەتەواوەتی تەبەنی دەکات و مەرجدارکردنیشی ڕەت دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕشتەبەندە دەبێتە هۆی دروستبوونی ستەم و دەستبەسەراگرتنی ناڕاستەخۆ.

دەشتوانین بڵێین، سیستمە سیاسییەکانی (دیموکراسیەتی پیشەسازی)ی هاوچەرخ، لە ئاوێتەی هەردوو دیدگای (هۆبز) و (لۆك) پێك هاتووە. ڕەنگە کەسێك کە لەدەرەوە تێڕوانینێکی خێرای هەبێت، وا گومان ببات کە ڕشتەبەندیی سیاسەتی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە بەپێی دیدگای (لۆك) بەڕێوە دەچێت، لە کاتێکدا کە سیاسەتی دەرەوەیان بەپێی دیدگای (هۆبز) و (میکافیلی) بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئاڕاستەی دەستدرێژکارانە بۆ دەرەوە، بە هەمان شێوە پایەی ناوخۆیی زۆری هەیە، دیارترینیشیان پیشەگەریی جەنگییە.

هەرچی دەوڵەتە دیموکراسییە بچووکەکانیشە کە خۆیان لە جەنگ بەدوور گرتووە، بێگومان ئەوان لەگەڵ بانگەشەی دیموکراسیەتی لیبراڵی گونجاوترن، هەرچەندە لە ڕووی کردارییەوە لە سایەی پرۆسە سەربازییەکانی دەوڵەتە گەورەکاندان و سوود لە ئەزموونی جیهانییان وەردەگرن.

دواجار، پێویستە ئاماژە بە کۆمەڵێك هزرمەندی تر بکەین کە تێزگەلێکیان لەمەڕ کۆمەڵگەی مۆدێرنەوە پێشکەش کردووە و تەنها لە باسی جیهانی سیاسەتدا کورت هەڵنایەن و ڕەنگە قووڵتریش بن و هاوسەنگییەنکی زیاتریشیان تێدا بێت، هەروەك چۆن بە شانوباڵی دەوڵەتی مۆدێرنەدا هەڵنادەن و شکۆمەندی ناکەن، بەڵکوو ئاماژە بە مەترسیی بەدێوبوونی دەکەن.

پێویستە ئاگامان لەوەش بێت کە زیاتر لە نموونەیەکی لێکدانەوەکاری بۆ کاروانی سیاسیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەیە، کە باس لە شێوازی پەرەسەندنی دەکەن. ڕەنگە دەروازەی ڕەخنەگرانە بۆ کاروانی ڕەشدەنە (الرَّشدَنة)، دەروازەیەکی باش بێت بۆ دەربازبوون لەوەی پێشتر باس کرا.

**مەبەستیش لە ڕەشدەنە، ئەو پەرگیرییە ئەقڵانییەیە کە ژیانی مرۆیی بەتایبەت لە پێویستییە ماددییەکانیدا کورت هەڵدێنێت (هەر بۆیە هۆشیار و زرنگ نییە).** ڕەشدەنە ڕابەرایەتیی پەرەسەندنی سیستەمە ڕۆژئاواییەکانی کرد، ئەمەش وای خواست کە بڕیار و پلانڕێژی لە دامەزراوەگەلێکی بیرۆکراسیدا و بەپێی ڕێوشوێنێکی توندوتۆڵ کۆ بکرێتەوە، کە بەوە دەناسرێنەوە لە یەك کاتدا هەم ئەقڵانییە و هەم لە ئەقڵانییەوە دوورە، لەبەر ئەوەی ژیانی مرۆیی لە ڕەنگدانەوە دەرەکییەکانیدا کورت کردووەتەوە.

ئەم کارسپاردنە بە دامەزراوە بیرۆکراسییەکان، مرۆڤ فەرامۆش دەکات و بڕیارەکانی ڕادەستی چەند کەسێکی بڕیاربەدەست لە (شارەزایان) دەکات. زۆربەی چالاکییەکانی تاکی مۆدێرنەش بە دەوڵەتەوە بەستراونەتەوە و هەر لە ڕێی دامەزراوەکانیشیەوە تێدەپەڕن. بۆ نموونە، تۆ لە فێرکردنی منداڵەکەتدا هیچ بژاردەیەکت نییە، بەڵکوو ئەوە دەوڵەتە بڕیار دەدات چیی فێر بکات، ئەگەر تۆ پێشت ناخۆش بێت. هەموو جموجووڵێکیش، لەلایەن دەوڵەت یان لەلایەن

دامەزراوەیەکی قازانجویستەوە کە دەوڵەت هەر کاتێ پێویستی کرد دەتوانێ بیگاتێ و لەژێر چاودێریدایە.

لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا، پێویستە تاك سامان و پارە وەکوو باجی داهاتەکەی بەناچاری بدات و باجی کڕین و فرۆشتنی بدات، لە هەموو ئەمانەشدا ڕەشدەنەیەکی تەواو و زاڵدەستییەکی تەواو هەیە. جۆری ژیان و گوزەرانی مۆدێرنەش، جگە لە خستنە سەریەکی شەو و ڕۆژ بۆ بژێویی ژیان، هیچ بژاردەیکی تری بۆ تاك نەهێشتووەتەوە کە ڕەنگە وا سەرقاڵی بکات، نەتوانێت زوو زوو هاوسەر و منداڵ و کەسوکارەکەشی ببینێت. هەروەها لە مۆدێرنەدا بوار نەهێڵراوەتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەئاسوودەیی و بەبێ فشاری دەروونی بژیت، ئەم هەویرە ئاو دەکێشێت و قسە زۆرە لەسەری، تەنها ئاماژەیەك بەسە.

**شێوەی: باکگراوندی تیۆریی جۆری دەوڵەتی مۆدێرنەیی ڕۆژئاوایی**



ڕاڤەیەکی تریش سەبارەت بە هەموو ئەمانەی باس کران هەیە، بەڵام ڕیزپەڕ یان کۆتدارکردنە بۆ گشتاندنێك، نەك ڕەتکردنەوەی بێت.

ئەو تێزەی پێشکەش کرا، نکووڵی لە پێویستیی کۆتدارکردن ناکات لە گفتوگۆی حاڵەتێکی دیاریکراو، یان دیوێکی دیاریکراوی ڕەفتاری دەوڵەتی مۆدێرنە، چونکە ئەو وەسفەی کە خرایە ڕوو، وەسفی جۆری ڕشتەبەندەکەیە نەك هیی وردەکاریی جموجووڵەکانی، هەروەها شیکردنەوەیەکە بۆ ئاڕاستە گشتییەکەی، نەك بۆ بارودۆخی تایبەتیی دەوڵەتان. بۆ نموونە، دیاریکردنی بارودۆخی سویسرا، لە بارودۆخی فەڕەنسا تەواو جیاوازە. گومانیش لەوەدا نییە لە سیستمی دیموکراسیدا و لە ڕێگەی دامەزراوە بیرۆکراسییەکانیەوە، هەوڵ دراوە بە یاسا زیادەڕەوی و زۆرڕۆیشتنی دەوڵەت و دامەزراوەکانی سنووردار بکرێت و جۆرە پارێزگارییەك دروست بکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناسڕێتەوە کە سروشتی ڕشتەبەندیی نوێی دەوڵەت —هەرچەندە دیموکراسییە—، سروشتێکی دەستێوەردەرانەی هەیە (تەنانەت لەگەڵ مرۆڤدا دەچێتە ژووری نووستنەکەشیەوە)، وەك ئەوەی دانیشتووانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی گوزارشتی لێ دەکەن.

دەتوانین بڵێین مێژووی مافە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا، ململانێیەك بووە لەنێوان هەوڵی دەوڵەت بۆ زاڵدەستیی فراوان و لەنێوان بزاڤی جەماوەری بۆ دیدێکی مرۆیی داڕێژراو بەو شێوەیەی کە فەیلسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری پێشکەشیان کردووە، بۆیە ئەو دیدە مرۆییەش بە ئەندازەی گرفتئامێزیی فەلسەفەکانیان، بەگرفتئامێزی مایەوە.

دەوڵەتی مۆدێرنەش، لە پەلهاویشتن و زاڵدەستی بەسەر ڕووبەری نوێی ژیانی مرۆڤ و بەسەر پانتایی زیاتر لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، نەوەستاوە. **دەتوانین لە ڕێگەی تێبینیکردنی دووسەرەیی مۆدێرنەوە، لەو پەرەسەندنە تێبگەین: چونکە ئەو ڕشتەبەندە لە ڕوویەکەوە زیادگەرا و سووخۆرە، هەوڵی زیادبوونی هەموو شتێك**

**دەدات، زیادکردنی بەرهەمهێنان و زیادکردنی بەکاربردن و زیادکردنی لەپێلادان...، لە ڕوویەکی تریشەوە لە ڕێگەی بیرۆکراسیەتی دەوڵەتەوە، کار بۆ جۆرە ڕێکخستنێك بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات.**

بڕیاردان لەسەر جۆری ژیانی ڕۆژئاوایی، بە جوانکردن یان ناشرینکردنی بێت، پشت بە کۆمەڵێك بەڵگەنەویست دەبەستێت زیاتر لە پشتبەستنی بە ڕاستییەکان، یاخود پشت بە هاوکێشەگەلێکی پێوانەیی دەبەستێت کە وتەی فەلسەفە و ئایینەکان لەبارەیەوە جیاوازە.

دواجار، پێویستە ئەوە بهێنینەوە یاد، کە ئەو پەرسەندنە نوێیەی دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان بە ئەزموونگەلێکی سەربازی و دەسەڵاتسەپێنیی تاڵدا تێپەڕیوە: (ناپلیۆن) [١٧٦٩-١٨٢١] لە فەڕەنسا و (هیتلەر) [١٨٨٩-١٩٤٥] لە ئەڵمانیا و (مۆسۆلینی) [١٨٨٣-١٩٤٥] لە ئیتاڵیا و (فرانکۆ) [١٨٩٢-١٩٧٥] لە ئیسپانیا. ئەو دەوڵەتانەش کە دیکتاتۆر فەرمانڕەوایەتیی نەکردوون —بەریتانیا و ئەمەریکای باکوور- هێشتا وازیان لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە نەهێناوە لە سەرکێشییان بۆ هەژموونی جیهانی دەرەکی، یان لە سنووری خۆیاندا و لەگەڵ ئەوانەی کە تێیاندا نیشتەجێن.

# کۆتـایی

یەکێك لە گرنگترین بابەتەکان کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، بریتییە لە جیاوازیی پەیوەندیی دەسەڵات بە خەڵکەوە لە چاخە دێرینەکان، لەوەی کە لە ڕشتەبەندیی مۆدێرنەدا هەیە. دەسەڵاتی سیاسی لە ڕابردوودا لە ژیانی خەڵکیدا، وەکوو ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، ئامادەیی نەبوو، ئەمەش بۆ هەموو سیستمە سیاسییەکانی سەردەمی پێش مۆدێرنە ڕاستە و سەبارەت بە حاڵەتی موسڵمانان ئەمە بە ڕوونتر دەردەکەوێت.

لە دیارترین ئەو تایبەتمەندییانەی کە سیستمی سیاسیی موسڵمانانی پێ جیا دەکرێتەوە، بریتییە لە بەرتەسکیی ڕووبەری زاڵدەستیی سیاسی.

ڕەنگە لێرەدا ئاماژەکردن بە کۆمەڵە بوارێك کە لە ئەزموونی موسڵماناندا لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوون، بەکەڵك بێت: بواری ئەخلاقی، ڕووبەری هزری، بوارە زانستییەکان، بژاردەکانی خێزان، کۆمەڵگەی ئەهلی، وەقف، قوتابخانەکان، پرۆگرامی فێرکردن، جۆری ژیانی تاك، دادوەری، فەلسەفەی سیاسی، مزگەوت، فەتوا، ڕێزلێنان و داڕشتنی کولتوور... تەنانەت لە سەردەمی عوسمانیشدا، کاتێك پلەی "شەیخولئیسلام" داهێنرا، ڕێگر نەبوو لە بوونی کەسانێکی تر کە قورسایی گەورەیان هەبوو، هەروەك چۆن ئەوانەی کە لەو پلەیەدا بوون، شلگیری و ماستاوکردنی شەرمهێنانە و پێچەوانەی شەریعەت، یان جیاواز لەگەڵ کولتووری ئوممەتیان لەبەرانبەر سیاسەتدا لێ نەبینراوە.

هەروەها وا باشە ئەوەمان لەیاد بێت کە بنچینەکانی شەریعەت لە بەرپاکردنی واتاکانی ئایین و بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت بە کۆمەڵگە و ئوممەتەوە بەسترابوو، نەك بە لوتکەی قوچەکی سیاسییەوە.

زۆربەی چالاکیی خەڵك و گوزەرانیان، پشتی بە شوێنێکی بچووك و تایبەت بە خۆیان دەبەست، لە کشتوکاڵ و ڕاوکردن و ئاژەڵ بەخێوکردن. بەو شێوەیە ڕۆڵی دەوڵەت لەو کارانەدا کورت هەڵاتبوو کە لە ناوەنددا مابوونەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە بەرگریکردن و پەیوەندیی دەرەکی و دارایی گشتی، هەروەك چۆن سیاسەت لەسەر ئاستی ویلایەتەکان، ئەرکی پاراستنی ئاسایش و وەرگرتنی باجی لەئەستۆ گرتبوو، ئەمە وێڕای کارە خزمەتگوزارییەکانی وەك دابینکردنی کەناڵی ئاو و پشتگیریکردنی زانست و زانایان و ڕێکخستنی پۆستە. ئەمەش لە ئیسلامیبوونی کۆمەڵگە کەم ناکات، چونکە ئیسلامیبوونی لەسەر ئاستی دید و بەهاکان و پاڵنەرەکان و ئەو ڕێکار و چوارچێوانەدا بوو کە لە بواری جێبەجێکردندا ڕەنگدانەوەیان لە ژیاندا دەبوو. هەر ئەو جۆرە مۆدێلەشە، خەونی زۆرێك لە گەورە تیۆریستەکانی ئەمڕۆیە، سەرباری چالاکانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان.

لەنێوان ئەو مۆدێلەی کە دەوڵەتی موسڵمانان –بە جیاوازییەکانیانەوە– تەبەنی دەکات و لەنێوان جۆرە مۆدێرنەییەکەیدا، چەندین جیاوازی لە دید و بۆچوون و پەیکەربەندیشدا هەیە. جیاوازییەکی جۆرێتی هەیە لەنێوان ئەوەی سیاسەت دەست بەسەر ئاییندا بگرێت و بە شێوەیەکی بەرژەوەندیخوازانە هاوبەشیی دامەزراوەکەی بکات، لەگەڵ ئەوەی کە سیاسەت مەبەستی بێت سوود لە دڵخۆشیی جەماوەر بە ئایین وەربگرێت (وەك ئەوەی لە ئەزموونی موسڵماناندا هەبووە).

لە ڕووی کردارییەوە، ئاڕاستەی فەرمانداریێتی لە مێژووی موسڵماناندا لەنێوان دوو پێگەدا هاتووە و چووە: پێگەی جێنشینییەك کە هزری ئیسلامیی کردووە بە بنەما و هەوڵی جێگیرکردنی لە واقیعدا داوە، پێگەی دەسەڵاتێك کە خواستی ئیسلامی کردووەتە کاڵای باڵای خۆی، چونکە جگە لەو، هیچی تر ڕەوایەتیی نییە.

# دەروازەی پێنجەم

# لە پێناو لەیەکترگەیشتن و تەباییدا

# بەشی حەڤدەهەم: میکانیزمە دیموکراسییەکان

تەمومژێکی زۆر، باسی دیموکراسی و حەقیقەتەکەی و جیهانیبوونی گونجاوێتیی وەك شێوازی فەرمانڕەوایی داپۆشیوە. دیموکراسی بیرۆکەیەکی سیاسییە، پشت بە دیدگایەکی فەلسەفی دەبەستێت و ڕەنگدانەوەی بەهاگەلێکی کۆمەڵگەییە و پەیوەستە بە میانەی پەرەسەندنێکی مێژوویی ژیارییەوە.

بەشەکانی پێشوو، ڕووماڵێکی زۆری ڕووە تیۆرییەکانی دیموکراسییان کرد. ئەوەش دەهێنینەوە یاد کە ڕشتەبەندیی دیموکراسیی هاوچەرخ، لەگەڵ ڕشتەبەندیی ئابووریی سەرمایەداری هەماهەنگە و لکاویشە بە جۆری کولتووری کۆمەڵایەتیی ئەورووپی، بەبێ ئەوەی کە بڕوا بکەین بە قۆرخکردنی ئەورووپا بۆ هەموو ئەو شتانەی ڕشتەبەندیی دیموکراسی بانگەشەیان دەکات.

بۆ سادەکردنەوەی تاووتوێکردنی ئەم بابەتە، لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر تایبەتمەندییە دیموکراسییەکان، وەك پرنسیپی کارکردن. هەروەك چۆن ناکرێت سەرمایەداری لە بانکەکان و ئازادیی بازرگانیدا کورت هەڵبهێنرێت، ئاواش ناکرێت دیموکراسی تەنها لە میکانیزمەکانیدا کورت بکرێتەوە، بەڵام لێتوێژینەوە لەو میکانیزمانە، سوودی خۆی هەیە.

سەرەتا دەڵێین، ناکۆکیی سیاسیی هزری لەبەرانبەر ئایندەی وڵاتەکانمان، ناکۆکییە لەمەڕ "دیموکراسی لیبراڵی"، نەك دیموکراسی وەك میکانیزم. بۆیە سەرەتا ڕەگەزە دیموکراسییەکان شی دەکەینەوە، لەپێناو گوتارگۆڕکێ لە لایەك و

بۆ نەهێشتنی سەراب و خراپ تێگەیشتن و پەندوەرگرتن لە ڕووی ئیدارییەوە، لە لایەکی دی.

یەکێکی تریش لەو هۆکارانەی ئەم باسەیان پێویست کرد، ئەوەیە کە زۆر کات لە ڕەهەندی مافی مرۆڤەوە گفتوگۆی دیموکراسی دەکرێت و بەو هۆیەوە مێشك ئەوەی لەبیر نامێنێت کە لە بنەڕەتدا ڕشتەبەندێکی کارگێڕییە.

لەخوارەوە گفتوگۆی سێ تایبەتمەندیی پێکهێنەری دیموکراسی دەکەین: نوێنەرایەتیکردن و دیالۆگکردن، سەروەریی یاسا و لێپرسینەوە و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکات. لەمەشدا، لە لایەکەوە بەشوێن کاروانە کردارییەکەیدا دەچین، لە لایەکی تریشەوە لەوە دەکۆڵینەوە بزانین ئایا شتێکی داهێنراوە و چیی نوێی جیاوازی تێدایە.

## ١. نوێنەرایەتیکردن و دیالۆگکردن

دیاترین هەستی باو لەمەڕ دیموکراسی، بریتییە لەوەی کە نوێنەرایەتیی ویستی گەل دەکات. ئەوە دەخرێتە ڕوو کە لەبریی ملکەچکردنی خەڵك بۆ دەسەڵاتی ڕەها لە سیستمەکانی پێش مۆدێرنە و لەبریی دەسەڵاتی نەریتیی کۆمەڵگە و دەستەبژێرەکەی لە سایەی دیموکراسیدا، لە ڕێگەی بەشداریکردن بە دەنگدان و هەڵبژاردن، گەل بە خودی ئیرادەی خۆیەوە پابەند دەبێت، بەڵام هەرچەندە بەشێکی گەورەی کاری نوێنەرایەتیکردن لە ڕووی کردارییەوە بوونی هەیە، پێویستە زیاتر لەم جۆرە هەستە بەرانبەر دیموکراسی بکۆڵینەوە، کە نە لە ڕووی تیۆرییەوە دروستە و نە واقیعی کردارییش گەواهیی بۆ دەدرێت.

بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن بۆ مرۆڤایەتی شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکوو هەر لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگە سادەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان، مومارەسەیان کردووە. ئەو جۆرە کۆمەڵگانە، بە هۆی ئەو بەیەکداچوونە گەورەیەی بواری سیاسی و

کۆمەڵایەتی لە ڕۆژگاری خۆیاندا، بە "کۆمەڵگەی یەکسانی و ڕاوێژکردنی چڕوپڕ" بەناوبانگن. لەگەڵ ئەو هەموو زاڵێتییەی دەستەبژێری فەرمانڕەوا و کۆمەڵگە هەیانبوو، ئەوان هەستیان بە جۆرێك لە کارگێڕیی گشتی دەکرد. هەروەك چۆن نوێنەرایەتیکردن دەکرێت بە کۆمەڵ بێت، بۆ نموونە سپاردنی ئەرکێکی دیاریکراو بە هۆزێکی دیاریکراو، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە نوێنەرایەتیکردن، بەڵام پرسی نوێنەرایەتیکردن و دیالۆگکردن تووشی قەیران هات، بەتایبەت لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە گەورەکاندا.

دیموکراسییەتە نوێیەکان، قەیرانەکانی خۆی لە پرسی نوێنەرایەتیکردندا بەشبەش کردووە. با بە هەڵبژاردنی سەرۆك دەست پێ بکەین، ئەو بابەتەی کە زۆرترین چاوی لەسەرە، دەپرسین: ئایا هەڵبژاردنی سەرۆك پەیوەستە بە ڕەهەندێکی سینبولییەوە کە گەل پێی خۆشە، یان پرسی بەڕێوەبردنی سیاسی و بەرنامەیە؟

ئاماژەش بەوە دەکەین کە دەنگدان بۆ سەرۆك، لەبەر چەندین هۆکار واتاکەی لەدەست دەدات، لەوانە: بانگەشەی هەڵبژاردن. بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنیش کەم جار جێبەجێ دەکرێن، بەڵکوو حاڵەتی باو ئەوەیە کە یان پاشەکشەیان لێ دەکرێت یاخود ون دەکرێن. کارەکە گەیشتووەتە ئاستێك، کە خەڵك بەگشتی لە هەموو بەربژێرەکانی سەرۆکایەتی ڕادەکات و دەنگی خۆی دەداتە ئەو بژاردەیەی کە بە دیدی خۆی کەمترین زیانی هەیە، نەك بژاردەیەك کە بەڕاستی قەناعەتی پێی هەبێت.

هەرچی دەنگدانیشە بە پەرلەمانتاران (لە سیستمی پەرلەمانیدا)، یان دەنگدان بە دەستپێشخەرییە یاساییە کارگێڕییەکان بەگشتی، دەبینین چۆن بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو، لەلایەن خاوەن پایە و دەسەڵاتەکانەوە لەنێو دامەزراوەی سیاسی و لە دەرەوەیدا، تەحەککوم بە پرۆسەی دیموکراسییەوە دەکرێت. شتێکی

باوەڕپێکراویشە کە هەندێك کەسایەتیی سەنگدار، لە ئاڕاستەکردنی پرۆسەی سیاسیدا قورساییەکی گەورەیان هەیە و چەندین هێزی دەرەکییش دەسەڵاتی زۆریان لەنێو دامەزراوەی سیاسیدا هەیە، هەموو ئەمانەش پێچەوانەی وێنە خوێندراوە پاکەکەی دیموکراسییە.

سەرباری هەموو ئەمانە، ئەو مانۆڕانەی لە بانگەشەدا دەکرێن، زیاتر ئامانجیان ختوکەدانی هەستی خەڵك بۆ بەرژەوەندیی خود و شۆردنەوەی مێشکی پاکیانە، وەك لەوەی مەبەست لێیان قەناعەتپێکردنێکی ئەقڵانییانە بێت بە بەرنامەکان.

**لە ڕووی کردارییشەوە، ڕووبەرێکی تەسك بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن هێڵراوەتەوە، بۆیە دەتوانین بە "بژاردەیەکی گەردنکەچانە" وەسفی بکەین.** ئەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکاندا نزمە. پاشان ئاسان نییە بڵێین، میکانیزمە دیموکراسییەکان لە نوێنەرایەتیکردنی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا سەرکەوتوو بوون. ئا ئەوە سێ تایبەتمەندیی خراپ کە ئالوودەی کاروانی دیموکراسین: تەحەککومکردنی خاوەن دەسەڵات و هێز و سامان، پشتهەڵکردنی جەماوەر و پەراوێزخستنی لاواز و کەمدەستەکان لە کۆمەڵگەدا، میدیاش ڕۆڵێکی تێکەڵ دەبینێت، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ.

**ئەوەی کە زۆر ناڕوونە، برتییە لە بانگەشەی دیالۆگ لە ڕشتەبەندیی دیموکراسیدا،** لە کاتێکدا گومان لەوەدا نییە کە میکانیزمەکانی دیموکراسی، زۆرینەی بڕیارەکانی بۆ تاکەکەس جێ ناهێڵێت، بەڵام ڕەفتاری مەنزومەکە دوورە لە وەسفی خەونئامێز بۆ کۆمەڵکاری جەماوەری. زۆرێك لە جومگە هەستیارەکان لە ژیانی کۆمەڵگەدا، ملکەچی ڕای تەکنۆکراسیی هونەرین، بەبێ ڕاوێژکردن. هەرچەندە لە هەندێك دیموکراسیدا هەندێك بڕیاری بیرۆکراسی دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئەو بەشداریکردنە لەبەر دوو هۆکار واتای خۆی لەدەست دەدات:

بەسیاسیکردنی بانگەشەییانەی ئەو بڕیارانە و هێزی سامان و لۆبی. هەردووکیشیان ئەقڵانیەتی ئەو ڕێکارانە لەناو دەبەن.

زۆربەی دیالۆگەکان بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێن: یان لەنێوان شارەزایاندا لە لقەکانی دامەزراوە سیاسییەکاندا (دەزگای جێبەجێکردن بەدیاریکراوی)، یان لە شێوەی موساوەمەی نێوان یاریکەرە سیاسییەکاندا دەبێت (ئەنجوومەنی نوێنەران). بەبەردەوامی مەعقولیەتی ناوەرۆکی دیالۆگ لەو دامەزراوانەدا، لە بەرژەوەندیی سەفقە و گرێبەستەکان و وەڵامدانەوەی فشاری دەرەوەی ڕشتەبەندەکە، پاشەکشە دەکات. لەگەڵ ئەوەی گومان لەوەدا نییە کە ئەو پەیکەربەندییە توانیویەتی پارێزگاری لە لایەنی کەمی مەعقولیەت بکات، بەڵام ئاسان نییە بوترێت لە کۆمەڵگە نامۆنییە و لە ئەرکە سەرەتاییەکەی دوور نەکەوتووەتەوە.

توانای سیستمی دیموکراسی لە نوێنەرایەتیکردنی ڕای خەڵکی، تەنها شتێکی ڕێژەییە، گەورەترین سەرکەوتنی دیموکراسیش، بریتییە لە ڕێگریکردن لە تاکگەری و ستەمگەرانە و بڕیارە بێهۆ و بێسوود و بێماناکان. **ڕەنگە بتوانرێت زۆربەی ئەو سەرکەوتنە بۆ کولتووری سیاسی و ئاستی ڕۆشنبیری بەگشتی بگێڕدرێتەوە، زیاتر لە گێڕانەوەی بۆ خودی میکانیزمەکە، هەرچەندە بوونی میکانیزمەکان، تەوەرێکی سەرەکییە.**

ئەوەی بۆ هەر ڕوشدێکی سیاسی خوازراوە، بیرکردنەوەیە لەو شێوازەی کە نوێنەرایەتیی خەڵکی تێدا دەکرێت و پێگەی دەسەڵات و ڕووبەری دەسەڵاتەکانی و ئەو کاروبارانەی کە بە دامەزراوەی سیاسی دەسپێردرێن و چیش بۆ فەرمانگە بیرۆکراسییەکان جێ دەهێڵرێت، چ شتێکیش بە کۆمەڵە زانستییە هونەرییەکان دەدرێت و چیش بۆ کۆمەڵگە و دامەزراوە مەدەنی و سروشتییەکانی جێ دەهێڵرێت.

**٢. سەروەریی یاسا**

سەروەریی یاسا بە یەکێك لەو بنچینانە دادەنرێت کە دیموکراسی نوێی لەسەر دامەزراوە، ئەو بنچینەیەی کە میکانیزمی دیموکراسی بەبێ ئەو کار ناکات. بیرۆکەی یاسای و بنەمای سەروەرییەکەی، شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو مرۆڤایەتی لە دێرزەمانەوە ئاشنایەتی. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکان پڕن لە ئاشکراکردنی بوونی چەمکی یاسا تەنانەت لەنێو ئەو هۆزانەشدا کە جۆرێك دەژین، ئێمە بە سەرەتایی دەبینین.

با ئەوە بێنینەوە یاد کە یاسا ئاڵۆزەکان بە ئەندازەی دێرینیی حامورابی و فیرعەونەکان دێرینن و کۆمەڵگە گەورەکانیش یاسایان ناسیوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریان پێ کردووە. خۆ ئەگەر باسی حاڵەتە ئیسلامییەکەش بەتایبەت بکەین، بە هەمان شێوە دەبینین یاسا بەدڵنیاییەوە بوونی هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە یاسای دانراوی هاوچەرخ، چونکە بەوە جیا کراوەتەوە کە کۆمەڵگە بەشدارییەکی فراوانی تێدا کردووە.

جیاوازیی نێوان مۆدێلە مێژووییە دێرینەکان و ڕشتەبەندیی دیموکراسییەکان، بوون و نەبوونی یاسا نییە، بەڵکوو جیاوازییەکە لەمانەدایە:

(١) مەرجەعیەتی یاساکە،

(٢) ئەو دامەزراوەیەی کە یاساکەی تێدا دادەنرێت و دەپارێزرێت،

(٣) ڕێگاکانی جێبەجێکردنی یاساکە،

(٤) ئەو ڕووبەرەی ژیانی خەڵکی کە یاساکە دەیگرێتەوە،

(٥) پێگەی ئوممەت لە یاساکەدا.

بنەمای سەروەریی یاسا لە میانەی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا، بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەوڵی دابڕانی لەگەڵ ڕەها ئایینی و ئەخلاقییەکان داوە، میکانیزمەکانی خۆیشی ملکەچی پێکهاتەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی کردووە، کە بەرژەوەندیی تایبەت بەسەریاندا زاڵە.

له کاتێکدا که پابەندبوون بە ڕێکخستن و یاساوە، پشتی بە ڕێز و شکۆمەندیی کۆمەڵگە و خواستە ئەخلاقییەکانی ئایین بەستبوو، **پاساوی پابەندیی بۆ یاسا لە کولتووری مۆدێرنەدا، وای لێ هاتووە پشت بە خەیاڵی بژاردەیەکی تاکەکەسییەتی دەبەستێت، کە لە ڕووکەشدا سیفەتی تۆبزیکردن ڕەت دەکاتەوە، بە هۆی گریمانەی ئەوەی کە ئەو یاسایە لە ڕێگەی تەبایی (التوافق)ەوە دەرکراوە.**

بۆ نموونە، جاران وەك کارێکی ئەخلاقی و چاوەڕوانکراو لە کەسانی خاوەن گەورەیی و سامان، سەیری سەدەقە و خێرکردن و یارمەتیی هەژار و نەداران دەکرا، ئێستا یارمەتیی چینەکانی خوارەوە، وای لێ هاتووە لە بوارێکی بەتەسکدا و بۆ خۆنواندنی بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. هەروەها جاران وا لە هاوسەرگیری دەڕوانرا کە پێکەوەگرێدانێکی پیرۆزە لە حوزوری خودادا، ئێستا بەردەوام وا سەیری دەکرێت کە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی خۆشەویستیی ئابوورییانەی نێوان دوو کەسە.

واتە مەرجەعیەتی یاسای نوێ و نەریتە ڕێکخەرەکانی ژیان، مەرجەعیەتێکی گرێبەستئامێزی مەدەنین، ئەخلاقیبوونەکەی پشت بە کارایی کردارەکیی ئەو یاسایانە و مەعقولبوونە ڕووکەشییەکەی دەبەستێت، مەرجەعیەتێکی لاوازە لە ڕووی ئەخلاقییەوە، بنچینەکەی کێبڕکێکردنە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر یاسا و ملکەچکردنی لە بەرژەوەندیی خاوەن هێز و دەسەڵاتەکان لە لایەك و بەکارهێنانی یاسا لەپێناو زاڵدەستییەکی بەئەقڵانیکراو لە لایەکی ترەوە.

لە سەردەمی دیموکراسیدا، یاسا لەو دامەزراوە بیرۆکراسییە زەبەلاحانەدا دادەنرێت و دەپارێزرێت، کە هێز و دەسەڵاتێکی نیمچەسەربەخۆیان هەیە. ئەوەی ئەم دامەزراوانەش جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە بە ڕێکارە یاساییەکان ڕێك خراون و هەر خۆیشیان لە هەمان کاتدا ئەو ڕێکارانە لە ڕێگەی چەند چینێکی کەڵەکەبووی ئاڵۆزەوە دادەڕێژن.

لێرەدا وردبوونەوە لە پرسی یاسا و توندوتیژی، سوودبەخشە. هەرچەندە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ جێبەجێکردنی ویستی گشتی هەر لە دێزەمانەوە هەبووە، بەڵام سیستمە دیموکراسییەکان، مافی بەکارهێنانی توندوتیژییان بۆ دەوڵەت قۆرخ کردووە. **جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەو ڕێکخستنی توندوتیژییە خاڵی نییە لە دژیەکی:**

(١) بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی توندوتیژیی بەیاساییکراو.

(٢) ئامادەیی توندوتیژی وەکوو بیرۆکە، بەڵکوو ئەو بیرۆکەیە هەوێنی دروستبوونی بەهێزترینی دامەزراوەکانی توندوتیژییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

(٣) دوورخستنەوەی دەنگی کۆمەڵگە لە ڕەوایەتیی بەکارهێنانی ئەو توندوتیژییە، واتە لە لایەکەوە توندوتیژی بەئەقڵانیکراوە، لە لاکەی ترەوە سپێردراوە بە یاسایەکی دوور لە واقیعی کۆمەڵگە، ئەمەش وا دەکات بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵیدا کارێکی شیاو نەبێت.

ئەوەی ڕۆڵی یاسای لە سیستمە دیموکراسییەکاندا پێ جیا دەکرێتەوە، فراوانیی ئەو ڕووبەرەیە کە داگیری دەکات. ئەوەتا لە مۆدێلی دەوڵەتی مۆدێرنەدا، یاسا جێی زۆرێك لەو دامەزراوە سروشتییانەی گرتووەتەوە کە جموجووڵی کۆمەڵگەیان ڕێك دەخست، هەر لە سەرپەرشتیکردن و گرنگیدان بە منداڵەوە تا فێرکردن و چارەسەری پزیشکی و تەنانەت تا بەخاکسپاردنی تەرمیش. بۆیە **ڕۆڵی یاسا لە کۆمەڵگەی نوێدا تەنگژاوی بووە، چونکە پەلی بۆ ڕووبەرگەلێك کێشاوە کە ناگونجێت بە ڕێسا فەرمییەکانی یاسا ڕێك بخرێن، بۆیە لە یەك کاتدا یاسا بووە بە ئامرازی ڕێکخستنی جموجووڵ و بزاوتی کۆمەڵگە و سەرچاوەی تەنگوچەڵەمە و ئاستەنگ و نامۆبوونیش.**

دواجار ئاماژە بەوە دەکەین، کە سەروەریی یاسا گریمانەی توانای لێپرسینەوەی بەرپرسان دەکات. بێگومان جێگیریی یاسا، ڕێگە لە گەندەڵیی

ئاشکرا و قێزەون دەگرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە گەندەڵی خۆی لەگەڵ ڕێکارەکاندا گونجاندووە و بۆ خۆی پەرەی بە چەند دەروازەیەکی پشتەوە داوە، کە دەروازەی یاسایین. سەرباری ئەمە، لە هەندێك حاڵەتدا سنووری یاسایی بووە بە میکانیزمێکی ڕاوکردنی ئاسان و هەرزان و خاڵی لە ناوەڕۆکی ئەخلاقی.

پوختەکە ئەوەیە، پێویستە کاتێك وەك یەکێك لە ڕەگەزەکانی دیموکراسی بیر لە سەروەریی یاسا دەکەینەوە، گومانمان وا نەبێت کە شتێکی نوێیە و مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی ئاشنا نەبووە، بەڵکوو پێشتریش هەبووە، هەروەك چۆن ناتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەو شێوازە نوێیەی یاسا گونجاوتر و باشترە بۆ کۆمەڵگە. پێویستمان بەوەیە بیر لە دوو ڕووی پەیوەندیدار بە یاساوە بکەینەوە:

**یەکەمیان:** ئەو مەرجەعیەتە ئەخلاقییەی کە پشتی پێ بەستووە، چونکە هەر ئەوە ئەوە دیاری دەکات کە ئەو یاسایە بۆ چ ژینگەیەك گونجاوە و ئەوە دیاری دەکات کە ئایا لەلایەن خەڵکییەوە وەردەگیرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت یان نا، هەروەك چۆن ئاستی گونجانی کردارییی یاساکە لەگەڵ واقیعی ژیاندا دیاری دەکات.

**دووەم:** پێویستە بیر لەو دامەزراوانە بکەینەوە کە یاساکەیان پێ دەسپێردرێت و ئەو ڕووبەرەی کە بۆ دەوڵەت جێ دەهێڵرێت، لەبەرانبەر ئەو ڕووبەرەی کە بۆ دامەزراوە مەدەنییەکان و ئەوەی کە بۆ تاك و ویژدان جێ دەهێڵرێت.

وەك ئەوەی لە بەشەکانی تردا دەرکەوت، پێگەی یاسا لە سیستمی ئیسلامیدا زۆر جیاوازە لە مۆدیلە مۆدێرنەییەکەی، لە ڕووی:

(١) چوارچێوەی ڕێکخەری پەیوەست بە ڕەها ئایینییەکانەوە،

(٢) لە ڕووی دیسپلینە ئەخلاقییەکانەوە،

(٣) لە ڕووی پێگەی تایبەت بە دادوەری و سەربەخۆیی تیۆرەکەی،

(٤) له ڕووی ڕێگا و شێوازەکانی جێبەجێکردن، کە هەوڵی بەکارهێنانی دامەزراوە مەدەنییە سروشتییەکان دەدات،

(٥) له ڕووی هاوبەشیی کۆمەڵگە لە هەستکردن بە بەرپرسیاریێتی.

**٣. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و لێپرسینەوە**

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنەمایەکی دێرینە، زۆرێك لە نەتەوەکان پێی ئاشنا بوون. بۆ نموونە، چەند میر و دەستەبژێرێك ئەرکی جێبەجێکارییان لەئەستۆ گرتووە و دانایان و پیاوانی ئایینییش ئەرکی سەرپەرشتیکردنی هەردوو ڕووبەری ئەخلاقی و یاساییان پێکەوە لەئەستۆ گرتووە، ڕایەڵە عەشایەری و هۆزگەرییەکان و هێزە لۆکاڵییەکانیش ئەرکی جێبەجێکاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان پێ سپێردراوە، بەڵام ئەم وێنەیە لە کۆمەڵگە گەورەکان و ئیمپڕاتۆریەت و سیستمە پادشاییەکاندا، بە بەراورد بە کۆمەڵگە مامناوەند و بچووکەکان، زۆر جیاواز بووە.

مەبەستەکە ئاگاییدانە لەوەی کە بیرۆکەی تایبەتمەندکردنی دەسەڵاتەکان دێرینە، بەڵام شێوازی جێبەجێکردنی نوێ و ئاستەکەی جیاوازە.

جیاوازیی گەورەی جیاکەرەوەی نێوان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کۆن و ئێستادا، بریتییە لە ئاستی بەیاساییکردنی توندی ئەو جیاکردنەوەیە و دروستبوونی جۆرێك لە سەربەخۆیی. بۆ نموونە، بوونی کۆمەڵە دادوەرێکی پسپۆڕی خاوەن دەسەڵاتی جیاواز، شتێکی کۆنە، بەڵام پەیوەندیی دادوەران بە دەرەوەی پسپۆڕی و بواری خۆیانەوە، بەو شێوە هاوچەرخەکەی ئێستا بەیاسایی و بەدامەزراوەیی نەکرابوو، ئەوەتا ئێستا چەندین دادگا لە ئاستی جیاواز و فەرمانگەی کارگێڕیی فرەلق هەیە. وردە وردە تایبەتمەندی زیادی کرد، تا گەیشتە ئاستی سەربەخۆیی تاکگەرایی، بە شێوەیەك هەر دامەزراوەیەك پەرەی بە ئەولەویاتی تایبەتیی خۆی دا.

دەبێ ئەوە بزانین کە جیاکردنەوەی تیۆریی دەسەڵاتەکان، مەرج نییە جیاکردنەوەی کرداری لەخۆ بگرێت. تەنها جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەکوو دارِشتەیەك لە پێکهاتەی رِێکخراوێکدا، رِەنگە لە پشتیەوە چەند شتێکی شاراوە هەبێت کە پێچەوانەی ئەو جیاکردنەوەیە بێت. بەپوختی، دەوڵەت دەیەوێت دەسەڵات و زاڵدەستیی خۆی بەسەر کاروانی دامەزراوەی سیاسیدا بسەپێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئامانجە سیاسییە باڵایانەی کۆمەڵگە بەدی بهێنێت، کە پێشرِەوی و رِێبەرایەتییان دەکات. واتە ئەگەر جیاکردنەوەی تەواوەتی بووایە، مەحاڵ بوو پرِۆسە کردارییەکە بەرِێوە بچێت. **هەرچەندە جیاکردنەوە شتێکی خوازراوە، چونکە ناهێڵێت دەسەڵاتەکان لە تاکە دامەزراوەیەکدا کۆ ببنەوە، تا نەتوانایی و ستەمگەری رِوو نەدات، دەبینین فاکتەرێکی ناجێگیر هەیە کە پێویستە چاودێری بکرێت و جێی سەرنج بێت، ئەویش پەیوەندیی نێوان ئەو دەسەڵاتانەیە.**

لەو میانەیەدا، ئاماژە بەوە دەکەین کە گوتاری مافی مرۆڤ لەوە بێئاگایە، کە دەوڵەت لە کۆتاییدا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێك و بەدیهێنانی دەستکەوتگەلێکی کردارەکی. پرسی جیاکردنەوە تەنها ئامرازێك نییە بۆ رِێگرتن لە ستەمگەری، چونکە رِەنگە ستەمگەری لە کاتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیشدا رِوو بدات، بەڵکوو یەکەم جار پەیوەندیی بە توانای بەرِێوەبردن و کاراییەکەیەوە هەیە. نهێنییەکە لە خودی جیاکردنەوەکەدا نییە بەتەنها، بەڵکوو لەمانەدایە:

(١) سروشتی جیاکردنەوەکە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان،

(٢) شێوازی هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و چارەسەرکردنی ناجۆری و دژیەکی،

(٣) دیسپلینە تایبەتەکانی نێو هەر یەکێکیان.

سەرباری ئەمانە، دوو شت هەیە کە نابێت لەبیرمان بچن: بیرۆکراسیەت و تۆرِە نافەرمییەکان.

**شێوەی: سێکوچکەی ئاسنین و ڕشتەبەندیی ستەم و گەندەڵیی شاراوە لە دیموکراسیەتی نوێدا**




پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە: **یەکەم،** شێوازەکانی کارگێڕیی نوێ، لە پەیکەربەندیی بیرۆکراسیەتی کارگێڕیدا جێیان کراوەتەوە و چێنراون. ئەگەر قسەکەش لەسەر دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن و یەکێکی تری پەرلەمانی و سێیەمی دادوەری بێت، ئەوا ئەو دەسەڵاتانە لەسەر پەیکەربەندیی بیرۆکراسی بنیات دەنرێن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی جیاکردنەوەیان، هەر ئەم پەیکەربەندییە خۆی بۆ خۆی کۆتوبەندێکە.

دیارە کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پێدانی تایبەتمەندی بە هەر یەکێکیان، مەرجی پێویستن بۆ ڕێگریکردن لە ستەمگەری، وەلێ بەتەنها بەس نین، چونکە ئەو جیاکردنەوەیە کۆمەڵگە و جموجووڵەکانی دەخاتە تۆڕێکەوە، بە سێ دامەزراوەی گەورە کە لە یەك کاتدا کارگێڕییش دەکات و زاڵدەستیی خۆیشی قایم دەکات... ئەو دامەزراوانە سێ "قەفەزی ئاسنین"ن، کە هەریەکێکیان دەروازەی تایبەت بە خۆی و نەتوانایی ڕێژەیی لە گوێگرتن بۆ شێوازی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی و وەڵامدانەوەی نزیك بۆ پێویستییەکانی خەڵك هەیە.

ڕێگرتن بۆ دزەنەکردنی پلە بە پلەی ستەمگەری لەپاڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا، پێویستی بە مەرجێکی تر هەیە کە بریتییە لە سەندنەوەی مەرجەعیەتی یاسایی لە دەوڵەت و سپاردنی شەرعیەتی سیاسی بە خودی کۆمەڵگە، لەپاڵ کولتوورێکی سیاسیی هۆشیاردا.

**رووی دووەم،** کە پێویستە بەهەند وەریبگرین، بریتییە لە سێ جۆر تۆڕی نافەرمی کە هاوشانی دەسەڵاتە سیاسییەکانن: تۆڕی نێوان ئەو کەسانەی کە لەنێو هەر یەکێك لەو دامەزراوە گەورانەدا کار دەکەن و تۆڕی سامان و دارایی و تۆڕی دەسەڵات و هەژموون. ڕەنگە پەیوەندیی نافەرمییش سەر هەڵبدات کە ئەو دەسەڵاتانە پێکەوە ببەستێتەوە، هەرچەندە لە دەرئەنجامەکانیدا نایاسایی و نادیموکراسییشە.

نموونەی دیاریش لەم ڕۆژگارەدا، سیستمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، کە لەگەڵ ئەوەی زۆر نامەرکەزییە و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لە دەستووردا جێگیر کراوە و کولتووری باو وەریگرتووە و لەسەریشی سوورە، بەڵام ڕۆڵی سامان لە دەنگدان و هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، ڕووبەری ئەو جیاکردنەوەیەی کەم کردووەتەوە. هەروەها میدیاش ڕۆڵێکی زۆر و توانایەکی گەورەی لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی بە شێوازێکی بەسیاسیکراوانە هەیە و ئەندازەیەکی زۆریشی لە ڕووناکبیرکردنی سیاسی تێدا نییە. بەو پەیوەندییە تۆڕئاسا هەماهەنگەی نێوان لیژنەکانی دەسەڵاتی نوێنەرایەتی و فەرمانگە جێبەجێکارەکان و دامەزراوەکانی فشار، دەوترێت "سێکوچکەی ئاسنین". ئەمەیە وا دەکات پرسی گریمانەکردنی جیاکردنەوەی تەواوەتیی لە مۆدێلی دیموکراسیدا، بەتەواوی لەگەڵ واقیعدا نەگونجێت.

پوختەکە ئەوەیە کە جیاکردنەوەی نێوان سێ دەسەڵاتە سیاسییە ناسراوەکە بووە بە پێویستی، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت. هێزی زاڵدەستیی هەر

یەکێك لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی نوێ، هێزێکی گەورەیە، خۆ ئەگەر ئەو دەسەڵاتانە کۆ ببنەوە و پسپۆڕییەکانیان جیا نەکرێتەوە، دەگۆڕێن بۆ هێزێکی تۆقێنەر. هەروەها سروشتی ئاڵوز و بەیەکداچووی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نوێ، وا دەخوازێت کە ئاستێکی بەرز لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبێت.

بۆ ڕێگریکردن لە دەسەڵاتسەپێنی و بۆ هێنانەدی بەڕێوەبردنێکی باش، تەنها جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتە سیاسییەکە بەس نییە، بەڵکوو پێویستە لەپاڵیدا لە ڕێگەی دامەزراوە ئەهلییەکانەوە، پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵ هەبێت، هەروەك چۆن پێویستە کولتوورێکی سیاسیی ئەوتۆ هەبێت کە لە ئاستی پێویستی تێگەیشتن و هۆشیاریی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیدا بێت.

## کۆتایی

بیرکردنەوە لە دیموکراسی لە ڕێگەی سێ میکانیزمە سەرەکییەکەیەوە (نوێنەرایەتیکردن و دیالۆگکردن، سەروەریی یاسا و لێپرسینەوە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە جموجووڵی پڕۆسەی دیموکراسی و ئەو هەموو گەورەکردن و شکۆمەندکردنەی لا دەبات. وەك بینیمان، دیموکراسی وەك بیرۆکە و مومارەسە، شتێکی تەواو نوێ نییە، هەروەك چۆن بێخەوشیش نییە، بەڵکوو چەندین دیاردە و نیشانەی گەندەڵی هاوشانی دەبن. گرنگیشە پەی بەوە ببرێت کە ڕشتەبەندیی دیموکراسی، ئامرازی فەرمانڕەوایەتییە و مافی مرۆڤی نەکردووە بە سەنتەر، بەڵکوو چەندین کاری قێزەون و ناشرینی مرۆیی لە سایەیدا ڕوویان داوە. هەروەها ئاسان نییە بیر لە سیستمێکی دیموکراسی بکەینەوە، بەبێ هاوتا ئابوورییە سەرمایەدارییەکەی.

بابەتی ناکۆکی لەگەڵ دەستەبژێرە عەلمانییەکاندا لە وڵاتەکانماندا و لەگەڵ ئەو تێزە ڕۆژئاواییەی لە کەمیندایە، ناکۆکی نییە لەسەر میکانیزمە دیموکراسییەکان، بەڵکوو ناکۆکییە لەسەر پاڵپشتییە تیۆری و ئەخلاقییەکانی، هەر بۆیە لە تێزە نێودەوڵەتییەکەیدا سوورن لەسەر دووبارەکردنەوەی وتەی "دیموکراسیی لیبراڵی"، بەو پاساوەی کە ئەوە گرەنتیی مرۆییبوونەکەی دەکات، وەك ئەوەی هیچ چوارچێوەیەکی ئەخلاقی یان هیچ بنەماگەلێکی تر نەبێت کە کۆمەڵگە ڕێك بخات، جگە لەو لیبراڵیەتەی کە لە کەلەپووری ئایینیی مرۆڤایەتی لای داوە. هەروەها ئەو بانگەشانەی کە پرسی دیموکراسی وەك چارەسەرێکی ئامادە دەهێننە پێشەوە، وەك ئەوەی بتوانرێت هاوردە بکرێت و وەك پارچەی یەدەگ بۆ کۆمەڵگە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوانە بانگەشەگەلێکن، هیچ تێگەیشتنێکی زانستی و پەیبردنێکی بە سروشتی پەرەسەندنی سیستمە سیاسییە کارگێڕییەکان تێدا نییە. کاری کۆمەڵایەتی بەپێی شێوە تێگەیشتنێکی تایبەت هەنگاو دەنێت، کە لە هۆش و هەستی خەڵکیدا ڕەگی داکوتیوە، ئەو شێوازەش لە ڕێگەی هەوڵی بەردەوامی کردەی مرۆیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و نەهێشتنی ئەو لەمپەر و کۆسپانە دروست دەبێت، کە ڕووبەروویان دەبنەوە، ئەمە سەرباری پشتبەستن بە شارەزایی و لێهاتووی مرۆیی.

# بەشی هەژدەیەم: نموونەگەلێکی دیموکراسی

ئەگەر میکانیزمەکانی دیموکراسی لە سێ تایبەتمەندیدا بەرجەستە بن، نوێنەرایەتیکردن و دیالۆگکردن و سەروەریی یاسا و لێپرسینەوە و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، ئەوە واتای ئەوە نییە کە خاوەنی یەك جۆرە بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی گەل لەگەڵ بازنە سیاسییەکان و نوێنەرەکانیان. بۆیە ئەم بەشە هەوڵ دەدات بابەتێکی ورد ڕوون بکاتەوە، کە پەیوەستە بە شێوازی گریمانەکراوی پەیوەندیی نێوان گەل و بازنەکانی فەرمانڕەوایی.

لە کاتێکدا ناتوانرێت دیموکراسی تەنها لە میکانیزمەکانیدا کورت بکرێتەوە، چونکە هاوکات خاوەنی دید و فەلسەفەی سیاسییە، بە هەمان شێوە چەند پێشبینی و کولتوورێکی سیاسی لەمەڕ سروشتی نوێنەرایەتیکردن هەیە، لە پەیوەندیی گەل بەو دامەزراوانەی گریمانەی ئەوە دەکرێت کە بە ناوی گەلەوە فەرمانڕەوایی بکەن. لەسەر ئاستی پەیکەربەندییش، جۆری سیستمەکە لەو پەیوەندییەدا ڕۆڵێك دەبینێت، لەوەدا کە پەرلەمانییە یان سەرۆکایەتییە یاخود تێکەڵە. دوای ئەوە گفتوگۆی ناناوەندیبوون دەکەین، بەو پێیەی ڕەهەندێکی گرنگی پەیوەستە بە پەیکەربەندییەوە، کە ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی دابەشکردنی پسپۆڕی و دەسەلاتەکانە و ئاستی چڕبوونەوەی دەسەلاتەکان و قورساییان و پێگەی چینەکانی خەڵك لە پرۆسەی بەشداریی سیاسیدا دەردەخات.

### ١. لەنێوان پەیکەربەندی و کولتووری سیاسیدا

جۆرەکانی فەرمانڕەوایی دیموکراسی زۆر جیاوازن لە یەکتری، ئەوەش دەرئەنجامی دوو هۆکارە: مێژووی گەل و کولتووریان و بارودۆخی دروستبوونی وڵاتەکەیان. بۆ نموونە، ڕشتەبەندیی فەڕەنسی بەوە ناسراوە کە دەوڵەت مەرجەعیەتێکی توند و بەهێز بۆ خۆی دەپارێزێت، کە ڕێگە بە سەپاندنی عەلمانیەتەکەی بەسەر کۆمەڵگەدا دەدات، سەپاندنێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە. لە بەرانبەریدا ڕشتەبەندیی ئەمەریکی هەیە، کە لە مەرجەعیەتی خۆیدا، لۆجیکی بازاڕی ئازادی بەهێز کردووە، چونکە گریمانەی ئەوەی کردووە کە مانەوە بۆ کاراترینە. یابان شێوازێکی جیاوازی هەیە، ڕێزگرتنی دەوڵەت و دەستێوەردانی فراوانی قبوڵکراوە، بەڵام خۆی بە چاودێریکردنی ڕشتەی کولتووریی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە پابەند کردووە.

ڕەهەندی دووەم کە کاریگەریی لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی هەیە، بریتییە لە مێژووی سەرهەڵدانی وڵات و پێکهاتنی. زۆربەی وڵاتانی ئەمڕۆی جیهان، وڵاتی نوێن، زۆرینەی سیستمەکانیشیان، ماوەیەکی کەم دوای دوو جەنگە جیهانییەکە دەرکەوتوون. بۆ نموونە، شێوەی دیاریکراو بۆ سەرهەڵدانی سیستمی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەیوەندیی بە کێبڕکێی کۆچی جێنشینکردن و دژایەتیکردنی دانیشتووانە ڕەسەنەکان و بەکۆیلەکردن و جەنگی ناوخۆیی نێوان باکوور و باشوورەوە هەبوو. لە هەمان کیشوەری ئەمەریکای باکوور، بە پاشخانێکی هاوشێوەی کۆچی جێنشینکردنەوە، سیستمی کەنەدا، بە هۆی بوونی دوو کوتلەی سەنگدار لە دەستەبژێر (ئینگلیز و فەڕەنسییەکان)، سیستمێکی جیاواز دروست بوو. ناکرێت سیستمی سیاسیی فەڕەنسییش لە سەرکێشییە سەربازییەکانی (ناپلیۆن) جیا بکەینەوە. هەردوو سیستمی یابانی و ئەڵمانیش، زۆر کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو شکست و مەرجانەی کە پاش جەنگی دووەمی جیهانی

بەسەریاندا سەپێنرا، بۆیە سیستمێکیان تێدا دەرکەوت کە کەلەپووری گەلانیانی لەگەڵ ئەو ساتەی ئێستا کە بەسەریاندا سەپێنراوە، کۆ کردەوە.

ئەو دوو ڕەهەندە (کولتوور و بارودۆخی سەرهەڵدان و دروستبوون)، چەند شێوازێکی جیاوازی دیموکراسی و بونیاتی فەرمانڕەوایی هەمەجۆریی لێکەوتەوە، کە بوون بە هەوێنی تیۆرەکان و جێی مشتومڕیان لەسەر کارایی و باشییان.

بۆیە ئەم باسەمان پێشکەش کرد، تا دڵنیایی بدەین لەوەی کە **پرسی دیموکراسی، پرسی مۆدێلێکی تێر و تەواو نییە بتوانرێت هاوردە بکرێت یان کۆپی بکرێت، بەڵکوو بریتییە لە بەرئەنجامی پەرەسەندنێکی سروشتیی شوێنەکەی خۆی، هۆشمەندەکان لەگەڵ ئەزموونی گەلانی تردا سوودیان لێ وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی خۆیان بدەنە پاڵ ئەزموونی میللەتانی تر.**

### ٢. مۆدێلەکانی نوێنەرایەتیکردنی سیاسی

سیستمی دیموکراسی گریمانەی ئەوە دەکات کە لە فەرمانڕەوایەتیدا نوێنەرایەتیی گەل دەکات، جۆرەکانی ئەم نوێنەرایەتییەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. دەتوانین ئاماژە بە سێ مۆدێلی گشتی بکەین: مۆدێلی نوێنەرایەتیکردن (النموذج التمثيلي)، مۆدێلی پێسپاردن (النموذج التعهيدي)، مۆدێلی هاوبەشیکردن (النموذج التشاركي). هەر یەك لەم مۆدێلانەش پەیوەندییەکی ڕوونیان بە سروشتی کولتووری وڵاتەکەوە بەگشتی و بە کولتووری سیاسییەوە بەتایبەتی هەیە.

**یەکەم:** ئەو بیرۆکە دامەزرێنەرەی کە بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردنی لە **دیموکراسیی نوێنەرایەتیکردندا** لەسەر بنیات نراوە، بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان. واتە ئەو بەڵێنەی کەوتووەتە سەرشانی نوێنەران، بریتییە لە بەدیهێنانی خواستی ئەوانەی ئەوانیان گەیاندووە بەو پێگەیە. سەبارەت بە چۆنێتیی گەیشتن بە باشترین بژاردەی ڕێوشوێن و سیاسەتیش، لێرەدا قەناعەت

ئەوەیە کە دەرئەنجامەکان خۆیان بە شێوەی خۆکردانە، لە ڕێی کێبڕکێ و دژیەکی خواستەکانەوە، دروست دەبن. واتە بەرژەوەندییەکانی هەر گرووپێك، لە بەرژەوەندیی سەرڕێژبووی گرووپەکانی تر دەخوات. گریمانەی ئەوە دەکرێت لە دەرئەنجامی کۆتاییدا چارەسەرێك بێتە پێشەوە، کە بە شێوەیەکی بەشەکی یان گشتی زاڵ دەبێت، پاش ئەوەی نوێنەرەکە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو شتانە دەدات کە بەڵێنی پێ داون.

**دووەم**: ئەو بیرۆکە دامەزرێنەرەی کە دیموکراسیەتی بەبریکارکردن (الدیمقراطیة التوکیلیة)ی لەسەر بنیات دەنرێت، بریتییە لە پێسپاردن بە کەسانی لێهاتوو و شیاو. واتە ئەو ئەرکەی دەخرێتە سەرشانی نوێنەرە خاوەن زانست و شارەزاییەکان، بریتییە لە هەستان بە ڕۆڵێکی شایستە. هەروەها ئەرکی ئەوان تەنها لە بەدەمەوەچوونی ڕای ئەو کوتلەیەی هەڵبژاردن کورت هەڵنایەتەوە کە پشتیوانیی نوێنەرەکەن، بەڵکوو ئیجتیهادکردنیش لە بڕیار دەرکردن و داڕشتنی باشترین چارەسەر لە ڕێگەی دیالۆگ لەگەڵ نوێنەری ڕەوت و ئاڕاستەکانی تریش دەگرێتەوە و گریمانەی ئەوە دەکرێت کە لە دەرئەنجامدا چارەسەرێکی قبوڵکراو بێتە کایەوە، کە تێیدا نوێنەرەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدە دروستەی کە دەنگدەرەکانی قەناعەتیان پێی کردووە.

**سێیەم**: ئەو بیرۆکە دامەزرێنەرەی کە دیموکراسیەتی هاوبەشیکردن (الدیمقراطیة التشارکیة)ی لەسەر بنیات دەنرێت، بریتییە لە ئاڵوگۆڕی ئامۆژگاریی کۆمەڵگەیی کراوە. واتە ئەرکەکە نەخراوەتە سەرشانی نوێنەرانێك، تا لە ڕێگەی وریای و شارەزایی خۆیانەوە بەدیی بێنن (مۆدێلی یەکەم)، هەروەها نەخراوەتە سەرشانی نوێنەرگەلێکی خاوەن شارەزایی کە لە ڕێی دانایی خۆیانەوە، ئەرك و بەڵێنەکانیان بەدی بێنن (مۆدێلی دووەم)، بەڵکوو خراوەتە سەرشانی تۆڕێکی فراوان لە

ڕێکخراوی مەدەنی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداریی لە دروستکردنی بڕیاری کۆتایی دەکەن.

وێنەی چالاکیی سیاسیی لەم مۆدێلەدا، سنووری وێنەی دەنگدەری بەرژەوەندی، یان دەنگدەری خاوەن ئاڕاستەی حیزبی تێدەپەڕێنێت، لێرەدا چالاکیی سیاسی هیی کۆمەڵێکە بە شێوەیەکی ئۆرگانی پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە، کرێکار و جووتیار و کاسبکارە بچووکەکان و قوتابیانی زانکۆ دەگرێتەوە، هەروەك چۆن سیاسەتوانانیش دەگرێتەوە.

ئەم ئاڕاستەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە دەرئەنجامی کۆتایی قبوڵکراو لە پرۆسەیەکی کرداریی دیالۆگی چڕوپڕەوە دێتە کایەوە، کە لەنێوان چەندین سەکۆی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت و گفتوگۆی ڕێوشوێن و سیاسەتەکانی تێدا دەکرێت و یاریدەدەر دەبێت بۆ گوێگرتن و تێگەیشتن لە خواستەکانی بەرانبەر، بەو شێوەیە و لە کۆی بەشدارییەکان، بەرئەنجامی کۆتایی دێتە کایەوە، پێویستە دەنگدەرانیش بەو شێوەیە پێی ڕازی بن، کە ئەو مۆدێلە بەرجەستەی ئەوەندە دەکات کە هەوڵەکانیان بەرهەمی هێناوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئاستی مەعقولیەتی گریمانەکراو لە سیاسەت و ڕێوشوێنی بەرهەمهاتوو لەم سێ مۆدێلە، چییە؟ مۆدێلی نوێنەرایەتیکردن زۆر خۆی بەم پرسیارەوە سەرقاڵ ناکات، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر جەخت لە ڕێوشوێنی بەشەکی دەکاتەوە و ئەندازەیەك لە بەسەنتەرکردن و سووڕانەوە بەدەوری بژاردەی خودی تێدایە، لەم بژاردەیەشدا بەرژەوەندیی گشتی ئامادەیی نییە، یان زۆر شاراوەیە. لەپاڵ ئەمەشدا، جۆرێك لە باوەڕ بە دەستێکی شاراوە هەیە (هاوشێوەی وتەی دەستی شاراوە لە سەرمایەداریدا)، کە گریمانەی ئەوە دەکات بمانگەیەنێتە باشترین چارەسەر، بە حوکمی کێبڕکێ و توانای مانەوە.

هەرچی **مۆدێلی پێسپاردنیشە**، لە هەموو مۆدێلەکان زیاتر باوەڕی بەوە هەیە کە مەعقولیەت ڕاستییەکی پاڵپشتیکراوە بە شارەزایی و داڕشتنی ڕاست و دروست، هەروەك چۆن ئەم مۆدێلە لە پینەکردنێك دوور دەکەوێتەوە کە سروشتی بەرنامەکان تێك دەدات.

**مۆدێلی هاوبەشیکردن (النموذج التشاركي)**، لەوانی پێشوو زیاتر باوەڕی بە دانایی گشت خەڵك و ئەو نەزعەیە هەیە کە دەستەبژێری ڕەت دەکاتەوە و وای دادەنێت کە شارەزایی کردارەکیی خەڵك دەمانگەیەنن بە سیاسەتی دروست و ڕێوشوێنی کرداری شیاوی جێبەجێکردن، زیاتر لەو بنچینانەی کە دیدی پێسپاردن پێیانەوە پابەندە و زیاتر لە خولانەوە بەدەوری خودپەرستیدا، کە مۆدێلی نوێنەرایەتیکردنی پێ دەناسرێتەوە.

**خشتەی جیاکەرەوە و ئاڵینگارییەکانی مۆدێلەکانی پەیکەربەندیی دیموکراسی**

| جۆری نوێنەرایەتیکردن | تایبەتمەندیی باش/خواستەکانی | تایبەتمەندیی خراپ/ئاڵینگارەکانی |
| --- | --- | --- |
| نوێنەرایەتیکردن | – میکانیزمەکە، کارە ئاڵۆزەکان ئاسان دەکات.<br>– نوێنەرایەتیکردن کراوە و فراوانە بۆ خوازیارانی.<br>– میکانیزمەکە زۆر بەردەوام دەبێت.<br>– دیاردەی دادگەریی بابەتیی. | – میکانیزمەکە، کارە ئاسانەکان ئاڵۆز دەکات.<br>– ڕەنگە گێلترین کەس بگاتە پێگەی نوێنەرایەتیکردن.<br>– میکانیزمەکە دەبێتە مەرجەع و خەریکە وای لیَ دێت زاڵ دەبێت بەسەر ئەو شتەی کە لێیمان دەوێت.<br>– داڕشتنەکەی جۆرێك لە بێلایەنیی بەرنامەداڕێژراوی تێدایە. |
| پێسپاردن | – ڕەنگە متمانەی کۆمەڵگە لە دەمارگیریی تیرەگەرییەوە سەرچاوە بگرێت.<br>– سپاردنی کار بەو کەسەی باش لێی شارەزایە.<br>– ئەندازەیەکی زۆر لە بەردەوامی و توانای کەڵەکەکردنی شارەزایی تێدایە. | – بەبیَ بوونی ئاستێکی باڵای متمانە، کارا نابێت.<br>– گرفت لە کاتی نەبوون یان دەگمەنیی کەسانی لێهاتوو و شیاو.<br>– لادانێکی بەرەو دروستکردنی چینێکی سیاسیی داخراو تێدایە. |

| | | |
|---|---|---|
| **هاوبەشیکردن** | - بەشدارییەکی فراوان.<br>- هەستکردنی خەڵك بە وردەکاریی دروستکردنی بڕیار و گرانیی دارشتنی ڕێکارەکان.<br>- ئاستێکی بەرز لە ڕەزامەندیی خەڵك.<br>- سوودوەرگرتن لە توانا هەمەجۆرەکانی گەل. | - هەڵگیرساندنی ناکۆکی لە بابەتگەلێکدا کە پێویستی بە مشتومڕ و ڕاوێژی فراوان نییە.<br>- وا دەخوازێت بەشداربووان ڕووبەرێکی فراوانی بوارەکان شارەزا بن.<br>- سەر دەکێشێت بۆ چەقبەستوویی، ئەگەر لایەنەکان نەتوانن لە خاڵی ناوەنددا بەیەك بگەن.<br>- پێویستی بە ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزە. |

ئاگایی لەوەش دەدەین، کە **ئەو وێناکردنەی کە گەل لە سیستمی دیموکراسیدا دەنگ لەسەر هەموو شتێك و هەموو بڕیارێك دەدات، وێناکردنێکی هەڵەیە، بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕاستە.** هەروەها ئەوە بیر دەخەینەوە کە خواست و بەرژەوەندییەکان لە کۆمەڵگە دیموکراسییە سەرمایەدارییەکاندا، بەسەر توێژە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕە بەرژەوەندیخوازەکاندا دابەش بوون، بۆیە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان وایان لێ هاتووە ڕۆڵی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی توێژێك دەکەن (نەك تەنها بەرژەوەندیی تاکگەلێك)، خەمیان ڕازیکردنی بنکە جەماوەرییەکەیانە، بەوەی کە ئەوان بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، هەر ئەمەش وایان لێ دەکات جارێکی تر شیاوی هەڵبژاردن بن.

### ٣. کاریگەریی سەرخان (أثر البِنية الفوقية)

وێنەی ئەو جۆرانەی باسمان کردن، بەبێ بەهەندگرتنی پێکهاتەی حیزبیی سیستمی سیاسی و ئەوەی ئایا سەرۆکایەتییە، یان پەرلەمانییە، یاخود تێکەڵ، هێشتا تەواو نابێت.

سیستمی سەرۆکایەتی، بەپێی ئەو شێوەیەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، لە هەموو مۆدێلەکانی تر زیاتر هاندەرە بۆ مۆدێلی نوێنەرایەتیکردن، مۆدێلی نوێنەرایەتیکردنیش لە هەموو مۆدێلەکانی تر زیاتر ئاسانکاریی بۆ هاتنەناوەوەی سامان بۆ نێو ژیانی سیاسی دەکات. سیستمی پەرلەمانی، زیاتر لەگەڵ مۆدێلی پێسپاردندا گونجاوە، هەرچەندە دەکرێت مۆدێلی نوێنەرایەتیکردنیشی تێ بخرێت، بەتایبەت لە کاتی بوونی لیستی سەربەخۆی هەڵبژاردن.

هەرچی مۆدێلی هاوبەشیکردنیشە، دەکرێت لە هەردوو سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا دەربکەوێت، بەڵام بە شێواز و پێگەی جیاواز و دەشکەوێتە ژێر فشارگەلێکی جیاوازەوە، کە لە سەرۆکایەتیدا دەستبەسەراگرتنی داراییە و لە پەرلەمانیشدا قاڵبوون و شارەزاییەکی ڕەمزییە.

لێرەدا پەیوەستکردنەوەی ئەوەی باسمان کرد بە هەردوو کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەهلییەوە بەسوودە، بەو پێییەی دوو پایەی کرداریی دیموکراسین. شاراوەش نییە کە مۆدێلی هاوبەشیکردن، پشت بە ڕێکخراوەکانی ئەم دوو کۆمەڵگەیە دەبەستێت: سەندیکاکان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و دامەزراوەکانی شارەزایی لە لایەك و دامەزراوە کۆمەڵگەییە سروشتییەکانی وەك گەڕەك و دراوسێ و تۆڕەکانی خزمایەتی و فێرکردن لە لایەکی ترەوە. ئەم دامەزراوانەش بەوە جیا دەکرێنەوە، کە –بە جۆرێك لە جۆرەکان– ڕەنگدانەوەی دیدگای گەورەترین کۆمەڵەی خەڵکن، هەرچەندە لە سیاسەتیشدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ چالاك نەبن.

**تێبینیکردنی هەمەڕەنگی لە مۆدێلەکانی نوێنەرایەتیکردن و کارلێکیان لەگەڵ جۆری پەیکەربەندیی فەرمانڕەوایی، کارێکی گرنگە، بۆ ئەوەی دڵخۆشی بە دیموکراسی و بەرەوپێرەوەچوونی نەبێتە کارێکی لاساییکەرەوانە، بەبێ هۆشیاری بە گونجان و نەگونجانی بارودۆخەکە.** دەکرێت ئەو مۆدێلانە بەپێی هەڵسەنگێنەرێکی پێوانەیی نەك تەنها وەزیفی هەڵبسەنگێنرێن، چونکە هەڵبژاردن و پەسەندکردنی یەکێك لەو مۆدێلانە بەسەر ئەوی تریاندا، پەیوەندیی بە ڕشتەی ئەخلاقییەوە هەیە و پرسەکە تەنها هەڵبژاردنێکی تەکنیکی نییە.

هەلی سەرکەوتنی هەر یەکێك لەو مۆدێلانە، بە مەرجە بابەتەکانییەوە بەستراوە. بۆ نموونە، مۆدێلی هاوبەشیکردن، ئەگەر جیاوازی و بەرزی و نزمییەکی زۆر لە ئاستی زانستیی لەگەڵدا هەبێت، ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، واتە ئەگەر لە کۆمەڵگەدا کۆمەڵێك خاوەن زانستی باڵا لەپاڵ ڕێژەیەکی زۆر لە نەخوێنەوار، هەبێت. هەروەها ئەگەر سامانی وڵات لە دەستی تاقمێکی زۆر کەم و دیاریکراودا کۆ ببێتەوە، ئاسان نییە خەیاڵی بوونی مۆدێلی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییانە بکەین، بە شێوەیەك کە شیاوی ئەوە بێت بە دیموکراسی وەسف بکرێت. دواجار، خەیاڵکردنی بوونی دیموکراسی پێسپاردن قورسە، ئەگەر بۆشاییەکی کولتووریی بەهایی لەنێوان دەستەبژێرە پێیسپێردراوەکە و جەماوەری خەڵك هەبێت (وەك ئەوەی کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ماوەی پاش داگیرکاریی ڕاستەوخۆ هەبووە).

**٤. ناناوەندیبوون**

ئەو سێ مۆدێلەی گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، پەیوەندییەکی بەهێزیان بە کولتووری سیاسیی وڵاتەوە هەیە، بەڵام لە لایەکی ترەوە پەیوەندییشیان بە پەیکەربەندیی سیستمی دیموکراسییەوە هەیە. ئەگەر کرۆکی بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن بریتی بێت لە ڕێکخستنی فرەدیدگایی سیاسی بۆ ئەوەی بڕیاری

سیاسی لە خاڵێکدا کۆ نەبێتەوە، ئایا چ ئاستێك باشترینە بۆ بەبریکارکردنێك کە کۆکەرەوەی توندی و یەکلاکردنەوەی بریار و گوێگرتن بێت و ئایا پێکهاتەی گونجاو بۆ ئەو بەبریکارکردنە چییە؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەمە، پێویستە گفتوگۆی ناناوەندیبوون و فیدراڵیەت بکەین، کە لەگەڵ هەموو دیموکراسییەتەکاندا هاوشان بوون، ئەگەر بە پلەی جیاوازیش بووبێت.

بنەمای ناناوەندیبوون، بنەمایەکی کۆنە، زۆرێك لە کیانە سیاسی و ئیمپڕاتۆریەتەکان لە مێژوودا مومارەسەیان کردووە و باوترین مۆدێلیش بووە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، دیارترینیان فەراهەمنەبوونی ئامرازە ماددییەکانی زاڵدەستیی ناوەندی لەگەڵ فراوانیی ڕووبەری دەوڵەت.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە کۆمەڵگە دێرینەکان بەگشتی دوو شتیان کۆ کردبووەوە، ناناوەندیبوونی زۆر لە زۆرینەی لایەنەکانی ژیاندا (وەك: ئابووری و کۆمەڵایەتی)، لەگەڵ ناوەندیبوونی توند لە کەمێکیاندا (وەك: سونبولیبوونی پادشا). ئەگەر بەگشتی بڕوایەك هەبێت کە ئەو کۆمەڵگە دێرینە بچووکانەی کە بە سەرەتایی وەسف دەکرێن، بەڕاستی دیموکراسی بوون، ئەوا چەند تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی دیموکراسی، لە زۆرێك لە پێکهاتە سیاسییە مێژووییەکاندا، لە دەرئەنجامی بوونی ناناوەندیبوونی توند و دابەشبوونی بڕیار و لۆکاڵیبوونی چالاکییە ئابورییەکان و سەربەخۆیی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان، سەریان هەڵداوە. ئیتر بۆچی تەنها دیموکراسی بە ڕزگارکەر لە ستەم و دیکتاتۆری دادەنرێت؟

هۆکارەکە ئەوەیە کە دیموکراسی لەپاش سیستمگەلێکی ملهوڕ لە ئەورووپا پەیدا بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە کە دیموکراسیی نوێی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەویش بریتییە لە سەنتەرکردنی تاك لە بیرۆکەی ماف و پرسی مافەکاندا. ئەمەش –بەبێ زۆرلەخۆکردن لە شیکردنەوەدا– بانگێشتمان دەکات بۆ

ئاماژەکردن بە **ئەزموونی مێژوویی موسڵمانان، کە بەرجەستەی خاڵێکی هاوسەنگی وەسەتی کردووە، کە بەگشتی بەوە جیا کراوەتەوە کە لە لایەکەوە زۆر ناناوەندی بووە، لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی نەگۆڕە ئەخلاقییەکانی شەریعەتەوە، مافەکانی تاکی پاراستووە.**

هەروەها پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرنەدا، زۆربەی ناکۆکییەکان هەر بێ گەڕانەوە بۆ یاسا چارەسەر دەکران. جیاوازییەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە کۆمەڵگە دێرین و سادەکان، کە بەفەرمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان تێدا نەبووە، خاوەنی ئاستێکی باڵا بوون لە دوورکەوتنەوە لە ناوەندی سیاسی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، ئەمەش لەبەر سێ هۆکار:

(١) کورتهەڵهێنانی یاسا لە پرسە گەورەکاندا و چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکان لە ڕێگەی میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە هەر خۆیان، بە هۆی بەشدارییپێکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك، دیموکراسین.

(٢) نەبوونی ڕاستەوخۆی ئامرازەکانی توندوتیژی.

(٣) بە هۆی ئەوەی بڕیاردەرکردن تێیاندا بە شێوەی کۆدەنگی ناوخۆیی بووە، کە وای خواستووە موساوەمە و یەکترڕازیکردن هەبێت.

شۆڕشی پیشەسازی و بەرهەمەکانی، یارمەتیدەر بوون بۆ تەحەککومکردن بەسەر ڕووبەرگەلێکی فراواندا و بوونی زاڵدەستی بەسەر ژمارەیەکی بێشوماری خەڵك. لە سایەی بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراودا، لە ئەورووپا ناوەندیبوون و تەکنۆلۆجیا ئاوێتەی یەکتر بوون و سیستمگەلێکی فاشییان بەرهەم هێنا، کە ئەزموونەکانی (ئیسپانیا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ڕووسیا) چیرۆکەکانیان نەخشاندووە. لێرەوە و لەسەر ئاستی کولتووریی وەك شتێکی بنچینەیی بۆ ئازادیی خەڵك، سەیری لیبراڵیەت دەکرا، لەسەر ئاستی پەیکەربەندییش، وا سەیری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ناناوەندیبوون دەکرا، کە دوو ڕێکاری پێویستی بواری ڕێکخستنن

(ئەزموونی ئەمەریکی)، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی تیۆرە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان لە پێشدا، دەسەڵاتی نیمچەڕەهایان بە دەوڵەت بەخشیبوو.

ناناوەندیبوون چەندین جۆری هەیە، کە لە دوو ڕەهەندەوە لە یەکتری جیاوازن:

(١) ئەو بوارانەی کە بابەتی ناناوەندیبوونی تێدایە،

(٢) و ئاستی کارسپاردن بە پێکهاتە کارگێڕییەکانی دەرەوەی ناوەند.

ڕەهەندی یەکەم تایبەتە بە دەسەڵاتی هەرێمەکان لە دەرکردنی بڕیار لە چوار بواری سەرەکیدا: بواری سیاسی و بواری یاسایی و بواری ئابووری و بواری کارگێڕی. ڕەهەندی دووەمیش تایبەتە بە پلەی بەبریکارکردنەوە.

وەك نموونە لەسەر ڕەهەندی یەکەم، ئایا ئەو دەسەڵاتە سیاسییانە کامانەن کە بە فەرمانڕەوا و دامەزراوەی ویلایەتێك سپێردراون و بە چ شێوە دەقێکی دەستووری ڕێك خراون؟ لە بوارە یاساییەکەشیەوە، ئایا ویلایەتەکە مافی دانانی یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و ئایا ئەو دیسپلینانە چین کە سنووری نێوان یاساکانی ویلایەت و یاسا فیدراڵییەکان دیاری دەکەن؟ لە بواری ئابوورییشدا، ئایا هەرێمەکە دەتوانێت باجی تایبەت بە خۆی بسەپێنێت و ئازادیی تەواوی لە مامەڵەکردن بە سامانی حکومییەوە هەیە؟ ئایا خاوەندرێتیی ئەو سامانە سروشتییانە دەکات کە تێیدایە؟ سەبارەت بە بواری کارگێڕییش، نموونەکەی بریتییە لە دەسەڵاتی هەرێمەکە لە ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکان. ئەمانە نموونەگەلێکن لەسەر بابەتەکانی پەیوەندیی نێوان ناوەند و ویلایەتەکان و سروشتی ئەو پەیوەندییە.

کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە —لە ڕووی کردارییەوە— ناناوەندیبوون لە بەشێکی زۆری ڕێکارەکاندا دەردەکەوێت. ڕەنگە هیچ واتایەك بۆ ناناوەندیبوون نەمێنێت، ئەگەر بەشێك لە ئەرك و کارەکان، لانی کەم لە بواری خزمەتگوزاریدا، بە ویلایەتەکان نەسپێردرێت.

ڕەهەندی دووەم، تایبەتە بە پلەی بەبریکارکردن و ئاستەکەی، زیاتر شێوازی سروشتی پەیکەربەندیی ناناوەندی یەکلایی دەکاتەوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە بە هەرێمەکە یان پێکهاتە بەشەکییەکانی دەسپێردرێت، لە سێ سنووردا خۆیان دەبیننەوە:

أ. بەبریکارکردن (التوكيل): ناوەند چەند هێڵێکی گشتیی ڕێنماگوزار دیاری دەکات و بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی، پێکهاتە بەشەکییەکان ڕادەسپێرێت و ئازادیی گونجاندن و ئیجتیهادیشیان بۆ جێ دەهێڵێت، بەڵام دەسەڵاتی ناوەند بەڕەهایی باڵاتر دەبێت.

ب. پێسپاردن (التفويض – Delegation): ناوەند چەند دەسەڵاتێك بە ویلایەت و هەرێمەکان دەبەخشێت، بەڵام مافی گۆڕینیان و سنووربۆدانانیان و کشانەوەیان، بۆ خۆی دەپارێزێت.

ت. سازشکردن (التنازل – Devolution): ناوەند سازش لە چەند دەسەڵاتێك دەکات، کە بەتەواوەتی بۆ هەرێم و ویلایەتەکان جێ دەهێڵرێن و سازشەکەش قابیلی هەڵوەشاندنەوە نییە.

دواجار، بەبریکارکردن و پێسپاردن لە ناناوەندیبووندا، لە بابەتە سیادییە سەرەکییەکاندا ڕوو نادات، لەسەروو هەمووشیانەوە پەیوەندییە دەرەکییەکان و سوپا و سیستمی دارایی گشتی. خۆ ئەگەر ناناوەندیبوون ئەو سنوورەی تێپەڕاند، ئەوا باسەکە لە فیدراڵیەتەوە دەبێت بە کۆنفیدراڵی.

ماوەتەوە ئاماژە بە جۆرێکی تر بکەین کە زۆر باو نییە، ئەویش بریتییە لە دیموکراسیی تەبایی (الديمقراطية التوافقية) – ( Consociational Democracy)، کە لەبەرانبەری دیموکراسیی دەستووریدا دەوەستێت. دیموکراسیی تەبایی، فرەیی زۆر بەهەند وەردەگرێت، بەو پێیەی پرۆسەی دیموکراسی لەنێو پێکهاتە فرەییەکاندا دەگوزەرێت (وەك: پێکهاتە ئیتنییەکان) و

پشت به هاریکاریی دەستەبژێری ئەو پێکهاتانە دەبەستێت بۆ ڕەچاوکردنی ئەولەویاتی پێکهاتەکانی ئەو فرەییە، دوور لە ڕووکەشیبوون و تاکگەرایی زاڵ بەسەر دیموکراسیی دەستووریدا، کە بەلای ئەوەدا دەچێت جۆرێکی تایبەت بسەپێنێت و بە نەتەوەپەرستیی توند بارگاوی ببێت.

دیموکراسیی تەبایی، لەوەدا کە بە ئاڕاستەی ڕەچاوکردنی ئەولەویەتە گشتییەکان و تایبەتمەندییەکانیان کار دەکات، هاوشانی سیستمی میلليی عوسمانییە.

پوختە: هەرچەندە هەستی گشتی، دیموکراسی و ناناوەندیبوون پێکەوە کۆ دەکاتەوە، بەڵام چەندین دیموکراسی هەیە کە ناناوەندیبوونێکی لاوازیان تێدایە، سیستمگەلێکیش هەن کە ناناوەندیبوونیان تێدایە، بەڵام ناتوانین بەئاسانی بە دیموکراسی وەسفیان بکەین. کەواتە پێکەوەگرێدانێکی بنەڕەتی لەنێوان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ناناوەندیبووندا نییە.

ناناوەندیبوون بەڵگەیە لەسەر فیدراڵیەت، فیدراڵیەتیش لە دیموکراسیدا مەرج نییە. بۆ نموونە، سیستمی فەڕەنسی بە ناوەندیبوونێکی توند ناسراوە، لەولاشەوە سیستمی کەنەدی ناناوەندیبوونێکی فراوانی تێدایە، تا ئاستێك کە وەزارەتی فێرکردن و تەندروستی و گەیاندنیش بوونیان نییە و هەموو ئەوانە بەتەواوی بۆ ویلایەتەکان جێ هێڵراون، بەڵام ویلایەتەکان مافی جیابوونەوەیان نییە و لە بواری باجەکاندا ڕایەڵەیەکی فیدراڵیی بەهێز هەیە.

سیستمی ئەڵمانی، تا ڕادەیەکی زۆر ناناوەندییە، بەڵام چەندین دیسپلینی کارگێڕیی چڕوپڕی هەیە، کە بەشەکان پێکەوە دەبەستنەوە و پرۆسەی بڕیاردان ڕێك دەخەن.

سیستمی تورکیی هاوچەرخ، پەیکەربەندییەکی سیاسیی ناوەندیی توندی لەسەر شێوەی فەڕەنسی بۆ ماوەتەوە، بەڵام چەندین هەنگاوی گەورەی بەرەو ناناوەندیبوونی سپاردن بە شارەوانییەکان ناوە.

هەردوو سیستمی هیندی و چینی، ئاستێکی باڵایان لە ناناوەندیبوون تێدایە، بەڵام یەکەمیان میکانیزمە باوەکانی وڵاتانی ئەورووپا پیادە دەکات، هەرچی دووەمیشیانە سیستمێکی دەستەجەمعی تێدایە، کە بە ئەزموونی سۆشیالیستیی ماویزمدا تێپەڕیوە و بنچینە مێژوییەکانی کولتووری ڕۆژهەڵاتیی چین لەگەڵ پەرەسەندنە نوێیەکاندا ئاوێتە بووە.

ناناوەندیبوون ڕووبەرێکی فراوان بۆ پیادەکردنی جەماوەرییانەی سیاسەت دەڕەخسێنێت و وەك مەرجێکی پێویستی دیموکراسیی واتاداریش دەردەکەوێت.

دواجار ئاماژە بەوە دەکەین کە ناناوەندیبوون و ئاستی توندییەکەی و باشترین جۆری پێکهاتەی، پەیوەندیی بە چوار ڕەگەزی بابەتییەوە هەیە:

(١) فراوانیی جوگرافی،

(٢) دابەشبوونی دانیشتووانی،

(٣) هەمەجۆریی کولتووری،

(٤) تەواوکاریی ئابووری لەنێوان بەشەکانی وڵاتدا.

واتە بژاردەی داڕشتنی سیستمێکی دیموکراسیی ناناوەندی، بژاردەیەکی هەوانتە و بەکەیفیخۆ نییە، بەڵکوو چەند مەرجێکی بابەتیی هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر گونجان و سەرکەوتنی دەبێت.

# کۆتایی

به شێوەیەك قسە لەسەر دیموکراسی دەکرێت، وەك بڵێی شتێکی ئامادە یان بوونەوەرێکی تاکانەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە چەندین ڕێکار هەیە کە دەکرێت لەگەڵیدا هاوشان بن. هەروەها پرۆسەی دیموکراسی پەیوەندیی بەو کولتوورە سیاسییەوە هەیە، کە ڕەفتاری سیاسی و چاوەڕوانکراو دیاری دەکات. کاریگەریی کولتووری سیاسییش لە کاروانی پرۆسەی دیموکراسیدا، ئەو دژیەکییە ڕوون دەکاتەوە کە هەندێك سیستمی دیموکراسیی پێ جیا دەکرێتەوە، کە تێیاندا لەگەڵ ئەوەی میکانیزمی دیموکراسی ڕەگی داکوتیوە، ستەم و پەراوێزخستن و خراپ سوودلێوەرگرتن و خراپ بەکارهێنان هەیە.

لە لایەکی ترەوە، پێکهاتە و پەیکەری دیموکراسی لەنێوان وڵاتاندا، بەپێی مێژوو و کولتوور و بارودۆخیان، بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازە. پێکهاتەی سیستمی دیموکراسی و پەیکەربەندییەکەی، وەکوو ئامراز وان. ئامرازیش پێویستە لە سێ ڕووەوە گونجاو بێت: لەگەڵ واقیعی ماددی و پێگە و سامانی وڵات گونجاو بێت، لەگەڵ شێوازی ژیانی دانیشتووانەکەی گونجاو بێت، لەگەڵ ئەو بەها باڵایانەی کە کولتوور گەڵاڵەیان دەکات، گونجاو بێت.

پەیامی ئەم بەشە، بریتییە لەوەی کە ئەگەر دڵنیایت لەوەی کە چارەسەر لەم وڵاتانەی ئێمە بریتییە لە تەبەنیکردنی سیستمی دیموکراسی، ئەوا پێویستە لەسەرت —لە ڕووی زانستی و کردارییشەوە— ئەو شێوە دیاریکراوەی دیموکراسی بناسیت، کە گونجاوترینە بۆ بارودۆخەکە.

# بەشی نۆزدەیەم: ڕەهەندەکانی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامی

پرسیار لەمەڕ فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامی، بووە بە پرسێکی هزری و کرداریی بەردەوام، کاتێك دەبینین ئەو تێگەیشتنانەی کە ئیسلام لە گۆشەگەلێکی پەرستشانەدا کورت هەڵدێنن، بەردەوامن و لە زیادبووندان. لە بەرانبەریشدا، ئەو تێگەیشتنانەی کە گشتگیریی ئیسلام بۆ پرسی سیاسی تەبەنی دەکەن، لە تەنگژەدان و ناتوانن خواستەکانی ئەم گشتگیرییە دیاری بکەن.

لەبەر ئەوەی لە بەشەکانی پێشوودا گفتوگۆمان لەسەر گرفتی درووشمە گشتییەکانی بابەتەکە کرد، پێویستە لێرەدا تایبەتمەندی و سنوورەکانی فەرمانڕەوایی خوازراو دابڕێژین. هەر بۆیە لە دەستپێکی ئەم بەشەدا، پێناسەیەکی پێشنیارکراو بۆ فەرمانڕەوایەتیی ئیسلامیی ڕۆشنگەر دەخەینە ڕوو، ئەویش ئەو فەرمانڕەوایەتییەیە کە پێنج مەرجی تێدا بێتە دی:

١. هەوڵی بەدیهێنانی دادگەری لە کۆمەڵگەدا بدات.

٢. سوور بێت لەسەر پاراستنی شکۆی تاك (نێر و مێیان) و ئازادیی کۆمەڵەکان، بەبێ سەیرکردنی ئینتیمایان.

٣. هەوڵی دەستەبەرکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی گوزەران لەپێش پێویستییە تەواوکارییەکان، بدات.

٤. هەنگاو بەرەو چاکە و فەزیلەت بنێت و دژی خراپە و کرداری ناشرین و بێجێ کار بکات و زۆرکردن و تۆبزی لە پرسی ئاییندا ڕەت بکاتەوە.

٥. ئامانجەکانی لە ڕێگەی میکانیزمی ڕاوێژ و بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردن و لێپرسینەوە و دیسپلینەکانی یاسا و نەریت، لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا بە هەموو ئاستەکانیەوە، بەدی بهێنێت.

دیدگای شەرعی –نەك تەنها ئەحکامە فیقهییەکان– ناوەرۆکی ئەم ڕەهەندانە پڕ دەکەنەوە، بەمەش فەرمانڕەوایەتییەکە گیانێکی ئیسلامی و بەرگێکی ئیسلامییانەی پێ دەبەخشرێت. ئەم پێنج ڕەهەندەش، کۆمەڵە کێشەیەکی بێچارەی مرۆیین لە پرسی فەرمانڕەوایەتیدا، کە لەگەڵ خۆیاندا فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و ناوەرۆکێکی ئەخلاقیی ئەوتۆ هەڵدەگرن. هەروەها ئەو ڕەهەندانە پێکەوە گرێ دراون و پەیوەندیدارن و کەموکووڕی لە هەریەکێکیاندا، ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەوانی دی دەبێت.

### ١. دادگەری

پرسی دادگەری لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە، جێبایەخی یەکەمە و لە ڕیزی پێشەوەی خەمەکاندایە، چونکە بە یەکەم خواستی سیستمی ئیسلامەوە پەیوەستە، هەر بە بڕواهێنان بە بیرۆکەی ئەفراندن لە تاکە کەسێکەوە، وا دەخوازێت کە باوەڕمان بە بیرۆکەی یەکسانیی بنەڕەتیی مرۆڤ هەبێت، هەروەها بڕواهێنان بە بیرۆکەی لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی، بناغەیەك بۆ دادگەریی دنیایی دادەمەزرێت.

نەبوونی دادگەری، دژوەستانێکی ئاشکرای بۆ هەموو ڕێنماییەکانی شەریعەت تێدایە. لە ڕوویەکی تریشەوە، گەڕان بە زەویدا و بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژ و سەرئەنجامی گەلانی پێش خۆمان، بە هەمان شێوە ئاماژەیە بە تەوەرییوونی دادگەری. هەروەها بەو پێیەی دادگەری تەنها پرسێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو بۆ

هەموو کار و پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەیە، هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دادگەری، بووە بە یەکێك لە ئەرکەکانی سیاسەت.

لەخوارەوە گفتوگۆی سێ ڕەهەندی دادگەری دەکەین، لەو ڕەهەندانەی کە ڕەنگە لە زەین بزر بن، یان لە تێگەیشتنیاندا تێکەڵی ڕوو بدات.

**یەکەم:** دادگەری، بە ئەندازەی بەڵگەنەویستییەکەی، پەیوەستە بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی گەلانەوە. ڕاستە بیرۆکەی دادگەری بنەوانێکی جیهانیی هەیە —چونکە ستەم قێزەونە و دەروونی مرۆڤ لەسەر ئاستی تاکەکەس ڕەتی دەکاتەوە و کۆمەڵەکانیش بەهاوبەشی پشتی تێ دەکەن و قبوڵی ناکەن—، بەڵام ڕەنگدانەوەی دادگەری لە واقیعی ژیاندا، بابەتێکە کولتوورەکان تێیدا جیاوازن. بۆ نموونە، کولتوورەکان لە چوارچێوەدانان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و جیاوازی و بەرزونزمیی گوزەرانیان جیاوازن، هەروەك چۆن تێڕوانین بۆ تاوان و بێگوێییکردن و لاساریکردن و لادان لە کولتوور و کۆمەڵگە جیاوازە (بەراوردی سوید بە سەنگاپورە بکە). کولتوورەکانیش فەلسەفەی جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی بنچینەی ڕۆڵی ڕێکارە یاساییەکان لە ژیاندا (بەراوردی ئەڵمانیا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکە).

**دووەم:** بەرهەم و سوودی بەرپاکردنی دادگەری، کە ماددی و مەعنەوین. دیارە بەرزترین شتێك کە دەروونی مرۆڤ سوورە لەسەر بەدیهاتنی، بریتییە لە ڕێز و پێزانین. بۆ نموونە، پیشەی دادوەری لە هەموو کولتوورەکاندا بەرزترین پایەی ڕێزی هەیە، ڕێزێك کە لەسەر ئەو ئاست و توانا زانستییە بنیات نراوە، کە پێویستە لەو کەسەدا هەبێت کە دەگاتە ئەو پلەیە، هەروەها ڕێزێکە لەسەر ئەو بیرۆکە ئەخلاقییە بنیات نراوە کە ئەو پیشەیە هەوڵی بەدیهێنانی دادگەری دەدات. کەواتە ئەگەر دادوەر بەرزترین بەشی لە گەنجینەی (ڕێز) هەبێت، دەبێت ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرێت، ئەندازەی چەند بێت لە کۆی گشتیی داهاتی ئوممەت؟ دادگەری

لەکوێدا دەبێت لە پرسی پاراستنی نیشتمان لەلایەن سەربازانێکەوە کە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە و دوچاری پێکران و کەئەندامبوون دەبن، ئایا پاداشتی دادگەرانە بۆ خۆیان و خێزان و کەسوکاریان چییە؟ ئایا پاداشتی دادگەرانە چییە بۆ ئەو دایکانەی ئەرکێکی گەورە لە پەروەردەکردنی منداڵی بچووکدا لەئەستۆیانە؟ دادگەری چییە لە دابەشکردنی کرێی پیشەکان، ئەوەتا پیشەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك، کەمترین کرێ وەردەگرێت، لە کاتێکدا کە پەیوەندیی بە تەندروستیی مرۆڤەوە هەیە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو پیشە خوێندەوارییانەی پەیوەندییان بە تەندروستییەوە هەیە، داهاتێکی بەرز وەردەگرن. هاوسەنگیکردن لە داهات و کرێکاندا، کێشەیەکی بێچارەی کۆمەڵایەتییە کە دواجار دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کولتووریی کۆمەڵگە، کە ئەویش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕشتەبەندیی سیاسی-ئابووری دەبێت.

**سێیەم**: دادگەری، کە بریتی نییە لە یەکسانی. ناتوانرێت یەکسانی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا جێبەجێ بکرێت، چونکە بارودۆخی واقیعی مرۆیی جیاوازیی جۆریی تێدایە، کە دەتوانین ئاماژە بە ڕەهەندە سەرەکییەکانی بکەین:

(١) جیاوازیی تاکەکەسی لە بەهرە و توانستەکاندا، لە زیرەکی و داهێنان و هیممەتبەرزی،

(٢) جیاوازی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا،

(٣) جیاوازیی نێوان نێر و مێ.

جیاوازییە تاکەکەسییەکان بوونەتە هۆی جیاکاری لەنێوان مرۆڤەکان لە پێگە و ناوبانگ و شۆرەت و دەستکەوتی ماددیدا، ئەمەش وا دەکات یەکسانی مەحاڵ بێت. جیاوازییش لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، وا دەکات تاکەکان هەر لە منداڵییەوە جۆرە تایبەتمەندییەك هەڵبگرن کە بەزۆری بە درێژایی تەمەن لەگەڵیاندا دەبێت، بەو شێوەیە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی گرووپەکان دروست دەبن و بەردەوام دەبن،

ئەو جیاوازییەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە پێگە و لە شێوازی مامەڵەکردنی نێوان کۆمەڵەکان. هەروەك چۆن جیاوازییە ژینگەییەکان دەبنە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە گەشەی کەسێتیدا، چونکە بەهرە و توانستە کەسییە تایبەتەکان، بەرئەنجامی کارلێکن لەگەڵ پرۆسەی گەشەکردندا. بۆ نموونە، لە ژینگەیەکی هەژارانەدا، هەرچەندە ئامادەسازییە تاکەکەسییەکانیش بوونیان هەبێت، ڕێگای زۆر بۆ سەرکەوتن و پەرەدان بە تواناکان فەراهەم نایەت. لێرەدا ڕووبەڕووی پرسێکی ڕوون دەبینەوە، لەوەدا کە یەکسانی لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، جیاکاری قووڵتر دەکاتەوە و دواجار پاڵپشتیی یەکسانی ناکات و لە پێناو گەیشتن بە دادگەری، پێویستە نایەکسانیکردن هەبێت. پاشان، جیاوازیی نێوان نێر و مێ، جیاوازییەکی فراوانە، تەنها لە ڕەهەندی بایۆلۆجیدا کورت هەڵنایەت، بەڵکوو جیهانی هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتاریش دەگرێتەوە، ئیتر ئایا دەتوانرێت یەکسانی لەنێوانیاندا بەرجەستە بکرێت؟

ئەو خاڵەی دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە یەکسانی بەپێچەوانەی دادگەرییەوە، ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، دادگەری پێویستە واقیع بەهەند وەربگرێت، ئەمەش پرسێکی تیۆرییە و کولتوورەکان تێیدا جیاوازن، هەروەها گرفتێکی جێبەجێکاریی بێچارەیە لەسەر ئاستی ڕێکارەکان. هەر بۆیە داڕشتەکە بەو شێوەیە هاتووە، کە فەرمانڕەوایی ئیسلامی بەرەو دادگەری، نەك بەرەو یەکسانی، هەنگاو دەنێت. بەڵێ، دادگەری لە زۆرێك لە ڕووەکانی ژیاندا، وا دەخوازێت یەکسانی پێڕەو بکرێت، بەڵام لە هەندێك ڕووی تری ژیاندا، بەرجەستەکردنی دادگەریی نایەکسانی دەخوازێت.

ئەو یەکسانییەی کە باش نییە و جێی قبوڵکردن نییە، یەکسانیی هاوتایی هاوشێوەییە، کە ڕەچاوی دوو شت ناکات: جیاوازییە بنەڕەتییەکان، جیاوازیی حاڵەت و خاڵی دەستپێك. بۆ نموونە، ڕەچاوکردنی تایبەتی ئافرەت دادگەرییە، مافی

سوودگەیاندنی ئەوی دی بە دایکان دادگەرییە، دەستگیرۆیی و کۆمەکیکردنی هەژار و یەکساننەکردنی لەگەڵ دەوڵەمەندا، دادگەرییە.

گرنگیی جیاکردنەوەی دادگەری لە یەکسانی لەوەدایە، کە تێزی لیبراڵی لەو بارەیەوە داویەتی بەسەر یەکدا. لەبەر ئەوەی لیبراڵیزم لە بازنەی کولتوورگەلێکی ماددیدا کار دەکات، بیرۆکەی یەکسانیی خستووەتە ڕوو، لەگەڵ فەرامۆشکردنی هەردوو ڕەهەندی ئەفراندن (خَلقي) و ئەخلاقی، تا وای لێ هات هەندێك حاڵەتی جێبەجێکردنی یەکسانی تێیدا، بوو بە دەروازەیەك بۆ ستەم. هەروەك چۆن یەکسانی هاوشێوەیی فەرمانڕەوایی لیبراڵی، دیدێکی وجودی و ڕشتەیەکی بەهایی تایبەتی هەیە، دادگەریی فەرمانڕەوایی ڕێنموییکراوی ئیسلامییش بە هەمان شێوە دید و ڕشتەی تایبەت بە خۆی هەیە.

## ٢. شکۆمەندی و ئازادی

ڕێزگرتن لە ئادەمیزاد، تایبەتمەندییەکی ڕەگداکوتاو و فیتڕییە لەم بوونەوەرەدا. شکۆی مرۆڤیش ئەو تایبەتمەندییەیە کە لە دروستکراوەکانی تر جیای دەکاتەوە، کە هەستێکی خودییە و پێویستە لە زڕاندن و دەستدرێژی بپارێزرێت. بابەتی شکۆمەندییش لە هەموو چالاکییەکانی ژیاندا دەردەکەوێت، لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکانەوە تا پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکان و تا کۆمەڵگە لەسەر ئاستی وڵات بەگشتی. شکۆمەندی لەسەر ئاستی مامەڵەی تاکەکەسی، چەند بنەما و ئاکارێك تەحەککومی پێوە دەکەن لە مامەڵەکردن و گوتار ئاڕاستەکردن و کارلێککردندا.

شکۆمەندی لەسەر ئاستی گرووپەکانی کۆمەڵگە، نەریتەکانی کۆمەڵگە و ئەو ڕێکارە خۆکردانەی تەحەککومی پێوە دەکەن، کە لە ئەنجامی مومارەسەوە دروست بوون. پەیوەندیی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە، یان لەنێوان گرووپە میللی/ئیتنییەکان و گرووپە ئایینییەکان، یەکەم شت نەریتەکان ڕێك دەخەن.

ڕەنگە پەیوەندییەکیشی بە پەیکەربەندیی سیاسییەوە هەبێت، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەگشتی، کاری پاراستنی شکۆمەندی، بە شێوەیەکی گەورە پەیوەستە بە سیاسەتەوە. واتە بە ئەندازەی فراوانیی ڕووبەری ڕەهەندی کۆمەڵیبوون، کاری بەدیهێنانی شۆمەندی لە ئاستە تاکەکەسییەکەی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە نێو ڕووبەری سیاسەتەوە.

ڕێڕەوە کردارییەکانی پاراستنی شکۆی مرۆڤ و ئازادییەکانی لەنێو ژیارەکاندا جیاوازە، چونکە پەیوەستە بە ئەولەویاتی کۆمەڵگە و ڕشتە بەهاییەکانیەوە. لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئازادی خراوەتە پاڵ شکۆمەندی، ئەوەش بۆ جیاکردنەوە لەو ئازادییەی کە بە واتای بەرەڵابوونی تاك وێنا دەکرێت لەم سەردەمەدا و لەبەر ئەوەی چەمکی ئازادی لە ئیسلامدا بەستراوەتەوە بە یەکتاپەرسی و یەکسانی لە خەلق و ڕێزنان لە ئادەمیزاد و لەبەر ئەوەی هەموو ڕشتەبەندە ئایینییەکان و ڕشتەبەندە پارێزگارەکان، لە ئەزموونی مرۆڤەوە پەی بەوە دەبەن کە ئاسایش و جێگیری بەستراونەتەوە بە هونەری کۆمەڵکارییەوە نەك هونەری تاکگەرایی. بە هیچ شێوەیەکیش ئەمە واتای ڕێگریکردنی بە مەبەستی ئازادی نییە، گومانیش لەوەدا نییە کە شکۆمەندی بەبێ ئازادی بوونی نییە. بەڕاستی گوزارشتی "نێر و مێیان" و "بەبێ سەیرکردنی ئینتیما"ی ئایینی یان نەتەوەییمان بۆ ئەو پێناسەیەی سەرەوە زیاد کرد، بە هۆی تێکچوون و شپرزیی هزری لەمەڕ ئەو پرسە، وە گەرنا ئەو باسکردن و وەبیرهێنانەوەیە پێویست نەبوو، چونکە مەرجی مرۆڤبوون لە هەموویاندا هەیە.

### ٣. پێویستییەکانی گوزەران

لە کاتێکدا کە بابەتی شکۆمەندی تا ڕادەیەکی زۆر بابەتێکی ئیعتیباری و هەستییە و بابەتی دادگەرییش لەنێوان هەردوو بواری ئیعتیباری و ماددیدا هاوبەشە، سێیەم ئاڕاستەی فەرمانڕەوایی کە بۆ شەریعەتی ئیسلام دەبێتە ئیلهامبەخش، بە شێوەیەکی سەرەکی، ماددییە. لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەردەمی بڵاوبوونەوە و هەژموونی ڕشتەبەندیی سەرمایەداریدا دەنووسین، پێویستە درێژەی پێ بدەین.

ڕشتەبەندی سەرمایەداری پێناسەی ژیان ملکەچی لۆجیکێك دەکات، کە شتەکان لە دەستکەوتدا کورت هەڵدێنێت و تەنها وەکوو ماددە سەیریان دەکات، ماددەیەك کە شیاوی نرخ لەسەردانان و ئاڵوگۆڕکردن بێت. هەروەها ئەو ڕشتەبەندە پشت بە قوتابخانەی فەلسەفیی سوودگەرایی و ڕێبازی دەروونیی ئارەزووبازی و ڕێبازی کۆمەڵایەتیی توندوتیژییانە دەبەستێت، ئا ئەمانەش سێکوچکەی سەرمایەدارین. کەواتە سەرمایەداری تەنها سیستمی بازاڕی ئازاد و ڕێگەدان بە فەندکردن و بازرگانی نییە، بەڵکوو ڕشتەبەندێکی کولتووریی کردارییشە.

ئاماژە بەوەش دەکەین، **کە هەندێك داڕشتەی ئیسلامی کەوتنە نێو جۆرێك لە ڕێکەوتن، یان نزیکبوونەوە و شوێنکەوتنی هەندێك لە خواستەکانی سەرمایەداری،** بە هۆی هاوشێوەیی ڕووکەش کە وای کرد سەرنج لەسەر ناوەرۆکەکەی نەمێنێت. بۆیە چەند نامیلکەیەك یان فەتواگەلێکی فیقهی، لە ڕووی هزرییەوە هەوڵی قبوڵکردنی دەرهاویشتەکانی سیستمی سەرمایەدارییان دا و تەنها ئاماژەیان بە چەند دیسپلین (ضوابط)ێکی شەرعی کرد، ئەمەش گرفتێکی مەنهەجیی مەترسیدارە.

ڕشتەبەندیی فەرمانڕەواییەکی ئیسلامی هەرگیز بەو شێوەیە نابێت، ئەگەر لۆجیکێك بهێنرێتە ناوەوە کە لەسەر زیادکردنی ڕەهای بەرهەم و سوود بنیات

نرابێت، ئەوەندەش بەس نییە بوترێت، بەڕاستی لە ئیسلامدا سیستمی زەکات هەیە، یان بانگەشە بۆ ڕەحم و بەزەیی دەکات. ناکرێت فەرمانڕەوایەتی بە ئیسلامی وەسف بکرێت، ئەگەر ڕشتەبەندەکە ببێتە هۆی دروستبوونی هەژاری و نەگبەتی و کولۆڵی و قووڵکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و گوزەرانیش بە پێشبڕکێی بەرخۆری و بەکاربردنەوە ببەستێتەوە. نابێت گرانیی دەربازبوون لەو سیستمە ئابوورییە–سیاسییەی ئێستا لە جیهاندا زاڵدەستیی هەیە، سەر بکێشێت بۆ پاساوهێنانەوەی تیۆری، چونکە لەو حاڵەتەدا بەدیاریکراوی، دەرفەتی دەرکەوتنی جێگرەوەی ڕەسەن نامێنێت. لەبەر ئەوەی ئێمە قسە لەسەر کۆمەڵە شتێك دەکەین کە تا ڕادەیەکی زۆر بەجیهانی بوون، ڕەنگە هیچ هەوڵێکی لۆکاڵی، بەبێ هاریکاریی هەرێمیی سنووربڕ، سەرکەوتوو نەبێت.

**٤. فەزیلە و تۆبزیکردن (الفضائل والإكراه)**

لەگەڵ ئەوەی پێویست نییە لەوە زیاتر لەسەر بابەتی (تۆبزیکردن لەسەر ئایین – الإكراه على الدين) گفتوگۆ بکەین، لەبەر ئەوەی نە ئەدەبیاتی –کەلەپووری و نوێ–ی موسڵمانان بانگەشەی بۆ دەکات و نە لە خەیاڵدان و ڕەفتاری کرداریی موسڵمانانیشدا پەیڕەو کراوە، بەڵام ئەوەی کە پێویستی بە ئاگاییە، بریتییە لە (تۆبزیکردن لە ئاییندا – الإكراه في الدين)، جیاوازییەکە لەنێوانیاندا لە دوو وشەی (على) و (في)دایە. واتە تۆبزیکردن تەنها لە پرسەکانی بیروباوەڕ و ئیمان و ئاییندا ناپەسەند نییە، بەڵکوو لە هەموو پرسەکانی ئاییندا ناپەسەندە.

ئاییندارى پەرستشە، واتە ڕووکردنە خوا بە نیازێکی ڕاستگۆیانە و خۆشەویستییەکی زۆرەوە، ئیدی چۆن تۆبزیکرن و زۆرلێکردن لەگەڵیدا دەگونجێت. دانیش بەوەدا دەنێین کە ئەم واتایە لە زەینی هەندێك لە موسڵماناندا ڕوون نییە، هەرچەندە لە ڕەفتاری گشتییاندا ڕەنگ دەداتەوە. واتە پرسەکە پرسی گرفتێکی هزریی فیقهییە، زیاتر لەوەی پەروەردەیی بێت.

ئەوەندە هەیە کە ڕەتکردنەوەی تۆبزیکردن، واتای نەبوونی ڕێنمایی و ئاڕاستەنمایی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نییە. واتە پێویستە شتێك هەبێت، کە خەڵکی بەرەو ڕشتەیەك لە ئەخلاق و ئایینداری هەڵبنێت. لێرەدا لە ڕووی لۆجیکییەوە، بۆشایی و دەستەوسانبوون مەحاڵە، چونکە ناکرێت وێنای کۆمەڵگەیەك بکەین، بەبێ ڕشتەی ئەخلاقی و فەزڵدانی ڕەفتارێك بەسەر ڕەفتارێکی تردا و بەبێ باکگراوندێکی فەلسەفی بۆ ئەو فەزڵدان و هەڵبژاردنە، ئەو باکگراوندەش جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئایینەکاندا هەیە، چونکە خودی فەلسەفەش بابەتەکانی لەگەڵ بابەتەکانی ئایینەکاندا هاوبەشن. جگە لە تێزی لیبراڵیی بەسیاسیکراو، کەس ناکەوێتە ساویلکەیی خەیاڵکردنی بۆشایی بەهایی. ڕاستە لیبراڵیزمی نوێ، پلەیەکی باڵای ڕێژەیی لە قبوڵکردنی فرەجۆری هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا سنوورگەلێك دادەنێت بۆ ئەو بژاردانە و ئەو ڕەفتارانەی کە قبوڵی دەکات و حەزی لێ ناکات، بە ناچاری و قینەوە و تەنها لە پەراوێزدا قبوڵی دەکات.

تێزی لیبراڵیی لەم پرسەدا ناتوانێت لەدەرەوەی جیهانی تاکەکان و ڕەفتاریان جووڵە بکات. بۆ نموونە، دەکرێت لیبراڵی بانگەشەی ئەوە بکات کە ڕێگری لە هیچ ڕەفتارێك ناکات، جا هەر جۆرێك بێت، بە مەرجێك دەستدرێژی بۆ سەر ئەوی دی نەکات، بەڵام کاتێك ئاستە کۆمەڵایەتییەکە بەهەند وەردەگرین، جێبەجێکردنی ئەم وتەیە مەحاڵ دەبێت. بۆ نموونە، چۆن دەرباز ببین لە دۆخێك کە جلی مەلەکردنی داپۆشەر لە دیدی ئەوای تردا جوانیی مەلەکردن و ڕەونەقەکەی دەشێوێنێت. ئاساییکردنەوەی سێکسکردنی مێ لەگەڵ مێ (المثلية) لەلایەن لیبراڵییەوە، بە پاساوی ئەوەی جۆرێکە لە ئازادی کەسی، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو ڕەنگدانەوانەی سنووری تاکەکان دەبەزێنێت. بۆ نموونە، لە پرۆگرامی وانەوتنەوە بە منداڵان و لە میدیا و لە سەرگەرمیدا، ناهێڵێت لە ڕووی بەهاکانەوە بەرەوپێش بچن، واتە لە کۆتاییدا بابەتەکە دەچێتەوە سەر ئەو ڕشتەبەندە بەهاییەی کە باوە.

لێرەدا **ڕۆڵی سیاسەت لە هەوڵی بەدیهێنانی دیدی کۆمەڵگە و پاراستنی (نەك سەپاندنی) دێتە پێشەوە.** ئەوەش باس دەکەین کە هەموو ئوممەتێك مێژوویەکی هەیە و لە سفرەوە دەست پێ ناکات، هەر ئەو مێژووەش چەندین بەها و جۆر لەخۆ دەگرێت، کە بەبێ دژیەکیش نابن، دەگمەنیشە کۆمەڵگەیەك ببینین ڕشتەیەکی دیاریکراو تێیدا زاڵ و باو نەبێت، خۆ ئەگەر لە هەر ئوممەتێکدا ڕشتەی زاڵ بوونی نەبێت، ئەو ئوممەتە لە حاڵەتی ململانێی کولتووریدا دەبێت و دەکەوێتە خاڵی وەرچەرخانی گۆڕانکاریی دوورمەوداوە.

کەواتە ئەم پرسە لەنێوان دوو جەمسەردا دێت و دەچێت: جەمسەری تۆبزینەکردن لە پرسە ئەخلاقییە ئایینییەکاندا و جەمسەری پێویستبوونی پاراستنی ڕشتەکەی، چونکە ئەو پرسانە لە بنەڕەتدا وەکوو حەقیقەتێکی واقیعی بوونیان هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە بنچینەکانی دروستبوونی کۆمەڵگە و بەردەوامبوونی دادەنرێن و لە بژاردەی ئەو کەسانەن کە ڕێزی خۆیان دەزانن. ڕۆڵی سیاسییش بە پێنج ڕەهەندەوە پەیوەستە، کە ئاستی قبوڵکراو بۆ چوونە ناو حکومەت و ڕێوشوێنەکانی دیاری دەکەن:

(١) هاوسەنگیی پێگەی تاك و کۆمەڵ لەو پرسەدا،

(٢) پلەی سنووربەزاندن،

(٣) پلەی توانای ناحکومی لە چارەسەرەکاندا،

(٤) پلەی تەبایی و کۆدەنگی،

(٥) هەڵبژاردن لەنێوان ڕێگریکردن و دەستێوەردانی پۆزەتیڤانە (السلب والإيجاب).

**یەکەم:** بە ئەندازەی تاکەکەسیبوونی بابەتەکان، ڕۆڵی حکومەت و دامودەزگاکانی پاشەکشە دەکەن. بۆ نموونە، دەستوەردانی حکومەت لە بژاردەی تاك لە ڕەنگی جلوبەرگیدا، شتێکە ناچێتە ئەقڵەوە. لە بەرانبەریشدا، ناکرێت

دەستێوەردان لە ڕێکخستنی هاتوچۆ نەبێت، هەرچەندە بەتەواوەتی بە پرسێکی کۆمەڵی دانانرێت، بەڵکوو کۆبوونەوەی ڕەفتاری تاکەکانە. خۆ ئەگەر باسەکە بۆ ئەو بابەتانە بگوێزینەوە کە بەتەواوەتی پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە هەیە، وەك ڕێڕەوی ڕووبار و دابەشکردنی بەشەئاو، ئەوا دەسەڵات ڕۆڵێکی گەورەتریان تێدا دەگێڕێت.

**دووەم:** ئاستی بەزاندنی سنووری ئەوی تر. بۆ نموونە، ڕەنگە هەڵبژاردنی ڕەنگی پۆشاك جۆرێك لە سنووربەزاندنی بۆ حەز و ئارەزووی کەسانی تر تێدا بێت، بەڵام خۆڕووتکردنەوە و بەڕووتی گەڕان لە شوێنە گشتییەکاندا —کە ئەویش بژاردەیەکی تاکەکەسییە— سنووربەزاندنێکی زیاتری تێدایە. ئازاردانی جەستەیی و داراییش، سنووربەزاندنی تێدایە، هەروەها ناکۆکی لەسەر خاوەندارێتی و یاریکردن بە نرخەوە.

**سێیەم:** توانای حکومەت بۆ چارەسەرکردن گرنگە و شیاوی هەڵوێستەلەسەرکردنە، بەتایبەت کە **دۆخی پاشاگەردانی لە وڵاتانی موسڵماناندا، زۆر جار پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێت بۆ بیرکردنەوە لە توانای هەستانی حکومەت بە چەند ڕۆڵێك، کە باش ڕایناپەڕێنێت.**

لێرەدا دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، ڕۆڵێکی تەواوکاریی بەکەڵك دەگێڕن. بابەتەکەش تەنها لە دامەزراوە مەدەنییەکاندا کورت هەڵنایەت، بەڵکوو کۆمەڵگەی ئەهلی، وەکوو دامەزراوەکانی خزمایەتی و گەڕەك و قوتابخانە و مزگەوت و ئەوقافیش دەگرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەزموونی مرۆیی ئەوە دەردەخات کە بە ئەندازەی سپاردنی کارەکان لە هەندێك بواردا بەم پێنج دامەزراوەیە، چارەسەرەکان لە چارەسەری بیرۆکراسیی حکومی باشتر دەبن. لە چوارچێوەی دامودەزگا حکومییەکانیشدا، ئەگەر گونجاو بێت، تا کارەکان بە فەرمانگە بچووکەکانی وەکوو شارەوانییەکان بسپێررێن، باشتر بەڕێوە دەچن.

**چوارەم:** پلەی بەیەکگەیشتن و کۆدەنگی، بە ئەندازەی بەیەکگەیشتن و ڕێککەوتنی فراوان لەسەر بابەتێکی ئەوتۆ و دواتر سەرپێچیکردنی هەندێك کەس بۆی و نەتوانایی کۆمەڵگە بۆ ڕێگریکردن لێیان، پاساوی دەرکەوتنی ڕۆڵی دامودەزگاکانی حکومەت زیاتر دەبێت، ڕۆڵێك کە دەبێتە خواستێکی جەماوەری، کە ئەگەر حکومەت دەستێوەردان نەکات، خەڵکی تووڕە دەبێت.

**پێنجەم:** دەکرێت دەستێوەردانی حکومەت لە شێوەی ڕێگریکردن، یان دەستێوەردانی پۆزەتیڤانەدا بێت. یەکەمیان بریتییە لە ڕێگریکردن و سنووردانان و بیانووبەستن و ڕێگریکردن لە گەیشتن بە تاوان و سەرپێچی (سد الذرائع)، وەك نەبەخشینی گەشتنامە بە ناکامەکان، یان سزادانان بۆ فێڵکردن و چاوبەستکردن، یان سزادانان بۆ تیژڕەویی زۆر. هەرچی دەستێوەردانی پۆزەتیڤانەشە، نموونەکەی بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی گەیاندن و پێویستبوونی ڕاگەیاندنی زانیاری لەسەر بەرهەمەکان و کردنەوەی ڕێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر و دروستکردنی بەنداو و بەربەست بۆ پاراستن لە لافاو و بنیاتنانی کتێبخانەی گشتی و پاراستنی پارچە دەگمەن و گرانبەهاکان و ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوە و هاوردەکردنی هاوردەی زیانبەخش، یان سەپاندنی باج بەسەر هەندێکی تردا، هەروەها ڕێگریکردن لە پیسبوونی ژینگە...

هەموو ئەمانەی باس کران، لە تێڕوانینی تاکەکەسییەوە بە تۆبزیکردن و زۆرلێکردن هەژمار دەکرێن، بەڵام لە دیدی کۆمەڵگەییەوە، بەو شێوەیە نابینرێن.

تیۆری فەرمانڕەوایی، ڕۆڵێکی دیاریکراو بۆ حکومەت دادەنێت، لە بوارەکانی ئابووری و دارایی و ئاساییش و پاراستن و هاتوچۆ و پۆستە و گەیاندن و فێرکردن و تەندروستی، بواری میدیا...، کە ڕەنگە ڕۆڵەکە بچووك یان گەورە یان قەدەغەکراو بێت، جاری واش هەیە ڕۆڵی حکومەت ڕاستەوخۆیە (باجەکان)، یان ناڕاستەوخۆیە و لە ڕێگەی دامەزراوە پیشەییەکانەوە (سەندیکاکان)، یان لە ڕێگەی دامەزراوە

زانستییەکانەوە (فێرکردن و تەندروستی) بەڕێوە دەبرێن. جاری واش هەیە دامەزراوە ئەهلییەکان ئەرکە کۆمەڵگەییەکان لەئەستۆ دەگرن (سەرپەرشتیکردنی بێباوکان). ڕۆڵی کرداریی حکومەت بە چەند شێوەیەك بەڕێوە دەچێت، دەکرێت بەتەواوی خۆی بە ئەرکەکە هەستێت، یان بیسپێرێت بە دامەزراوە و لایەنی تر، یاخود ئەرکی ڕێکخستن یان پاڵپشتیکردن و یارمەتیدان یان ئاسانکاری لەئەستۆ دەگرێت.

٥. ڕاوێژکردن

تایبەتمەندیی پێنجەمی فەرمانڕەوایی چاك کە ڕێنمایی لە ئیسلامەوە وەرگرتبێت، ئەوەیە کە ئامانجەکانی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی ڕاوێژکردن و بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردن و لێپرسینەوە و دیسپلینەکانی یاسا و نەریتەوە، لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا بە هەموو ئاستەکانیەوە، بەدی دەهێنێت. لێرەدا گفتوگۆی ئەم بابەتە ناکەین، چونکە بەشێکی سەربەخۆمان بۆ تەرخان کردووە، بەڵام ئاماژەپێکردنی لێرەدا بۆ تەواوکردنی ئەو وێنەیە پێویست بوو، کە لەمەڕ فەرمانڕەوایی ئیسلامییەوە دەینەخشێنین.

**هێڵکاری: کارلێکی ڕەهەندە سەرەکییەکانی**

**فەرمانڕەوایەتیی گۆشکراو بە ڕێنموویی ئیسلامی**



# کۆتایی

قەیرانی سیاسی لەم وڵاتانەی ئێمەدا، تەنها لە پرسەکانی خراپ بەکارهێنانی پۆست و گەندەڵی و ناکارایی و بێبەرهەمیی دامودەزگاکاندا نییە، بەڵکوو سیاسەت دژایەتیی کولتووری کۆمەڵگەی کردووە و چەندین بژاردەی بەهایی و ڕێکاری پەیوەست بە پەیکەربەندی و دەستەبژێری نامۆوە بەسەر کۆمەڵی موسڵمانانەدا، بە بیانووی نوێگەرییەوە، سەپاندووە.

پرسی فەرمانڕەوایی ئیسلامیی جێئومێدیش، بریتییە لە هەوڵێك بۆ نزیکبوونەوە لە مۆدێلی ئیسلامی، لە ڕێگەی پلانرێژی و ئەولەویاتێکەوە کە حکومەت هەوڵ بدات خەڵکی بە ئاڕاستەیدا کار بکەن. شاراوەش نییە، کە ئەمە بەبێ بوونی ڕەوایەتیی یاسایی و گونجاوی لە ڕووی کولتوورییەوە، شتێکی مەحاڵە، چونکە ئەگەر ڕەوایەتیی یاسایی نەبێت، ئەوا دوچاری نائارامی و ناجێگیری دەبێت و ئەگەر لە ڕووی کولتوورییشەوە گونجاو نەبوو، ئەوا لەلایەن گەلەوە ڕەت دەکرێتەوە، بەڵکوو ڕەنگە شۆڕشیشی بەرانبەر بکرێت.

لە کۆتاییدا، ناکرێت لەوە بێئاگا بین کە هاتنەدیی فەرمانڕەوایی ڕێنموویکراو بە ئیسلام، کە لەم بەشەدا ڕەهەندەکانیمان شی کردەوە، بەبێ بوونی تیۆرێکی سیاسی و شارەزایی لە کارگێڕیی گشتی و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك، مەحاڵە.

# بەشی بیستەم: لانیکەمی تەبایی

**ئایا لەو** واقیعە هزری و کردارییەدا کە ئوممەتەکەمانی تێدا دەژیت، ئاستێکی لەیەکتێگەیشتن هەیە؟ لە دۆخێکی وادا کە سەرزەنشت و زامەکان باڵیان بەسەردا کێشاوە، داناییە کە لایەنە ناکۆکەکان، پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەوە بکەن کە دەیانەوێت، ئەوە بێننە یادی خۆیان کە نایانەوێت. ئەم بەشەی کۆتایی، هەوڵی باسکردنێکی پوختی دە ڕەهەند دەدات، کە دەکرێت ببنە کۆمەڵە خاڵێکی هاوبەش کە گەل لەسەریان کۆک بێت.

## ١. پێویستە کردارەکییەکانی فەرمانڕەوایەتیی باش (الحكم الرشيد)

گەلانی ئێمە بەدەست بێباکی و بێپلانی و پاشاگەردانیی فەرمانڕەوایەتییەوە ماندوو بوون، دیارە یەکەم شتێکیش کە نایانەوێ و ڕەتی دەکەنەوە هەر ئەوەیە. چەند ڕێکارێکی کارگێڕیی بنەڕەتی هەیە، کە بەبێ بوونیان، ئاسان نییە چاوەڕوانی بوونی فەرمانڕەوایەتییەکی باش بکەین:

(١) دیالۆگ و وردبوونەوە و بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ لە بڕیارداندا، لە هەموو ئاستەکاندا نەک تەنها لەسەر ئاستی باڵا لە پەرلەمان و هاوشێوەکانی.

(٢) هەڵبژاردنی سەرکردایەتی لە پێکهاتە کارگێڕییە بەشەکییەکاندا (ناحیە، ناوچە، بەش، شار، شارۆچکە، گوند)، لەنێو دیارترین پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەدا، هەڵبژاردنێك بێت لەنێو خۆیاندا بکرێت، نەك لە دەرەوە بەسەریاندا بسەپێنرێت.

(٣) له هەڵبژاردنی کەسی پێویست بۆ پێگە جێبەجێکارییە هونەرییەکان، پشت بە توانا و لێهاتوویی ببەسترێت، دوای ئەوەی نوێنەرایەتی بەهەند وەردەگیرێت.

(٤) نامەرکەزیبوون لە پێکهاتەی دەوڵەت و شێوازی بەڕێوەبردنیدا، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئایا سیستمی دەڵەتەکە فیدراڵییە یان نا، بەبێ بوونی دیموکراسی لە پلەکانی خوارەوە، دیموکراسی لەسەرەوەش دروست نابێت.

(٥) ڕۆنەچوون لە بەیاساییکردن و ڕێنماییە ڕێکارییەکان، بۆ ئەوەی نەرمی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بمێنێت، سەرباری سوودوەرگرتنی تەواو لە نەریت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە نەریت لە بوون و جووڵەدا سروشتییە و خەرجیی چاودێریکردن و توندوتیژیی جێبەجێکردن کەم دەکاتەوە. ئەم خاڵانەی سەرەوە گریمانەی ئەوە دەکەن کە سوپا لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیدایە، ئەمەش لە بەڵگەنەویستەکانە کە پێویست بەوە ناکات پارێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکەین. ڕاستە لێکۆڵینەوەی بەپەلە بۆ ئەمە ئاسان نییە، ئەگەر سوپا هەستابێت بە ڕزگارکردنی وڵات لە دوژمنی دەرەکی.

### ٢. نەخوێندەواری و ڕۆشنبیرکردن

دیارترین ڕێخۆشکەرەکانی دۆخی ستەمگەری، بریتییە لە نەخوێندەواری، چونکە نەخوێندەواری کلیلی نەزانینییە، نەزانینیش کلیلی لاوازی و بێدەسەڵاتی و ورەبەردانی خودی و خۆڕادەستکردنە بەوانی دی. ڕۆشنبیرکردن ئەرکێکی خوازراوە، چونکە لە کاتی نەبوونی ڕۆشنبریدا، گوتاری ئەقڵمەندانەی سیاسی نامێنێت و سیاسەت دەبێت بە دەماگیرییەکی پەتی. ناشتوانین بڵێین، دەمارگیری بەتەنها بەرهەمی نەزانی و هەژاریی ڕۆشنبیرییە، چونکە ڕەنگە دەمارگیری، بەرهەمی هزریش بێت. ئەوەتا دەمارگیریی نەتەوەیی، بەرهەمی هزر و ئەدەبیاتێکە کە دەستەبژێر بانگەشەی بۆ دەکەن و پەرەی پێ دەدەن، فاشیزمیش بە هەمان شێوە، تەنانەت ئەو ئایینانەی

کە واتاکانی سۆز و بەزەیی لە هەناویاندایە، جاری وا هەیە بە هۆی لێکدانەوەی هەڵە و لادەرانەوە، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دژەکەی. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، نەبوونی ڕۆشنبیری پێگەی دیارە، چونکە ئەگەر ئاستێکی باش لە ڕۆشنبیری هەبێت، هەلی دروستبوونی دەمارگیری کەم دەبێتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە یەکەم شت کە پێویستە وڵات لەسەر ئاستی ڕێکارەکان هەنگاوی بۆ بنێت، بریتییە لە نەهێشتنی نەخوێندەواری و تەرخانکردنی سامانی دارایی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە و پێویستە لە بەرنامەکاندا، پێش هەموو شتەکانی تر، یەکەمێتیی خۆی وەربگرێت و گرنگی بە ڕۆشنبیرکردنی گشتی بدرێت، کە سنووری فێرکردنی فەرمی دەبەزێنێت، هەرچەندە لەگەڵیشیدا تووشی یەکتربڕین دەبێت. زانست پایەیەکی بنەڕەتیی دروستبوونی ئوممەتانە، بەڵام ئێمە لێرەدا باسی فێرکردن ناکەین، یەکەم: لەبەر بەڵگەنەویستییەکەی، دووەم: لەبەر ئەوەی قسەکردن لەسەری، وردەکاریی زۆری دەوێت لە باسی فێرکردنی بنەڕەتی و باڵا و پسپۆڕی و ئەو بوارانەی کە پێویستە گرنگییان پێ بدرێت.

### ٣. چینی ناوەند

جیاوازیی دارایی گەورە کە مۆڵگەی ڕقوکینەیە، ناپەسەند و خراپە. دوور لە تیۆرە ئابوورییە جیاوازەکان و ئەو ئاڕاستانەی لە سەرمایەداری و سۆشیالیستییەوە نزیکترن، نکووڵیکردن لە ڕۆڵی سەرەکی و زیندووی چینی ناوەند ئاسان نییە، چونکە لەسەر ئاستی بەکاربردن، ئەم چینە بەو پێیەی خەرجییەکانی لە بواری شمەکە پێویست و بنەڕەتییەکانە، بە بزوێنەر دادەنرێت، لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانیش، بە حوکی پاڵنەر، بە ناوەندی داهێنانی بچووک دادەنرێت. ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕییانەش کە گرنگی بە چینی ناوەند دەدەن، خەرجییان زۆر نییە، چونکە چینی ناوەند زۆر پێویستی بە دەستتێوەردانی پۆزەتیڤانە نییە، بە ئەندازەی ئەوەی پێویستی بە لابردنی ئەو لەمپەرە نێگەتیڤانەیە کە ڕەنگە لە کاتی هەوڵدانیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای خۆیان، ڕووبەڕوویان ببنەوە.

### ٤. سامانی گشتی و خزمەتگوزاریی بنەڕەتی

ناتوانین وێنای بەرپابوونی سیستمێکی دادپەروەر بکەین، ئەگەر ڕێگە بە خاوەندارێتیی سامانی سروشتی بدرێت. پتر لەمە، چەند خزمەتگوزارییەکی بنەڕەتی هەیە کە ئەگەر تاك و کۆمپانیا خاوەندارێتیی بکەن، وای لێ دێت بەتەواوی زاڵ ببێت بەسەر کۆمەڵگەدا و تەحەککومی تەواو بە کۆی کۆمەڵگەوە بکات، لەوانە: خزمەتگوزاریی کارەبا و گەیاندن و ئاودابەشکردن... پێویستە ئەمانە و هاوشێوەکانیان موڵکی گشتی بن، هەرچەندە لە دابەشکردنی خزمەتگوزاریی کارگێڕیی تایبەتدا، دروستە داواکارییەك بێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ چاودێریکردنی دامەزراوەگەلێك کە نوێنەرایەتیی ویستی جەماوەری گشتی دەکات.

### ٥. دادگەریی یاسایی و ڕەچاوکردن لە جێبەجێکردندا

ستەم تاریکییە و هیچ دەروونێك پێی خۆش نییە، یەکسانییش لە جێبەجێکردنی یاسادا و دوورکەوتنەوە لە خزمەخزمێنە و خاتروخۆتر، پرسێکی بەڵگەنەویست و خوازراوە، چونکە ئەگەر ئەمانە نەبێت، واتایەك بۆ یاسا نامێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، جاری وا هەیە یاسا یەکسانی لەنێوان هەموو تاکەکاندا پێڕەو ناکات، چونکە پێویستە ڕەچاوی حاڵەتە تایبەتەکانی وەك هەژاران و نەداران بکات، هەروەك چۆن ڕەچاوکردنی تایبەتیی ڕەگەزی مێ، بەڵگەی بەرزی بەهای هەر ژیارێکە، بۆ نموونە، بەخشین لە خزمەتی سەربازی، یان ئاسانکاریی پەیوەست بە ماوەی منداڵبوون و شیردان، یان پاراستنی لە دەستدرێژی لە شوێنە گشتییەکاندا، یاخود هەر ستەم و ناهەقییەکی تر کە لە واقیعدا لێیان بکرێت، وەك خواردنی بەشەمیرات.

رووی دووەمی نایەکسانیی یاسایی، بریتییە لە ڕیزپەڕکردنی بەکۆمەڵ لەوەی کە پەیوەستە بە هەمەجۆریی کۆمەڵگەیی و فرەییەوە. لەو پرسانەی کە تایبەتەن بە کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە، وا باشە بوارێك هەبێت کە کاروباری ئەوان بە

کۆمەڵە ڕێکوپێك بکات، کە وەڵامدەرەوەی حەز و خواستەکانیان بێت و لەگەڵ چوارچێوە گشتییە کۆکەرەوەکەی کۆمەڵگەدا گونجاو بێت و لەگەڵ پرنسیپە دەستوورییەکاندا بەریەك نەکەون. نموونەی ئەو بوارانەی کە دەکرێت تایبەتمەندییان بۆ کۆمەڵێك تێدا بێت، بریتییە لە فەرمانگەی کاروباری کەسێتی، چونکە ئایین و ئایینزاکان لەو بارەیەوە تەشریعاتی خۆیان هەیە و پێویستە ڕەچاو بکرێن.

## ٦. ماف و ئەرکەکان

سروشتی ژیان وایە کە بەرانبەربوونی تێدایە، هەموو مافێك دیوێکی تری هەیە کە ئەرکە. گرەنتیی ڕاستەقینەی مافەکانیش، بریتییە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی نەك دارِشتەی یاسایی. ڕۆڵی یاساش بریتییە لە ڕێکخستنی ژیان لەو شتانەدا، کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی ناتوانێت پێی هەستێت، یان پەکی دەکەوێت لە چارەسەریدا و ناکۆکی دروست دەبێت. پێویستە داواکردنی مافەکان، ببەسترێتەوە بە جەختکردنەوە لە ئەرکی کارکردن.

هەروەها پێویستە گوتاری دیموکراسی ڕوو نەکاتە وروژاندنی پرسی مافەکان لە ڕێگەی هەوڵدانی بۆ پابەندبوون پێیانەوە، ئەمە کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بە قەیرانگەلێکی پڕووکێنەردا تێپەڕیون، بە هۆی کەڵەکەبوونی زۆر و بەیەکداچوونی ستەمکارییەوە.

بۆ ئەوەی گوتاری ماف بۆ گوتارێکی ئەرخەوانی نەگۆڕێت، پێنج مەرج پێشنیار دەکەین، کە وا دەکەن چەمکی مافی مرۆڤ لە جیهانیبوون نزیك بێتەوە:

(١) پێویستە پەیوەست بێت بە چەمکێکی ئەخلاقیی جیهانییەوە کە ڕاستگۆیەتیی مێژوویی هەبێت.

(٢) هەر مافێکیش دیوی دووەمی ئەرکێك بێت.

(٣) ماف لە ڕووکەشە یاساییەکەیدا کورت هەڵنەهێنرێت.

(٤) تەنها پەیوەست نەکرێت بە دەستکەوتگەلێکی گوزەرانەوە.

(٥) تێوە نەگلێت لە خراپ بەکارهێنانی شاراوەی ئەوی تر، تەنانەت ئەگەر ئەوی تر لە دەرەوەی سنووری سیاسییش بوو.

### ٧. ئازادیی تاکەکەسی

ئازادی هەر بە سروشت لە دڵدا شیرینە، پێویستە دەوڵەت و یاسا لە پەرێزی تاکەکەسی دوور بخرێنەوە، دوورخستنەوەیەك هەردوو ڕووی دەستێوەردان و ڕێگریکردنیش بگرێتەوە. یاسا ڕەفتارێکی کەسیی دیاریکراو ناسەپێنێت، هەروەها ڕێگرییش لە ڕەفتارێکی دیاریکراو ناکات، مەگەر لێکەوتەکانی ئەو ڕەفتارە، پەرێزیی تاکەکەسی ببەزێنێت و کۆمەڵگە نەتوانێت ڕێکیان بخات و بەسەریاندا زاڵ بێت. دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو ئەندازەیەش، واتە ئەو سنوور و پەریزە تاکەکەسییە و بەزاندنی، هەر کۆمەڵگە خۆی و ئەقڵمەندەکانی و دواتر ئەوانەی دوای ئەوان و ئینجا ئەوانی دوای ئەوانیش، بەپێی پێکهاتەی سونبولیی لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن.

ئەوەی کۆمەڵگە پێی ڕازی بێت و بە ئاسایی ببینێت، پێویستە لەسەر ئاستی فەرمی و یاسایی ڕێگەپێدراو بێت، بواری کارگێڕییش هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، بەڵام دەسەڵات بەتۆبزی نایسەپێنێت. هەرچییەکیش کۆمەڵگە پێی ڕازی نەبوو و بە ئاسایی نەیبینی، کارگێڕی هەوڵی ڕزگاربوون دەدات لێی و ڕەنگە یاساش تێبینیی لەسەری هەبێت، بەڵام دەسەڵات دەستێوەردانی تێدا ناکات، مەگەر پەرە بسێنێت و ئەویش بە ئەندازەی پێویست و بە ڕەزامەندیی جەماوەر دەستێوەردانی تێدا بکات.

پاساوی دوورخستنەوەی دەوڵەت لە دەستێوەردان لە پەرێزی تاکەکەسی ئەوەیە، کە ئەرکی سەرەکیی ئەو بریتییە لە پارێزگاریکردن و وەڵامدانەوە بۆ ئەو شتانەی کە کۆمەڵگە پەرەی پێ داوە، هەروەها لەبەر ئەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەسەر ئەوە ئامادە نەکراون و ڕانەهێنراون کە مامەڵە لەگەڵ لایەنە وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی بکەن، هەروەها لەبەر ئەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت دەبێتە هۆی دروستبوونی تەحەککومێکی نەشیاو و ناشرین بە ڕەفتاری ئاسایی خەڵکەوە و بەدواداچوونی ویژدانیان، هەرچەندە مەبەستی یەکەمیشی ئەوە نەبووبێت. ئەلتەرناتیڤی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەو بوارانەدا، بریتییە لە کاراکردنی بزاڤە کۆمەڵگەییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەفتاری مرۆڤدا.

## ٨. جێگیریی خێزان

دەبێ کێ ئەو کارە سروشتییە ڕەت بکاتەوە کە مرۆڤ لەنێو هەموو دروستکراوەکاندا، درێژترین ماوەی پشتبەستنی بە خێزان و دایباب هەیە، پێش ئەوەی پێبگات و خۆی توانای خۆبەخێوکردنی هەبێت، تەنانەت دوای ئەوەش مرۆڤ پێویستی بە کەسانی ترە. بەڵگەنەویستیشە کە خێزان باشترین پەروەدەکار و پێگەیەنەری منداڵە، ئەم بەڵگەنەویستییەش وێڕای ژاوەژاوی ئایدۆلۆجی، شتێکی بڕاوەیە. لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەڵکی ناڕاستەوخۆی سیستمی خێزان، زۆر بواری تری ژیان دەگرێتەوە، ئێمە تەنها سیانیان باس دەکەین.

یەکەم: لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، خێزان خزمەتگوزارییەکی زۆر بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان و کەمخەرجی پێشکەش دەکات، بە ڕایەڵەی پەیوەندی و کۆمەکیکردنیشەوە.

دووەم: لە ڕووی ئابوورییەوە، بە بوونی خێزان، سەلامەتیی دارایی ئاییندەیی زیاترە، نەك تەنها بۆ منداڵەکان، بەڵکوو بۆ ژن و مێردەکەش.

سێیەم: بریتییە لە ڕێکخستنی ڕەفتار، تا ئێستاش پەروەردەی خێزانی و جێگیرییەکەی و تۆڕی خزمایەتی، تۆکمەترین کاریگەرترین میکانیزمن بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری نەوجەوانان و ڕێگریکردن لە لادانی ناکامەکان.

تا ئێستاش بابەتی خێزان و خزمان جێبایەخی گشتین و تایبەتمەندییەکی ژیارین بۆ ئێمە، لەگەڵ ئەو هەموو لادان و هەڵەیەی تووشیان بووە.

### ٩. پرسی ئافرەت و پیاو لەنێوان پانتایی گشتی و تایبەتدا

پرسی پەیوەندیی نێر و مێ و پێگەی هەریەکێکیان لە کۆمەڵگەدا، بابەتی ئەم پەرتووکە تێدەپەڕێنێت. ئەوەندە هەیە کە تێزی هاوچەرخ مکوڕە لەسەر ئەوەی کە "بابەتە کەسییەکان سیاسین"، بۆیە باش وایە لە میانەی زۆروزەبەندیی جەمسەرگیرییە سەرسوڕهێنەکاندا، ئاماژەیەکی کورت بۆ ئەم بابەتە بکەین.

سەرەتا دەڵێین: بە ناوی دابونەریت و ئایینەوە، پاساو بۆ چەندین کاری خراپ و هەڵسوکەوتی بەسەرچوو دەهێنرێتەوە کە بەرانبەر ئافرەت ئەنجام دەدرێن، هەڵسوکەوتگەلێك کە لەلایەن هەموو خاوەن ئەقڵ و ویژدانێکەوە جێی قبوڵکردن نین. هەروەها زۆر جار پێویستییەکانی ڕەگەزی مێ فەرامۆش دەکرێن و پشتگوێ دەخرێن، بۆیە بەهێزکردنی ڕەگەزی مێ بە ڕۆشنبیرکردن و خستنەبەر خوێندن، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کارانەدایە کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، پێویستە ژنان و پیاوانیش لەبەردەم یاسا و لە مافی هاوڵاتیبوون و ئەرکەکانیشیاندا یەکسان بن، بە وەرگرتنی هەموو پۆستە گشتییەکانیشەوە.

پرۆسەی گەشەپێدان، کاریگەریی لەسەر ئەو ڕۆڵانە هەیە کە کۆمەڵگە بۆ نێر و مێ بە شیاوی دەزانن، بەڵام جیاوازیی نێوان نێر و مێ گەوهەرین، لە بنەچەی پێکهاتەیاندا چێنراوە، ئەو جۆرە پێکهاتەیەشیان بە مەبەستی خۆی وا دروست کراوە و بۆ بەردەوامیی ژیانیش پێویستە.

بەڕاستی ئایدۆلۆجیگەلێکی تەنگژاوی لەپشت گەورەکردنی بیرۆکەی (جێندەر)ەوەن، چونکە جیاوازیی نێوان دوو ڕەگەزەکە، تەنانەت لەو کۆمەڵگانەی مۆدێرنەدا کە بابەتەکەیان لێ تێکەڵ بووە، هێشتا زۆر بەڕوونی دیارە. هەڵوێستی ئاقڵانە بریتییە لە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییانە لە داڕشتە کۆمەڵایەتییەکاندا، نەك نکوولێلێکردنیان و نەك بە یەك چاو سەیرکردنیان و سەپاندنی یەك جۆر مامەڵەی دروستکراوی دوور لە سروشتی هەرکامێکیان. لەبەر ئەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان و پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو، بابەتی کەسیی پەتین، گونجاو نییە یاسا دەستێوەردانیان تێدا بکات، چونکە یاسا ناتواناییەکی خودیی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتە تایبەتانە و ئەو شتانەش کە بەزۆری پشت بە میانە و بارودۆخ دەبەستن. ئەزموونە هاوچەرخەکان دەریدەخەن کە وتەی یاسایی لەو بابەتانەدا کەمکەڵکە، کاتێکیش بەناچاری پەنای بۆ دەبرێت، کەڵکەکەی لە ڕووی پەیامە ڕۆشنبیرییەکەیەوە دەبێت (بە مەرجێك ڕەنگدانەوەی ویستی کۆمەڵگە بێت)، زیاتر لەوەی لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی تۆبزییانەوەی بێت.

ڕۆڵی یاسا لە کاتی بوونی دەستدرێژییەکی ئاشکرا، یان ستەمێکی لادەرانەی داڕێژراودا دەردەکەوێت. ئەوەی باس کرا، دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ ئاڕاستەی پلانڕێژیی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پاراستن لە خراپ سوودوەرگرتنی سێکسی.

### ١٠. شەریعەت باڵادەست و ئاڕاستەکەرە

شەریعەتی ئیسلامی، بەرز و باڵایە، بریتییە لە کۆمەڵە بنەمایەکی ڕێنموویکەر، نەك (شتێك) کە بە شێوەیەکی میکانیکی جێبەجێ بکرێت. هەروەها شەریعەت شتێکی کۆتاییپێهاتوو و پێشوەختە ڕاڤەکراو نییە، بەڵکوو لە کاتی جێبەجێکردندا ڕاڤە دەکرێت. کەلەپووری فیقهییش بەرهەمێکی مێژوویی لێوانلێوە، هەم داهێنانی

مرۆیی تێدایە، هەم کەموکووڕییشی تێدایە، پەنای بۆ دەبرێت، بەڵام نابێتە سەرچاوەیەکی ڕەهای پابەندکەر. شەریعەت لە فیقھ ئەبستراکتترە، فیقهیش لە یاسا باڵاتر و گشتگیرترە. خۆ ئەگەر شەریعەت بخرێتە ئاستی یاسا و دەستوورەکانەوە، ئەوا دەبێتە هۆی کورتکاری و سادەکاری و کورتهەڵێنان (اختزال)ی شەریعەت و ڕێنماییە ئەخلاقی و کردەییەکانی و کەمکردنەوە لە پێگە باڵاکەی. شەریعەت لە ڕووبەری کارە ئاساییەکاندا، ئامانجگەلێکی خوازراوی هەیە، زیاتر لەوەی وردەکاریی هەبێت. پێنج مەبەستەکەی شەریعەتیش، بریتین لە پاراستن و پاککردنەوەی ئایین و ئەقڵ و گیان و خێزان و سامان، بۆیە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

١. پاراستنی بیروباوەڕ، بە ڕێگەنەدان بە تۆبزیکردن تێیدا.

٢. پاراستنی گیان، بە پاراستنی لە دەستدرێژی و تەحەککومکردن بە ویژدانی.

٣. پاراستنی ئەقڵ، بە گەشەدان بە تواناکانی و پاراستنی ئازادیی بیرکردنەوەی.

٤. پاراستنی سیستمی خێزانی و ڕشتەی کۆمەڵگەیی و پاراستنی شکۆی نێر و مێ تێیدا.

٥. پاراستنی سامان، بە ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی سەرچاوەکانی ڕۆزی و بەکارهێنانیان و سوودلێوەرگرتنیان لەو شتانەدا کە کەڵکی خەڵکی تێدایە.

# کۆتایی

ئەم بەشە باسی لە دە ڕەهەند کرد، کە نیمچە کۆدەنگییەکی جەماوەری و جۆرێك لە تەباییان لەنێوان دەستەبژێرەکان لەسەرە، خۆ ئەگەر تەبایی نێوان دەستەبژێرەکان لەسەریان دوا کەوتبێت، ئەوا پێشخستنی بژاردەی ئوممەت کارێکی دانایانەیە و ڕێگریش نییە لە بەردەوامییان لە دیالۆگ و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە تەبایی. ئەو ڕەهەندانەش تەنها لە بواری سیاسیدا کورت هەڵنایەن، بەڵکوو خاڵی هاوبەش و یەکتربڕینیان لەگەڵ بواری ئابووری و کۆمەلایەتی هەیە.

دیدگای سیاسی و (ئەو سۆفتوێر)ەی کە تەحەککوم بە دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە دەکات، بابەتێکە پەیوەندیی بە کولتووری ئوممەت و دنیابینییەکەیەوە هەیە. ناکۆکییش لەمەڕ دیموکراسی لەسەر میکانیزمەکانی نییە، بە ئەندازەی ئەوەی لەسەر ئەو ئاڕاستە و ناوەرۆکە ئەخلاقییانەیەتی کە بە بڕاوەیان دادەنێت... ناکۆکییەکە لەسەر دیموکراسی لیبراڵییە، نەك لەمەڕ ڕشتەبەندیی فەرمانڕەوایەتییەکی دادگەر، کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکان بکات و کار بۆ بەدیهاتنی ئەولەویاتی کۆمەڵگە بکات و دیدگاکانی بپارێزێت.

ئەوەمان ڕوون کردەوە کە میکانیزمەکانی دیموکراسی، لە بیرۆکەکەیاندا و لە پێڕەویکردنیشیاندا، بە جۆرێك لە جۆرەکان نوێ نین، لەبەر ئەوەش کە میکانیزمەکان خۆیان کۆن بوون و ژەنگیان هەڵهێنا، پەرەپێدانیان و چەقنەبەستن لە ئاستێکی دیاریکراودا، دانایی و داهێنانە، هەر بۆیە ئەم پەرتووکە هەوڵی دووبارە هێنانەگۆی بەڵگەنەویستە هاوردەکراوەکان و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیی ئەلتەرناتیڤی گونجاوی دا.

ئەو سیستمە سیاسییەی کە هەنگاو بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئوممەت دەدات، لە ڕێی سێ ڕەهەندی تایبەت بە خۆیەوە دیاری دەکرێت:

١. وێناکردنی بۆ بوونەوەر: پێگەی مرۆڤ بەرانبەر مرۆڤ و بوونەوەر و بەدیهێنەر/ئەفرێنەر (پرسیارە فەلسەفییە گەورەکان: لەکوێوە و بۆ کوێ و بۆچی؟).

٢. سیستمە مەعریفییەکەی: ڕێگای ڕاست بۆ بەرجەستەکردنی هیوا و ئاواتەکان و شتە ڕەها و بڕاوەکان لە واقیعی ژیاندا.

٣. دیدگا ئەخلاقییەکەی: ڕشتەی دادگەری و بەزەیی و حەز و بەرزی و بڵندی.

دەوڵەتی نوێ –دیموکراسی بێت یان نا– سنووربەزێن و دەستدرێژیکەرە و هەوڵ دەدات دەسەڵاتەکان لە دەستیدا کۆ بکاتەوە، بەو ئەرکانەشەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە هیی کۆمەڵگە بوون و لە پەرێزی تایبەتدا بوون. ڕەنگە دروست بێت وەسفی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی ،کە لە مۆێلی مۆدێرنەدا قووڵایی هەیە، بەوە بکەین کە بریتییە لە ملکەچبوونی کۆمەڵگە (بە تاك و کۆمەڵەوە) بۆ ئەولەویاتی بازاڕی سەرمایەداری، سەرباری ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت کە هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆی دەدات.

لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە و جومگەکانی میکانیزمی دیموکراسیی بەدەستەوەیە، ئەو میکانیزمە بووە بە ئامرازێك بۆ ڕەوایەتیدان بە دوو شت، کە پێچەوانەی ئاڕاستەی وێنە دیموکراسییەکان دەجووڵێن: ڕەوایەتیدان بە زاڵدەستیی تەواوەتیی دەوڵەت و ڕەوایەتیدان بە جیاوازیی (تفاوت) کۆمەڵایەتی. بەو شێوەیە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا دەکەونە ڕەخنەگرتن و داوای بەدیهێنانی بەشێك لەو بەڵێنانە دەکەن، کە دیموکراسی هێناویەتی، لە بەرانبەردا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بە پراگماتیەتێکی لێزانانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و چاوبەست لە زۆربەی داخوازییەکانی گەل دەکات.

ئەمەش واتای ئەوە نییە کە تیۆریستەکانی دیموکراسی درۆزنن، وەلێ لە ڕاستیدا دیدگاکانیان نەگۆڕاوە بۆ واقیعێکی کرداری. پاشان بابەتەکە پەرەی سەندووە و لیبڕالیەتێکی خۆپەرستی، کە حەزی تاك و ئارەزووەکانی کردووە بە سەنتەر، ڕیشەی داکوتی و بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانیش (پۆستمۆدێرنەییەکان) خەمی گشتییان لەبیر کرد و بەدوای حەزە خۆویستانەکانەوە بوون، پاش ئەوەی کەوتنە داوی ئارەزووی بەرخۆریی چێژگەراییانەوە.

دوور لە وردەکاری و هونەربازی، ڕشتەبەندیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، یان ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆمەڵگە دەبێت و مێژووەکەی بە سەنگ و شکۆمەندی ئاوەدان دەکاتەوە، یاخود هەوڵی شوێنکەوتنی ئەوی دی دەدات بە ملکەچی و بچووکی. ڕشتەبەندیی ئابووریی هەر وڵاتێکیش، یان سەر دەکێشێت بۆ خۆبژێوی و دەوڵەمەندی، کە یەکەمیان ڕەنگە چەندین چینی فراوان بگرێتەوە، لە کاتێکدا دووەمیان تەنها چینێکی بچووك دەگرێتەوە، سیاسەتی نێوخۆیی دەکرێت بە ئاڕاستەی ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی خەڵکی مامناوەند کار بکات، یان پێشبەندی بدات بە ئەولەویاتی دەستەبژێری کۆمەڵگە، دەشتوانێت هەنگاو بەرەو سەرکەوتن و بەهێزبوون بنێت، بەمەش هەوڵەکان بە ئاڕاستەیەك کار دەکەن و گوڕیان دەبێت، یاخود فەرامۆشکردن بکاتە بەرنامەی خۆی کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەهێزەکان لاوازەکان بخۆن. سیاسەتی دەرەکییش یان بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی پەرژین و پاراستن و سفرکردنەوەی کێشەکان کار دەکات، یاخود ڕوو دەکاتە کێشە و ئاژاوەنانەوە و دەکەوێتە داوی کارە خراپەکانیەوە و دەبێتە پاشکۆی ئەو هێزانەی لە خۆی گەورەترن.

لە چوارچێوەی میتۆدگەراییەکدا کە دابڕانی لە مێژوو قبوڵ نییە و ڕێگە بە نقومبوون لە خەونی لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی ئەوی دی نادات، ئەم بەشە باسی چەند ڕەهەندێکی کرد کە لە لایەکەوە بەڵگەنەویستن، لە لایەکی تریشەوە

بنەڕەتین و ناکرێت بە سەریاندا بڕۆین و فەرامۆشیان بکەین. هەروەك چۆن گومان وایە کە تەباییەکی فراوان لەسەریان هەبێت لەنێوان خەڵکی و دەستەبژێریشدا، یان دەتوانین بڵێین لەپاش دیالۆگ دەتوانرێت تەبایی دروست بکرێت. ڕەهەندەکانی تەباییکردن لەسەر ئەو لانیکەمەی باس کرا، بریتین لە ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان.

– لەسەر ئاستی سیاسی، پێداویستییەکانی پرۆسەی باشکردن، بریتین لە میکانیزمگەلێکی کارگێڕی، کە ئەزموونە سیاسییەکان چیرۆکیان دەگێڕنەوە، دوورخستنەوەی سوپاش گرێکوێرەی ئەم بابەتەیە.

– لەسەر ئاستی ئابوورییش، پێویستە خەڵکی لە سامانە سروشتییەکان و هەموو ئەو خزمەتگوزارییە بنچینەییانەدا هاوبەش بن کە کیانی کۆمەڵایەتییانی پێوە بەستراوە. هیواش وایە کە ئەوەی لە کۆمەڵگەدا بە چینی ناوەند ناو دەبرێت، ببێت بە گەورەترین چین، بە ئەندازەی گەورەیی ئەو چینە و بچووکبوونەوەی چینی باڵا و چینی خوارەوەی کۆمەڵگە، هەموو لایەك لە خۆشگوزەرانی و ئاشتیدا دەژین، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی ماددیی ئەو خۆشگوزەرانییە، جگە لە ئاستی هەژاریی توندی ڕسواکەر.

– لەسەر ئاستی یاساییش، جەخت لەو شتانە کراوەتەوە کە فەرامۆش دەکرێن یان لەبیر دەکرێن، بۆ نموونە، یەکسانی لە جێبەجێکردنی یاسادا شتێکی بەڵگەنەویستە، بەڵام هەڵنەسانی یاسا بە یەکسانیکردن لە هەموو بارەکاندا و ڕەچاوکردنی حاڵەتە تایبەتەکان، وای لێ دەکات دادگەرانە و ئەخلاقییانە بێت. کاتێکیش لە زەینی زۆرێك لە خەڵکیدا یاسا بە مافەکانەوە پەیوەست کرا، ئەوەمان خستەوە یاد کە پێویستە بە ئەرکی خۆی هەستێت. هەروەها لەسەر پرسی ئازادییە کەسییەکانیش وەستاین، چونکە لە دیارترینی ئەو بابەتانەیە کە دوچاری خەیاڵپلاوی و خەڵەتاندن و هەڵەکردن و تێکەڵی بووە.

– لەپاڵ ئەمانەدا، دوو شتی زامنکەری بەڵگەنەویستمان باس کردووە، کە هەردووکیان وەك ئەو ئەنزیمە گرنگ و پێویستەن کە ئەگەر نەبن، هیچ کارلێکێك ڕوو نادات، جێگیری و ئارامیی خێزان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بوونی ئاستێکی پێویست لە ڕۆشنبیری، دوو ڕەهەندی کۆمەڵایەتین و دوو مەرجی سەرەکی و پێویستن. هیچ ئابوورییەك بەبێ جێگیری و ئارامیی خێزان دروست نابێت، چونکە خێزان کۆمەڵگە لە لەناوچوون دەپارێزێت، هەروەها سەرچاوەی دروستکردنی تاکی ڕاسپێردراوی کارایە. ناتوانین وێنای بوونی کۆمەڵگەیەك بکەین کە لەم ڕۆژگارەدا بتوانێت خۆی لە خووە خراپەکانی ئەمڕۆ بپارێزێت کە لەسەر نەزانی بنیات نراوە، ئەگەر ئەو کۆمەڵگە بە خوێندنەوە و نووسین و مەعریفە، ڕێز لە مرۆڤ نەگرێت، تا ئەو مرۆڤە ببێتە یەکەم بەردی بناغەی بەرپابوونی ئاوەدانی.

– لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی خێرا بە شەریعەتی بەرز و پیرۆز کراوە، کە زۆر جار واتاکەی لە گۆشەیەکی کورتدا کورت هەڵدەهێنرێت، وا سەیری دەکرێت کە تەنها سیستمێکی یاساییە، بۆیە واتا فراوانەکەی و پێگە بەرزەکەیمان باس کردووە.

مەعقولیەت لە کارگێڕی و جێگیری لە سیاسەت و خۆبژێویی ئابووری و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەرکگەلێکی گرانن، بەڵام مەحاڵ نین، بنەماکەشیان جوانبینی و گوێگرتنە بۆ جەماوەر و هێنانەکایەی ڕشتەی ژیاری و دوورکەوتنەوەیە لە تووشبوون بە دەردی ئایدۆلۆجی.

# کۆتایی

ئەم کتێبە گفتوگۆی لەبارەی چەمکگەلێکی بنەڕەتیی سیاسییەوە کرد، کە لە لێشاوی ئەو لە یەکتر خوێندن و ململانێیەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە ئوممەتەکەمان تێیدا دەژیت، بەتایبەت دوای شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی، کە بوون بە خاڵی بیرکردنەوە لە دۆخەکە و خاڵی ململانێ و ناکۆکی لە دیدوبۆچووندا، هەریەکە و جۆرە ئاڕاستەگیر و قیبلەنمایەك بەکاردەهێنێت، کە هەریەکەیان ئاماژە بۆ ئاڕاستەیەك دەکات، کە خاوەنەکانی بە ڕاستی دەزانن.

گفتوگۆکە ڕەخنەگرانە بوو، لە خەمی ڕزگارکردنی چەمکەکاندا بوو لەو تێکەڵییەی تووشی هاتبوو. هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو تێکەڵییەش هەمەجۆرن، هەندێکیان فشۆڵ و سۆزدارانەن، شەیدای ڕزگاربوونن، بۆیە شوێن چارەسەرێك دەکەون —کە لە ڕێی ئامرازەکانی گەیاندنەوە لە خەیاڵدانیاندا دروست بوون— کە چیرۆکی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دیموکراسیەتی وڵاتانی تر دەگێڕنەوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەو تێکەڵکردنە، پابەندبوونی ئایدیۆلۆجییە. هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی پاڵنەرن بۆ ئەو تێکەڵکردنە، خەیاڵکردنی بەرژەوەندیگەلێکی سوودگەرایە کە پڕە لە ئومێد و ئاوات. هۆکارێکی تریش بریتییە لە داخورانی ئەو تێزانەی خەونیان بە ئایندەیەکی خۆشەوە دەبینی، ئەمە وێڕای بیرتەسکی لە هەڵێنجانی هزریدا و حەزکردن لە چارەسەری جادووگەرانەی ئامادەکراو.

ئەوەی پێشکەشم کردووە، خەتی خامەکەمە، نەك خەتی کارلێك لەگەڵ واقیعی ئوممەتدا، بەو ئومێدەی مەشخەڵێك، بە شێوازێکی کورت و پوخت پێشکەش بکات.

منیش وەك كەسانی دی، لە هەڵبەستنی هزریماندوو بووم، بۆیە سوور بووم لەسەر پێشكەشكردنی تیۆریزەكردنێكی بنچینەیی دوور لەو فشارانەی كە وا لە هەندێك تێز دەكەن، هزر ملكەچی بارودۆخی واقیع ببێت و هەوڵی پێشكەشكردنی دیدێك بدات بۆ چارەسەری قەیرانی ئەو واقیعە، لەوێ تایبەتمەندییەكانی قەیرانەكە جێ دەكرێتەوە و پاكی و بێگەردیی خۆی لەدەست دەدات. ئەمەش لە هەڵسەنگاندنی گشتیی واقیعی خۆمان و تێگەیشتن لێی جیا نابێتەوە، لەنێوان ئەوەی كە گومانی ئەوەی هەیە كە دەتوانرێت چاكسازی بكرێت و لەنێوان ئەوەی هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوە لە بنچینە و ڕیشاكانەوە دەدات.

ئەمە واتای ئەوە نییە ئەوەی كە باس كرا، شتێكی (ئایدیاڵییە) و شیاوی جێبەجێكردن نییە، بەڵام ئەوەیە كە ئامادە نییە بۆ جێبەجێكردن. ئامادەیی جێبەجێكردن و دابەزاندن بۆ واقیع شتێكی ترە، ئەوە قۆناغێكی ناوەندییە، تێیدا چەند مۆدێلێكی كرداری دادەڕێژرێت، كە لەگەڵ واقیعەكەدا گونجاو بێت و ئەو كەسانەش لە دەرهێنانیدا بەشدار بن كە جێبەجێكارن. مامەڵەكردن لەگەڵ واقیع، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی سەنگ و قورساییەكان و ئەگەر و ئەولەویاتەكان و ڕیزپەڕەكان و قۆناغبەندی هەیە، لە چوارچێوەی تێگەیشتنێكدا كە گۆڕانكارییەكە لە سایەیدا دەڕوات و بەرەو ڕوگەیەك هەنگاو دەنێت كە لێی لا نادرێت.

لە كۆتاییدا ئەوەی پێشكەشم كرد، لە چوارچێوەی ئەزموونی تایبەتیی خۆمدا بووە، وەكوو مرۆڤێك كە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ژیاوم و تێیدا خوێندوومە و چەندین توێژنەوەم نووسیوە و بڵاو كردووەتەوە، بەتەواوی پەی بە خاڵە بەهێزەكانی ڕشتەبەندیی ڕۆژئاوایی دەبەم، هەروەك چۆن خاڵە لاوازەكانی دەزانم، بۆیە ئەوە سەرباری ئەزموونی كەسانی تر ناكات كە كەسێكی بێهیوا سەرباری دەكات، كەسێك كە كەوتووەتە داوی سیستەمە ستەمگەرە وەحشییەكانەوە.

لەسەر ئاستی فەلسەفییش، قەناعەتم بەوە هەیە کە مۆدێلی ڕۆژئاوایی نە بۆ خۆی و نە بۆ شوێنی تریش شیاو نییە و هیچ دەرچەیەکیش بۆ جیهان پێشکەش ناکات بۆ دەرچوون لە قەیرانەکانی، بەڵکوو ڕێگریشە لە بەردەمیدا، هەروەها بە بەڵگە و پاساو و هەست و نەست و ژیانی کرداری و مامەڵەکردنەوە، قەناعەتم بەوە هەیە کە مۆدێلی ڕۆژئاوایی ڕێگەی لێ تێك چووە و پێویستە ئەلتەرناتیڤێکی ڕیشەیی، بە گیانێکی ژیاریی جیاوازەوە بێتە پێشەوە. بۆیە ئەوەی لەم پەرتووکەدا پێشکەش کرا، دیدێکی ئیسلامییە، لە ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندی و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیدا ئیجتیهادم کردووە. بە هەرحاڵ، بیرۆکەکانم ئێستا لە بەردەستی خوێنەردایە، ئەویش خۆی داوەرە.

خوای گەورەش ئاگای لە نیازەکانە

ئوممەتیش لەسەر ڕێی شکۆمەندییەتی

مازن موەفەق هاشم



## نووسەر لە چەند دێڕێکدا[(١)]

- د. مازن موەفەق هاشم
- لە شاری دیمەشق لەدایك بووە و هەر لەوێ دەستی بە خوێندنی زانکۆیی کردووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاریی زانیارییەکان بەدەست هێناوە.
- لە کۆمەڵناسیدا پسپۆڕیی وەرگرتووە و لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە.
- وەکوو مامۆستای زانکۆ، لە زانکۆی باشووری کالیفۆڕنیا کار دەکات.
- دامەزرێنەری ناوەندی توێژینەوە ژیارییەکانە لە کالیفۆڕنیا.
- لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەلڕەشاد ئەندام بووە.
- لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی ڕابیتەی زانایانی کۆمەڵناسیی موسڵمانان لە ئەمەریکا ئەندام بووە.
- لە ئەنجوومەنی شارەزایانی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی ئەندامە.
- خاوەنی چەندین وتاری چاپکراوە لە گۆڤارە زانستییەکاندا.
- لە چەندین بواری جۆراوجۆردا نووسینی هەیە، لەوانە: پێداچوونەوە بە هزری ئیسلامیدا، مەبەستەکانی شەریعەت، میتۆدی توێژینەوە، بزاڤەکانی گۆڕانکاری، گەشەپێدانی هاوسەنگ، ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی.

---

(١) بۆ ژیاننامەی نووسەر، سوود لە ماڵپەڕی تایبەتیی خۆی وەرگیراوە لەسەر ئەم لینکە: (لە بەرواری ٢٠١٨/١٠/١٨). (وەرگێڕ)

https://mazenhashem.com/about/



## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:

- دانا عەلی سالّح عەلی بەرزنجی
- لەدایکبووی ناحیەی (بەرزنجە)ی پارێزگای سلێمانییە، ساڵی (١٩٨٠).
- تا پۆلی دوازنزەیەمی ئامادەیی لە پارێزگای سلێمانی تەواو کردووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە ڕامیارییەکان لە (زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی یاسا و ڕامیاری) لە ساڵی (٢٠٠١–٢٠٠٢)، بە پلەی یەکەم، بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی ماستەری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە (زانکۆی ئەننەهرەین/کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان) لە (بەغداد) لە ساڵی (٢٠٠٦)، بە پلەی یەکەم، بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە ڕامیارییەکان لە (زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی یاسا و ڕامیاری) لە ساڵی (٢٠١١) بەدەست هێناوە.
- لە ساڵی (٢٠١٥) پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ی لە (زانکۆی سلێمانی) لە زانستە ڕامیارییەکاندا وەرگرتووە.
- ڕاهێنەری پسپۆڕی باوەڕپێکراوە (PCT) لە سەنتەری جیهانی کەنەدی.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری)یە.
- چەندین خولی ڕاهێنانی لە بوارەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا لە زانکۆی سلێمانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێشکەش کردووە، لەوانە: (خولی پلانی ستراتیژیی دامەزراوە)، (خولی پلانی ستراتیژیی تاکەکەسی)، (خولی ناسینی جۆرەکانی کەسێتی)، (خولی زمانی جەستە) و (خولی هونەری دانوستان).
- بەشداریی دەیان کۆنگرە و کۆنفرانس و دیداری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی کردووە.
- خاوەنی چەند کتێبێك و چەندین توێژینەوە و وتار و بابەتی ئەکادیمییە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان.